# ڕۆژنامەی "کوردستان"؛
# میراتێکی زیندوو، مێژوویەکی بەردەوام




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

## ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە: ٦٠٠


١- لەسەر بیوگرافیی دەورە جیاجیا کانی ڕۆژنامەی "کوردستان" ............................ هاشم کەریمی ............ ٦

٢- بیرەوەریی من لە گەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان"دا ........................................ مستەفا شڵماشی ............ ١٢

٣- "کوردستان" شەش سەد مۆمی هەمە جۆری کلتووری- نەتەوەیی گەش ..................... مومتاز حەیدەری ............ ١٦

٤- "کوردستان"، ڕێچکەیەک لە کۆماری کوردستانەوە تا سەرکەوتنی یەکجاری ................ قادر وریا .............. ١٩

٥- "کوردستان" ڕۆژنامەیەکی ٦٧ ساڵە ................................................ عەبدوڵلا بەهرامی .......... ٢١

٦- هەڵسەنگاندی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە نێوان دوو کارکردی ئەهلی بوون و ئۆرگانی بووندا .. ئەیوب شەهابی راد .. ٢٦

٧- بۆ "کوردستان"ی ئەسرەوتوو ............................................................ بێبەش پیرۆتی .......... ٣٢

٨- "کوردستان" و یەکەم ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم ......................................... خالید محەمەدزادە ......... ٣٥

٩- "کوردستان" و گەشەی زمان ............................................................ مستەفا مەعروفی .......... ٣٨

١٠- جێگە و پێگەی ژنان لە "کوردستان" دا ................................................ کوێستان فتوحی .......... ٤٢

١١- لای کاک فەتاحی کاویان، فێری نوسین بووم ......................................... فەیسەڵ ئیراندوست ....... ٤٦

١٢- "کوردستان" فێرگەی نووسین و وەگێڕان ............................................. ڕەزا موحەممەدئەمینی ....... ٤٩

١٣- ئاوڕێکی کورت لە کێشە فەننییەکانی دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" ................... ئاکۆ حەسەن زادە ....... ٥١

١٤- بە شوێن پێی زمانی کوردیی "کوردستان"دا ........................................... سیاوەش گۆدەرزی ......... ٥٤

١٥- "کوردستان" لە قۆناخی گواستنەوەیەکی هەستیار دا ...................................... مستەفا شێخە ........... ٥٦

١٦- تێکۆشان لە "کوردستان"دا، شانازییەک کە بە نسیبی منیش بووە ......................... کامران حەدداد .......... ٥٩

١٧- ڕۆژنامەی "کوردستان" و روانگەی پێشمەرگەیەکی دێرین ................................... فەتاح کاویان ......... ٦١

١٨- ڕۆژانی من و ڕۆژنامەی "کوردستان" ........................................................ کۆسار فەتاحی ......... ٦٣

١٩- هاودەمی ساتەوەختی لەدایکبوونی ئەم دەورەیەی "کوردستان" .......................... ڕەحمان کاژەیی ............ ٦٦

٢٠- پیرۆزبێ هەڵبوونی مۆمی شەشسەدەمین ژمارەی "کوردستان" ......................... سیامەک قەویپەنجە ......... ٦٨

٢١- "کوردستان"ی چاپی باکۆ ........................................................ ئامادە کردنی قادر وریا ....... ٦٩
٢٢- مام عەلی گوڵی! نموونەی وەفا و خۆشەویستی بۆ "کوردستان"! ......................... کوردستان و کورد ........ ٧٢
٢٣- با کۆڵەکەیەکی قایمی ڕۆژنامەی "کوردستان" زیاتر بناسین! ............................... هەیاس کاردۆ ......... ٧٣
٢٤- لە گەڵ رۆژنامەی "کورستان"دا لەمەهابادەوە تا پاریس ......................................... برایم قەزاق ...........٧٧
٢٥- لە "پەلی بێکەس"ەوە بەرەو رۆژنامەی "کوردستان" ........................................ شوکری تەریق .......... ٨١
٢٦- رۆژنامەی "کوردستان" لە شاخی ............................................................... عەلی لالە ............. ٨٣
٢٧- "کوردستان" لە دوو قۆناغی جیاوازدا .......................................................... مادح ئەحمەدی ......... ٨٥
٢٨- "کوردستان"، بەردەوامیت ئاواتمە! ........................................................... سەلاح مێهرپەروەر ....... ٨٩
٢٩- منداڵانی "کوردستان" لە "رۆژین"ەوە تا "سۆژین"............................................. ب. هیوا ......... ٩٠
٣٠ - سەرنجێک لەسەر داهاتووی رۆژنامەگەریی حیزبی :"کوردستان" و "ئۆمانیتە" بە نموونە ..... ئاسۆ حەسەن زادە ... ٩٢
٣٢- سمیناری ٦٧ ساڵ دەرچوون و بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی "کوردستان" ............................ کوردستان و کورد ..... ٩٨
٣٣- وتەکانی بەرێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزب لە سمیناری ٦٧ساڵ بەردەوامیی رۆژنامەی "کوردستان" دا ....... ....................................................................................... کوردستان و کورد ........ ١٠٢
٣٤- وتەکانی کوێستان فتوحی بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حدک لە دەسپێکی سمیناری ٦٧ ساڵەی رۆژنامەی"کوردستان" دا ........................................................................................ کوردستان و کورد .......... ١٠٥
٣٥- رێز لێنانی رۆژنامەی "کوردستان" بۆ مامۆستا مومتاز حەیدەری ......................... کوردستان و کورد ..... ١٠٦
٣٦- رێزلێنان لە هەر دوو دەزگای: "ئاراس" و "بنکەی ژین" ................................................................ ١٠٨
٣٧- لەوحی رێزلێنانی دەفتەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرێزان: (مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە. فەتاح کاویان. قادر وریا) ................................................................................................. ١١٠
٣٨- وتوویژی رۆژنامەی کوردستان لە گەڵ بەرێز مامۆستا حەسەن زادە بە بۆنەی دەرچوونی ٥٠٠ مین ژمارەی"کوردستان" ..... ............................................................................................................ ١١٣
٣٨- ئازیزانی لە دەستچوویی کاروانی ئەم "کوردستان" ە .......................... قادر وریا ........................ ١٢٠

## رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە: ٧٠٠

٤٠- بیبلیۆگرافیی سیاسیی رۆژنامەی "کوردستان" (ناساندنێک) ............ ئاسۆی حەسەن زادە - مەنسوور مروەتی ..... ١٣٠
٤١- "کوردستان" وەک ئاوێنەی خەباتێکی سەخت و دوورو درێژ ................................. قادر وریا ......... ١٣٣
٤٢- یادی هاوکارێکی لەمێژینە ........................................................ دەستەی نووسەرانی "کوردستان" ....... ١٣٦
٤٣- "کوردستان"، ڕۆژنامەیەک بۆ هەموو وەرزەکان! ............................................ ناسر باباخانی ........ ١٣٩
٤٤- کێشە و مەینەتییەکانی ژنان و پرس و خەمی بەردەوامی "کوردستان" ...................... کوێستان فتووحی ....... ١٤٣

٤٥- مانشێت لەم دەورەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا ............................................. قادر وریا ........... ١٤٧
٤٦- "کوردستان"، هەردەم زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان .............................. عومەر باڵەکی ........ ١٥٨
٤٧- دیپلۆماسیی میدیایی ڕۆژنامەی کوردستان ............................................... ئازاد مستۆفی ........ ١٦٢
٤٨- "کوردستان" ئاوا دەبینم ................................................................ ئالان بەهرامی ........ ١٦٧
٤٩- "کوردستان"ی پلۆڕاڵ .................................................................. سمایل شەرەفی ......... ١٧١
٥٠- "دنیای منداڵان" لە باوەشی دایکی دڵسۆزی "کوردستان"دا .............................. عەلی بداغی ......... ١٧٥
٥١- ڕۆژنامەی "کوردستان" و ئەدەبیاتی بەرەنگاری ............................................ عەلیرەزا ڕەحیمی ........ ١٧٨

## ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە: ٨٠٠

٥٢- ژمارە ٨٠٠ی "کوردستان" ............................................................ عەبدوڵڵا حەسەنزادە ......... ١٨٢
٥٣- "کوردستان" وەک ئاوێنەی مێژوویەک ............................................ قادر وریا ................ ١٨٧
٥٤- "٨٠٠"ەمین مۆمی داگیرساوی نیشتمان ............................................. مستەفا شەڵماشی ......... ١٨٩
٥٥- "کوردستان" توانیویەتی ڕەسالەتی ڕۆژنامەگەری خۆی بپارێزێ .......................... کەماڵ کەریمی .......... ١٩٣
٥٦- من و ڕۆژنامەی "کوردستان" ............................................................ د. کامران ئەمینئاوە ......... ١٩٦
٥٧- "کوردستان"، ڕۆژنامەیەک بۆ هەموو وەرزەکان .............................................. ناسر باباخانی ......... ١٩٩
٥٨- "کوردستان"، ئەستووندەکێکی قایمی ژێر ڕەشماڵی زمانی کوردی .......................... مستەفا شێخە .......... ٢٠٧
٥٩- ڕۆژنامەی "کوردستان"، تایبەتمەندی و ئاستەنگەکانی بەردەمی .......................... عەلی مێهرپەروەر ...... ٢١٣
٦٠- "کوردستان" لە هەناوی کۆمەڵگەوە ........................................................ شاهۆ مەتین ........... ٢١٧
٦١- ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئارشیوێکی نەتەوەیی ................................................ عەلی فەتحی ......... ٢٢٢
٦٢- بەڕێوە و هەر بەپێوەین ................................................................... عەلی بداغی .......... ٢٢٦
٦٣- کوردستان لە ئاوێنەی "کوردستان"دا ........................................................ کەریم فەرخەپوور ....... ٢٢٩
٦٤- کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتداریی کوردەوە هەتا تاراوکە ................................ خالید عەزیزی ........ ٢٣٣
٦٥- "کوردستان" و پرسی ژن ................................................................. خەج مەعزووری ........ ٢٣٥
٦٦- "کوردستان" ناوێکی درەوشاوە لەبەردەم ئەزموونێکی تازەدا ................................ ڕێبوار قازی .......... ٢٣٨
٦٧- هاوڕێیەتیی ٣٠ ساڵەی من و "کوردستان" ................................................... ئەحمەد ڕەحمانی ....... ٢٤٣

## رۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٦٠٠



کوردستان

«کوردستان»، ڕێچکەیەک لە کۆماری کوردستانەوە تا سەرکەوتنی یەکجاری

600

کوردستان

"کوردستان"
ئالای شەکاوەی
خەباتێکی
بەردەوام

## لەسەر بیوگرافیی دەورە جیاجیا کانی رۆژنامەی «کوردستان»



**هاشم کەریمی**

من لێرەدا بە پێویستی نازانم پەسنی رۆژنامەی کوردستان بکەم، چونکە وەکوو سەعدی دەڵی: «گوڵ ئەو گوڵەیە خۆی بۆنی خۆش بڵاو بکاتەوە نەک گوڵفرۆش بە بۆنی خۆشیدا هەڵبڵێ». دەبێ ئەو کەسانەی کە پێوەندییان بە حیزبی دیموکڕاتەوە نیە، ئەو رۆژنامەهەڵسەنگێنن و ئەگەر جێی پەسنە کە هەیە، ئەو کارە بکەن. لەگەڵ ئەوەش ناکرێ لەو بارەوە هیچ

نەگوترێ.




بویە بە دڵنیاییەوە دەڵێم ڕۆژنامەی کوردستان کە زیاتر لەوەی ڕۆژنامە بێ گۆڤارە، لانی کەم لە سێ پرسدا یەکێکە لە سەرکەوتووترینی ڕۆژنامەکانی ئۆرگانی حیزبەکانی کوردستان. یەکەم، لە ناساندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان و پێشێلکرانی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد، دووهەم لە پیشاندانی رووی دزێوی دووریژیمی دژی گەلیی پاتشایی و ئاخوندی لە ئیراندا و سێهەم، کارتێکەریی لە سەر ئەدەبیاتی کوردی و دروست نووسینی خەت و ئینشایزمانی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا.

لیرەدا دەمەوێ بە کورتی لەسەر بیوگرافیی دەورەکانی جیاجیای ڕۆژنامەی کوردستان و ڕێباز وڕێوشوێن و کارتێکەریی ئەم ڕۆژنامە چەند دێڕیک بنووسم. ڕۆژنامەکانی دەورەی کۆماری کوردستان کە ١١٣ ژمارەی لێ بڵاو بۆتەوە (من تەنیا چەند ژمارەیانم دیتوە) بە تەواوی مانا بڵاوکراوەی بیرو هزری حیزبی دیمۆکراتیکوردستانن. لەبەر ئەوەی زۆربەی بگرە هەموو نووسەرانی ئەندامی حیزبی دیمۆکڕات بوون و سیاسەتەکان و ڕیبازی ئەو حیزبەیان بڵاو کردۆتەوە. بەڵام دەورەی دووەمی کە لە باکۆ چاپ دەبوو و ١٣٣٧ ژمارەی لە لایەن ئەو خویندکارانەی کە کۆماری کوردستان بۆ خویندن ناردبوونیە سۆڤیەتی پێشوو ودوای تێکچوونی کۆمار نەیانویرا بگەڕێنەوە وڵات، بڵاو دەبۆوە. لەگەڵ ئەوەی نابێ زەحمەتەکانیان فەرامۆش بکرێ، بەڵام ئەو دەورەی ڕۆژنامە، زیاتر زمانحاڵی حیزبی توودەیە تاکوو حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان. دەورەی سێهەمی، کە چوار ژمارەی بە نهێنی لە لایەن کادرەکانی حیزبی دیموکڕاتەو بڵاو بۆوە، لە گەل لەبەرچاوگرتنی ئازایەتی وچاونەترسیی ئەو کادرانە کە لەو کاتە هەستیارو پرمەترسییەی دوای کودەتای ٢٨ی گەلاویژی ١٣٣٢ی هەتاوی، ئەو ئەرکەیان وەئەستۆ گرتووە جێی ڕێزو پێزانینە، هەر چەند ئەو کات هێشتا حیزبی دیموکڕات لەباری ڕێکخستن و ڕاگەیاندندا لە ژێر کاریگەریی حیزبی توودەدا بوو. بۆیە لەم دەورەش دابێگومان بیرو هزری حیزبی توودە بەو ژمارانەوە دەبینرێ. تەنیا ژمارەیەک کە لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی بڵاو بۆوە لە خەت و ڕیبازی حیزبی دیموکڕاتدا بووە، چونکە ئەو کات حیزب لە هەموو بارێکەوە ڕیبازی خۆی لە حیزبی توودە جیا کردبۆوە. ئەو ٢٦ ژمارەی کە لە لایەن روناکبیران لە ئورووپا بڵاو بوونەوە، لە بەر ئەوەی بەشێک لە نووسەرانی ئەو دەورە ئەندام و لایەنگری حیزبی دیموکڕات بوون، هەر چەند بە ناوی


ئۆرگانی حیزبی دیموکرات بڵاو نەدە بۆوە، لەگەڵ ئەوەش تا رادەیەک  لە خەت و ریبازی حیزبی دیموکڕات دابووە. پێوەندیی من بە حیزبی دیموکراتەوە و بەو پێیەش بە رۆژنامەی کوردستانەوە چەندین قۆناغ لە خۆی دەگرێ. لە سەردەمی سەرۆک وەزیریی موسەدیق دا(ساڵەکانی ٣٠ تا ٣٢ی هەتاوی) کاکم (محەمەدی کەریمی) یەکێک لە هەڵسووڕاوانی حیزب بوو، بەو بۆنەوە زۆر لە گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە دەگەیشتنە دەست کاکم کە نەوەد لە سەدا گۆڤار و رۆژنامەی حیزبی توودە بوون. هیچ رۆژنامە و گۆڤارێکی حیزبی دیموکڕاتیان تێدا بەدی نەدەکرا. من ئەو کات پێوەندیی حیزبی دیموکڕات و حیزبی توودەم نەدەزانی و پێم سەیر بوو کە ئەندامانی ئەوە سەردەمە بە ناوی حیزبی دیموکڕات تێکۆشانیان هەبوو، کەچی ئەدەبیاتی حیزبی توودە دەگەیشتە دەستیئەندامان. دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی، کاکم لە مامۆستایی فیرگە دەرکرا و بۆ ماوەی سێ ساڵ تیکۆشانی حیزب لە بانە راوەستا. لە ساڵی ١٣٣٥ەوە تێکۆشان دەستی پێکردەوە کە تا ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی ١٩٥٨ی زایینی واتە شۆرشی ١٤ی ژوئییەی ١٩٥٨ی عێراق تەنیا بەیان و راگەیاندراوەکانی حیزب دەبینران، بەڵام لەو کاتەوە گۆڤار و رۆژنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عیراق و ئەدەبیاتی سەربەخۆی کوردستانی باشوور دەگیشتنە بانە و لە سێ جێ واتە گوندی شوێ، گوندی بارەوەران(ئەحمەداوا) و گۆڕستانی سڵمان بەگ دادەنران و من لە گەڵ ئەندامێکی حیزب کە جێگاکانی پێ دەزانی، دەمانهێنانە نێو شار و لە نێو ئەندامانندا بڵاومان دەکردنەوە. ئەوکات من وەک لایەنگرێکی هەڵسووڕاو لەگەڵ حیزب هاوکاریم دەکرد و بە گیرانی کاکم لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی دا پێوەندیم لەگەڵ حیزب پچڕا.

یەکەمین جار کە لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی لەگەل حیزبی دیموکڕات پێوەندیم نوێ کردەوە، رۆژنامەی کوردستانم بینی. ئەو کات ناوی نووسەران لە سەر وتارەکان نەدەنووسران، تاوەکوو خۆم لەنەورۆزی ١٣٥٢ی هەتاوی قاچاخ بووم و چوومە عێراق. لەو کاتە دا نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان بریتی بوون لە زیندوویادان دکتور قاسملوو، مامۆستا هێمن، کاک کەریم حسامی و کەمتریش کاک حەمەدەمین سیڕاجی. مامۆستا مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە هەم نووسەر و هەم ئەدیتۆری رۆژنامەکە بوو. کادری فەنیی رۆژنامەکەش



زیندوویاد عوسمان میراوەیی(جەلال) و مەلا رەحمان کاژەیی بوون. لەو دەورەدا هێشتا دەستم بە نووسینی کوردی رانەهاتبوو، بۆیە پێم وایە تەنیا دووسێ وتارم بڵاو بۆوە. ئەم دەورە تا گەرانەوەمان بۆ وڵات ٣٥ ژمارەیان لە عێراق چاپ بوون و بە هۆی نزیکایەتیی ڕێژیمی بەعسی عێراق لە گەڵ ڕێژیمی حەمە رەزا شا، حکوومەتی عێراق نەیهێشت ئیتر ڕۆژنامەی کوردستان لە عێراق چاپ ببێ، بە ناچاری گوێزرایەوە بۆ ئوروپا.

ڕۆژنامەی ئەو دەورە پتر لە کوردستانی باشوور بڵاو دەبۆوە و دوو بۆچوون لەسەر ڕۆژنامەکە هەبوو. ئەو کات بزووتنەوەی کوردستانی عیراق پێوەندیی بەربڵاوی لەگەڵ ڕێژیمی حەمە رەزا شا هەبوو، بەو بۆنەوە هێندیک لە کاربەدەستانی بزووتنەوە، پێوەندیی راستەوخۆیان لەگەل ڕێژیمی پاتشایی هەبوو و بە چاوی سووک سەیری ڕۆژنامەی کوردستانیان دەکرد. بۆ نموونە جارێک باسی ڕۆژنامەی کوردستان کرابوو، عەبدولوەهاب ئەترووشی فەرماندەری تیرۆر و کۆشتی زیندوویادان قادرشەریف و مەلا رەحیمی ویردی گوتبووی: ڕۆژنامە ڕووزەردەرکەی کوردستان(کاغزی ڕۆژنامەکە سپیی مەیلەو زەرد بوو). بەڵام زۆربەی کاربەدەستانی بزووتنەوە و ئەندامانی حیزبی شیوعیی عێراق و ئەدیب و نووسەرانی کوردستانی باشوور بە چاوی ڕێزەوە دەیانڕوانیە ڕۆژنامەی کوردستان و بە یەکێک لە ڕێ پیشاندەرانی دروستنووسینی خەت و ئینشای کوردییان دادەنا.



لە کونگرەی ٦ و ٧ دا کە بوومە ئەندامی دەفتەری سیاسی، وێڕای ئەوەش بوومە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان. جگە لەوەی هەموو مانگێک وتارێکم دەنووسی، ئەدیتۆری بەشی فارسیەکەش بووم. ئەندامانی ئەوکاتی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان بریتی بوون لە: شەهید دکتور قاسملوو، مامۆستا مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادە، کاک فەتاح کاویان، مامۆستا گۆران، مامۆستا عاشق و کاک ئەنوەری سوڵتانیەنا. کادری فەنیش بریتی بوون لە: کاک عەلی سووسەنی، کاک شوکری تەریق و کاک جەعفەری شەریعەتی.

لە دوای هەڵویست گرتنی حدکا، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر من سەرلە نوێ بوومەوە بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی

کوردستان و تا یەکگرتنەوەی دووباڵی حیزب، هەموو مانگێک وتاریکم دەنووسی و بەشی ڕۆژژمێری مێژوی کوردستان و ئێران و جیهانیشم ئامادە دەکرد. دەستەی نووسەرانی ئەو کات بریتی بوون لە: کاک فەتاحی کاویان، مامۆستا عاشق، مامۆستا بێبەش و کاک عەبدوڵا حیجاب. کاک جەلیل گادانی، کاک حەسەن رستگار، کاک حسەین مەدەنی و کاک کەمالی کەریمی و هەروەها کاک سەعید بەگزادەو کاک فەیسەل ئیراندوست کە لە رادیو کاریان دەکرد جاروبار وتاریان بۆ رۆژنامەکە دەنووسی. جگە لەوانە شاعیرانی کوردستانی باشوور وەکوو مامۆستایان سوارە قەڵادزەیی، حەسیب قەرەداغی، غەریب پشدەری و خالید دلێر بە شێعرهاوکارییان دەکردین. کادری فەنیش بریتی بوون لە کاک قاسم سوڵتانی و کاک عەلی سووسەنی. لەو ماوەدا هەشتا ژمارەی رۆژنامەی کوردستان بڵاو بۆوە.

لێرەدا من دەمەوی ئەگەر جێ بگرێ هێندی پێشنیاز بۆ زیاتر دەوڵەمەند بوونی چۆنیەتیی رۆژنامەی کوردستان بێنمە گۆری، هیوادارم وەک کەمگرنگیدان بە نەقشی رۆژنامەی کوردستان چاوی لێنەکرێ:

هەرچەند دروشمی سەرەکیی حدک لە کۆنەوە دابینکردنی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد بووە و وەکوو لە پێشدا ئاماژەم پێکرد رۆژنامەی کورددستان لەو بارە نەخشی زۆر باشی هەبووە، بەڵام بە تەجرەبەی وڵاتانی ژێرچەپۆکەی ئیستیعمار لە ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین دەرکەوتوە کەهەر چەند هەموویان سەربەخۆیی سیاسییان بەدەست هیناوە، بە داخەوە لەبەر پیادەنەکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی میللەتاکانیان خۆشبەختی و ژیانی باشتریان بە نسیب نەبووە و لە دواکەوتوویدا ماونەتەوە. تەنانەت لە کوردستانی باشوور کە گەڵی کوردمان بەبەشیک لە ویستە نەتەوایەتییەکەی گەیشتوە، بە هۆی ناعادڵانەبوونی دابەشکردنی سەروەت و سامانی زۆر و زەوەندی ئەو بەشەی کوردستان، بەشێکی زۆر لە خەڵکەکەی ناڕازین. کەوابوو هەر لە ئێستاوە پێویستە نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان لە سەر دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی زۆرتر بدوێن

کە لە سیستمی بەڕێوەبردنی وەڵاتدا لە پێش هەموو شتێکدا ژیانی کەم ئەندامان و پیران و منداڵان لە داهاتووی کوردستاندا مسۆگەر(گەرەنتی) بکرێ.

لە هەموو وڵاتانی دیکتاتۆر و کۆنەپەرست و دواکەوتوو بە تایبەت لە کۆماری ئیسلامیدا بە دایم مافی مرۆڤ پێشیل دەکرێ، بۆیە ئەمرۆکە ریعایەتکردنی مافی مرۆڤ بۆتە سەرخەتی دروشمەکانی هەموو ئەو حیزب و ریکخراوە دیموکرات و کەسایەتییە پێشکەوتنخوازانە کە مرۆڤیان لا پیرۆزە، دەبێ لە رۆژنامەی کوردستان دا ئەو پرسە زیاتر گرنگی پێبدرێ.

لانی کەم لە کونگرەی سێوە کە من بەشداریم تێدا کردوە، حدک وەکوو حیزبێکی سکیولار ناسراوە، بەڵام لە بەرنامەکانی

تەلەفزیون و ڕۆژنامەی کوردستان دا ئەو پرسە گرنگە کەمڕەنگ بۆتەوە، بۆیە پێویستە بە ڕاشکاوی پڕوپاگەندە بۆ سیستمی سکیولار و جیابوونەوەی دین لە دەوڵەت بکرێ، بە تایبەت بۆ حدک پێویستە کە سەرەرۆیی و دڕندەیی کۆماری ئیسلامی تەجرەبە کردوە.

لەسەر دیموکڕاسی وپلورالیزمی سیاسی زۆرتر بنووسرێ بە تایبەت بۆ حدک کە ئەزموونی هەرە تاڵ و ناخۆشی شەڕی نێوخۆیی هەیە.

هەر چەند لە بەرنامەی حیزبدا مافی یەکسانیی ژن و پیاو بە روونی گونجێندراوە، بەڵام هێشتا ئەو جۆرەی پێویستە بە کردەوە جێ بە جێ نەکراوە، بۆیە ڕۆژنامەی کوردستان دەبێ گرنگیی تایبەت بەو پرسە بدا. بە تایبەت لەبەر چاوی هەمواندا دەبیندرێ کە لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەگشتی و کوردستانی باشووربە تایبەتی ژنکوشتن بە بیانووی نامووسی پەرەی پێدراوە و قازیەکان لەبەر لاوازیی دەزگای دادوەری و قانوونی سەزادانی کۆن و لە ترسی تۆڵەسەندنەوە، ناتوانن حوکمی عادڵانەی ژنکوژە بێبەزییەکان بدەن. دیارە گرنگیدان بە پرسی لاوانیش دەبێ یەکێک لە ئەرکەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بێ.

زۆربەی خەڵکی کوردستان لە کرێکاران و جوتیاران و چین و توێژە زەحمەتکێشەکان پێک هاتون، بۆیە بەرگری لە مافی ئەوان دەبێ بەشێکی بنەڕەتی لە وتارەکانی کوردستان بێ.

ئیتر داوای سەرکەوتن بۆ نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان دەکەم. بە هیوای ئەوە ڕۆژنامەی کوردستان وەکوو بەشێک لە مێژووی خۆیدا، لە داهاتووی نزیکدا لە کوردستانی ڕۆژهەلات بدرەوشێتەوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانیۆیری ٢٠١٣

# بیرەوەریی من لە گەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان»دا




مستەفا شڵماشی

سەرەتای سۆز و خۆشەوستیی من بۆ ڕۆژنامەی «کوردستان» دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە چل ساڵ لەمەوبەر. ئەو کاتەی کە وەک لاوێکی تەمەن ١٥ ساڵ تازە لە گەڵ براگەورەکەم ڕام کردبوو بۆ باشووری کوردستان و لە سلێمانی، خوێندکاری ناوەندی بووم. ساڵی ١٩٧٠ ی میلادی دوای ئەوەی لە کۆنفڕانسی سێ دا بە ڕێبەرایەتیی شەهیدی سەرکردە دوکتور قاسملوو، حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، گوڕ و تینێکی بە هێزی هاتەوە بەر و ڕۆژنامەی «کوردستان» بە ڕێک و پێکی دەستی بە بڵاوبوونەوە کردەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان لەو سەردەمەدا نەک تەنیا لە چوار چێوەی ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکرات دا، بەڵکوو لە نێو ڕووناکبیران و خوێندەوارانی هەموو کوردستان دا جێگایەکی تایبەتی هەبوو. بەتایبەت لە باشووری کوردستان کە هەر ئەوکاتیش، تەنیا بەشی کوردستان بوو کە زمانی کوردی بە فەرمی تێیدا دەخوێندرا و بە مەڵبەندی فەرهەنگیی کورد بۆ هەمو کوردستان بە ئەژمار دەهات، ڕۆژنامەی «کوردستان» سەنگی مەحەک بوو بۆ پاراوی زمانی کوردی و بۆ بە پێزیی نووسینی کوردی. ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە قاڵب و ڕێنوسی ڕۆژنامەی «کوردستان» و نێوەرۆکی بە پێزی ڕۆژنامەی «کوردستان»یان بە چرای ڕێبازی فەرهەنگیی خۆیان دەزانی و لە کۆڕ و کۆبوونەوە فەرهەنگییەکان دا ئیشارەیان پێ دەکرد.

ئەو کاتە من وەک لاوێکی لایەنگری حیزب لە بنەماڵەیەکی سەر بە حیزب دا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆم لە گەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» هەبوو. هەم وەک خوێنەرێکی بە وەفا کە ڕۆژەکانم دەژمارد تا ژمارەی تازەی ڕۆژنامەم بە دەست بگا و هەم وەک یارمەتیدەرێک لە بڵاو کردنەوەی دا، کە زۆر جاران ئەرکی گەیاندنی بە کتێبخانەکانی سلێمانیم وە عۆدە دەگرت، پەیوەندییەکی بەهێز لە نیوان من و ڕۆژنامەی «کوردستان» دا هەبوو. تەنانەت لەو سەردەمەدا چەندین جار تینم وەبەر

خۆ دەنا و نووسراوێکم ئامادە دەکرد و دەیان جار دەمخوێندەوەو بەراوردم دەکرد لە گەڵ نووسینەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان» دا، بەڵام جورئەتم نەدەکرد بینێرم بۆ ڕۆژنامە، چونکە هەرچی بەراوردم دەکرد، بە تایبەت لە باری ناوەرۆکەوە، تۆزی پێی نووسراوەکانی نێو ڕۆژنامەی «کوردستان»یان نەدەشکاند و ئاخرەکەی گڕۆڵەم دەکردن و فڕێم دەدان تا کەس نەیان بینێ. ئەوەندەی لە بیرم بێ ئاخرەکەی پۆلی شەشی زانستی بووم کە وێرام وتارێکی کورت بە ناوی (خەونی لاوان) بنێرم بۆ ئەو ڕۆژنامە خۆشەویستە.

بەرپرس و هاوکارە دیارەکانی ئەو سەردەمەی ڕۆژنامەی «کوردستان» ئەوەندەی ئەمن بزانم و لە بیرم مابێ، شەهید دوکتور قاسملو، بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، مامۆستا هێمن، شەهید جەلال میراوەیی(مەلا عوسمان میراوەیی)، کاک کەریمی حیسامی، کاک هاشمی کەریمی، کاک حەمەدەمینی سیراجی و چەند کەسی دیکە بوون. کە دیارە بێشک نووسەرەکانی زۆر لەوە زیاتر بوون، بەڵام ئەو کاتە ئەمن زۆرتر لە دوورەوە ئاگاداری کارەکانی ڕۆژنامە بووم و نەخشی هەمووان بە تەواوی نازانم. لە گەڵ داوای لێبوردن لەوانەی ناوم نەهێناون.



لە دوای گەڕانەوەمان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩ دا، پەیوەندیم لە گەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» بەهێزتر بوو. بە تایبەت دوای کۆنگرەی چوار کە بوومە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی، هاوکاری ڕاستەوخۆی من لە گەڵ ڕۆژنامە وەک نووسەرێک دەستی پێ کرد. دیارە لە هێندێک قۆناغیش دا، بە تایبەت دوای کۆنگرەی پێنج بۆ ماوەیەک و دوای کۆنگرەی شەشیش بۆ ماوەیەک، یا وەک بەرپرسی ئینتیشارات و ڕادیۆ، یا وەک بەرپرسی ڕۆژنامە دەوری بەڕێوەبردنیشم هەبووە. ئەوانەی لەو قۆناغەدا ڕاستەوخۆ دەوریان هەبوو لە بەڕێوەبردن و نوسینی ڕۆژنامەی «کوردستان» دا، جگە لە وانەی لە سەرەوە ناویان هاتوە و تا ئەو کات لە چالاکیی حیزبی دا مابوون، شەهید دوکتور شەرەفکەندی، من، کاک فەتتاحی کاویان و کاک تەها عەتیقی، نەقشی زۆرمان لە بەڕێوەبردن، کاری تەرجومە و ئامادە کردنی ڕۆژنامەدا هەبوو. کە دیارە ژمارەیەکی زۆری دیکە لە ئەندامانی ڕێبەری و کادرەکانی حیزبی بە شێوەی نووسین لە گەڵ ڕۆژنامە هاوکارییان هەبووکە بە خاتری ئەوەی هەموویانم لە بیر نییە، بە باشتری دەزانم بە داوای لێبووردنەوە ناویان نەهێنم، نەبا هێندێکیانم لە بیر بچێ. بەڵام بە گشتی ئەندامانی ڕێبەری و تەنانەت کادرەکانی دیکەش کەم و زۆر دەوریان هەبووە. گرفتی ئەو کاتە ئەوە بوو کە بەداخەوە ناوی نووسەرەکان لە ژێر نووسینەکە نەدەهات. هەموومان کادری بێ ناوو نیشانی ڕۆژنامە و ڕادیۆ بووین. ئەو کاتە حیزبایەتی ئەوەندە وشک بوو کە تەنانەت نووسینی ناو لە ژێر بەرهەمێک دا کە

خوڵقێنرابوو، بۆ نووسەرەکەی بە خۆ گەورە کردنەوە و کەڵکی خراپ وەرگرتن لە پلە و پایەی حیزبی لە قەڵەم دەدرا. ئەو کاتە کەس خاوەنی بەھرەکانی خۆی نەبوو. ئەندامی حیزب ھەرچی ھەی بوو، بە مڵکی حیزب دادەنرا. ھەربۆیە ئێستاشی لەگەڵ بێ، زۆر زەحمەتە بزانرێ کێ، چی نووسیوە. ھەروەھا نابێ ھەوڵ و تێکۆشانی کادرەکانی دیکەی دەوروبەری دەفتەری سیاسی و ئینتیشارات لە بیر بچێ کە ژمارەیەکی زۆر لە ئامادە کردنی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە باری ھونەری و تکنیکییەوە لەو سەردەمی دا نەخشیان ھەبوو . کە بەداخەوە دیسان ناوی ھەمووان بە زیھن دا نایەن لە بەر ئەوە لە ناوھێنانیان خۆ دەپارێزم وداوای لێبووردن دەکەم. ھیوادارم بەڕێوەبەریی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ڕێبەرایەتیی حیزب بیر لەوە بکاتەوە کە بە ئارشیڤ کردنی کاری ھەموو قۆناغەکانی ڕۆژنامە، ناوی ھەموو ئەو تێکۆشەرانە تۆمار بکرێ کە بە شێوەیەک لە شێوەکان یارمەتیان بە چاپ و بڵاوکردنەوەی داوە لە قۆناغە جۆربەجۆرەکان دا.

تەنانەت بۆ نووسەرەکانی ڕۆژنامە خۆشیان زەحمەتە بزانن کام مەقالەیان نووسیوە. ئەمن بۆ خۆم ناوی چەند مەقالەیەک



نەبێ لەبیرم نەماوە. بۆ وێنە وەک (من کێم، سۆسیالیزم و دێموکڕاسی دوو ئەسڵی گرنگ، ...). دیارە جگە لە نووسین کاری تەرجومەشم بۆ ڕۆژنامە کردوە. بەتایبەت لە فارسییەوە. لە بیرمە کە زۆرم پێ خۆشبوو مەقالەکانی کاک فەتتاحی کاویان، کە لەسەرەتادا زۆرجار بە فارسیی دەنووسین تەرجومە بکەم. چونکە کاک فەتتاح یەکێک لە فارسیزانە ھەرە باشەکانی حیزب بوو. زۆر پاراو، بە پێز و ڕەوانی دەنووسی. ئەویش پێی خۆش بوو نووسینە کوردییەکانی من بکاتە فارسی. زۆرجار مەجبوور دەبووم وشەی تازە بۆ وشە فارسییەکان بە کار بێنم. کە لە بیرمە بۆ ئەوەڵ جار وشەی «چەپ ئاژۆ»م بۆ (چپگرا) بە کار ھێنا و کاک فەتتاح زۆری پێ جوان بوو. دوایە ئەو وشەیە بوو بە باو. دیارە چەندین وشەی دیکەشم ھێنا، چونکە ئەو کاتە زۆرمان بیر لەوە دەکردەوە کە ڕۆژنامە وەک ئامڕازێکیش بە کار بێنین بۆ دەوڵەمەند کردنی زمانی کوردی. پێویستە بگوترێ کە ھاوڕێیانی دیکەش ئەو کارەیان دەکرد.

ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ھەمیشە نەخشێکی گەورەی لە نێو جووڵانەوەی

ڕزگـاریخوازیی گەلـی کـورد دا گێـڕاوە. بە تـایبەت لە هێنـدێک قۆنـاغ دا، هەم بە هـۆی ئەوەی کە حیزبـی دێمـوکڕات ڕۆڵـی گەورەی هەبووە و هەم ڕۆژنامەی «کوردستان» مەیدانـدارێکی بە هێـزی بـواری ڕۆژنـامەگەری و سیاسـی بـووە لە کودستـان دا. وەک قۆناغی دوای ساڵی ١٩٧٠ لە باشووری کوردستان و قۆنـاغی دوای سـاڵی ١٩٧٩ لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کە ڕۆژنـامەی «کوردسـتان» هەم ڕۆڵـی گەورەی هەبـوو لە گەشـە پێـدانی فەرهەنـگ و زمـانی کـوردی دا و هەم لە وێنـا کردنـی سیاسـەتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا. ئێستاش سەرەڕای پەیدابوونی دەیان بواری مێدیایی دیکە و شۆڕشی سۆشیال مێدیا کە بە تورێکی دنیاگر هەموو کون و کەلەبەرەکانی دنیای زانیاری و مێدیای تەنیـوە، دیسـان ڕۆژنـامەی «کوردسـتان» جێگـای خۆی هەیە و بەتایبەت لە نێو ئەندامان، لایەنگران و ئۆگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و دڵسۆزانی خەباتی نەتەوەیی کورد دا، بە جێگای متمانە و سەرچاوەی زانیاری حیساب دەکرێ.

پێمخۆشـە لێـرەدا دەستخۆشـی لە هەمـوو ئەو کەسـانە بـکەم کە سـاڵانێکی دوور و درێـژە چـرای ڕۆژنـامەی کوردسـتان بە درەوشاوەیی ڕادەگرن. هەرچەند لە دوای ساڵی ١٩٨٦ی میلادییەوە ئەمن بە کـردەوە زۆر ئاگـاداری چـۆنیەتیی ئـامادە کـردن و بەڕێـوە بردنـی ڕۆژنـامەی «کوردسـتان» نەبـووم، بەڵام لە دوورەوە ئاگـاداری زەحـمەت و تێکۆشـانی ژمـارەیەکی زۆر لە بەڕێـوەبەر و نووسـەرانی ڕۆژنـامە بـووم کە ئێستاشـی لە گەڵ بـێ لە شـکڵ و نێـوەرۆکێکی بـاش و گونجـاو دا و بە پێـی پێشکەوتنەکانی بـواری ڕاگەیـانـدن، کارێکیـان کـردوە کە ڕۆژنـامەی کوردسـتان هەر بەردەوام بـێ و بە ڕێکـوپێکی بە دەسـتی خوێنەرانی بگا.

دەستخۆشی بەو کەسـانە دەڵـێم کە ئێسـتاش لە ئـامادە کردنـی ڕۆژنـامەی "کوردسـتان" دا نەخشـی بەرچاویـان هەیە و داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم. هەر وەها ڕێز و سڵاوێکی زۆرم هەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە قۆناغە جۆربەجۆرەکان دا نەخشیان هەبووە، لە بەڕیوەبردن، نووسین و ئامادەکردنی ئەو ئۆرگانە پڕبایەخ و گرنگە دا.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

## «کوردستان» شەش سەد مۆمی هەمە جۆری کلتووری- نەتەوەیی گەش



**مومتاز حەیدەری**

کورد، بەگوێرەی خۆی، کە خاوەن دەوڵەت و دام‌و دەزگای میری و میللی نەبووە، بگرە لەوەش خراپتر، هەردەم داگیرکەرانی



ئایینی و سیاسی و نەتەوەیی و هەوڵیانداوە، زمانی نەتەوەیی، لاوازو بشێوێنن، زمانی بیانی بەسەری دابسەپێنن، لەوەش زیاتر کەلەپوور و سامانی کلتووری نەتەوەیی - تێکڕای کوردان - لەنێو بەرن، تاکو بەشێکی مێژووی گرنگی نەتەوەیی زێندە بەچاڵ بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەستەڵاتی کوردان، بەتایبەتی رۆشنبیرەکانیان، بەهەر جۆرێک بووە، لە بنەماڵەی بەدرخانە نیشتمانپەروەرەکان، سەردەمی شێخ مەحموودی نەمرو رۆشنبیرانی کورد لەئەستەمبوول.. تادەگاتە سەردەمی مامۆستا برایم ئەحمەدو عەلا ئەدین سجادی - سەردەمی گەلاوێژ- و سەردەمی کۆمەڵەی (ژ.ک) کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کە ساڵی ١٩٤٢ دامەزراوە، ئۆرگانەکەی گۆڤاری نیشتمانی بووە.. جالێرەوە، کە حزبی دیموکراتی کوردستان - رۆژهەلات - لەسەر بنەمای (ژ.ک) ساڵی ١٩٤٥دادەمەزرێ، زمان حاڵەکەی بەنێوی (کوردستان) دەبێ .. لێرەوە خاڵی وەرچەرخان لەکوردستانی رۆژهەلات لەمەیدانی ژیانی رۆژنامەنووسی بەتایبەتی، پاش راگەیاندنی کۆماری کوردستان، بەسەرۆکایەتی پێشەواقازی محەممەدی نەمر، دەست پێ دەکات.

کە ژمارەیەک رۆژنامەو گۆڤار و چاپەمەنی، لەماوەی تەمەنی زۆر کورتی کۆماردا بڵاو دەکرێتەوە.. هتد.. دیارە رۆژنامەی کوردستان چەند قۆناغ و وێستگەی دژوارو تەنگەبەری دیوە، بەڵام رێباز و پەیامی کوردایەتیی کانیەکەی (ژ.ک)و (کوردستانی) پێشەوا، هەر بەردەوام بووە.. بەگۆتەی مامۆستا سەعیدناکام، جەنابی پێشەواقازی رۆژانە لەکاتی چاپکردنی رۆژنامەی کوردستان، بەوردی سەرپەرشتی دەکرد.. هەڵبەت ژمارەیەکانی دوا قۆناغ گەیشتۆتە ژمارە (٦٠٠)، کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو لەشاری بەغدا، یەکەم ژمارەی: لەسەردەمی شەهید قاسملوو م. کەریمی حیسامی و م. حەمەدەمین سیراجی و م. عەبدوڵڵا حەسەن زادەو هی دیکە.. دەرچوو.ز جالە ماوەی ئەو چل ساڵەدا، کە تەمەنی ئەم (٦٠٠) ژمارەیە، بەچەندین وێستگەی دژوارو ناسک و هەستیار و تیروری سیاسی تێپەریوە، خۆی لەخۆیدا، مێژوویەکی سەربەخۆیە، جێی ئاماژەیە هەر چەند دەستەی نووسەری بەپێی رەوشی سیاسی حزبەکە گۆڕاوە، بەڵام لەجەوهەر دا،هەمان


کوردستان

پەیام و رێباز و گیان فیدایی گۆڤاری نیشتمان و رۆژنامەی کوردستان-ی سەردەمی پێشەواو دواتربووە.. هەڵبەت ئەم (٦٠٠) ژمارەیە ئەرشیفێکی هەرە دەوڵەمەندی مێژووی کلتووری - سیاسی - نەتەوەییە و لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی مێژووی جوولانەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و لەتێکڕای بەشەکانی دیکەی کوردستان بەگشتی بەسەرچاوەیەکی هەمە جۆری باوەڕپێکراو دەژمێرێ، بەهیچ چەشنێ، هەر توێژەرێک ناتوانێ چاو لە ناوەرۆکی ئەم (٦٠٠) ژمارەیە نەکات.

بەهەر حاڵ، ئەم (٦٠٠) ژمارەیە بەشێکی زیندووی مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی لەکوردستانی رۆژهەڵات بەتایبەتی، و کوردستای گەورە بەگشتی دروست دەکات. بگرە قۆناغێکی دەوڵەمەندی رەوتی کلتووری - مێژوویی سیاسی هاوچەرخی کوردانە... هتد.

* رەوتو پەیامی رۆژنامەنووسی رۆژهەڵاتی کوردستان هەر شکۆدار بێت.

❊ هەمیشە نەمری بۆ هەمووخاوەن ئەو قەڵەمانەی کەلەگۆڤاری نیشتمانەوە، تادوا قۆناغ و دوا ژمارەیەکەی (ژمارە ٦٠٠) ئەوانەی کۆچییان کردووە، یان شەهیدکراون.

❊ وشەی رەسەن و نەتەوەیی و ئازادیخواز، تێکۆشەری رێگەی ئازادیی کورد و کوردستان، هەردەم و راستگۆوداهێنەر بێت.

هەولێر - کوردستان

٧ - ١ - ٢٠١٣

سەرنج:

کە یەکەم ژمارەی لەبەغدا دەرچوو، جەنابی مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا چەند دانەیەکی پێدام، بۆ ئەوەی لەهەولێر بەسەر برادەران دابەشی بکەم، منیش راسپاردەکەی مامۆستای گەورەمانجێ بەجێ کرد.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

# «کوردستان»، ڕێچکەیەک لە کۆماری کوردستانەوە تا سەرکەوتنی یەکجاری



قادر وریا

لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤، کەمتر لە دوو حەوتوو بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕۆژنامەی «کوردستان»، لە دایک بوو. ئەم ڕۆژنامەیە کە زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بە زوویی بوو بە ڕۆژنامەی دەوڵەت و حکوومەتێک کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد پێکی هێنابوو.

«کوردستان» هەر لە سەرەتاوە لە گەڵ حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستان، بە جۆرێک ئاوێتە بوو کە دواتریش تەنانەت ئەو کاتەی کۆمار جوانەمەرگ کرا و ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات تووشی سێدارە و بەندیخانە و دەربەدەری و ژیانی نهێنی بوون، لە گەڵ هەموو کەند و کۆسپێک دا، کۆڵی نەدا و ڕێچکە و ڕێبازی ئەوانی ون نەکرد. ژیلەمۆی ئاورگێک کە بە رووخانی کۆمار لە گر و کڵپە کەوت، دواتر بە هیممەتی تێکۆشەرانێک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەربەدەری و دووره وڵاتی یا لە نێوخۆی وڵات و لە ڕەوتی کارو ژیانی نهێنی دا گەشایەوە. ڕێبەران و تێکۆشەرانی دیموکرات بە تایبەتی پێشمەرگەکانی سەنگەری بیر ونووسین و ڕۆژنامەنووسی لەم کاروانە درێژەی تێکۆشان دا، سەلماندیان کە ئەم ئاگرە، کوژانەوە، و ئەم ڕێگایە، بڕانەوەیان بۆ نییە. داستانی چۆن کۆڵنەدان و بەردەوامیی «کوردستان» زۆر لەوە درێژترە کە لێرە دا بگونجێ. ئەوەی دەکرێ لێرە وەک پێشباری ئەم ژمارەیەی «کوردستان» بیڵێم ئەوەیە:

خۆشحاڵین کە شەشسەدەمین ژمارەی دەورەی ئێستای «کوردستان»، دەستەملانی کۆمەڵێک یاد بووە کە هەموویان بە جۆرێک پێوەندییان بەم ڕۆژنامەیەوە هەیە:

یەکەم، ٢ی ڕێبەندان، ڕۆژی لە دایکبوونی کۆمارێک کە »کوردستان» شانازی بە زیندوو ڕاگرتن و بەرەوپێشبردنی بیر و ئامانجەکانی دەکا.

دووهەم، بیرەوەریی ٢٠ی بەفرانبار(ی ١٣٢٤) کە یەکەم ژمارەی یەکەم دەورەی ئەم ڕۆژنامەیەی تێدا بڵاو بۆتەوە و،

سێهەم مانگی ڕێبەندان کە دەبێتە بیرەوەریی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیەی «کوردستان»، دەورەیەک کە لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ەوە دەستی پێکردوە و ئێستا پاش بڕینی هەوراز و نشێوەکانی ٤٢ ساڵی ڕابردوو شەشسەدەمین ژمارەی بڵاو دەبێتەوە.

دەکرا بە بێدەنگی بە سەر ئەم بۆنانە دا تێپەڕ بین، بەڵام پێمان حەیف و پێمان ناڕەوا بوو کە ئەم بۆنانە نەکەین بە دەرفەتێک بۆ ئاوڕدانەوە لە ڕابردوویەکی پڕ لە بیرەوەریی تاڵ و شیرین، ئاوردانەوە لە ڕەنج و زەحمەت و شەونخوونیی دلسۆزانی کەمناسراو یا بێناونیشانی ئەم کاروانە.هەر لەو کاتە دا تێکۆشاوین بە هۆی نووسین و بۆچوونی کەسانێک کە حەقیان بە سەر ئەم ڕۆژنامەوە هەیە و «کوردستان»یش حەقی بەسەر ئەوانەوە هەیە،چەند لایەنێک لە ژیانی ئەم ڕۆژنامەیە بخەینە بەر سەرنجی خوێنەران. هیوادارم «کوردستان» بە خزمەت و خۆشەویستیی ئۆگرانی، هەر بەردەوام و لە بەرەوپێشچوون دابێ و خۆی و خوێنەرانی، جارێکی دیکە لە مانشێت و لاپەڕەکانی دا، هەڵاتنی لە نوێی خۆری کۆماری کوردستان، ببیننەوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

## «کوردستان»، رۆژنامەیەکی ٦٧ ساڵە



**عەبدوڵلا بەهرامی**

٦٧ ساڵ لەوەپێش پێی لە جێ پێی یەکەم رۆژنامەی کوردی دانا و راست بەو ناوەوە واتە »کوردستان» بووەتە زمانحاڵی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و دواتریش کۆماری کوردستان، یەکەم دەوڵەتی مۆدێرنی کوردی. بەم چەشنە بەکردەوە بووەتە درێژەپێدەری ئەو رێگا پیرۆزەی میقداد مەدحەت بەدرخان رێچکەی شکاند. لە دوای هەرسهێنانی کۆماریشەوە سەرەڕای دژواریی مەیدانەکانی تێکۆشان و مەترسی و هەڕەشە یەک لە دوای یەکەکان وەک زمانحاڵی حیزبی دامەزرێنەری کۆمارو بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، تا ئێستا هەروا بە بڕشت لە نێو جیهانی میدیادا درێژە بە ژیانی خۆی دەدا. «کوردستان» وەک بڵاوکراوەیەک کە لەو سەردەمە زێڕینەوە درێژەی بە کاری خۆی داوە، هەڵگری چەند رەساڵەتی زۆر گرنگ و هێندێک تایبەتمەندییە کە دەتوانین بڵێین لە زۆربەی رۆژنامەو بڵاوکراوە کوردییەکانی جیا دەکاتەوە. بە دەرچوونی ژمارە ٦٠٠ی دەوری سێیەم، «کوردستان» پێدەنێتە شەست و هەشتەمین ساڵی تەمەنی.

### بەرهەمی سەردەمی زێڕینی رۆژنامەنووسیی کوردی

رۆژنامەی «کوردستان» پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دیمۆکراتی کوردستانەوە وەک بڵاوکەرەوەی بیری ئەم حیزبە چاپ و بڵاو کرایەوەو جێگای گۆڤاری «نیشتمان»ی گرتەوە کە پێش دامەزرانی ئەم حیزبە بە شێوەی مانگانە لەلایەن کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ.ک)ەوە بڵاو دەکرایەوە. هەروەک دواتریش دەردەکەوێ، رێبەرانی ئەم حیزبە کە دواتر دەبنە رێبەرانی کۆماری کوردستان گرنگییەکی تایبەت بە بواری فەرهەنگ و رووناکبیری دەدەن. سەرەڕای ئەوەی ئاستی خوێندەواری زۆر نزم بووە و تەنانەت خوێندەوارەکانیش زۆر بە دەگمەن ئەزموونی کوردی نووسین و کاری رۆژنامەنووسییان بوە، بەو حاڵەش لە ماوەی کورتی تەمەنی ئەم حکوومەتەدا شۆڕشێکی بەتەواو مانا لەم بەستێنەدا وەڕێ دەخەن. بۆیە هەر

وەک لەمێژە گوتراوە ئەم سەردەمە بە بەراورد لەگەڵ پێش خۆی و تەنانەت دەیان ساڵ دواتریش بە سەردەمی زێڕینی رۆژنامەنووسیی کوردی دەژمێردرێ.

«کوردستان» لە سەردەمی کۆماردا لەگەڵ ئەوەدا کە بە ئیمکاناتێکی کەم چاپ دەکراو لە رووبەرێکی جوغرافیایی بەرتەسک دا بڵاو دەکرایەوە، دەتوانین بڵێین دەورێکی زۆر بەرچاو و دەگمەنی لە بڵاوکردنەوەی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی دا هەبوو. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەم بارەیەوە دەڵێ: «رۆژنامەی کوردستان بە بێ شک هەم لە گەیاندنی بیروباوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا (کە ئەو وەختی ناویشی ئۆرگان نەبوو ناوی بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو) و هەم لە پەرەپێدانی وشیاریی سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵانی خەڵک دا نەقشێکی زۆر باشی هەبوو. لە عەینی حاڵ دا مەجالێکش بوو بۆ ئەو شاعیرو ئەدیب و نووسەرانە کە عەلاقەش و تواناشیان هەبوو بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی بێننە سەر کاغەز و بڵاوی بکەنەوە کە تا ئەو وەختی زۆر دەرەتانیان کەم بوو مەگەر جاروبار ناردبایان بۆ کوردستانی گەرمێن بۆ ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی کە لە باشووری کوردستان دەردەچوون. بە بێ شک دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ کورد هەتا پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاوبوونەوەی نیشتمان یا بڵاوبوونەوەی گۆڤاری «کوردستان» بۆ ئەو بەشەی کوردستان دەسکەوتێکی گەورە بووە.»(کوردستان ژ. ٥٠٠، ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٨٧).


## زمانحاڵی کۆماری کوردستان

بێگومان ئەگەر تەمەنی کۆمار درێژتر بوایە رۆژنامەی «کوردستان» و باقیی بڵاوکراوە کوردییەکانی ئەو سەردەمە هەم دەیانتوانی زیاتر گەشە بکەن و بەرەو کاری پرۆفیشناڵی بڕۆن و هەم دەیانتوانی کارتێکەرییەکی زۆر زیاتریان لە پەرەپێدانی وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشبردنی زمان و فەرهەنگی کوردی دا هەبێ. بەڵام بەوحاڵەش ئەو بەرهەمانەی لەو ١١٣ یان بە واتایەک ١١٤ ژمارەیەی«کوردستان» بڵاوکراوەکانی دیکەی بە واتایەک ١١٤ ژمارەیەی«کوردستان» بڵاوکراوەکانی دیکەی وەک گۆڤاری نیشتمان، هەڵاڵە، گڕوگاڵی منداڵان و ... دا بڵاو بوونەوە وەک گەنجینەیەکی پڕ بەها لە بواری رۆژنامەنووسیی کوردی و زمانەوانی و مێژوویی دا چاویان لێدکرێ.

لەو سەردەمەدا رۆژنامەی «کوردستان» لە راستی دا زمانحاڵی کۆمار بوو. ئەوەش یەکێک لەو تایبەتمەنییە گرنگانەیە کە بارێکی مەعنەوی پێبەخشیوە و هەر لەو کاتەدا کردوویەتە هەڵگری رەساڵەتێکی مێژوویی. رەسالەتێک کە دوای کۆماری کوردستانیش نەک هەر کۆتایی نەهاتوە، بەڵکوو داوی تێپەڕینی ٦٧ ساڵ بەسەر ئەو رۆژانەدا کە لە پێتەختی حکومەتی کوردستان (مەهاباد) چاپ و بڵاو دەکرایەوە هەروا لە جێگای خۆیەتی. ئەو رەسالەتەش بریتیە لە بڵاوکردنەوەی بیروڕای حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان و بیرو وشیاریی نەتەوەیی و پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی.

## فێرگەی زمان

یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی «کوردستان» بریتییە لەو زمانە رەسەن و پاراوە کە هەر لە سەرەتاوە تێیدا باڵادەست بووە و




دواتر بە هیمەتی ئەو قەڵەمە بە بڕشتانەی لە سەردەمیکۆمار و دەورەکانی دواتردا تێیان دا نووسیوە لە باری زمانەوە دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتر بووە. جیاواز لەمە، زمانی ئەم رۆژنامەیە هەر ئەو زمانە فەرمییە بووە کە لە قوتابخانە و دامودەزگاکانی حکوومەتی کۆماری کوردستان دا باو بووە. ئەوەش »کوردستان»ی کردۆتە میراتگری زمانی فەرمیی کۆمار و لە سایەی ئەویش دا بە چەشنێک بۆتە سەرچاوەیەکی جێگای متمانە بۆ نووسەران و شاعیران و هەروەها بۆ ئەوانەش کە ویستوویانە فێری رێنووس و رێزمانی کوردی بن. لە پێوەندی لەگەڵ کارتێکەریی زمانی نووسینی «کوردستان»دا مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە کە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەوری سێیەمی ئەم رۆژنامەیەیە دەڵێ: «تەنانەت لە باری زمانەوە ناوی دەرکردبوو، یانی خەڵک دەیاننووسی (نەک ئێمە بنووسین)، ئەدیبەکانی باشووری کوردستان دەیاننووسی دەبێ زمانی «کوردستان» بکرێتە نموونەی نووسینی کوردی لە حاڵێک دا لە چوار لاپەرە دا دەردەچوو.» (سەرچاوەی پێشوو)

بۆیە لەوانەیە ئەم قسەیە لە جێی خۆی دابێ کە زمانی نووسینی ئەم رۆژنامەیەو نووسەرانی قوتابخانەی رۆژنامەنووسیی کۆماری کوردستان زۆرترین کارتێکەرییان لە سەر زمانی نووسین لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەجێهێشتوە.

## قوتابخانەی پێگەیاندن

«کوردستان» سەرەڕای سەرجەم ئەو دژوارییانەی دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم کردوون، بەو پێیە کە لە هەموو

قۆناغەکان دا هەمیشە خاوەن خامەی بە بڕشت و لێهاتووی لە پشت بووە، قوتابخانەیەکیش بووە هەم لە نێو دەستەی



نووسەران و هەم لە نێو خوێنەرانی دا یارمەتیی بە پێگەیاندنی نەوە لە داوی نەوە لە کەسانی خاوەن بەهرە لە زۆربەی بوارەکانی نووسین دا کردوە. کەم نین ئەو کەسانەی لە سایەی کارکردن لەم رۆژنامەیەدا یان هاوکاری کردن لەگەڵی ئەمڕۆکە بە نووسین، وەرگێران و بەرهەمەکانیان لە بواری میدیا و رووناکبیری دا ناویان دەرکردوە و بوونەتە سەرچاوەی خزمەتی بەنرخ بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی.

### بەردەوامی لە دژوارترین هەلومەرجەکان دا

«کوردستان» لە نێو ئەو رۆژنامەو بڵاوکراوانەدا کە ئێستا لە هەموو پارچەکانی کوردستان بڵاو دەبنەوە کۆنترین و بەردەوامترین رۆژنامەیە. «کوردستان» لەم ماوە دوورودرێژەدا کە بەسەر هەرەسهێنانی کۆمار دا تێدەپەڕێ بە ئیلهام وەرگرتن لەو رەسالەتە مێژووییەی کەوتۆتە سەرشانی، سەرەڕای دژواریی مەیدانی تێکۆشان هەروا پێداگرو پشوودرێژ، هەرچەند بە شێوەی پچڕپچڕ، درێژەی بە تێکۆشان داوە. لە نێو ئەشکەوت، لە نێو جەرگەی مەترسییەکان دا ئامادەو چاپ کراوە یان لە تاراوگە زۆر جار بۆ چاپی ژمارەیەک پێتەختی چەند وڵاتی کردوەو سەرەنجام بە نهێنی گەیەنراوەتە دەست خوێنەرانی. هەر بۆیە نێوەرۆک، مێژووی چاپ و بڵاوبوونەوەی لەو چەند دەیەی رابردوودا و بیرەوەریی تێکۆشەرانی ئەم رۆژنامەیە (دەستەی نووسەران و کادری چاپ)و هەروەها خوێنەران و ئەو کەسانەی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکان دا بە نهێنی ئەم رۆژنامەیەیان بڵاوکردۆتەوە یان لەسەر راگرتن و خوێندنەوەی تووشی ئازارو زیندان بوون، دەتوانن ببێنە سەرچاوەیەکی بە نرخ بۆ لێکۆڵەرانی مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستان و رۆژنامەنووسیی کوردی.

## نوسخەی فارسی

«کوردستان» بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی بزووتنەوەی نەتەوەیی رۆژهەڵاتی کوردستان بەو بەشە لە خوێنەرانی کورد کە لە ئاکامی سیاسەتی ژینۆسایدی فەرهەنگیی حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێران دا توانای کوردی خوێندنەوەیان نەبووە و هەروەها نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە بەشێکی بەرچاوی دەوری سێیەم دا هەوڵی داوە بە زمانی فارسییش بڵاو بێتەوە. بڵاوبوونەوە بە زمانی فارسی لەم دەورەیەدا لە ساڵانی پێش شۆڕشی ۱۳۵۷ لە چوارچێوەی پاشکۆیەکی ۲ تا ٤ لاپەڕی دابووە و لە قۆناخی دواتریش دا هەرچەند لە ساڵانی سەرەتادا شێوەیەکی رێکوپێکی نەبووە، بە شێوەی نوسخەی سەربەخۆ و هاوکات لەگەڵ نوسخەی کوردی چاپ کراوە.

لە چاوەڕوانیی ویترینەکانی رۆژنامەفرۆشی دا ئەم رۆژنامەیەی کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا بە پیتی پۆڵایین چاپ دەکراو لە قۆناغەکانی دواتردا دوور لە چاپخانەو دەزگاکانی چاپ تەنانەت بەشێوەی دەستی و رۆنیۆو ... چاپ دەکراو بە نهێنی دەگەیشتە دەست خوێنەرانی، ئەمرۆ لە سایەی تێکنۆلۆژیی جیهانداگری دیجیتاڵ و رایەڵەی بە شێوەی دیجیتاڵی و تارادەیەک بە دوور لە مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی دەستاو دەست لەبەر دەست خوێنەرانی دایە. بەڵام ئەمە »کورستان» رازی ناکا، چاوەڕوانە لە سەر ویترینی رۆژنامەفرۆشییەکان دا خۆی ببینێتەوە...

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

## هەڵسەنگاندی رۆژنامەی (کوردستان) لە نێوان دوو کارکردی ئەهلی بوون و ئۆرگانی بووندا



ئەیوب شەهابی راد

راگەیاندن و حیزب وەک دوو بنیاتی کۆمەڵایەتی مۆدێرن و بەهێز، دوو توخمی سەرەکی هەر کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو یان روو لە گەشەن کە دەورێکی کاریگەریان لەسەر گەشەسەندنی سیاسیی کۆمەڵگا، دیاریکردنی ئاراستەی سیاسیی وڵات و رێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵات و میدیادا هەیە.

سەرهەڵدانی چەمکەکانی حیزب و میدیای حیزبی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم لە بریتانیا. بۆ یەکەم جار لەم شوێنکاتە زەمەنییەدا بوو کە چاپەمەنیی حیزبی لە ژێر ناوی (ئۆرگانی حیزب) بە شێوەیەکی فەرمی دەستیان بە کاری رۆژنامەوانی کرد. بێگومان نەخش و کاریگەریی حیزب و میدیای حیزبی لە رەوتی گەشەسەندنی خۆیدا، بەپێی جۆری ئایدیا و تێڕوانینیان بۆ کۆمەڵگا و دەسەڵات و هەروەها جۆری سیستمی سیاسیی هەر وڵاتێک، جیاواز بوە. بەم پێیە ئەرک و سنوورەکانی میدیای حیزبی لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەگەڕێتەوە بۆ:

یەکەم: بنەما فکرییەکانی هەر حیزب یان رێکخراوێک.
دووهەم: جۆری سیستمی سیاسی و شێوازی هەڵسوکەوتی دەسەڵات بەرامبەر بە بوونی حیزب و میدیا لە کۆمەڵگادا.
یەکێک لەو هۆکارانەی کە بەردەوام ئاراستەی نوێیان بە میدیای حیزبی و تەنانەت کارکردی حیزبەکانیش لە رەوتی مێژووی چالاکیەکانیاندا بەخشیوە، پەرەسەندنی کۆمەڵگاکان لە بواری جۆراوجۆردا، وەک دینامیزمی بەرزبوونەوەی خواست و ئارەزوی خەڵک بۆ ئازادی و مافە رەواکانیان بوە. هەرچەند ئایدۆلۆژیای حیزب و جۆری سیستمی سیاسیی وڵات تا رادەیەکی زۆر شێوازی کارکرد و سەربەخۆیی هەر بڵاوکراوەیەک و بەتایبەت بڵاوکراوەی حیزبی دیاری دەکەن، بەڵام رەهەندی ئابووریی


بە تایبەت لە دوای شەری جیهانیی دووهەم و گەشەی سەرمایەداری لەسەر بنەمای بازاری ئازاد، بە شێوەیەکی بەرچاو سنوورەکانی کارکرد و پێناسەی میدیا (ئۆرگانی حیزب)ی گۆڕی. لە ژێر کاریگەریی ئەم تەوژمە ئابوورییەدا - رەهەندی سەربەخۆیی ماڵی - میدیای حیزب دەرگای لاپەرەکانی خۆی لەسەر رێکلامە بازرگانییەکان کردەوە. هەرچەند ئەم رەوتە زیاتر میدیاکانی سەر بە بەرەی سەرمایەداری گرتەوە تا بەرەی چەپ، بەڵام ئەم تەوژمە دوو ئەنجامی گرینگی لێکەوتەوە کە بریتین لە:

**یەکەم**: پەیدابوونی سەرچاوەی ماڵیی تر بۆ میدیا بەگشتی و بەتایبەت میدیای حیزب و بەهێزبوونی پێگەی ئابوورییان.
**دووهەم**: سەربەخۆیی زیاتری میدیای حیزب و لە ئاکامدا کەمبوونەوەی ژمارەی رۆژنامە حیزبییەکان یان وەدەست هێنانی ئازادیی زیاتر لە دەربڕین دا.



مێژووی یەکەم بڵاوکراوەی حیزبی لە ئێران دا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. مێژووی راگەیاندن بە گشتی و بە تایبەت راگەیاندنی حیزبی لە ئێران دا جگە لە دوو قۆناغی کورتخایەنی ساڵەکانی نێوان (١٣٢٠ تا ١٣٣٢) و هەروەها سەرەتاکانی دوای شۆرشی گەلانی ئێران، پڕە لە سەرکوت و سانسۆر. ئەمە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمە دیکتاتۆرەکانە کە راگەیاندن لەم جۆرە وڵاتانەدا دەوری حیزب و رێکخراوەکان ببینن یان ئەوەی کە میدیای حیزب (چ لە نیوخۆ و چ لە تاراوگە) ببێ بە دەنگی راستەوخۆی بەشێکی زۆر لە جەماوەری کۆمەڵگا. کلتوری کاری میدیای حیزبی لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا بە ئەزموونێکی بلۆک کراو لەلایەن دەسەڵاتەوە تێپەر بوە کە هەم هەزینە مرۆیی و مادد‌ییەکانی کاری راگەیاندنی گەیاندۆتە بەرزترین ئاستی خۆی و هەم ئاراستەی بنەما فکرییەکانی میدیای هێزە دێموکرات و رەسەنەکانی بەرەو دەروەستیی زیاتر بەرامبەر بە خواست و کێشەکانی کۆمەڵگا هان داوە.

یەکێک لەو بڵاوکراوە حیزبییانە کە مێژوویەکی نزیک لە مێژووی یەکەم میدیاکانی ئێرانی هەیە، رۆژنامەی (کوردستان) ئۆرگانی فەرمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. رۆژنامەی (کوردستان) هەر لە سەرەتای لە دایکبوونی خۆیەوە تا ئێستا بە چەندین قۆناغی جۆراوجۆرە و تەنانەت جیاواز لە یەکتر تێپەر بوە. قۆناغەکانی وەک: ئورگانی حیزب، ئۆرگانی




دەوڵەت (کۆماری کوردستان)، لەو شوێنکاتانەدا کە حیزب هیچ بوون و چالاکییەکی ئەوتۆی نەبوە و ئەمە رۆژنامەی (کوردستان) بوە کە بە تەواو مانا ئەرکی خۆی چ وەک ئۆرگانێکی حیزبی و چ وەک حیزب گێراوە، و پاشان قۆناغی تاراوگەنشینی. هەمووی ئەم ئەزموونە جیاوازنە کلتورێکی کاریی و تیۆریی تایبەتیان بۆ ئەم رۆژنامەیە دروست کردوە کە تا ئەمرۆش بەردەوامن.

بە خوێندەوەی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، رەنگە بتوانین باشتر و شەفافتر هەڵسەنگاندن لەسەر ئینتیما و کارکردی رۆژنامەی (کوردستان) وەک ئۆرگانێکی حیزبی بکەین.

لەم روویەوە کە سەرچاوەی سەرەکیی زۆربەی وتارو بابەتەکانی رۆژنامەی (کوردستان)، ئەو کادر و پێرسۆنێلانە بوون کە لە دەزگای راگەیاندنی حیزب دا کاریان کردوە، بەم پێیە رەنگە ئەمە شتێکی سروشتی بێ کە بەشێک لە بابەتە چاپ کراوەکان، زیاتر بە دید و روانگەیەکی سیاسی و - بە باکراوندێکی زەینیی حیزبی و نەتەوەیی - روانیبێتانە پرسە جۆراوجۆرە ناوچەیی و جیهانییەکان. هەر میدیایەک بەپێی پێناسەیەکی دیاریکراو، سیاسەتێکی کاریی تایبەت بەخۆی هەیە کە رەنگە ئاراستەی هەموو بابەتەکان لە چاپێوەی ئەم فۆرمەدا بن. ئەگەر لەم روانگەیەوە هەڵسەنگاندن لەسەر چەندایەتی و چۆنیەتی نێوەرۆکی بابەتەکانی ئەم رۆژنامەیە ئەنجام بدەین، دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە زۆربەی بابەتەکان زیاتر دەچنە خانەی لێکدانەوەو شرۆڤەی پرسە سیاسییەکان. لێرەدایە کە یەکێک لەو رەخنە جیددیانەی کە بەردەوام رووبەرووی ئەم رۆژنامەیە بۆتەوە زیاتر زەق دەبێتەوە. هەرچەند رۆژنامەی (کوردستان) بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابوە کە جگە لە قەڵەمە حیزبییەکان، قەڵەمی دەرەوەی ئەم بازنەیەش جێ پەنجەیان بە لاپەڕەکانییەوە دیار بێ، بەڵام



کوردستان

ئەمە شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە کەمتر توانیویەتی بپرژێتەوە سەر لایەنەکانی تری پرس و کێشە نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان. تەنانەت لە بواری ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەباتیشەوە تا ئێستاش نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ئامانجدارانە کار بۆ جێخستنی مێتۆد و کلتوورێکی تایبەت بکا. یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی بوونی ئەم بۆشاییانە بۆ بوونی ناراستەوخۆی ئەم ڕۆژنامەیە لە نێوخۆی کوردستان دەگەڕێتەوە کە ئەمەش خۆی لە لاوازبوونی کاری مەیدانی و ڕیپۆرتاژ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بینیوەتەوە.

ئەم توخمە گرینگانەی لە بواری چالاکییەکانی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا ئاماژەمان پێدا، بەپێی پۆلێن بەندیی ئەرکە سەرەکی و گشتگیرەکانی هەر میدیایەکی ڕەسەن و خاوەن ئەزموون، دەچنە خانەی فاکتە بەهێزەکانی کاریگەری لەسەر ڕای گشتی یان دروست کردنی ڕای گشتی لە بوارێکی تایبەتدا. بەڵام ڕۆژنامەی (کوردستان) تا ئێستاش لەم ئەرکەدا سەرکەوتوو نەبوە.

## چەندایەتی و چۆنیەتی لە بابەتدا

ئەگەر بە دیوێکی تردا بۆ پرسی کارکردی ئەهلی بوون یان ئۆرگانی بوونی ئەم ڕۆژنامەیە بڕوانین، ڕەنگە بتوانین بڵێین کە پرسیاری جەوهەری ئەوە نیە ئەم ڕۆژنامەیە تا چەند بە پێناسەیەکی وشکی حیزبی کاری کردوە یان ئەوەی کە زیاتر دەوری ڕۆژنامەیەکی ئەهلی و سەربەخۆی گێڕاوە؟ ڕۆژنامەی (کوردستان) ئۆرگانی فەرمیی حیزبێکە کە جگە لەوەی کە ئەم حیزبە خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژ و لەپسان نەهاتوویە، بەڵکوو خاوەنی پێگەیەکی بەهێزی جەماوەریشە. کۆی ئەم فاکتە مێژوویی و جەماوەرییانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەهەندێکی گشتگیرتر بە کارکرد و پێناسەی ئەم ڕۆژنامەیە دەدەن کە زیاتر لە لێوارەکانی ڕۆژنامەیەکی ئەهلیی نزیک کردۆتەوە.

## هەڵوێست و رەخنە

بوونی دوو تۆخمی گرینگی بەرپرسیارەتی و دەروەستی لە هەر راگەیەندنێکدا دەگەڕێتەوە بۆ بوێری ئەم میدیایە لە هەڵوێست



کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

خالید عزیزی لە بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سوسیالیست دا:

کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بنەماڵەی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال پێویستە لە سەر کورد وەجواب بێن

دەرەوشانەوەی حدک لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستدا و پەیامە واتادارەکەی

کۆبوونەوەی وڵاتانی بێ لایەن بەبێ هیچ ڕێککەوتنێک لە سەر سووریە، کۆتایی پێ هات

وەرگرتن و رەخنەگرتندا. لاپەرەکانی رۆژنامەی (کوردستان) لە مێژووی چالاکی خۆیدا هەڵگری زۆر هەڵوێستی بەجێ و بوێرانەیە کە تەنانەت ساتە ئاستەم و پڕ لە گوشارەکانیش نەیانتوانیوە رێچکەی دەروەستی و ئەخلاق باوەڕی ئەم میدیایە بشکێنن. رۆژنامەی (کوردستان) یەکێک لەو دەگمەن رۆژنامە حیزبیانەیە کە لە چوارچێوەی باوەڕی قووڵی بە بنەماکانی رۆشەنگەری و روون بیژیدا، دەرگای رەخنەو دیالۆگی بەرەورووی خوێنەرانیدا، بە زیاد کردنی لاپەرەی ئازاد بە ژمارەی لاپەرەکانی، کردەوە. هەرچەند ئەمە هەنگاوێکی بچووک و بەربەست بوو، بەڵام توانی کلتووری رەخنەی لەنێو میدیای کوردیدا پەرە پێداوە. بەڵام ناتوانین بڵێین کە ئەم لاپەرەیە لە وروژاندنی بابەتە رەخنەییەکاندا، ئامانجی خۆی بە تەواوی پێکاوە و بەڵکوو بگرە، تا ئێستاش پرۆژەیەکی تایبەتی بۆ کاریگەریی زیاتری ئەم لاپەرەیە لەسەر خوێنەر یان بەڕیوەبەرییەکی پلانمەندی نەبوە.

## خوێنەران

ئەمە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی نە تەنیا رۆژنامەی (کوردستان) بەڵکوو هەر بڵاوکراوەیەکی نەیاری رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە بەردەوام لەگەڵ کێشە ئەمنی، قەدەغەکراوی و سەرکوتکارییەکانی ئەم رێژیمە بەرەوڕوون. یەکێکی تر لە گرفتەکانی پیوەندیدار بە خوێنەرانەوە، بەربەستە جوغرافییەکان، واتە تاراوگەنشینی ئەم رۆژنامەیەیە. هەرچەند

بەهۆی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیای پیوەندییەکانەوە، تا رادەیەک ئەم بۆشاییە پڕ بۆتەوە. هەروەها لەلایەکی ترەوە بە هۆی نەبوونی حوزوری راستەوخۆی ئەم رۆژنامەیە لەنێوخۆی وڵات و لە نێو خوێنەرانیدا، کۆکردنەوەی داتایەکی وردی پێوەندیدار بە ڕێژەی خوێنەرانییەوە، زۆر دژوارە. بەڵام هێڵەکانی پێوەندیی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ، بەردەوامیی لەپسان نەهاتوو و جۆری ئامانجەکانی ئەم رۆژنامەیە، بەڵگەیەکی بەهێزن بۆ بەربڵاوی پێگەی ئەم رۆژنامەیە لە نێو خوێنەرانیدا.

## دوایین وتە

زیاتر لە نیوسەدە بەردەوامی و چالاکی رۆژنامەی (کوردستان) و تێپەڕبوون بە دەیان کەندوکۆسپ و بێ ئیمکاناتی، خەرمانێک لە ئەزموونیان پڕ بەباڵای ئەم میدیایە لەسەریەک داناوە کە هەر لاپەرەیەکی، مێژوویەکی پڕ هەوراز و نشێوی لە سینگی خۆی دا تۆمار کردوە. روح و جەوهەری بنەما و ئامانجەکانی ئەم رۆژنامەیە لە ژینگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی فرچکیان گرتووە و پەروەردە بوون، کە پێناسەیەکی تایبەت و تا رادەیەک بەدەر لە پێناسە باوەکانی ئۆرگانێکی رووتی حیزبییان پێ بەخشیوە. ئەم فاکتانە بەردەوام هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی ئەم میدیایە لە رەوتی چالاکییەکانی خۆیدا بە گرتنەبەری هێڵی نەتەوەیی و گشتگیری، هەم سنووری دەسەڵات و ئەرکەکانی خۆی بەرفراوانتر بکا و هەم نەیهێشتوە تەنیا لە قەوارەی خواستە حیزبییەکان پۆلێن بەندیی بۆ ئەرکەکانی بکرێ.

هەرچەند یەکێک لە گرفتەکانی رۆژنامەی (کوردستان) کەمیی ئیمکاناتی ماددی و مرۆییە، بەڵام ئەم کەموکووڕییانە نابێ ببنە هۆکارێک بۆ ئەوەی بەرێوەبەرانی ئەم رۆژنامەیە گرینگی و هەستیار بوونی شوێنکاتی زەمەنیی ئەم سەردەمە وەبەرچاو نەگرن. دەسکەوتە میدیاییە مۆدێرنەکان و رەوتی خێرای پێشکەوتنە زانیاری و پێوەندییەکان، پێویستیی ئاوردانەوەیەکی جیدیی ئەم رۆژنامەیە لە کارو چالاکییەکانی زیاتر لە هەرکات دەردەخەن. واتە پێویستە ئەم رۆژنامەیە چالاکییە بەربەست و فۆرمە سوونەتییەکانی خۆی تووڕ بدا و بە پشت بەستن بە فاکتەکانی مێژوویی و ناسراوی خۆی، بە ئاستێکی بەرزتر و روانگەیەکی نوێترەوە دەرگاکانی رایەڵکە جیهانگیرەکان بەرەورووی خۆی بکاتەوە.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

## بۆ «کوردستان»ی نەسرەوتوو



**بێبەش پیرۆتی**

« کوردستان»لە قۆناخێکی دیکەی ژیانی پڕ لە خەبات و تێکۆشانیدا ٦٠ مین ژمارەی چاپ و بڵاو دەبێتەوە. دیارە بۆ ڕۆژنامەیەک کە ڕۆژانە و بە ئیمکاناتی تەواو و لە بارودۆخێکی ئازاد و بێ دەردەسەردا دەردەچێت ئەو ژمارەیە کەم دێتە بەر چاو، بەڵام ئەگەر بڕوانینە مێژووی ڕۆژنامەی کوردستان و ببینین ئەو بارودۆخەی کە ئەو ڕۆژنامەیە تێیدا چاپ و بڵاو بۆتەوە دەردەکەوێ نەک ئەو ژمارەیە کەم نیە بەڵکوو دەتوانین ئیدیعابکەین کە دەتوانێ بەڕێوەبەر و نووسەر و کادرە فەننییەکانی تا ڕادەیەک ڕازیش بکا.

ڕۆژنامەی «کوردستان» بێجگە لە ماوەی تەمەنی یازدە مانگەکەی کۆماری کوردستان و هەروەها ئەو ماوە کەمەی کە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئازادی باڵی بەسەردا کێشا، لە تەواوی ماوەی تەمەنیدا لە شاخ و لە تاراوگەدا و بەو پەڕی بێ ئیمکانییەوە ئامادە کراوە و دەرچووە.

لەم دەورەی دواییدا کە لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەست پێدەکا «کوردستان» نەپساوەتر لە دەورەکانی پێشووی دەرچووە و سەرەڕای تەنگ و چەڵەمەکانی سەرڕێگای هەر بڵاو بۆتەوە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

ئەو ڕۆژنامەیە لە حاڵێکدا دەرچووە کە نووسەرەکانی وێڕای بەڕێوە بردنی ئەرکی سەرشانیان وەک پێشمەرگە، بێوەیکە دەستیان بە سەرچاوەیەکی زانیاریی و هەواڵی بێجگە لە دەزگای ڕادیۆ ڕابگا وتار و بابەتیان بۆ ڕۆژنامەکە نووسیوە و پێشمەرگەکانی بەشی فەننیش بە یەک دوو دەزگای تایپی کۆن و شڕ و دەزگای چاپی دەستی چاپیان کردوە و خستوویانەتە

بەر چاوی خوێنەران.

خوێنەرانی ئەو رۆژنامەیە جیا لەو کەسانەی کە بە ئاشکرا لە ریزی تێکۆشان و خەباتدا بوون و هەن نەیانتوانیوە و ناتوانن رۆژنامەکە بە ئازادی وەدەست بێنن و بیخوێننەوە و تەنانەت لە ئێران و لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەدەست هێنان و خوێندنەوەی قاچاغە و بە هەر کەسی بگرن لە گەل سزای قورس بەرەورووی دەکەنەوە و ئەوەش دەرخەری ئەو راستییە کە رۆژنامەی «کوردستان» هەمیشە وەک چرایەکی رووناک ویستوویەتی لە تاریکە شەوی سەرەرۆیی و خەفەقاندا بگرێ و تیشک باوێژێ. ئەگەرچی بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە «کوردستان» تێیدا چاپ و بڵاو بۆتەوە نەیتوانیوە وەک رۆژنامەیەکی هەواڵی ئەرکی راستەقینەی خۆی بەرێوە بەرێ بەڵام وەک بڵاوکەرەوەیەک کە بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەیەکی چەوساوە و ماف لێزەوتکراو خەبات دەکا،

ماف لێزەوتکراو خەبات دەکا، ریساڵەتی خۆی بەرێوە بردووە و لە مێژووی رۆژنامەنووسیی کورددا توانیوێتی جێگایەکی شیاو بۆ خۆی بگرێتەوە.



«کوردستان» لە ماوەی تەمەنیدا خاوەنی هێندێک تایبەتمەندی بووە کە جێی خۆیەتی ئاماژەیان پێ بکرێ:

* زمانەکەی زمانێکی رەوان و رەسەنی کوردی بووە و وێرای وەیکە بە پێی پێویستیی سەردەم لە هێنانی وشەی تازە و گونجاویش خۆی نەبواردوە، تێکۆشاوە رەسەنی و پاراویی و رەوانیی زمانی کوردی بپارێزێ بە شێوەیەک کە زۆر جاران بۆتە سەرمەشقی مێدیاکانی دیکەی کوردی.
* لە ئەدەبییاتەکەیدا حورمەت و نزاکەتی پاراستوە، لە گەڵ وەیکە جەوهەری قەڵەمی نووسەرەکانی ئاوێتەی خوێنی تێکۆشەرانی کورد بووە دیسانیش بە سەر رق و بێ ئەدەبیدا زاڵ بووە.
* لە گەیاندنی راستییەکاندا سەداقەتی پاراستوە و بۆتە جێی باوەڕ و متمانەی خوێنەرانی.
* وەک بڵاو کراوەیەکی حیزبی توانیوێتی سیاسەت و هەڵوێست و بۆچوونەکانی حیزب بەرانبەر بە کێشە جۆراوجۆرەکانی

سیاسی بڵاو بکاتەوە و بەمجۆرە دەکرێ بگوترێ کە توانیویەتی بەشێک لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد تۆمار بکا و بیپارێزێ. هەر لەو حاڵەشدا پیلان و بوختان و ناراستییەکانی دوژمنانی کورد و ئازادی لە قاو داون.

وەک باس کرا ئەو رۆژنامەیە وەک رۆژنامەیەکی هەواڵی نەیتوانیوە ئەرکی خۆی بەرێوە ببا بەڵام دیسانیش لە بڵاو کردنەوەی هەواڵەکان تەنەخی نەکردوە. لە گەڵ وەیکە نەیتوانیوە بە ئازادی هەواڵنێری هەبێ و بتوانێ بەدواداچوون بۆ هەواڵەکان بکا و راپۆرتی پێویست بۆ خۆی وەدەست بێنێ دیسانیش ئەوەندەی بۆی لوا بێ زانیارییەکانی بە خوێنەرانی خۆی گەیاندوون و لە ئارشیویشدا بۆ مێژوو تۆماری کردوون.

بە گشتی دەرچوونی رۆژنامەیەک ئەویش لەو حاڵەتەدا کە بە کەمیش باسی لە سەر کرا کارێکی گرینگ و شایانی رێز لێگرتنە، ئەویش بەشێوەیەک کەتا ئێستا سەدان ژمارەی لێ بڵاوکرابێتەوە. ئەو رێزەش دەگەرێتەوە بۆ ئەرک و ماندوویەتیی هەموو ئەو پێشمەرگە نووسەر و ئەو پێشمەرگانەی کە لە بەشی فەننی دا لە خۆبووردوانە زەحمەتیان کێشاوە و ئارەقەیان رشتوە و شەونخوونیان چێشتوە.

سڵاو لە هەموو ئەو کەسانەی کە لەو سەنگەرەدا خەباتیان کردوە و خەبات دەکەن.

بەرێز بێ یادی هەموو ئەو تێکۆشەرانەش کە رەنجیان کێشا و بە داخەوە بەرهەمی رەنجەکەیان نەدیت.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

# «کوردستان» و یەکەم ئەزمونی ڕۆژنامەوانیم



**خالید محەمەدزادە**

قسەکردن لە سەر ٦٧ ساڵ لە تەمەنی ڕۆژنامەیەکی وەک «کوردستان»، وردبونەوەو بەدواداچوونی زۆری دەوێو دەکرێت هەر یەکەو لە گۆشە نیگایەکەوە قسە لەسەر قوناغەکانی کاری ٦٧ ساڵەی ئەم ڕۆژنامەیە بکات کە لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە وەک یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە شاری مەهاباد هاتە بلاوکردنەوە.

گۆمانم نیە لەم بۆنەیەدا زۆر کەسی شارەزا قسە لە سەر قوناغەکانی گرنکی ئەم ڕۆژنامەیە دەکەن تەنیا ئەوەی من لێرەدا و بە کورتی قسەی لە سەر دەکەم ئاوردانەوەیەکی خێرایە لەو قوناغەی کە من کارم لە ڕۆژنامەی کوردستان کردوەو ئەویش ڕاوەستانە لە سەر هەندێک دەرکەوتەی کاری «کوردستان» لەو قوناغە کە لە لای من بە قوناغی گەورەی گۆرانکاری لە «کوردستان» دێنە ئەژمار.

سەرەتا ئەوە بلێم ڕۆژنامەی کوردستان بۆ من سەرەتای قوناغێکی گرنگی کاری ڕۆژنامەنوسیمە، بە جۆرێک کە دەتوانم بلێم سەرەتاکانی کاری ڕۆژنامەنوسی من دەگەرێتەوە بۆ ڕۆژنامەی کوردستان. بۆیە ناکرێت باسی کاری ڕۆژنامەوانیی خوم بکەم، بەلام کوردستان وەک قوتابخانەیەکی گرنگی خوم نەخەمە پێش قوتابخانەکانی تری ڕۆژنامەوانیم.

ئەزموونی کاری من وەک ئەندامی دەستەی نوسەران دەگەرێتەوە بۆ دەیەی دووهەمی ٧٠ی هەتاوی. هاوکات لەم دەیەش دایە کە گۆرانگاری گەورەی میدیایی بە هۆی گۆرانکاریی سیاسی لە ئێران و کوردستان روو دەدەن.



لەم قوناغەدایە کە دەیان بلاوکراوەی کوردی و فارسی و دوو زمانە لە کوردستان دێنە بلاوکردنەوە. ئەمە لە گەڵ ئەوەی لە گەل سەرهەلدانی گۆرانکاری سیاسی و فەرهەنگی گەورە لە کوردستان، هەمان قوناغ بە جۆرێکی تریش کۆتایی خەباتی چەکداری لە کوردستان دەبێت کە ئەمە هەر چی زیاتر بایەخدان بە میدیاو کاریگەریەکانی دەکاتە ئەمری واقێع لە حیزبی دیموکرات.

«کوردستان»یش دەکەویتە دۆخێکەوە کە دەبێت ئەو بۆشاییانەی لە نەبوونی خەباتی چەکداریو هەروەها گەشەسەندنی کەلتوری سیاسی و جولانەوەی فەرهەنگی و هونەری دیتە گۆرێ، هەم پر بکاتەوە و هەمیش شان بە شانی ئەو گۆرانکارییانە برواتە پێش کە رووبەرووی کۆمەلگا بوتەوە دوای هەلبژاردنەکانی دووی جوزەردانی ١٣٧٦.

بۆیە سەرەتا «کوردستان» دەبێت گۆرانکاری لە فۆرم و نیوەرۆک و جۆری گواستنەوەی هەوال و بابەتەکانی بکات. ئەم گۆرانکاریانەی کە لە «کوردستان» روودەدەن تەنیا فۆرمو زیادکردنی لاپەرەو ئاراستەی کاری ناگۆرێ، بەڵکو گۆرانکاری لە ستافی دەستەی نوسەرانیش دەکات. لە باری فۆرمو گۆرانکارییەکانی رۆژنامەکەوە دەتوانم بلێم ئەم فۆرمەی ئیستای کوردستان و کردنی لە مانگنامە بە دوو حەوتوونامە، بە هەمان قەوارەی ئیستای، بەرهەمی ئەم قوناغەیە.

گۆرانکاریەکانیش دەگەنە ستافی نوسین و کۆمەلێک گەنجی تازەو پێگەیشتوو دێنە «کوردستان»و خەون و ئاواتی زۆر جیاوازیان لە کاری رۆژنامەنوسی هەیە. لە بیرمان نەچێت ستافی دەستەی نوسەرانی «کوردستان» بە درێژایی تەمەنی ئەم رۆژنامەیە زۆربەیان ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزب بوون و لەو قوناغەدایە کە بەرەبەرە دەگۆردرێن بۆ ژمارەیەک خەڵکی تازەی دەرەوەی بازنەی رێبەری کە ئەمە دەوری خوی هەیە لە خێراترکردنی گۆرانکارییەکان لە «کوردستان».

بە جۆرێک دەتوانم بلێم کە گۆرانکاریەکانی ئیستای «کوردستان» هەم لە فۆرمو قەوارەو زیادکردن و دارشتنەوەی لاپەرەکانی بەرهەمی ئەو قوناغەن. ئەگەر چی ئیستا ئەم رۆژنامەیە لە لایەن هەر دوو حیزبی دیموکراتەوە بە هەمان لۆگۆ و بە هەمان ناو دەردەچیت، بەلام هەتاکوو ئیستاش جگە لە جیاوازی باری «کیفیت»یان، هەر دوو رۆژنامەکە

نەیانتوانیویە لە ژێر تەوژمی هەمان ئەو گۆرانکاریانەی لە ماوەی ئەم ١٠ساڵە(١٣٧٥ تا ١٣٨٥) لە سەر رۆژنامەی کوردستان روویداوە دەربچن. ئەو گۆرانکاریانە ئیستاش کاریگەری خۆیان بە سەر هەر دوو رۆژنامەکە بە جێ هیشتووە.

هەر لە ژێر گۆرانکارییە فەرهەنگی و هونەریەکانی ئەو قوناغە، دوو لاپەری ئەدەبی رۆژنامەکە دەکرێت بە چوار لاپەرەو هەوڵدەدرێت لە گەل پرسە سیاسیەکان بایەخ بە پرسی ژنان، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و رووداوەکانی تریش بدرێت کە تا ئەو کاتە لە کوردستان زۆر غایب بوون.

دیارە لە بیرمان نەچێت هەر لەم قۆناغەدایە بلاوکراوەکانی تایبەت بە لاوان، ژنان و تیشک و .... کۆمەلێک بلاوکراوەی دیکەی حیزبی دینە مەیدانەکەو دەیان کۆرو کۆبوونەوەی ئەدەبی و فەرهەنگی و فستیڤاله ئەدەبی و هونەریەکانی وەک فستیڤاڵی ئەدەبی، شانۆو هەلپەرکێی و... دەبەسترێن.

بەو ئۆمیدەی کە قۆناغی داهاتوی «کوردستان» قۆناغی بە سەنتەرکردنی «کوردستان» لە هەموو رویەکەوە بێت لە ناو میدیای کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

---

# «کوردستان» و گەشەی زمان



مستەفا مەعروفی

نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە مافی خوێندنو پەرەپێدانی زمانو فەرهەنگی خۆی کە مافێکی سروشتیو ئینسانییە بێ بەشە. ئەگەر شاعیران، رووناکبیرانو خوێندەوارانی کوردو رێکخراو و ئەحزابی سیاسی لەم یەک دوو سەدەیەی رابردوودا بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی نەخستبایە سەر کاغەز رەنگ بوو لە ژێر تەوژمی ئاسیمیلاسیۆنیی نەتەوەباڵادەستەکانی دەوروبەر ئەم زمانە بەم جۆرە نەدەبوو کە ئێستا هەیە.

لە ئێراندا دەسەڵاتدارانو نەتەوەی باڵادەست تەنیا زمانی فارسی بە زمانی رەسمی دەناسن و هەر ئەو زمانەش دەرفەتی خوێندن و فێرکرانی هەیە و هەموو مەسەلە سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان بەم زمانە بەیان دەکرێن. ئەم رەوتە لە ماوەی چەندین دەیەدا ئەو گومانەی بۆ ئێرانییەکان بە گشتی و نەتەوەی فارس بە تایبەتی پێک هێناوە کە تەنیا زمانی فارسی دەرەقەتی ئەم بوارانە دێ و زمانەکانی دیکە لە توانایان دا نیە ببنە زمانی ئەدەبی و سیاسی و لە بواری پەروەردە دا بەکار بێن. لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە کە ئەم رەوتە باوەڕ بەخۆبوونیان لە بەشێک لە رۆڵەکانی خودی نەتەوەی کوردیش دا یان خنکاندوە، یان لاواز کردوە. بەڵام ئەگەر سەیرێکی رەوتی دەرچوونی «کوردستان» بە تایبەتی و رۆژنامەنووسیی کوردی بەگشتی بکەین، پێچەوانەی ئەو بۆچوونە هەڵەیەمان بۆ دەردەکەوێ.

دیارە بەر لە دەرچوونی یەکەم ژمارەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤دا لە مەهاباد،کورد ئەزموونی رۆژنامەنووسیی هەیە. لە دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە ٢٨ی ئاوریلی ١٨٩٨دا لە قاهیرە (کردستان) تا یەکەم ژمارەی «کوردستان» لە مەهاباد، گەلێک گۆڤارو رۆژنامەی دیکەی کوردی بڵاو بوونەوە کە بێگومان

«کوردستان» کەڵکی لەو ئەزموونانە وەرگرتوە.

« کوردستان» هەم لە باری ماوەی دەرچوونی و هەم لەم بارەیەوە کە زمانحاڵی حیزب و حکوومەتی کوردی بووە لە رووی زمانەوە ئاوڕی لە گەلێک بوارو گەلێک مەسەلە داوەتەوە کە لە زمانو زمانی نووسینی کوردیدا پێشتر جێگای باس نەبوون یان کەمتر باسیان کراوە. هەر بۆیە ئەو بابەت و مەسەلە جۆراوجۆرانە کاریان کردۆتە سەر زمان و گۆڕان و بەرەوپێشبردنێکی زۆریان لە زمانی کوردیدا پێک هێناوە، بە جۆرێک کە درێژەکێشانی ئەم رەوتە وای لە زمانی کوردی کردوە کە تا رادەیەکی زۆر بتوانێ ببێتە زمانێک کە لە هەموو بوارە زانستی وفەرهەنگییەکان دا ئەو ئەرکانە بەجێ بگەیەنێ کە هەموو زمانانی زیندوو بە جێی دەگەیەنن.

زانستی زمان ئەوەی روون کردۆتەوە کە هەموو زمانێک لە حاڵی گۆڕان دایە. بە پێی پێشکەوتنی کۆمەڵو پەیدا بوونی دیاردە وکەرەستەی نوێ، زمانیش پێش دەکەوێ و وشە و دەربڕینی نوێ بۆ ئەو دیاردە و کەرەستە نوێیانە دادەنێ و بەم جۆرە زمان دەگۆڕێ و لە هەموو سەردەمێک دا وەڵامدەر دەبێ. ئەگەر زمانێک لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ نەچێتە پێش و پێی نەنووسرێ تەریک دەبێتەوە وردە وردە دەفەوتێ. زمانی کوردی لەم بارەیەوە قەرزداری رەوتی رۆژنامەنووسیی کوردیە، بە تایبەتی رۆژنامەی »کوردستان» لەم بارەوەیەوە لە ئاسمانی تاریک و تنووکی کوردستاندا یەکێک لە ئەستێرە هەرە درەوشاوەکانی زمانی کوردی لەوسەردەمە دابووە.

ئەو بۆچوونە کە گۆیا زمانێک ناتەواوە و توانای بەیان و دەربڕینی لە هەموو بوارو بابەتەکاندا نییە، بۆچوونێکی نازانستی و بێ بنەمایە و زانستی زمان بە تەواوی رەتی دەکاتەوە. زانستی زمان ئەوەی روون کردۆتەوە کە زمانێک نییە لە زمانێکی دیکە چاکترو زمانێک لە زمانێکی دیکە خۆشترو، زمانێک لە زمانێکی دیکە شیرینتر بێ. هەموو زمانەکان ئەرکیان وەک یەکە و هەموویان خاوەنی تایبەتمەندیی وەک یەکن و هەموویان هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵ گەشە دەکەن. ئەو گەشەکردنەش بەچوار رێگای سەرەکی دا روو دەدا.

**با بزانین نموونەی ئەم گەشە کردنە لە رۆژنامەی «کوردستان»ی سەردەمی کۆماری کوردستاندا چۆنە:**

١- یەکێک لە رێگاکانی گەشەکردن و فراوانبوونی زمان ئەوەیە کە زمان بە پێی رێزمانی خۆی وشە و زاراوە بۆ بابەتی نوێ و دیاردەی نوێ دادەنێ. بە زیاد کردنی پێشگر یان پاشگرێک بە وشەیەکی دیکە، یان لێکدانی دوو وشە، وشەی نوێ دروست دەبێ کە پێشتر بەو شێوەیە نەبووە. بۆ وێنە لە ژمارەکانی ١٢، ١٧، ١٩، ٢٠ و ٢٣ دا بە فەرمانی پێشەوا قازی محەممەد دەیان وشە بە تایبەتی لە بواری نیزامی دا بە زمان کوردی دانراون کە تواناو زەرفیەتی زمانیی کوردییان لەم بوانەدا

بردۆتە سەر:

| ژمارەی رۆژنامە | وشەی کوردی | وشەی بێگانە |
|---|---|---|
| ١٢ | زانست | علم |
| ١٩ | شەقامەڕێ | شوسە |
| ١٩ | شاروکە | قصبە |
| ٢٠ | بەرگێڕەوە | مانع |
| ٢٣ | نیشانەدار | درجەدار |

٢- زمانێک وشە یان زاراوەیەک لە زمانێکی دیکە (کە بە زۆری زمانی دراوسێیە) وەردەگێڕێ و بەرامبەرەکەی لە زمانی خۆیدا بۆ دادەنێ و فەرهەنگی وشەو زاراوەی زمانەنەکەی پێ دەوڵەمەند دەکا. بۆ نموونە لە رۆژنانەی «کوردستان» دا ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێ:

| ژمارەی رۆژنامە | وشەی وەرگێڕدراوی کوردی | وشەی سەرچاوە |
|---|---|---|
| ١٢ | سەرپۆل | سرهنگ |
| ١٧ | تووشهاتی هەردی | عوارض زمینی |
| ١٩ | عەرابە رێ | ارابە رو |
| ١٩ | خاکرێژ | خاکریز |
| ٢٠ | پاڵگە | تکیەگاە |
| ٢٠ | روانگە | دیدگاە |

٣- زمان وشە و زاراوە لە زمانانی دیکە وەردەگرێ. هیچ زمانێک نییە کە هەموو وشەو زاراوەکانی ئی خۆی بن و هیچ وشەیەکی لە زمانێکی دیکە وەرنەگرتبێ. لە رووی زانستییەوە زمانێک ئەگەر وشە و کەرەستەی زمانی لە زمانێکی دیکە وەرنەگرێ ئەو زمانە تەریک دەکەوێتەوە. بە تایبەتی لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە نەتەوەکانی جیهان لە پێوەندییەکی بەردەوامو خێرا و بەربڵاو دان و ئاڵوویری بازرگانی زۆرە، گەلێک وشەو زاراوە بە هەموو جیهاندا بڵاو دەبنەوە و دەچنە نێو زمانانی میللەتانەوە. لە رۆژنامەی «کوردستان» دا ئەم دیارەدەیە گەلێک بەرچاو دەکەوێ. جاری وایە لە رادەی ئاسایی دەرچووە. پێویستە بگوترێ لە وەرگرتنی وشەی بێگانەش دا دەبێ سنوور هەبێ و کاتێک زمانەکە بۆخۆی وشەی هەیە یان دەتوانێ وشە دروست بکا، پێویست ناکا زۆر پەنا ببرێتە بەر هێنانی وشەی بێگانە.

«کوردستان»ی سەردەمی کۆمار لە چاو ئێستا وشەی بێگانەی زۆر تێدایە. بە تایبەتی وشەی عەرەبیو فارسی. وشەی لاتینیی زۆر کەم تێدایە، هێندێک وشەی وەک: دیموکراسی، دیموکرات. سوسیالیزم، شیلینگ (رێزگرتنی نیزامی)، ناوی مانگەکان بەلاتینی: ئاوریل، ژانویە، مارس...هتد لە سەر کلێشەی هێندێک لە ژمارەکانی هەن، بەڵام وشەی فارسیو عەرەبی یەکجار زۆرن:

«کورد تنها میللەتیکە کە رسوم آداب باستان و شعائر میلیو خصایصی ذاتی خوی لەدەست نداوە...»

٤- زمان وشەیەک یان زاراویەک کە بۆ بوارێکی بەرتەسک لە کۆندا بەکار هاتوە لە بوارێکی نوێترو بەرفرەوانتردا دا بەکار دێ. بۆ وێنە لە زمانی ئینگلیسیدا وشەی (mouse) کە بۆ ناوی گیانلبەر بەکار دێ، ئەمڕۆ گوازراوەتەوە بۆ بواری تیکنۆلۆژی لە کامپیۆتێردا.

| ژمارە | وشە | بواری بەرتەسک یان کۆن | بواری نوێ یان بۆ مەبەستێکی دیکە |
|---|---|---|---|
| ١٢ | پێشمەرگە | پیاوی ئازاو لەخۆبردوو | سەربازی و فیداکاری کورد |
| « | هێز | تین و تاو | لەشکرو ژمارەیەکی زۆر لە چەکدار ( سوپا) |
| « | پۆل | چەن دانە لەهەر جۆرێک | بۆ دەستەیەک لە هێزی پێشمەرگە |
| « | لک | بەشێک لە دار | بۆ دەستەیەکی فرەوانتر لە پۆل |

باسی گەشەی زمان لە رۆژنامەی «کوردستان» دا لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەل هەڵ دەگرێ،بەڵام من، لەم دەرفەتە دا کە بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی شەشسەدەمین ژمارەی دەورەی ئێستای «کوردستان»، بۆم پێک هاتوە، بەوەندە قەناعەت دەکەم. هیوادارم خۆم یا کەسانی دیکە بتوانین لەم بارەیەوە، شتی شایانی ئەم رۆژنامەیە بنووسین.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

# جێگە و پێگەی ژنان لە «کوردستان» دا



**کوێستان فتووحی**

هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەی «کوردستان» زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان نە کاری منە نە لە توانای کەسێکی وەک من دایە، بەڵام وەک ژنێک کە ساڵانێکە ئەو شانازییەم هەیە لە نزیکەوە هاودەمی «کوردستان»بم ئیزن بە خۆم دەدەم چەند دێڕێک لەم یادەدا بنووسم.

من «کوردستان» بە قوتابخانەیەکی پەروەردەی سیاسی و ڕاهێنانی نوێقەڵەمان بە زمان و ڕێنووسێکی پاراوی کوردی دەزانم. منیش وەک زۆر کەسی دیکە کە ئەو شانازییەیان پێ بڕاوە لەو قوتابخانەیەدا و لە سەر دەستی زۆر مامۆستای بەئەزموون و ماندوویینەناس فێری سەرەتای وانەی «وتار نووسین» بم. ئەم قوتابخانەیە زۆر کەسی فێری ئەوە کرد کە بە زمانێکی خاوێن و بەدوور لە توندوتیژی و سووکایەتی بنووسن، زۆرکەسی فێر کرد کە ئەگەر ئیرادەی بەهێزت هەبێ کەندوکۆسپ و کەمووکووڕییەکان ناتوانن لە بەردەوامی و بەرەوپێشچوونت بخەن.

دەزانین ڕۆژنامەیەکی وەک «کوردستان» دوور لە زێد و نیشتمان، بە کەرەسە و ئیمکانانی سادەوە درێژەی بە ڕێگای خۆی دا و ئێستا ئەوە شەشسەدەمین ژمارەی بە شانازییەوە چاپ دەبێ و چاوی ئۆگران و خوێنەرانی ئەو ڕۆژنامەیە ڕوون دەکاتەوە. هەموو ئەوانە بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوون و باوەڕی کەسانێکە کە ماندوو بوون و شەو و شەونخوونییان پێوە کێشاوە. بۆیە پێش ئەوەی دەست بکەم بە ئەسڵی نووسینەکە گەرمترین پیرۆزبایی دەکەم لە هەموو ئەوانەی بەشێک لە بە نرخترین کاتەکانی ژیانیان تەرخان کرد بۆ کار لە ڕۆژنامەی «کوردستان» دا، بەتایبەتی ئەوانەی لە ڕۆژە سەختەکاندا، لەبەر شۆقی فانووس و لە ژووره سارد وسڕ و بێ ئیمکاناتەکاندا کاریان بۆ «کوردستان» دەکرد و وەک دایکێک چۆن لە بەرهەمی

ژیانی واتە منداڵەکەی دەڕوانێ و سات بە سات ئارەزووی گەشانەوەی دەکا، ئەوانیش ئاوا لە ڕۆژنامەی «کوردستان» یان ڕوانیوە و ماندوو بوون بۆی تا «کوردستان» هەمیشە لە گەشانەوە و درەوشانەوە نەوەستێ.

## پرسی ژنان و «کوردستان»

بۆ ئەوەی دروشمەکانی حیزبی دیموکرات بە کردەوە لە سەر لاپەڕەکانی «کوردستان» بدرەوشێنەوە!

لێرەدا بە بۆنەی دەرچوونی شەشسەدەمین ژمارەی «کوردستان» باسێک لە دیاربوونی ژن لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بە پێویست دەزانم. دیارە ئەگەر ئاوڕێک لە ڕۆڵی ژن لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بدەینەوە، پێویستە لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکرێ لە هەموو ژمارەکان و دەورەکانی دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە. ئەمەش کارێکی ئاسان نیە، پرژانەسەر ئەم بابەتە کات و مەجالی دەوێ کە بەداخەوە من نەمتوانی بۆ ئەم بۆنەیە ئامادەی بکەم. مەبەست لە حوزووری ژن تەنیا بوونی ئەو ژنانە نییە کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا کاریان کردوە، بەڵکوو ئەو لایەنەش دەگرێتەوە کە خودی ڕۆژنامەکە چەندی گرنگی بە پرسی ژنان و گرفت و خواستەکانی ئەو توێژە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا داوە. ژنانی کۆمەڵگەی کوردستان تا چەند خۆیان لەم ڕۆژنامەیەدا دیتۆتەوە؟ ڕنگە زۆر کەس بڵێن ئەم ڕۆژنامەیە تایبەتە بە حیزبێکی سیاسی نەتەوەیی و زیاتر گرنگی بە کێشەنەتەوەییەکان دەدا، کەواتە ئەم باسە یان ئەم ڕەخنەیە جێگەی نیە! بەڵام نەتەوە لە چین وتوێژی جۆراوجۆر (ژن، پیاو، لاو، بەساڵاچوو، منداڵ و....) پێک هاتوە، بۆیە هەر ڕاگەیەنێک، یان هەر حیزبێک بیهەوێ بەردەنگی زۆرتر بێ و ولامدەری ویست و چاوەڕوانییەکانیان بێ، پێویستە ئاوڕ لە خەم و کێشەکانی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگەکەی بداتەوە. بۆ حیزبێکی لە حاڵی خەبات و شەڕی چەکداری و دوور لە زێد و نیشتمانی خۆی ئەمە ڕەنگە ئیمکانی زۆر نەبێ و نەشبووە. بەڵام بەدڵنیاییەوە کێشەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا جیاوازە لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی دیکە و بەبڕوای من کەمتر نیە لە کێشەی نەتەوەیەک.

## نووسەرانی پیاوی «کوردستان» و پرسی ژن

ڕۆژنامەی «کوردستان» ئاوێنەی باڵانوێنی بیرو بڕوا و هەڵویستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان تاچەند لەئاست پەیامی حیزبەکەیدا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژندا هەنگاوی ناوە؟ حیزبی دێموکرات لە هەر سەردەمێکدا لە پرۆگرام و پەسەندکراوی خۆیدا ژنانی لەبیر نەکردوە. بەڵام ئایا بایەخدان بە پرسی ژن، کە پرسێکی گرنگی کۆمەڵگەیە، لە ڕۆژنامەکەیدا تاچەند ڕەنگی داوەتەوە؟

ئەگەر بێلایەنانە سەرنج بدرێتە ڕۆژنامەی «کوردستان» کە زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانە، بە ڕوونی ئەوە

دەردەکەوێ کە بەداخەوە پرسی ژن لە لایەن زۆربەی نووسەرانی پیاوەوە لە پەراوێز دابووە. وەک کەسێک کە لەو ماوەیەدا لە نزیکەوە شاهیدم نووسەرانی پیاوی رۆژنامەی کوردستان کەمتر ئاوڕیان لە پرسەکانی ژن داوەتەوە و خەمیان لێ خواردوە. پرسی ژن هەر لەرابردووەوە تاکوو ئێستاش لە گوتار و روانگەکانی زۆر لە کەسایەتییە نووسەرانی حیزبدا دەکرێ بڵێین لە نزمترین ئاستدا بووە. کەس ناتوانێ نکۆلی لەوە بکا کە ژن لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کێشەی هەیە، کێشەی یاسایی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری و... حیزبێکی سیاسی بەرپرس ئەگەر نەشتوانێ کێشەکە چارەسەر بکا، دەتوانێ بۆ کار کردن لە پێناوی ئاگاکردنەوەی کۆمەڵگەدا رێگەو رێبازێکی پێشکەوتوانە بۆ کۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەت بۆ ئەندامان و لایەنگرانی خۆی دیاری بکا.

رۆژنامە یان هەر راگەیەنێکی دیکەی هەر حیزبێک، سیاسەت و رۆشنبیریی ئەو حیزبە لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان بۆ خوێنەر یان بەردەنگەکانیان دەردەخا. لێرەدا ناڵێم رۆژنامەی «کوردستان» لە سەر پرسی ژن هیچ قسەی پێ نەبووە، بەتایبەت لە دەورەکانی پێشووتری ژیانی ئەو رۆژنامەیەدا بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردستان کە فەرهەنگێکی عەشیرەیی و دواکەوتوانە بووە. بەوحاڵەش ئەگەر لە بۆنە جۆراوجۆرەکانیشدا ئاوڕێکی لە مەسەلە و کێشەکانی ژنان دابێتەوە گرنگە و جێگەی پێزانینە. بەڵام ئەگەر رەوتی ئەم ساڵانەی دوایی رۆژنامەی «کوردستان» لەو بارەیەوە هەڵسەنگێنین بەلەبەرچاوگرتنی خواست و دەرفەتەکان بۆ ژنان لەم سەردەمەدا دیسانیش لەم بارەیەوە جێگای رەزامەندیی نییە. ئەمەش زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ بیر و روانگەی نووسەرانی رۆژنامەکە. لە کۆبوونەوەکانی دەستەی نووسەران لە کاتی هەڵبژاردنی سووژەکان دا هاورێ پیاوەکان کەمتر بەلای ئەو سووژانەدا دەچن کە پێوەندیان بە کێشەکانی ژنانەوە هەیە. لە حاڵێکدا یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران مەسەلەی ژنان و کۆماری ئیسلامییە. کاتێکیش دێتەبەرباس، هاوڕێیانی نووسەر (پیاوەکان) نووسین لەسەر ئەو سووژانە بۆ ژنان دێڵنەوە. لە حاڵێکدا نە نووسین لەسەر پرسی نەتەوەیی تایبەتە تەنیا بە پیاو، نە نووسین لەسەر پرسی ژن تەنیا ئەرکی ژنانە.

هەرچەند رۆژنامەی «کوردستان» بەو خسڵەتە تایبەتەیەوە کە تا ئەمڕۆ هەیەتی وەک: گرنگیدان بە مەسەلە نەتەوایەتییەکان، و بڵاوکردنەوەی بابەت لەسەر خەباتی نەتەوەیی و....، رەنگە زۆر چاوەڕوانی ئەوەی لێنەکرێ بەباشی بپرژێتە سەر هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەییەکان و..... بەڵام پرس و کێشەی ژن لە کۆمەڵگەدا گرنگە و بەتایبەت بۆ حیزبێکی نەتەوەیی و مۆدێرن و یەکسانیخواز، پێویستە ئاوڕدانەوە لەو بابەتانەی پێوەندیدار بە توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەوەن، بەشێک بێ لە خەباتەکەی.

پرسی ژنان وەک کێشەی ژنان لە دنیای پیاوسالاریدا پێناسە کراوە. رۆژانە بە شێوەی جۆراوجۆر مافەکانیان لەم دنیا پیاوسالارییەدا پێشێل دەکرێ، بۆیە نووسەرانی رۆژنامەی «کوردستان»، کە زۆربەیان کادر و پێشمەرگەی حیزبی

دێموکراتن، ئەگەر بەلایانەوە گرنگە کە کۆڵبەرێک بە دەستی چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی دەکوژرێ و بە پێشێلکاری مافی مرۆڤی دەزانن، دەبێ ئەوندەشیان بۆ گرنگ بێ کە ژنێک لە گوندێکی مەریوان بە ناوی پاراستنی «نامووس» بە دەستی پیاوێکی کەللەویشکی لە هەموو هەستێکی ئینسانی بێبەری، دەکوژرێ. ئەگەر ئەوەیان بۆ گرنگە لاوێکی کورد لەسەر ئازادیخوازی دەخرێتە چاڵەرەشەکانی کۆماری ئیسلامییەوە و بە ئەرکی سەرشانیان دەزانن بیکەنە سووژەی وتارەکانیان، دەبێ بۆیان گرنگ بێ کە ژنێکی کورد لەدەست نەبوونی سەرەتاییترین مافەکانی، چارەیەکی دیکە شک نابا جگە لەوەی ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدا. ئەگەر بە ئێعدامی لاوانی کورد لە لایەن دوژمنانی نەتەوەکەیانەوە ویژدانیان دەهەژێ، دەبێ کوژرانی ژنانی کوردیش لەلایەن پیاوانی دەمارگرژی کوردیشەوە بەلایانەوە تاڵ و بێزهەستێن بێ و لەپێناو سڕینەوەی ئەو ئازارانەدا قەڵەمەکانیان وەکار بخەن. ئەگەر بەڕاستی ڕێبازی راستەقینەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دیموکراسییان هەڵبژاردوە، نابێ لە بارەی نابەرابەری، هەڵاواردن، توندوتیژی و بێمافییەکانی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بێدەنگ بن. بێدەنگ بوون لەوبارەیەوە، وەک شەرعییەت دان بەم کولتوورە وایە.

راستە کێشەی سیاسیی کورد، پرسی سەرەکیی نووسەرانی حیزبێکی سیاسیی کوردە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە نووسەرانی ئەم حیزبە کێشەی نیوەی کۆمەڵگاکەی پشت گوێ بخەن، بە ناوی ئەوەی کێشەی تایبەتی ژن کێشەی خۆیانە! ئەم بیرکردنەوەیە لەلایەن هەر کەسێکەوە بێ نادروستە. کێشەی ژنان لە هەر کۆمەڵگەیەدا پێوەندیی بە چارەنووسی هەموو کۆمەڵگەکەوە هەیە. بۆیە نووسەرانی بەڕێزی رۆژنامەی کوردستان و ئۆگرانی گۆڕان و نوێبوونەوە لە لەم رۆژنامەیە لەم بارەیەوە ئەمڕۆ چاوەڕوانییەکی دیکەیان لێدەکرێ.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانیۆیری ٢٠١٣


## لای کاک فەتاحی کاویان، فێری نوسین بووم



فەیسەڵ نیراندوست

«کوردستان»، وەک رۆژنامەیەکی کوردی، هەورازو نشێوی زۆری بریوە و، لە رۆژگاری جۆراجۆر و جیاواز دا و، بە بیروڕای رەنگاو رەنگ، ژیانی خۆی دەرباز کردوە و، خۆی بە ئەمرۆ گەیاندوە. «کوردستان»، لەژیانی خۆی و، لە هەموو قوناخەکاندا، تەنیا یەک ئامانجی هەبووە، ئەویش ئازادیی خەلکی کوردستان بووە. بۆ هەوەلین جار و زیاتر لە ١١٠ سال لەمەو پیش، «کوردستان» لە قاهیرە و، بە کۆششی تێکۆشەری رووناکبیری کورد جەلادەت بەدرخان، لە دایک بووە. ئەمەیان «کوردستان»ی دایک بوو. لە سەر هەمان ئامانج وئاوات «کوردستان» ی دیکە هاتن. «کوردستان»ی ئێستا یەک لەوانە کە ئێستا پێ گەیوە و، گەورە بووە. بۆ ولاتی خۆی گەڕاوەتەوە و، ژیانی سەخت و دژوار بەلام پر لە شانازی و سەربەرزیی درێژە پێ داوە. کوردستان وەک رەمزی خەبات و خۆراگری، وانەی بۆ شۆرشگێران گوتەوەو، بووە بە چرای روناکیدەری رێگای تێکۆشان بۆ رزگاریی گەلی کورد. ژیانی «کوردستان» بە خامەی ژمارەیەک تێکۆشەری گەلەکەمان نەخشاو قەلەمی ئەوان، تەمەنی رۆژنامەی کوردانی تا ئێرە هێنا. کاک فەتاحی کاویان، یەکێک لەو تێکۆشەرانەی گەلەکەمانە.

زۆر حەزم لە نووسین دەکرد بەلام بە هۆی جۆراجۆر تا ئەو کاتە نەمتوانی بوو. پاش رووداوەکانی کونگرەی ٨ و، پێکهاتنی حیزبی دیموکرات، رێبەرایەتیی شۆرشگێر، دەرفەتێک پێش هات تاکادر و پێشمەرگەکان، زیاتر و لە نزیکەوە،لە گەل رێبەریی حیزب ئاشنا و هاتوچۆیان بۆ برخسێ. من لە یەکێک لە مەلبەندەکان بەرپرسایەتیم هەبوو وپاش هاتنی پایز و فەسلی ئیسراحەت، لە نزیک بنکەی دەفتەری سیاسی جێگیر بووین. لەو دەرفەتە کەلکم وەرگرت و دەستم کرد بە نووسین. دەمزانی نووسینەکانم زۆر تەواو نین و بە کەلکی بلاو کردنەوە نایەن و دەمویست کەسیک یارمەتیم بدات. بەرێز کاک فەتاح، باشترین کەس بوو کە داوای یارمەتیم لێ کرد.



سەرەتا وتارێکم نووسی و پاشان چوومە لای کاک فەتاح و داوام لێکردکە زەحمەت بکێشێ و چاوی پێدا بخشێنێ و هەڵەکانم پێ بڵێ. مەتلەبەکەم، لە بیرم دێ، سەبارەت بە وەزعی مامۆستایانی قوتابخانە لە ئێران بو. نووسراوەوکە بە زۆری دەگەیشتە لاپەڕە و نیوێک، بەڕێز کاک فەتاح، لێی وەرگرتم و گوتی لە دەرفەتێکدا دەیخوێنمەوە و ولامت دەدەمەوە. نزیک بە مانگێک وڵامی کاک فەتاح درێژەی خایاند، بەلام ولامەکە، ولامێکی تێر، تەسەل و رێک و پێک بوو. کاک فەتاح لەسەر دێر بە دێری نووسراوەکەی من بە نووسراوە، وڵامی دابوومەوە. لەسەر هەر دێرێک چەندین دێری نوسیبوو، رخنەی لێ گرتبوو و، و دێرەکەی بە شیوەی دروست نوسیبووەوە. رخنە و پێشنیار و راستکردنەوەکەش هەم لایەنی رێنووس و هەم لایەنی سیاسی و ئەدەبییشی هەبوو. تا ئەو کاتە مەقالە بۆ من لە سەردێر تا خالی دوایی یەک بەش بوو. لەو نووسراوەی کاک فەتاح بۆ هەوەلین جار لە گەل مانای سەردێر، سەرەتا، نێوەرۆک و، نەتیجە گیری یان ئاکام لە مقالەیەک دا ئاشنا بووم. بۆم دەرکەوت کە هەر کام لەو بەشانە گرینگیی خۆیان هەیە و بە پێی بە هێزی و لاوازیی خۆیان شوینەوار لەسەر خۆینەر دادەنین. ئەو نوسراوەی کاک فەتاحم پاش نزیک بە ٢٤ سال هێشتا پاراستووە، زۆر جار خوێندوومەتەوە.


دواتر و هەر لەسەر ئاشنایی لە گەل کاک فەتاح، وەک بەرپرسی رادیۆ، چوومە رادیۆ و، زیاتر لەگەل نووسین و وەرگێران ئاشنا بووم. بێجگە لە کاک فەتاح کە مامۆستای هەمووومان بوو، لە سەرەتاوە، بەرێز کاک عەبدوڵلا حیجاب و کاک خەلیل غەزەل و، دواتر مامۆستا عاشق و زۆر هاورێی دیکە، یارمەتیی زۆریان دام کە لە بیریان ناکەم. نزیک بوون لە کاک فەتاح و هاورییانی دیکە بۆ من دەرفەتێکی باش بوو لەو ماوەدا زۆر شتیان لێ فێر بووم. ماوەیەکی زۆر لە رادیۆ و چاپەمەنی مامەوەو، دواتر وەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی «کوردستان»، هەلبژێرام و کاتێک کاک فەتاح ماویەک لە بنکەی دەفتەری سیاسی نەبوو، ئەرکی رێک و پێک کردن و ئامادە کردنی کوردستانی فارسی، بە من ئەسپێردرا. بێجگە لە کاک فەتاح کە بەرپرسی کوردستان بوو، بەریزان کاک جەلیل گادانی، کاک حەسەن رستگار، کاک هاشم کەریمی، کاک حوسەین مەدەنی، کاک عوسمان ئیسماعیلی (مامۆستا ئاشق) و دواتر نەمر کاک عوسمان رەحیمی و کاک کەمال کەریمی ئەندامی دەستەی نووسەرانی کوردستان بوون. دیارە لە تەنیشت رۆژنامەی«کوردستان» کە ئورگانی کومیتەی ناوندیی حیزب بوو، دەستەی نوسەرانی رادیۆ، دەستەی نوسەرانی ٢٦ی سەرماوز وەک ئورگانی پێشمەرگە و دەستەی نووسەرانی لاوان، هەبوون کە

کاک فەتاح دەوری گرینگی لە نووسین و جێبەجێکردنی ئەرکەکاندا هەبوو. منیش لە تەنیشت کاک فەتاح و ژمارەیەک لەو هاورێیانە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەوانیش بووم. ئەو دەورانە بۆ من، باشترین رۆژەکانی ژیان و بەکەلکترین دەورانی تێکۆشانی سیاسیم بووە. لە مامۆستاکانی خۆمان، شت فێردەبووین و بە بوونی کاک فەتاح و جار جاریش کاک سەرهەنگ قادری، کەس هەستی بە تێپەر بوونی زەمان نەدەکرد و کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ریگا گرینگیەکی ئەوتۆیان نەدەما. دیارە زۆر جار کاک فەتاح لە بەر وەدرەنگ کەوتنی مەقالەیەک یان نارێک وپێکیی نووسراوەیەک لیمان توورە دەبوو. هەمیشە لە کاک هاشمی کەریمی رازی بوو و دەیگوت، لەکاتی خۆیدا مەقالەی خۆی تەحویل دەدات. بە هۆی کاری دیکە زۆر جار مەقالەکانی هاورێیانی دیکە درەنگ بە دەستی دەگەیشت یان زۆر جار بە خودکار دەنووسرا کە دەردیسەریی زۆری تووش دەبوو تا رێکوپێکیان بکات.

بێگومان ئەو ژمارە لە رۆژنامەی«کوردستان» کە لەو ماوەیەدا دەرچوون، هەم لە باری نیوەرۆکی سیاسی و کۆمەلایەتی و، هەم لە رووی زمان و ئەدەبی کوردی دا، ئاستێکی زۆر بەرز و بە نرخیان هەیە کە دەوری بەرێز کاک فەتاحی کاویان لەو بارەوە، دیار و بەرچاو و لە بیر نەکراوەیە. بویە جێگای خۆیەتی کە لەو یادە پیرۆزە دا رێز لەزەحمەتی کاک فەتاح و هەموو ئەو کەسانەی کە لە چاپەمەنی و بلاوکراوەکانی سەر بە بزووتنەوەی خەلکی کوردستان، لە روی نووسین و کاروباری فەننی، دەستیان هەبووە، رێز بگیرێ و بە خەلکی کوردستان بە تایبەت نەسلی لاو بناسرێن.

**سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێویری ٢٠١٣**

## کوردستان فێرگەی نووسین و وەگێڕان



رەزا موحەممەد ئەمینی

برای بەرێزو خۆشەویستم کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی ناوەندی راگەیاندنی حیزب، بەبۆنەی دەرچوونی شەشسەدەمین ژمارەی «کوردستان»ی ئازیزو ٦٧ مین ساڵی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیە، لوتفی فەرموو و داوای لێکردم بۆ باشتر بەرێوەبردنی ئەم بۆنە مێژووییانە هاوکارییان بکەم و بابەتێکیش بنووسم.

وێرای سوپاسی دووبارە بۆ کاک قادر، هەر لەسەرەتاوە پیرۆزبایی خۆم دەکەم بەم بۆنە بەرێزانەوەو هەروەها تێپەرینی ٢٥ ساڵ لەکارو تێکۆشانی ماندوونەناسانەی ناوبراو لە «کوردستان». هیوادارم دەست و خامەی هەروا رەنگین و بەهرەدار بێ.
کار کردن لەرۆژنامەی کوردستان بە هەموو بەشەکانییەوە شانازییەکی زۆر گەورەیە کە بەخۆشییەوە من لێی بێبەش نەبووم. شانازییە لەبەر ئەوەی مێژووی «کوردستان» دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆمارو بەسەدان و بگرە هەزاران تێکۆشەری دێمۆکرات لەو ماوە دوورو درێژەدا زەحمەت و شەووشەونخوونییان پێوە کێشاوە و ئەو رۆژنامەیەیان بەو رۆژەگەیاندوە کەدەیبینین. هاوکاری لەگەڵ رۆژنامەیەک کە ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی «پێشەوا قازی موحەممەد»ە ودێرِ بەدێڕی دەست و قەڵەمی رێبەرانی وەک شەهیدان «قاسملوو و «شەرەفکەندی» پێوە دیارە و زانای بەتوانای وەک «مامۆستا» وتارە بەپێزەکانی تێدا نووسیوە چۆن شانازی نییە؟

لەلایەکی دیکەش هاوکاری لەگەڵ رۆژنامەی «کوردستان کە هەروە ک ئاماژەم پێکرد، ئۆرگانی حیزبێکی سیاسییە، بەراستی تاقەتپرووکێن و دژوارە. زۆر جارناچار بووم وتارێک بنووسم کە بە دڵم نەبووە.یان نووسراوە کە هەڵگری باوەڕی تایبەتی من نەبووە. جگە لەوەش دەبێ حەق بڵێین مەیدانی «مانور»دان بۆ وتارنووس بە هۆی ئەوەی کەدەبێ وتارەکە روانگەکانی حیزب لەبەرچاو بگرێ بەرتەسکە و جاروبار بەش بەحاڵی خۆم ناچار بووم خۆم «سانسۆر»بکەم. سەرەرای ئەوانەش دەبوو

لە»دەستەی نووسەران»لەسەر وشە بە وشەو دێڕبەدێڕی نوسراوەکەت»شەڕ»ت کردبا. لەبیرمە جارێکیان لەسەر رستەیەکی «مرکب»و «فعل» و «ویرگول»ێک ئەو کاک قادر وریایە بۆ»استفسار» لە بەڕێز کاک «فەتاح کاویان» قەڵای پێ سەنگ و سوژن کردم، ئاخرێکەشی قسەی خۆی بردە سەرێ.

نووسین و وەرگێران لەرۆژنامەی»کوردستان» لەبارێکی دیکە شەوە بۆ من سەخت بوو. زۆربەی هەرە زۆری وتارەکانی من چ لەرادیو چ لە رۆژنامە بە زمانی فارسی بوون. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ: یەکەم من هاوکاری لەگەڵ «کوردستان»م لەوەرگێڕان لە کوردی بۆفارسی را دەست پێکرد و هاورێی زۆر خۆشەویستم کاک «سیامەک قەوییەنجە»کە حەقی مامۆستایەتی بەسەرمەوە هەیە هاندەر و مامۆستام بوو؛ دووهەم بەراستی زمانی نووسینی کوردی من ئەوەنەبوو بتوانم ئەوەی لەمێشکم دایەبیەێنمەسەر کاغەز. هەر بۆیەش بۆ وتارێک دەبا بە زمانی کوردی لەمێشکم دا گەڵاڵەم کردبا و وەرمگێراباوە سەر زمانی فارسی و پاشان هەڵمرژتبایەسەر کاغەز.

نازانم چەند وتارم بۆ «کوردستان»ی خۆشەویشت نووسیوە، بەڵام دڵنیام کاری وەرگێڕانی وتاری هاورێیانی کوردینووسی دەستەی نووسەرانم زۆرتر لە وتارەکانی خۆم بووە. لەناو وتارەکانی خۆشم دا سێ وتارم زۆر بەدڵ بوون و ئێستاش کەیفم پێدێن. وتارێک بەبۆنەی یادی ١٠ ساڵەی شەهید بوونی گەورە رێبەری کورد کاک دوکتور قاسملوو؛ وتارێک بەبۆنەی 5 ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور شەرەفکەندی و وتارێکیش بهناوی»ارامش فعال،یا سکوت و انفعال»کە باسی خاتەمی و رێفۆرمخوازەکان بوو و بەوتەی کاک سمایل بازیاری خۆشەویست، بەڕێز مامۆستاش پێی باش بوو.

رەنگە ئەو نوکتەیەی دەیگێڕمەوە هیچ پێوەندییەکی با باسەکەوەنەبێ. راهێنەرێکی بەناوبانگی فوتباڵ لە ئێران لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێرێک گوتی: «من لەداری، یاریزان ساز دەکەم! «کوردستان»یش نووسەر و وەرگێڕپەروەرە، فێرگەیەکە کە بەسەدان نووسەرو وەرگێڕی بە توانای لێ پەروەردە کراوە. دڵنیاشم لەداهاتووش دا هەتا نووسەرانی بەتوانای وەک «مامۆستا»و «قادروریا»ی تێدابێ ئەوفێرگەیە قوتابیانی سەرکەوتووی هەر دەبێ. تەنیا کۆڵەوتارنووسێکی وەک من نەبێ کە نەیتوانی قوتابییەکی باش بێ و بەقەولی برادەرانی باشووری کوردستان «شەهادە»کەی وەرگرێ.

لەکۆتایی دا خۆم بەبەختەوەر دەزانم هاوکاری «کوردستان» ئازیز بووم و بارتەقای توانای خۆم لە خزمەتی دابووم.رێز و خۆشەویستیم هەیە بۆ هەڵسوورێنەرانی کوردستان، ئەندامانی دەستەی نووسەران و هاورێیانی بەشی فەنیی و چاویان ماچ دەکەم. هیوادارم رۆژێک بتوانم وەک رابردوو ئەندامێکی چووکەی بنەماڵەی خۆشەویستی «کوردستان»بم.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

# ئاوڕێکی کورت لە کێشە فەننییەکانی دەرکردنی ڕۆژنامەی «کوردستان»



ئاکۆ حەسەن زادە

ئەو نێوەرۆکە دەوڵەمەند و ئەو پەیامە جوانە کە ڕۆژنامەی «کوردستان» هەڵگریەتی، نەیدەتوانی بەوەخت و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بگاتە دەستی خوێنەران و هۆگرانی ئەگەر تیمێکی فەننیی دڵسۆز و کارامە لەبواری ئامادەکردن و دەرکردنی ڕۆژنامەدا کاری نەکردبا. هەر بە هەوڵ و ماندووبوون و شەونخوونیی ئەوانیشەوەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان لەبواری شکڵی و تەکنیکیشەوە تا ئەوڕۆ توانیویەتی هەروا ناوێکی دیار و بە پرستیژی نێو مەیدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی بمێنێتەوە. هەربۆیە لەو بۆنەیەدا، پێش هەموو شتێک گەرمترین پیرۆزبایی لە هەموو ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕۆژنامەدا بە گشتی و لە بەشی فەننیدا بەتایبەتی کاریان کردووە.

لە ماوەی کارکردنم لە ڕۆژنامەی «کوردستان» دا (لە ١٩٩٨ تا ٢٠٠٤ بەشێوەی دایمی و ساڵەکانی پێشووتریش وەک هاوکار لە کاتی پشووی خوێندنی زانکۆدا) هەم زۆر شت لە هاوڕێکانم فێر بووم و هەم ئەزموونێکیشم کە هەڵقوڵاو لە بارودۆخی ڕۆژنامەدەرکردن بۆ حیزبێکی سیاسی لەو هەلومەرجە تایبەتییەدا بوو وەدەست هێنا. بارودۆخێک کە حیزبی دێموکڕات خەباتی تێدا دەکرد و ئیمکاناتێک کە ئەو حیزبە هەیبوو کاریگەریی ڕاستەوخۆی خستبووە سەر کەیفیەتی فەننیی بواری ڕاگەیاندن.

ئامادەکردنی فەننیی ڕۆژنامەی «کوردستان» بەدرێژایی مێژووی خۆی زۆر قۆناغی بڕیون و بەپێی ئیمکاناتێکی سنووردار لە هەلومەرجی سەختی خەباتدا و بەپێی تەکنیکەکانی سەردەم لەبواری تایپ و مۆنتاژ و تەکسیردا زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە. ئەو کاتە کە من لە ڕۆژنامەدا دەستم بە کار کرد، جەرگەی ئەو سەردەمە نوێیە بوو کە لەودا پێشکەوتنی تێکنیکی لەو بوارەدا و زۆربوونی ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامە و شێوازە تازەکانی ڕاگەیەنی گشتی ببووە هۆی گۆڕینی یاساکانی ڕکەبەری

لەبواری تەبلیغاتدا و بەرزبوونەوەی ئاستی چاوەڕوانییەکان.

ئەوکاتە زۆر لەمێژ نەبوو کە کارکردن بە ئامێری کلاسیکی پیتچنین (تایپ) وەلانرابوو و هەموو کارێکی ڕۆژنامە بە کامپیوتێر دەکرا. هەربۆیە گرینگترین چالش کە ئێمە لەگەڵی بەرەوڕوو بووین، کارکردن بە سیستمی نوێ بوو. لەگەڵ ئەوەدا کە کارکردن بە کامپیوتێر بەشێکی زۆری کاری ئێمەی بە تایبەتی لەباری هەڵەچنییەوە ئاسان کردبوو، بەڵام پیتچنین تەنیا لایەنێکی کارەکە بوو و دەبوو هەموو قۆناغ و لایەنە فەنییەکانی دەرکردنی ڕۆژنامە لە فۆنت و دیزاین و مۆنتاژەوە بگرە تا سیستمە تازەکانی چاپ و تەکسیر هەماهەنگ بکرێن. ئاشنا نەبوون و ڕانەهێنرانی زانستییانەی ئێمە بە سیستمە نوێیەکان و نەبوونی ئیمکانی فێربوون بە مێتۆدی گونجاو لەو کاتەدا کاری ئێمەی چەند بەرابەر دژوار کردبوو. کارکردن لەو سیستمە نوێیەدا پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوونی زیاتر هەبوو بۆ ئەوەی باشتر لەگەڵ ڕەوتەکە خۆمان بگونجێنین، هەربۆیە جۆرێک لە خەللاقیەت و ئیرادەی خۆ پێگەیاندن لەنێو هاوڕێیانی بەشی فەننیدا دروست ببوو.



گیروگرفتێکی دیکە کە ئێمە لەو سەردەمەدا هەمانبوو، کێشەی پێرسۆنێل و کەمیی کادری فەننی بوو. شتێک کە بەو کەمایەسییەی زیاد دەکرد سروشتی کار و ئەرکەکانی بەشی فەننی بوو. ئەگەر ستافی تەکنیکیی ڕۆژنامەیەکی ئاسایی دەتوانێ بەتەواوی خۆی بۆ کاروباری ڕۆژنامەکە تەرخان بکا، بۆ ئێمە کە لە کۆمیسیۆنی چاپەمەنی کارمان دەکرد، دەرکردنی ڕۆژنامەی «کوردستان» ئەگەرچی ئەرکی هەرە گرینگ و پیرۆزی سەرشانمان بوو، بەڵام تەنیا یەکێک لە کارەکان بوو. لەو سەردەمەدا کاروباری تایپ و تەکسیری دوکومێنت و چاپی نامیلکە و پێداویستییەکانی زۆربەی ئۆرگانەکانی دیکەش هەر لە کۆمیسیۆنی چاپەمەنی ئەنجام دەدرا.

ڕۆژنامەی «کوردستان» لەبەر ئەوەی دەبوو لە کات و ساتی خۆیدا ئامادەی چاپ و بڵاوکردنەوە بکرێ، کارێک بوو کە هەموو مانگێک دینامیزم و گوڕ و تینێکی تایبەتیی بە ژیانی ئۆرگانەکەی ئێمە دەبەخشی و ڕووحی هاوکاری و پێکەوە کارکردنی هاوڕێیانی زیندوو دەکردەوە، بەتایبەتی لە کاتی دەرچوونی ئەو ژمارانەدا کە ڕووداوێکی گرینگی ژیان و خەباتی حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد لە ڕۆژنامەدا ڕەنگی دەدایەوە. دیارە کەمیی ئیمکانات و کادری فەننی و لەئاکامدا کەمیی

کات وای دەکرد کە فشاری زیاتر لەسەر ئەو بەشە بێت، بە تایبەتی کاتێک دەرچوونی رۆژنامە بوو بە دوو ژمارە لە مانگێک دا یان ئەو سەردەمە کە دەبوو نوسخەیەکی تایبەت بە دەرەوەی وڵات کە لەوێ چاپ و بڵاو دەکرایەوە ئامادە بکەین.

دەستڕاگەیشتن بە ئینترنێت بەشێک لە کێشە فەنییەکانی ئێمەی کەم کردەوە. بەڵام ئەوەش لە سەرەتاکاندا بۆخۆی هەڵگری زۆر کەندوکۆسپ و گیروگرفتی تازە بوو. لە قۆناغی یەکەمدا نەبوونی خەتی ئینرنێت ناچاری دەکردین بۆ سادەترین کارەکانی رۆژنامە و نوێکردنەوەی سایتی حیزب دەیان کیلۆمیتر ڕێگا ببڕین و ئەوەش دەبووە هۆی وەدرەنگ خستنی بەڕۆژ کردنەوەی سایت و ئەرشیڤی رۆژنامە. دواتریش کە ئینترنێت گەیشتە شوێنی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی، لاوازیی خەت و قورسیی فایلەکان و ناچاربوونمان بە دانانی هەموو فایلێک لە شێوەی وێنەدا کاریگەریی نەرێنییان لەسەر خێرایی و کوالیتیی کارەکان هەبوو.

ئەگەر هەلومەرج و ئیمکاناتی سەردەمی پێشووتر لەگەڵ ئەو کات، یان هی ئەوکات لەگەڵ سەردەمی ئێستا بەراورد بکەین، دەبینین  کە رۆژنامەی «کوردستان» لە ڕووی تێکنیکییەوە ڕێگایەکی پڕ هەوراز و نشێوی بڕیوە. دڵنیام هەموو ئەو هاوڕێیانەی هەر لە سەردەمی کۆنەوە تا ئێستا لەو بەشەی رۆژنامەدا کاریان کردوە، هەر کامە و لە بەشی خۆیاندا کۆڵێک سەرنج و نوختەی شایانی گێڕانەوە و تۆمارکردنیان پێیە کە وەک لایەنێکی ئەزموون و مێژووی رۆژنامەوانیی شۆڕشگێڕی جێگای بایەخ و سەرنجپێدانن.

دەتوانین بڵێین لەقەدەر ئیمکاناتێک کە لەبەردەست دا بووە و لەچاو سەختیی هەلومەرجی خەبات، رۆژنامەی «کوردستان» لەسەریەک توانیویەتی لەگەڵ پێداویستی و چاوەڕوانییەکانی سەردەمی نوێی گەیاندن و راگەیاندن خۆی بگونجێنێ. بەڵام ئەوەش حاشای لێ ناکرێ کە هەر سەردەمە چالش و چاوەڕوانیی تایبەت بە خۆی هەیە. هەربۆیە تیمە یەک لە دوای یەکەکانی کارکردن لە رۆژنامەی «کوردستان»دا بەردەوام هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن کە ئەو رۆژنامەیە لەباری فەننی و شکڵیشەوە لە ئاستی پەیام و نێوەرۆک و بەگشتی ئەو جێگە و پێگە سەمبولیک و مێژوویییەدا بێ کە رۆژنامەی «کوردستان» لە دنیای رۆژنامەگەریی سیاسیی کورددا هەیەتی.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانیۆیری ٢٠١٣

# بە شوێن پێی زمانی کوردیی «کوردستان»دا



**سیاوەش گۆدەرزی**

من لە پێشمەرگایەتی لە «تێکۆشەر» و «لاوان» دەستم پێکرد و دواتر سەرم لە رۆژنامەی «کوردستان» دەرهێنا. پێش ئەو سەردەمەش کۆمەڵە تێکستێکی فەرانسایيم لەم دەرس و لەو دەفتەر و کتێب وەرگێڕابوە سەر زمانی کوردی. دواتر ئەم تێکستانە لە پاڵ ئەو وێنانەی کە هاوڕێی تێکۆشەر کاک باباعەلی مێهرپەروەر کێشابوونییەوە لە کتێبێکدا بە ناوی «ڕێنوێنییە سەرەتاییەکانی دەرمانی» لە لایەن دەزگای ئینتشاراتی حیزبەوە بڵاوکرایەوە.

ئەمانە هەمووی دەسپێکی چیرۆکی قوتابخانەی فێربوونی زمانی کوردی لە ژیانی پێشمەرگایەتی بوون بۆ من. ئەو دەم لە تەمەنی بیست ساڵیدا، مانگانە بۆ «تێکۆشەر»م دەنووسی، بۆ «لاوان» هەرواتر و جار نە جاریش بۆ «کوردستان». ڕاستییەکەی «کوردستان» بوو کە بوو بە قوتابخانەیەکی جیدی بۆ من بۆ فێربوونی نووسینی کوردی. لەم نێوەدا هەوڵی بێوچان و ماندوونەناسانەی ڕێزدار عەبدوڵا حەسەنزادە وەک سەرنووسەری «کوردستان» وەک مامۆستایەکی زمانی کوردی بۆ هەموومان و ئەوانەی بە جیلی نووسەرانی «کوردستان»ی ئەو دەم دادەندرێن وەک ڕۆژی ڕوون، ڕووناکە. حاشاکردن لە ڕۆڵی مامۆستایانەی حەسەنزادە لە فێرکردنی ڕاست نووسینی زمانی کوردیدا، تەنیا سپڵەیی و خۆدزینەوەو بازدان بە سەر ڕاستیدایە.

ئێمە لە قەندیل، لە «بۆڵێ» هەر مانگێک چەند جار بۆ «کوردستان» کۆدەبووینەوە و لە دوای هەڵبژاردنی تەوەرەکانی نووسین لە یەکەم کۆبوونەوەدا، ئیتر کارمان بە خوێندنەوەی وتاری یەکتری، هەڵەچنی و باس و مناقشەی سیاسی و زمانیی لە ماوەی چەند حەفتەیەکدا هەتا «کوردستان» دەچووە ژێر چاپ بەردەوام دەبوو. من پێش ئەوەی ڕێگەم بکەوێتە خانووە خنجیلانەکەی «کوردستان» لە دامێنی قەندیل، هاوڕێ و دۆستی نووسەرگەلێکی «کوردستان» بووم وەک قادر

وریا،هەیاس کاردۆ و برایم لاجانی. لە پاڵ کارکردنم لە نەخۆشخانەی ئازادیدا هەر دەرفەتێکم وەگیر کەوتبا ئەوە خۆم لە لای هاوڕێیانی «کوردستان» و ڕادیۆ «دەنگی کوردستان» دەدیتەوە. هەر ئەم تێکەڵاوەییە لە گەڵ ئەو هاوڕێیانە وای کرد کە زنجیرە بەرنامەیەکیشم لە سەر شێعری هەورامی بۆ «کۆلکە زێڕینە» نووسی. بێجگە لەوەش ئێمە ئەو چەند هاوڕێیە پێکەوە لە گوندی «ئێندزێ» دەژیاین و زۆربەی ئێوارانی بەهار و هاوین و شەوانی پاییز و زستان یان بە دەم پیاسەکردنەوە یان شەونشینی و سەردان و چایخواردنەوەو میوانی لە ماڵی یەکتری هەم دیسان بە باسی «کوردستان»، «تێکۆشەر»، «دەنگی کوردستان» و هێندێک جاریش «لاوان» دەمانبردە سەر.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نووسینی ئەو سەردەمە ئەوە بوو،نووسین هەبوو بەڵام نووسەر نادیار بوو. ئەمەش نەریتێکی شۆڕشگێڕانەی خۆبەخشانە بوو کە دەبوا هەموو کەس لە سەرنووسەرەوە بگرە هەتا خوارێ ڕەچاوی بکەن. تێکڕای وتارەکان بە بێ واژۆ بڵاودەکرانەوە، بێجگە لەوە مەگەر تەنیا تێکستێک بکەوتبایەتە نێو چوارچێوەی ئەدەب و نووسەرەکەی دیار با. ئێمە هەموومان سەربازی ونی «کوردستان» بووین و بەو پێداچوونەوەو سەرەنجە مووقڵێشانەی زمانی کوردی مامۆستا حەسەنزادەش، ئیتر کەم کەس دەیتوانی شێوازی نووسینی وتارەکان لێکجیا بکاتەوەو خاوەنی وتارەکان بناسێتەوە. حەوجێیە ئەوەش بدرکێنم کە من جار نە جار لە ژێر واژۆی وەک «ماکوان»، «س. ماکوان» و «س. گ ماکوان» نوسینم لە بڵاوکراوەکانی ئەو دەمی حیزبدا بڵاودەکردەوە. هەرەس و نەهامەتی لە قەندیلی هەڵکەندین و «کوردستان»ی هەڵداشتە قەڵای کۆیە. «کوردستان» لە بڵاوکردنەوە نەوەستا بەڵام نووسەرانیی پرش و بڵاوبوون و چارەنووس هەر یەکەی هەڵداشتە وڵاتێک.

پەر ئولوف سوندمان چیرۆکنووسی بەڵگەیی سویدی لە ساڵی ١٩٦٧دا ئەو ساڵەی من لە دێیەکی بچکۆلانەی ٦٧ ماڵی بە ناوی چرۆسانە لە بناری شاهۆ لە دایک بووم، چیرۆکێکی بە ناوی «سەفەری ئاسمانی ئەندازیار ئاندرەی» لە سەر سەفەری بە باڵۆنی سالۆمۆن ئاگوست ئاندرەی بۆ چاوگەی باکووری بڵاو کردەوە. ڕووداوی ئەم چیرۆکە ئەگەرچی لە کۆتایی سەدەی ١٨٠٠ دا ڕووی دابوو، بەڵام سودمان ١٥٠ ساڵێک دواتر بە پشت بەستن بە بەڵگە مێژوویەکان داستانی چیرۆکەکەی خۆی لەسەر سەفەرەکەی سالۆمۆن بە باڵۆن بۆ چاوگەیی باکووری داڕشت. ئەم چیرۆکە ئەوەندە کەوتە بەر سەرنجی خوێنەران و پێشوازییەکی بەو شێوەیەی لێکرا کە چەند ڕەخنەگرێکی سویدی لە نرخاندن و هەڵسەنگاندی چیرۆکەکەدا نووسیان ئەم چیرۆکە ئەوەندە لە فاکت و بەڵگەکانەوە نزیکە کە تەنیا وێنەی قارەمانی نێو چیرۆکەکە واتە سالۆمۆن ئاندرەی لە چیرۆکەکەدا بڵاو نەکراوەتەوە.

منیش بۆ ١٦ ساڵ دەچێ هیچ پێوەندییەکم بە »کوردستان» نەماوە بەڵام وەک زمانی کوردی، سینتاکس، ڕێزمان و وشە پاراوی هەتا ئێستاش لە نووسینەکانمدا و لە سەرجەم ئەو ١٦ کتێبەی لە ماوەی ئەم ساڵانەدا لە سوید و لە کوردستان بڵاوم کردۆتەوە، بە شوێن پێی «کوردستان» و ڕۆحی زمانی کوردی «کوردستان»دا ڕۆیشتووم و لە زمانی کوردی و

لەڕێنووسی «کوردستان» لام نەداوە. وادیارە بە سەرهاتی زمانی کوردی نووسینی من و «کوردستان» و سەفەری ئاسمانی ئەندازیار ئاندرێی بۆ باکووری جیهان و چیرۆکی بەڵگەیی هەمان سەفەر یەک چارەنووسیان هەیە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانیۆیری ٢٠١٣

---

## «کوردستان» لە قۆناخی گواستنەوەیەکی هەستیار دا



مستەفا شێخە

لە بەرەبەری دەرچوونی ژمارە ٦٠٠ی ڕۆژنامەی کوردستاندا، دەکرێ لە زۆر بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و ئەتنیک و شێوازەکانی ڕۆژنامەگەرییەوە، چاو بە تەمەنی دەیان ساڵەی ئەم ڕۆژنامەیەدا بخشێنینەوە و پسپۆڕانی بواری مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی پێیدا بچنەوە و ئەزموونەکانی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بکەنە تێشووی ڕۆژنامەنووسان و سیاسەتمەداران و بزاڤە سیاسییەکان.

وێرای ئەوەی دەکرێت خەباتی دەیان ساڵەی کوردستان و دانە دانەی ژمارەکانی، وەک بەڵگەنامەی قۆناخەکانی خەباتی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەیریان بکرێت، ئەم ڕۆژنامەیە وەک پێشاندەری ڕەوتی پەروەردە و گەشەکردنی ڕێنووسی کوردی و گۆڕانکاری و خۆ بەرهەم هێنانەوەی زمانیش جێگەی سەرنج و هەڵوێستەیە.

پێداچوونەوە بە لایەنە جیاوازەکانی کوردستان لە وتارێک و تەنانەت کتێبێکیشدا بە زەحمەت دەگونجێت. لەم سووکە ئاوڕەدا ئاماژە یەکی کورت بە گرنگیی زمان و ئەرکی کوردستان دەکەم و پەنجە دەنێمە سەر پێداوستیی درێژە پێدان و

بەردەوامیی لەم هەلومەرجەی ئێستادا. لێرەدا تەنیا لە گۆشە نیگای ڕوانین بۆ بەشی زمان، چاوێک بە کوردستاندا دەخشێنم و باس لە گرنگیی پێداویستیی گواستنەوەی بۆ جیهانی ئینترنێت دەکەم.



تا ئەم دواییانە کە چەند ناوەندێکی ئەکادیمیی پەروەردەی ڕۆژنامەنووسان و هەروەها دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار لە بەشێکی بچووکی کوردستاندا چالاک بوون، ڕۆژنامەی کوردستان لە کاتی لەدایک بوونیەوە، بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکەم سەرچاوەی پەروەردەی ڕۆژنامەنووسان و پەرۆشانی زمانی کوردی بووە. بەرلەوەی جیهانی مەجازیی ئینترنێت دەرگای بەڕەو کوردستان بکاتەوە، لە هەموو هەلومەرجێکدا سەرچاوەیەکی گرنگی خوێنەرانی و پەرۆشانی زمانی کوردی بووە. لەو کاتە کەمخایەنەدا، کوردستان بە ئازادی و لەنێو کۆمەڵانی هۆگریدا دەردەچوو، بەهۆی نەبوونی دەرفەتی مادیی هەراو و ئامێری چاپ و بڵاو کردنەوە، بە تێرایی خواستی هۆگرانی بڵاو نەدەکرایەوە و لەو کاتانەشدا کە وەک ڕۆژنامەی شاخ سەیری دەکرا و خوێنەرانی ڕەوانەی بەندیخانەکانی ڕژێمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی دەکران، هەر بە زەحمەت دەستەملانی خوێنەرانی تامەزرۆ دەبوو.

دونیای مەجازیی ئینترنێت لە کاتێکدا پەیوەندیی دوولایەنەی خوێنەران و کوردستانی ئاسانتر کردوە و بەشێک لە نووسەرانی «کوردستان» دەتوانن لە شوێنە دوورەدەستەکانەوە ڕۆژنامەکە دەوڵەمەندتر بکەن و ڕۆژنامەکەش بە ئاسانی لە فایلی پی.دی.ئێفدا دەگاتە دەستی خوێنەران، لەم کاتەدا زیاتر هەست بە پێویستیی بوونی کوردستان دەکرێت.

سەرەڕای ئەم خێروبێرەی ئینترنێت بەم جۆرە بە کوردستانی گەیاندوە، لەلایەکی دیکەوە زیانباریشی کردوە. ئینترنێت نووسەران و خوێنەرانی بەناو تۆڕە بەرین و هەراوەکەیدا بە چەشنێک بڵاو کردووەتەوە کە لە لایەک بەرخوێندنەوەی ئەم هەموو بابەتە زۆرانەی ناو ئەم جیهانە مەجازییە ناکەون و لە لایەکی دیکەوە بەهۆی زۆریی جێگەی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی نووسەران، زۆرجار نووسەرانی نزیک لە ڕۆژنامەکەش، یان بابەتەکانیان لە ماڵپەر و وێبلاگ و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاو دەکەنەوە و یان بەرلە بڵاوکردنەوەیان لە «کوردستان»دا، لەو شوێنانەدا چاومان پێیان دەکەوێت.

دیارە چەنگ قوچاندن و بەرەنگار بوونەوەی ئەم جیهانە مەجازییە نە کارێکی باشە و نە لەدەست کەسیش دێت. ئەوەی

لێرەدا پێویستە، ئەوەیە لە کاتێکدا هەست بە پێداویستیی مانەوەی کوردستان دەکرێت، دەبێت خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانە گەورەیەدا رێک بخات و بۆ بەردەام بوونی رێگە و شێوازی نوێ تاقی بکاتەوە.

جیهانی ئێنترنێت، گەرچی لە هەموو بوارێکەوە سوودی زۆری لێکەوتووەتەوە، لە بواری رۆژنامەگەریشەوە وێڕای سوودەکانی زیانیشی بەم بوارە گەیاندوە. بەتایبەت زمانی کوردی کە زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە و دام و دەزگایەکی چاودێری خاوەن دەستەڵاتی لە پشت نییە، ئینترنێت بەهۆی ئازادیی رەهای بەکاربەرانی بووەتە مەیدانی تەراتێنی زانا و نەزان و ئەگەر قەڵەمی تاکە تاکەی نووسەرە باشەکان نەناسین، سەردەرکردن لەم جیهانە پڕ باش و خراپە، گێژمان دەکات و ئێمەش دەبینە شەریکی سەقەت کردن و خەساندنی یەکجارەکیی زمانەکەمان کە پێناسەی هەرە گرنگیی نەتەوەیە.

رۆژنامەی «کوردستان» لەماوەی ئەم دەیان ساڵەی رابردوودا، سەلماندوویەتی پێشڕەوی فێرکردن و گۆڕان لەزمانی کوردیدا بووە، بەڵام ئەم دواییانە، ئەویش لەژێر کاریگەریی ئێنترنێتدا رەسەنایەتیی زمانەکەی هەندێکجار تووشی کێشە بووەتەوە. زمانی کوردی بە دارِشتنەکەیەوە کە لە کۆنەوە کۆمەڵانی هەراوی داهێنەرانی زمانەکە بنیاتیان ناوە و بە پێی پێداویستیی کەلتووری کوردی، گۆڕانیان تێدا کردوە، ئێستا بە هۆی وەرگێڕانی سەقەت لە لایەن بەشێکی زۆر کوردینەزانانەوە خەریکە تووشی شێوان دەبێت و لە خوێندنەوەی زۆر بابەتدا هەست دەکەی زمانەکەت پاشکۆی سەقەت و لەباربراوی زمانێکی دیکەیە. جاروبار ئەم دیاردە مەترسیدارە بە هێندێک لە بابەتەکانی کوردستانیشەوە دەبینین کە لەم نووسینە و لەم بۆنەیەدا دەرفەتی زەق کردنەوە و دەستنیشانکردنیان نییە.

بۆ بازدان و پەڕینەوە بە سەر ئەم تەنگژەیەدا، پێویستە جارێکی دیکە «کوردستان» خۆی پەیت بکاتەوە و وێرانی مانەوە و بەردەوامبوونی لە سەر کاغەز، دەبێ لە دنیای مەجازیشدا وەک جاران سینگ بداتە بەرەوە. پێویستە تەنیا لە نوسخەی «پی. دی. ئێف»دا بڵاو نەکرێتەوە، بەڵکوو ماڵپەرێکی تایبەتیی بۆ تەرخان بکرێت و دیزانێرە دەست رەنگینەکان بە دارِشتنی بیچمێکی شیاو، ماڵپەڕەکەی بڕازێننەوە. وێرای هەردوو جۆرەکەی سەر کاغەز و پی.دی، ئێف، بابەتەکانی بە فۆرمەتی وۆرد بڵاو بکرێنەوە و ئەودەم دەکرێت بە سکان کردنی ژمارەکانی بەرلە سەردەمی ئینتەرنێتیش، ماڵپەڕەکە دەوڵەمەند تر بکرێت. نووسەرانی کوردیزان لایان لێبکرێتەوە و ئەوەی کە «کوردستان» ئۆرگان و مینبەری دەربڕینی سیاسەتەکانی حیزبیشە، کار نەکاتە سەر لایەنی زمان و پاراستنی رەسەنایەتیی زمانەکە. دیارە پاراستنی رەسەنایەتی بەو مانایە نییە کە زمان لە جێگەی خۆیدا چەق ببەستێت، گەشە نەکات و لەگەڵ ویستی سەردەمدا خۆی بەرهەم نەهێنێتەوە، بەڵکوو پێویستە لە نێو کەلتوور و پێکهاتەی تایبەتیی زمانی کوردیدا دەرفەتەکانی خۆبەرهەم هێنانەوە و گەشە کردن بدۆزرێنەوە و کاریان بۆ بکرێت. دیارە «کوردستان» ئەوەندەی لەدەستی هاتوە و دەرفەتی بووە ئەم کارەی کردوە. ئەگەر سەیرێکی وشە و رێنووسی ژمارەکانی سەرەتای دەرچوونی «کوردستان» بکەین و لە گەڵ ئەوانەی ئێستادا هەڵیان سەنگێنین، نووسەران و دەستوپێوەندەکانی «کوردستان» ژمارە بە ژمارە و ساڵ بەساڵ بە وشیارییەوە ئەم گۆڕان و

پێشکەوتنەیان سەپاندوە. بە تایبەت جێگەی پەنجەی راهێنەرانی ئەم ئەکادیمیە بچووکە لە سەر بەشێک لەو رۆژنامە گۆڤارانەی هەرێمی ئازاد کراوی کوردستانیشدا بە چەشنێک دەبینم کە ئەو کەسانەی قەڵامیان لە بابەتەکانی رۆژنامەی «کوردستان» دا لێداوە یان بە چەشنێک پەیوەندیان بە کوردستانەو بووە، لەم ناوەندانەشدا بۆنی «کوردستان»یان پێوە. لە کۆتایی دا هیوادارم ماڵە دوولەتەکەی «کوردستان»یش یەک بگرێتەوە و لە کاتی دیاریکراودا «کوردستان» لەیەک ژمارە و لە یەک ماڵپەر و لە یەک پی.دی. ئێفدا دەربچێت.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## تێکۆشان لە «کوردستان»دا، شانازییەک کە بە نسیبی منیش بووە



**کامران حەدداد**

وێڕای پیرۆزبایی گەرم لە نووسەران و کارگێڕانی ماندوونەناسی رۆژنامەی «کوردستان». خۆشحاڵم کە یەکێکم لەو کەسانەی کە شانازیی ئەوەم بە نسیب بووە ماوەیەک لە بەشی چاپەمەنی دا لە خزمەت رۆژنامەی «کوردستان» دابووم. ماوەی تێکۆشانی من لە رۆژنامەی کوردستان دا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٣٧٨ - ١٣٧٢. کاتێک من دەست بەکار بووم هیچ تەجروبەیەکم لە بەشی تایپ و تەکسیر دا نەبوو، بەڵام بە هۆی ئەلاقەی زۆرم بۆ کاری تەکنیکی لە لایەک و هەروەها ماموستایەتی و تەشویقی کاک جەعفەری شەریعتییەوە لە لایەکی ترەوە توانیم لە ماوەیەکی کورت خۆم فێری کارە جۆراوجۆرەکانی بەشی چاپەمەنی بکەم. ئەو کات رۆژنامەی «کوردستان» بە کەمترین ئیمکاناتی تەکنیکییەوە تایپ و چاپ دەکرا، بۆیە زەحمەتێکی زۆری دەخستە سەر شانی کارگێڕانی فەنییەوە. ئەودەم تازە بناری قەندیلمان بەجێ هێشتبوو و لە دەشتی کۆیە جێگیرببووین. بەخۆشی‌یەوە زۆری نەخایاند کە رۆژنامەی «کوردستان» هێندێک کەرەسەی تەکنیکیی وەک کامپیوتەر و دەزگایەکی ئۆفسێتی بۆ دابین کرا. ئەویش بە هۆی پێداگریی بەرپرسی بەشی فەننی واتە کاک جەعفەر و

هەوڵ و هیمەتی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە کە بەرپرسی کۆمیسیۆنی ئینیشارات بوو. ئەوە بوو بە دەستپێکی قۆناغێکی تازە لە ژیانی رۆژنامەی «کوردستان»دا و گۆڕانێکی بەرچاو بەسەر تایپ و چاپی ئەو رۆژنامەیە دا هات و «کوردستان» توانی بە سیمایەکی جوانتر خاناترەوە بگاتە بەردەستی ئۆگرانی. لە سالی ١٣٧٣ بۆ یەکەم جار توانیمان بە بۆنەی نەورۆزەوە سەربەرگێکی تەواو رەنگی چاپ بکەین. جێگای خۆشحاڵی‌یە کە ئێستا دەبینم کە کوردستان تەواو رەنگییە و مانگی دوو جاریش دەردەچێ.



هەر لەو سەردەمە دا نێوەرۆکی کوردستانیش وردە وردە ئاڵ و گۆڕی بەرچاوی بەسەردا هات بۆ نموونە بەشی ئەدەب و هونەریشی لێ زیاد کرا. ئیستا بە خۆشی‌یەوە دەبینین کە ئەو رۆژنامەیە بایەخێکی زیاتر بە کێشەکانی نێو کۆمەڵگا دەدا، کە ئەوش دەبێتە راکێشانی خوینەری زیاتر و کەسانی زیاتر خۆیان و کێشەکانی خۆیانی تێدا دەبیننەوە. سەرەرای ئەو گۆرانکاری‌یانە کە جێگای خۆشحاڵین، لەسەر ئەو بڕوایەم کە رۆژنامەی «کوردستان» دەبێ گرینگی زیاتر بدا بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، دەورێکی زیاتری لە رەوتی دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگای کوردی دا هەبێ و بابەتی زیاتر دەربارەی مافی تاکەکان، مافی ژنان، مافی مندالان لە کۆمەلگدا تێیدا بڵاو بکرێتەوە.

لە ماوەی تێکۆشانم دا بێجگە لە رۆژنامەی «کوردستان» کە مانگی جارێک دەردەچوو، نامیلکەی «تێکۆشەر» و گۆڤاری «تیشک» یشمان دەردەکرد. یەکیک لە کارە گەورەکانی سەرەمی تێکۆشانم کە زۆری شانازیی پێوە دەکەم کتێبی «نیوسەدە تێکۆشان»ی مامۆستا عەبدولا حەسەنزادەیە کە لە ماوەیەکی کورتدا بە چاپمان گەیاند ئەویش بەو هۆیە کە دەبوو بۆ جێژنی پەنجا ساڵەی حیزبە خۆشەویستەکەمان ئامادە بکرێ، کە بەخۆشییەوە بە هەڵ و تێکۆشانی هاورێیان ئەو ئەرکەمان لە کاتی دیاریکراو دا بە ئەنجام گەیاند.

لە کۆتایی دا جارێکی دیکە بە بۆنەی دەرچوونی ٦٠٠مین ژمارەی رۆژنامەی کوردستانەوە پڕ بەدل پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبەکەمان دەکەم بە تایبەتی کارگێڕانی ماندوو نەناسی رۆژنامەی «کوردستان».

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

# رۆژنامەی «کوردستان» و روانگەی پێشمەرگەیەکی دێرین



فەتاح کاویان

نوسەرانی بە ئەمەگی رۆژنامەی کوردستان، بە بۆنەی بڵاو بوونەوەی شەشسەدەمین ژمارەی دەورەی ئێستای رۆژنامەکەمان، «کوردستان» بە گشت ئەندامانی لە مێژینە و نوێی حیزب، بە تایبەتی بە گرووپی نووسەران و ئەندامانی بەشی چاپەمەنی، لە ناخی دەروونەوە پیرۆزبایی دەڵێم و سەرکەوتنی هەرچی زیاتریان لە پێناو ئەو خزمەتە گرینگە دا بە ئاوەت دەخوازم.

هەروەها بە ئەرکێکی پێویستی دەزانم کە ئاماژە بە ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب بکەم کە لە نوسینی بابەتی جۆراوجور، یان بە پێچەوانە، زەحمەتێکی زۆریان کێشاوە و لە ئاکامدا گەلە بەرهەمێکی یەکجار زۆر باش و گرینگیان خستۆتە بەردەستی خۆێنەرانی رۆژنامەکەمان.

یەکێک لە سەرنووسەران و بەرپرسی بەشی چاپەمەنی دوکتور «صادق شرفکەندی»ی شەهید بوو کە لەو پێناوە دا زەحمەتێکی زۆری دەکێشا. شەهیدی ناوبراو لە ساڵی ۵۹ وە، بێجگە لە بەرپرسایەتیی رادیو، ئەرکی گرانی سەر پەرستیی رۆژنامەی کوردستانیشی وە ئەستۆ گرتبوو.

دوای کۆنگرەی پێنجەمی حیزب، ئەو ئەرکە خرایە سەر شانی من، ئەرکێکی کە بەراستی بۆ من بارێکی گران بوو، بەڵام دەستەی نووسەران کە لە ئەندامانی کارلێهاتووی رێبەرایەتیی حیزب پێک هاتبوون، بەرەو پێشبردنی ئەم ئەرکە دژوارەیان بە لێزانی و دڵسۆزییەوە بەرێوە دەبرد. ئەو هاورێیانە بریتی بوون لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، مامۆستا گۆران، کاک ئەنوەر سوڵتانپەنا و ماموستا عاشق.

هەر لە سەرەتاوە وتارێکی کە چەند کەسێک لە بەرپرسانی حیزب، بە تایبەتی دوکتور قاسملووی شەهید، بە فارسی

دەیاننووسی، ئەرکی وەرگێرانیان بۆ سەر زمانی کوردی لەسەر شانی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە بوو، لە ئاکامدا داوام لە کومیسیونی سیاسی نیزامی کرد مامۆستا عاشق، کە کوردی زانێکی بە توانا بوو، بدەن بە بەشی چاپەمەنی، زیاتریش مەبەستم ئەوە بوو کە باری قورسی وەرگێرانی نوسەرەکان لە فارسییەوە بۆ کوردی لە سەر شانی مامۆستا حەسەنزادە تا رادەیەک کەم بێتەوە.



لە کۆتایی ساڵی ١٣٦٦دا، کاک قادر وریا بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەران و هەر لە سەرەتاوە بەرپرسایەتیی جۆراوجۆریی لەم رۆژنامەیە کەوتە سەر شان لەو کاتەوە هەتا ئێستا ئەرکی جۆراوجۆری لەسەر شان بووە وبە دڵسۆزی و کارلێهاتوویەکی باشەوە بەرێوەی بردوە.

بابەتێکی تر کە بە پێویستی دەزانم ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە هەر بابەتێکی کە لە رۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاو دەکرێتەوە، دەبی لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە لە کونگرەکانی حیزبدا پەسەند دەکرێن بێتەوە و نابێ راست بە پێچەوانەی بریارەکانی کۆنگرە بن. دیارە ئەمە بەم واتایە نییە کە دەربرینی بیرو بروای جیاواز لە ناو حیزبدا پێشگیری لێدەکرێ. چونکە هەر ئەندامێکی حیز دەتوانێ، بە تایبەتی لە کونگرەکانی حیزبدا، بیر و روانگەی جیاوازی خۆی بە بێ هیچ چەشنە گیروگرفتێک دەرببرێ. بەڵام، دوای تەواو بوونی هەر کونگرەیەک و هەر چەشنە بیروڕایەکی نوێ لە لایان زۆربەی ئەندامانی بەشدارەوە پەسەند بکرێت دەبێ گشت ئەندامانی حیزب وە ئەستۆی بگرن و بە تایبەتی لە دەرەوەی حیزب پشتیوانی لێ بکەن. دیارە، لە ناوخۆی حیزبدا هەموو ئەندامان لە کاتی کۆبوونەوەی ئۆرگانەکانیان، دەتوانن روانگە جیاوازەکانیان راستەوخۆ باس بکەن و ئەگەر زۆربەی ئەندامەکان پێیان دروست بێ، لە رێگەی بەرپرسی ئورگانەوە بە ئاگاداریی رێبەرایەتیی حیزب دەگەیەندرێ و لە ئاکامدا لە رۆژنامەی «کوردستان» دا بڵاو دەکرێتەوە.

بە کورتی، رۆژنامەی «کوردستان» پیشاندەری روانگە و بیروبڕوای زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەندامانی حیزبە و هەر بۆیەش بە راشکاوی دەتوانین بڵێین نموونەیەکی تەواو لە دیمۆکراسی و ئوسوولە بنەرەتییە کانییەتی.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

# ڕۆژانی من و ڕۆژنامەی «کوردستان»



کۆسار فەتاحی

ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی حزبی دیموکرات یەکێک لەو دەگمەن ڕۆژنامە کوردییانەیە کە ساڵەکانی تەمەنی باڵیان بە سەر چەندین نەوەی نێو شۆڕشی کورد لە ئێران دا کێشاوە. هەر لە نەوەی سەعید ناکامەوە بگرە تا دەگاتە شەفیع ڕەوشەنی. لە تایپێکی دەستییەوە تا پێشکەوتووترین تیکنۆلۆژیای ڕۆژنامەنگاری دەستیان لە سینەی کوردستان گیر کردووە و سادەترین پیت چنەکان جێگایان بۆ خێراترین کیبوردەکان چۆڵ کردووە بەڵام بە درێژایی ئەو ڕێگایە کوردستان هەر ڕێبوارێک بووە دوور لە مەنزڵگە. گەلێک چاویلکە شان بە شانی لەدایکبوونی لاپەڕەکانی تیشکی چاوی گەورە قەڵەم بە دەستانی ئەم میللەتەیان بۆ سەر وشە بە وشە و ڕستە بە ڕستەی پەیامەکانی ئەم ڕۆژنامەیە گواستۆتەوە. زۆر سەری پڕ کتێب ئاودێری ئەم پیرە دارەیان کردووە و بێ ئەژمار چاو تامەزرۆی خوێندنەوەی دەنگ وباسەکانی تاکە بڵاوکراوەی ڕەسمی حزبی دیموکرات بوون. داستانی لە دایکبوون و ژیانی ڕۆژنامەی کوردستان پڕە لە دیمەنی تاریک وروون و نەسرەوتن و ڕێگا بڕین.

بۆ من وەک یەکێک لە کادرەکانی ئینتشارات کارکردن لە ڕۆژنامەی کوردستان ئەزموونێکی نوێ بوو لە کاری ڕۆژنامەگەری و بێ گومان کاریگەریی خۆی لە سەر من هەبوو. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی کوردستان ئەوە بوو کە ئەم بڵاوکراوەیە هاوکات لەگەڵ ئەوەی وەک ڕۆژنامە خۆی ناساندبوو، زمانحاڵی ڕێبەرایەتیی حزبی دیموکراتیش بوو و هەر بەم پێیە ئەوەی لە دەستەی نووسەرانیدا کاری کردبێ زیاتر لە دەوروبەر لە فەزای زەینی و ڕوانینی ڕێبەرایەتیی ئەو حزبە بۆ دیاردە سیاسییەکانی دەوروبەر ئاگادار بووە. ڕۆژنامەی کوردستان مەکۆی لە دایکبوونی تەحلیل و تەفسیری ڕێبەریی حزب بووە بۆ شرۆڤەکردنی دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

بۆ من سەرنجڕاکێش بوو کاتێک دەکەوتمە نێو دانیشتنەکانی دەستەی نووسەران و جیا لە قسە وباسی هەمەلایەنە و

دەستنیشانکردنی گرنگترین پرسەکانی لەمەڕ حزب و گەل، هەر یەک لە ئەندامان دەبوا بابەتێک بۆ نووسین هەڵ بژێرێ. بۆ کەسانی وەک من ئاسان نەبوو وتارێکی سیاسی بنووسێ لە حاڵێکدا ئەزموونێکی وای لە بواری نووسینی سیاسی دا نەبوو. ئەو رۆژانە نە ئینترنێت هەبوو و نە کامپیوتەری شەخسی. رۆژنامە و بڵاوکراوە فارسی و کوردییەکان بە رێکوپێکی بە دەستمان نەدەگەیشتن. بەڵام بەوحاڵەشەوە لەبەروارد لەگەڵ هەلومەرجێکدا کە رۆژنامەی کوردستان لە قەندیل دەردەچوو، ئیمکاناتێکی باشتر و فەزایەکی ئارامتر بۆ کارکردن هەبوو. پێوەندیمان بە شارەکانی باشوورەوە زیادی کردبوو و ئاشنای ئەزموون و زانایی نووسەران و رۆژنامەنووسانی هەولێر و سلێمانیش بووین. بە جورئەت دەتوانم بڵێم کە نەوەی پێش راپەڕین لە باشوور خۆشەویستییەکی تایبەتیان بۆ کوردستان هەبوو. ئەمەش کاتێک بۆ من دەرکەوت کە بە بۆنەی سەدەمین ساڵی رۆژنامەنووسی کوردییەوە وێڕای هاورێ بەڕێزم مستەفا مەعرووفی بۆ دیداری رۆژنامەڤانی سەردانی هەولێرمان کرد و چەندین نووسەر و رۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆمان بینی کە بە گەرمییەوە بە دەممانەوە دەهاتن.

دوایین جار کە بۆ رێزگرتن لە یادی لە دایکبوونی کوردستان لەگەڵ نووسەران و کارگێڕانی ئینتشارات دا لە دەوری یەک کۆبووینەوە ١٣ ساڵی لێ تێپەڕیوە. ئەو کات رۆژنامەکە ٣٠٠ مین ژمارەی خۆی دەرکردبوو و من وەک یەکیک لە نووسەرانی رۆژنامەکە وێڕای کۆمەڵێک کەسی بە ئەزموون و ژمارەیەکیش هاوڕێی بە تەمەن گەنج و خاوەن توانا لە یەکێک لە ژوورەکانی قەڵای کۆیە ئێوارەیەکمان پێکەوە بردە سەر و رێزمان لەو یادە گرت. گۆڕانێکی جددی کە تا ئەو کات لە چۆنیەتی دەرچوون و بڵاوبوونەوەی بابەتەکاندا خۆی نیشان دابوو ئەوە بوو کە دەرفەتی وا رەخسابوو تا نووسەرانی وتارەکان ئیمزای خۆیان لە ژێر بابەتەکانیاندا دابنێن و ئەمەش هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ ئەوەی بەرە بەرە تاک بتوانێ بە ناوی خۆیەوە بابەت بڵاو بکاتەوە. لاپەڕەی ئەدەبیی رۆژنامەکە لەگەشەکردندا بوو و خەریک بوو جێگایەکی تایبەتی بۆ خۆی دەستەبەر دەرکرد. قسەکردن لە کردنەوەی لاپەڕەیەکی ئازاد بۆ ئەوەی رۆژنامەکە تا دەکرێ لیبراڵتر بێت خەریکبوو دەهاتە نێو قسە وباسەکان. هۆکاری بنەڕەتی بۆ گۆڕانی پوزەتیڤ لە لاپەڕەکانی رۆژنامەکەدا زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەم رۆژنامەیە لە بازاڕەکانی باشووری کوردستان دا بڵاو دەبوویەوە و لە راستیدا فەزای نێوخۆیی حزب وا دەخواست کە رۆژنامەیەکی کراوەتر هەبێ و هاوکاتیش گرنگی را و روانینی شارەزایانی بواری رۆژنامەڤانی لە باشوور لە سەر ئێمە کاریگەر بوو و رۆژنامەکەی بەرەو کرانەوەی زیاتر دەبرد. دەنا ئەمیش وەک باقی رۆژنامە حزبییەکانی دیکە تەنیا وەک ئۆرگانی رەسمی حزبەکە دەمایەوە و کەمتر دەپەرژایە سەر مەجالەکانی دیکە. هەڵبەت زەرفییەتەکانی رۆژنامەی کوردستان لە بنەڕەتدا ئەوەندە زۆر نین کە بتوانێ وەک رۆژنامەیەکی ئەهلی دەربکەوێ، چونکە بە هەر حاڵ زمانحاڵی حزبێکی سیاسییە، بەڵام بە حەقیقەت ئەوانەی لە رۆژنامەکەدا کاریان کردوە و ئێستاشی لەگەڵ بێ، لە چاو رۆژنامەی هەندێ حزبی دیکە گەلێک کراوەتر و بەرفراوانتر بیریان کردۆتەوە و هەر ئەمەش وای کردوە کە ئەم رۆژنامەیە بەردەوام خوێنەری خۆی هەبێ.

پێموابێ لە سەروبەندی ساڵی ٢٠٠٠ دا بوو کە ئیمکانی ئەوە دابین کرا تا لە مانگدا دووجار رۆژنامەکە دەربچێ. ئەمە لە

لایەک بۆ باشتربوونی ئیمکاناتی فەننی و تەکنیکی دەگەڕایەوە، لە لایەکی دیکەوە هەوڵی دووقاتی نووسەرانی رۆژنامەکە. لە رووی رەنگ و دیزانیشەوە بەرەبەرە روخساری رۆژنامەکە جوانتر دەبوو. بیر لە سایکۆلۆژیی خوێنەر دەکرایەوە و رەنگ خەریک بوو دەورێکی بەرچاوی بۆ تەرخان بکرێ تا خوێنەرێکی زیاتر بەرەو لای خۆی رابکێشێ. ئەو وردە گۆڕانانە ئارام ئارام رۆژنامەی کوردستانیان لە ئۆرگانێکی تەواو حزبییەوە دەگۆڕێ بۆ رۆژنامەیەکی تا رادەیەک کراوە. قەڵەم بە دەستانی دوێنێ لە نووسین دەکشانەوە و نەوەیەکی نوێ خەریک بوو دەبووە نووسەری کوردستان. بە گوێرەی ئەو دۆخە فەزای دانیشتنەکانی دەستەی نووسەرانیش گۆڕانیان بە سەردا دەهات. جاران توێژێک کاریان تێدا دەکرد کە لە رۆژەکانی سەختی خەباتی چەکداریدا نەیان هێشتبوو رۆژنامەکە تووشی وەستان بێت. بەڵام ئیتر ئەم توێژە کە بە زۆری ئەندامی کومیتەی ناوەندی یا کادرەکانی سەرەوە بوون ئارام ئارام دەستەی نووسەرانیان بە جێ دەهێشت. زمانی نووسینی رۆژنامەکە کە جاران بە شێوەیەکی یەکدەست و بە زۆری لە ژێر کارتێکەری چەند کەسێکی دیاری نێو حزبدا بوو، ئەمجارە سەلیقەی جیاواز و جۆری داڕشتن و ئەدەبیاتی تازەتر جێگای دەگرتەوە. نەوەی خەباتی شاخ بارهاتووی هەلومەرجێک بوون کە بە تەواوی جیاواز بوو لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی نەوەی نوێ لەگەڵیدا بارهاتبوو. لە راستیدا جیاوازییەکە لەوەدا بوو کە ئەوان قاڵبووی هەلومەرجی شاخ بوون و نەوەی دوای خۆیان لە نێو رێکخراوە مەدەنییەکانەوە بەرەو رۆژنامەی کوردستان دەهاتن و بەشێکیان ئەزموونی باشیان لە دانەدەرەوەی گۆڤار و بڵاڤۆکی خوێندکاریدا هەبووە. ئەمڕۆ کوردستان شەشسەدەمین ژمارەی خۆی بڵاوکردۆتەوە. ئەوەی ئێستا لە رۆژنامەی کورستان دا کار دەکا - ئەگەرچی بە سەر دوو رۆژنامەی هاوناودا دابەش بووە - بەڵام بە زۆری ئەو قەڵەم بە دەستانەن کە ئاشنای فەزای چاپەمەنییە کوردییەکانن.

بۆ من کە سالانێک لە ئینتشاراتی حزبی دیموکراتدا کارم کردووە رابردوویەکی پڕ لە بیرەوەریم لەگەڵ هاوڕێیانی دەستەی نووسەران و کادرەکانی بەشی فەنییدا هەیە کە رۆژگارێکمان بە تاڵ و شیرین پێکەوە گوزەراندوە. ئەندامانی ئینتشارات وەک بنەماڵەیەک وابوون و ئێستاش هەر کات لە هەر بۆنە و موناسیبەتێکدا یەکتر دەبینییەوە دڵمان بە دیداری یەک شاد ئەبێتەوە. یادی یەک بە یەکی ئەو هاوڕێیانە بە خێر کە سالانێکمان بە گەرمی و ساردییەوە لەگەڵ یەک بردە سەر. فەرهاد ئەکبەری دۆست و هاوڕێی ماندوونەناس کە شەوورۆژ سەری لە نێو کتێبە مێژوووییەکاندا بوو. قادر وریا کە هەمیشە بە دیققەتێکی تایبەتەوە لە پشت چاویلکەکانیەوە دێڕ بە دێڕی رۆژنامەکەی پێش چاپکردن دەخوێندەوە و حەوسەلەیەکی زۆری بە خەرج ئەدا تا رۆژنامەیەکی پوختە بێتە دەر. کاتێک خەزان دەبووە وەرزی حزب ئێمەش هەڵدەوەرین و جوانیمان نەدەما، بەڵام هەموو بەهارێک ناچاربووین سەوز بینەوە و هەمووان پێکەوە تابلۆی دیموکرات بنەخشێنین. ئارەزوو ئەکەم سەوزبوونەوەیکی دیکە بە دیموکراتەکانی دەشتی کۆیەوە ببینم و تابلۆیەکی نوێ لە جوانی و هاودەنگی بێتەوە نەخشین.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانیوێری ٢٠١٣

# هاودەمی ساتەوەختی لەدایکبوونی ئەم دەورەیەی «کوردستان»



ڕەحمان کاژەیی

ئاماژە: مامۆستا ڕەحمان کاژیی لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دیموکراتی کوردستانە. یەک لەو کەسانەیە کە لە ساتەوەختی لە دایکبوونی دەورەی ئێستای «کوردستان» لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ لە بەغدا، قۆڵیان لە خزمەتی ئەم ڕۆژنامەیە هەڵماڵیوە و تا کاتی ڕاپەرینی گەلانی ئێران و گەڕانەوەی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ هاوڕێی نەمر جەلال میراوەیی(عوسمان یەزدانپەنا) بە دوو قۆڵی زۆر لە کارە فەنییەکانی «کوردستان»یان گرتبووە ئەستۆ. »کوردستان» بە دوور لە وەفا و پێزانینی زانی لەم یادە دا، دێرینترین هاوڕێی خۆی، فەرامۆش بکا. مامۆستا کاژەیی، لە سەر داوای «کوردستان» بە خۆشحاڵییەوە ئەم چەند دێرەی بۆ ئەم یادە نووسی:

لە بیرەوەریی ٦٧ ساڵەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی «کوردستان» و هەر وەها لە بیرەوەریی ٤٢ ساڵەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی دەورەی ئێستای ئەم ڕۆژنامەیە(ڕێبەندانی ١٩٧١) سەری ڕێز بۆ سەرجەم دەستەی نووسەران و کارگێڕانی «کوردستان»، کە بەداخەوە زۆربەی هەرە زۆریان شەهید بوون یا کۆچی دواییان کردوە، دادەنوێنم.


لەو سەردەمەدا بەڕێوەبەرایەتیی حیزب لە هەلومەرجێکی زۆر ناسک و دژواردا، ئاوارە و دوور لە نیشتمان،بە دەسکورتی و لە فەزایەکی لە ڕاستی دا نائەمن دا دەژیا. بەڵام وەرەبەرز و هیوادار بە دوارۆژی خەباتی گەلەکەمان و شێلگیرلەسەر بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی حیزبە خۆشەویستەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە هەستکردن بە ڕۆڵی میدیا لە بەرەو پێشبردنی ئاستی زانیاریی کۆمەڵانی خەڵک لە لایەک و دەربڕینی هەڵوێستی حیزب لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا لە ڕێگای ڕۆژنامەی «کوردستان»ەوە لە لایەکی دیکە، بڕیاری دا ڕۆژنامەی «کوردستان» وەک ئۆرگانی ناوەندیی حیزب، چاپ و بڵاو بکاتەوە.

دەستەی نووسەرانی «کوردستان» لەو سەردەمدا ئەوەی لەبیرم مابێ، پێکهاتبوون لە دوکتور قاسملووی نەمر، مامۆستا

عەبدوڵڵا حەسەنزادە،کاک کەریم حیسامی، مامۆستا هێمن، کاک حەمەدەمین سیراجی، کاک هاشم کەریمی، کاک جەلالی میراوەیی ڕەحمەتی و هێندێ لە هاوڕێیانی دیکە.

دیارە وەک هەر رۆژنامەیەکی ئاسایی دیکە، دەستەی نووسەران (ئەوانەی حازر بوون) کۆ دەبوونەوەو هەرکەسە ئەرکێکی وەئەستۆ دەگرت و دوای چەند رۆژێک، سەرلەنوێ کۆبوونەوە دەکرا و دوای وتووێژ لەسەر بابەتەکان، ئامادەی چاپ دەبوو.

لە چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی «کوردستان»دا،سەرجەم ئەو هاوڕێیانەی باس کران، دەوری گرینگی خۆیان هەبوو. بەڵام لە ڕاستیدا قسەی کۆتایی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە دەیکرد. هەر بۆیەش رۆژنامەی «کوردستان» گوڵی کردبوو و لە نێو گشت رۆژنامە و بڵاوکراوە کوردییەکانی ئەو سەردەم دا کە ژمارەیان کەم نەبوو، نموونەی رەوانی و زمانپاراوی بوو. گشت بابەتەکانی بە زمانێکی سادە کە هەموو کوردێک بە باشی لێیان تێی دەگەیی دەنووسران و لە هەمووی گرینگتر،سەرەڕای گیروگرفتی زۆر و بەهانە پێگرتن و کۆسپ خستنە سەر ڕێگای چاپ و بڵاوکردنەوەی، «کوردستان» ئازادی و سەربەخۆیی خۆی پاراست و هیچ کاتێک نەچووە ژێر باری هیچ فشارێک و بیروڕای حیزبی دێموکڕاتی لە پێوەندی لەگەڵ حیزب و لایەنە کوردستانی و دەرەکییەکان و هەروەها مەسەلەی کورد بە گشتی، ڕاشکاوانە، تێدا چاپ و بلاو دەکردەوە.




پێم خۆشە لەم دەرفەتەدا ئاماژە بە زەحمەتی زیاتر و لە ڕادەبەدەری هاوڕێی شەهیدمان جەلال میراوەیی بکەم کە دەتوانم بڵێم پایەکی زۆر ئەساسی بوو لە دەرچوونی رۆژنامەی «کوردستان»دا. ئەگەر پیاو لە رووی بێ باسی خۆی بکا! ئەرکی تایپ و هاتوچۆی چاپخانەش وێڕای ئەرکی تایپو چاپ کردنی نامیلکەی نێوخۆیی «تێکۆشەر» بە تەواوی لە ئەستۆی من بوو، دەتوانم بڵێم ئەم کارانەشم وەک سەرجەم ئەرکە حیزبییەکانم بە دڵەوە ئەنجام دەدا.

بیرەوەریی زۆر تاڵ و شیرنم لە دەرکردنی ئەو کاتی رۆژنامەی «کوردستان» هەیە کە رەنگە نەکرێ لێرەدا باسیان بکەم. هیوادارم بواری ئەوە برەخسێ ئێمەمانان ئەوەی لە دڵمان دایە، بیهێنینە سەرکاغەز. بە هیوای ئەو رۆژە و ئازادی و سەربەستیی گەلەکەمان.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

# پیرۆزبێ هەڵبوونی مۆمی شەشسەدەمین ژمارەی «کوردستان»



سیامەک قەوی‌پەنجە

سەرەتا بە بۆنەی دەرچوونی شەشسەدەمین ژمارەی رۆژنامەی «کوردستان» گەرمترین پیرۆزبایی خۆم پێشکەشی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە چرای رۆژنامەی کوردستانیان هەتا ئەمڕۆ بە هەڵکراوی راگرتوە و لەو رێگایەدا لە هیچ تەنگ و چەڵەمە و نەبوونی و بێ دەرەتانی نەسڵەمینەتەوە. هەروەها هەزاران رێز و سڵاو پێشکەشی ئەو نەمرانە دەکەم کە لە سەرەتاوە هەتا دوایین چرکەکانی ژیانیان بە هەوڵ و ماندوویی خۆیان، رۆژنامەی «کوردستان»یان لەسەر پێ راگرت، بابەتیان بۆ نووسی یان لە چاپ و بڵاوکردنەوەی دا ئەرکیان وەئەستۆ گرت. ئازیزانێک کە هەرچەند لە نێوانماندا نەماون، بەڵام یاد و بیرەوەری و زەحمەت و تێکۆشانیان، نە تەنیا لەم بۆنەیەدا بەڵکو لە هەموو کاتدا لە نێو دڵی ئێمە و هەموو تێکۆشەرانی کورد و ئەویندارانی رۆژنامەی کوردستان زیندوو لەبەرچاوە ە. هەر لەم ژمارەیەدا لەسەر رۆژنامەی «کوردستان» زۆر نووسراوە کە نەک هەمووی بەڵکو بەشێک لە مێژووی ئەو رۆژنامەیەی لەخۆگرتوە. مێژوویەک کە هەر بەوەندە باس کردنی دەریدەخا کە «کوردستان» هەتا گەیشتۆتە ئەم ژمارەیە دەگەڵ چ کەندو کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەیەک بەرەوروو بووە. بەڵام جێی شانازییە کە سەرەڕای هەمووی ئەمانە، رۆژنامەی کوردستان لەو ئەرک و دەسەڵاتەی کە بۆخۆی دیاریی کردوە سەرکەوتوو بووە و هەم «کوردستان» و هەم هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە لەو رۆژنامەیەدا زەحمەتیان کێشاوە بەشیان بەو شانازییەوە هەیە.

بەڵام هەمووی ئەمانە نابێ ببێتە هۆی ئەوە کە ئەو کەسانەی کە لەو بەشەدا ئەرکیان وەئەستۆ گرتوە رازی بکا و لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ هەرچی باشتر چاپ و بڵاوکردنەوەی «کوردستان»دا - چ لەباری نێوەرۆکی بابەتەکان و چ لەباری شێوە و سیمای ئەو رۆژنامەیە - بوەستێنێ. مێژووی ئەو رۆژنامەیە هەتا زیاتر تێدەپەڕێ، ئەرکی زیاتر دەخاتە سەر شانی کارگێرانی «کوردستان». رۆژنامەی «کوردستان» دەبێ هەوڵ بدا تا ئەو جێگایە بۆی دەلوێ لە هەموو ئەمرازە پێشکەوتووەکانی راگەیاندن کەڵک وەرگرێ هەتا بتوانێ بەسەر ئەو بەربەست و خەفەقانەی کە دوژمنەکانی لەسەر رێگای

داناون زاڵ بێ و قسەی خۆی بگەیێنێتە ئۆگرانی. لە لایەکی دیکە دڵسۆزان و ئۆگرانی رۆژنامەی «کوردستان»یش - لە ژوورەوە و دەرەوەی وڵات - دەتوانن و دەبێ بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازە پێشکەوتووەکانی پێوەندی و، ناردنی راپۆرت و بابەتی جۆراوجۆر سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵی کوردستان بۆ رۆژنامەی خۆیان، ئەو رۆژانەمەیە و بەگشتی راگەیاندنی حیزب دەوڵەمەندتر بکەن.

لە کۆتایی دا، جارێکی دیکە رێز و سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەو تێکۆشەرانەی کە لەسەرەتای چاپ و بڵاوبوونەوەی «کوردستان» لەو رۆژنامەیەدا کاریان کردوە و ئێستا لە نێومان دا نەماون.

هەروەها سپاس و قەدرزانی پێشکەشی ئەو کەسانە دەکەم کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی تەمەنی «کوردستان» لەو رۆژنامەیەدا زەحمەتیان کێشاوە و، دەستی ئەو هاورێیانەش دەکوشم و ماندوو نەبوونیان پێدەڵێم کە ئێستا خەریکی بەرێوەبردنی ئەرکەکانیان لە رۆژنامەی کوردستانن.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## «کوردستان»ی چاپی باکۆ



ئامادە کردنی: قادر وریا

یەکێک لە دەورەکانی بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی «کوردستان»ی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەو دەورەیە کە لە باکۆی ئازەربایجان، چاپ و بڵاو بۆتەوە. سەرنووسەری ئەم دەورەیە، رەوانشاد د. رەحیم سەیفی قازی بووە. لە راستیدا، ئەم دەورەیەی رۆژنامەی «کوردستان»، بە هەوڵ و هیممەتی ئەو گرووپە لە لاوانی کورد کە کۆماری کوردستان، بۆ درێژەی خوێندن ناردبوونییە یەکیەتیی سۆڤیەت، دامەزرا و درێژەی پێدرا بە جۆرێک کە بۆ ماوەی ١٦ ساڵ بەردەوام بوو وزیاتر لە

١٣٠٠ ژمارەی لێ بلاو بۆتەوە. دیارە «کوردستان» لەم دەورەیە دا، نەک رۆژنامە یا بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ بەڵکوو لاپەڕێک بووە لە بڵاوکراوەی «اذربایجان»ی ئۆرگانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان. بۆ زانیاری وەرگرتن لە سەر ئەم دەورەیەی «کوردستان» پێوەندیمان بە لێکۆڵەر و زمانەوان بەڕێز حەسەنی قازییەوە گرت کە کوڕی نەمر د. رەحیمی سەیفی قازییە. بەڕێز قازی ئەم زانیارییانەی لەم پێوەندییە دا پی داین:

ڕۆژنامەی «کوردستان» کە بە پێی یاداشتی سەرنووسەرەکەی، ڕەحیمی قازی لە ساڵی ١٩٤٧ تا ساڵی ١٩٦٣واتە بۆ ماوەی ١٦ ساڵ، پتر لە ١٣٠٠ ژمارەی لێ بڵاو بووەتەوە. ئەو ڕۆژنامەیە وەکوو «اورگانی حزبی دیموکراتی کوردستان» لە لاپەڕەیەک دا بڵاو کراوەتەوە و لە سەرەوەی لە گۆشەی دەستی چەپ نووسراوە لە لایەن دەستەی نووسەران را دەر دەچیت دوایە لە نێوەڕاست دا بە خەتی درشت نووسراوە »کوردستان» و لە بن ئەو ناوە نوسراوە: «اورگانی حزبی دیموکراتی کوردستان» و لە کادرێک دا بەرە وە لای چەپی گۆشەی ڕاستی سەرەوەی ڕۆژنامەکە، ژمارە، ڕۆژی بڵاو بوونەوە، بەروار و مانگ و لە بنەوە ساڵی هەتاوی و لە بن ئەویش دا هاوتای ڕۆژ و مانگ و ساڵی زایینی هاتوە. ڕۆژنامەکە لە حەوتوو دا دووجار ڕۆژانی شەمە و چوار شەمە بڵاو کراوەتەوە.










لە باری تێکنیکییەوە ڕۆژنامەکە پیتچنی کراوە بەڵام چوکلە لە سەر و ژێری پیتەکان دا نییە.

لە بەر ئەوەی زۆربەی ئەندامانی دەستەی نووسەران خەڵکی ناوچەی موکریان بوون، ڕۆژنامەکە بۆن و بەرامێکی ئاشکرای موکریانی پێوە دیارە، ڕستەی کورت و هاسان لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەکەن و لەو ڕۆژنامەیە دا زۆر زاراوەی وەها دەبیندرێن کە پێشتر لە چاپەمەنیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا نەبوون. دەستەی نووسەران گەڵێک زاراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییان دارشتوە کە لە چاپەمەنیی دواتر دا ڕچەیان کوێر بووەتەوە و ئەوەش دەکرێ لە بەر بڵاو نەبوونەوە و نەگەیشتنی ئەو ڕۆژنامەیە بە خوێنەران لە کوردستانی ئێران بووبێ.
دەستەی نووسەران بەرنامەیەکی ڕادیۆییشیان بەڕێوە بردوە و وێدەچێ لە بەرنامە ڕادیوییەکان دا لە بابەتەکانی نێو «کوردستان» یش کەلک وەرگیرابێ.

بەڵگەیەکی گرینگ لە مەر هەڵسووڕێنەرانی «کوردستان» نامەیەکە (ڕەشنووسەکەی بەدەستەوەیە) بە ئیمزای دەستەی نووسەران کە لە ١٥ی مەی، ١٩٥٨ لە باکۆ ماوەیەکی کورت بەر لە هەڵوەشانی ڕێژیمی پاشایەتی لە عێراق بۆ مەلا مستەفای بارزانی نووسراوە.

نامەکە بە ئیمزای دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان»ە کە بە پێی ئەم بەڵگەنامەیە بریتی بوون لە:

١- عبدالله رزم آور

٢- رحیم قاضی

٣- قادر محمودزاده

٤- سلطان اوطمیشی

٥- علی گلاویژ

ڕەشنووسەکە بە پێی بەراورد لە گەڵ سەرچاوەی دیکە دەردەکەوێ بە خەتی «عەلی گەلاوێژ» نووسراوە. ئەو سەنەدە گرینگییەکی مێژوویی زۆری هەیە و دەبێ زیاتر شیتەڵ بکرێتەوە.

ئەوە بە باشی نازاندرێ کە مەلا مستەفا وڵامی چ بووە. بەڵام لە ساڵی ١٩٤٧ وە زۆربەی ئەندامی دەستەی نووسەرانی کوردستان لە چالاکییەکانی «فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان» دا بەشدار بوون و ڕەحیمی قازی دوو خول یەک لە دوو معاوینەکانی سەدری فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان و عەلی گەلاوێژ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووە. سەبارەت بەو حەولانەی کە لە سەرەتای پەنابردنی بارزانییەکان بۆ ئازەربایجانی شووڕەوی بۆ سازکردن و ڕێکخستنی ڕێکخستنێکی سەربەخۆی کورد دراوە زۆر کەم نووسراوە. لەو ساڵانەی دواییدا زرار دەرگەڵەیی لە بیرەوەرییەکانی دا ئاماژەیەکی گشتی بەو حەولە دەکا.
لە نێوەرۆکی ئەم نامەیە ڕا دەردەکەوێ کە تا ئەو دەمی (١٩٥٨) کوردەکانی عێراق و ئێران لە شووڕەوی ڕێکخراوەیەکی یەکگرتوویان نەبووە. بەڵام ئەوە باش زاندراوە لە زۆربەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان دا وەک حزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کاریان کردوە.

بەڕیز قازی دەقی ئەو نامەیەش کە لە لایەن دەستەی نووسەرانی «کوردستان»ەوە بۆ مەلا مستەفا نووسراوە، بۆ ئێمە ناردوە. هیوادارم بە یارمەتیی ئەم زانیارییانە و زانیاریی دیکە، لە دەرفەتێکی دیکە دا، ئاوڕێکی وردتر لەم دەورەیەی «کوردستان» بدەینەوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣


## مام عەلی گوڵی؛ نموونەی وەفا و خۆشەویستی بۆ «کوردستان»!



ئەوەی حەز و خۆشەویستیی نیشتمان و پێشەوا و کۆمار و دەیان ساڵ خەباتی پڕلەقوربانیدانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە دڵ دا بێت و بۆ خۆی یەک لە ئەندامانی کاروانی پڕشانازیی تێکۆشان بێت، ناتوانێ ڕۆژنامەی «کوردستان»ی خۆش نەوێت. مام عەلی گوڵی، تێکۆشەری دێرینی دیموکرات، دەزانێ «کوردستان» زمانحاڵی خەباتێکی ڕەوا و پەیامی بزووتنەوەیەکی گەورەیە، هەر بۆیە لە گەڵ ئەوەی بۆخۆی نەخوێندەوارە، وەک شتێکی پیرۆز دەڕوانێتە ڕۆژنامەی «کوردستان». هەر کە ڕۆژنامە لە چاپخانە دەگەڕێتەوە، هێشتا بەستەکانمان نەکردوونەوە کە مام عەلی دەگاتە سەرمان. ئەو کردوویە بە ئەرکی خۆی کە هەر جارەی دەیان نوسخەی ڕۆژنامە بە دەستی خۆی و زۆر جاریش بە پێیان دەگەیەنێتە دۆستان و ناسیاوانی خۆی لە شاری کۆیە. مام عەلی، بەهاری ڕابردوو، لە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا، بە بۆنەی ئەم وەفا و خۆشەویستییە بۆ «کوردستان»، لە لایەن کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، ڕێزی لێنرا. با ئەوانەی قەدری «کوردستان» نازانن، لە مام عەلییەوە، فێربن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

# با کۆڵەکەیەکی قایمی ڕۆژنامەی «کوردستان» زیاتر بناسین!



**هەیاس کاردۆ**

وادیارە ڕۆژنامەی «کوردستان» ئەمڕۆژانە جێژنی چەند جێژنی هەیە چونکە چەند بۆنەی جۆراوجۆری لێ کەوتوونەوە سەر یەک. لە لایەک ٦٠٠ ەمین ژمارەی لێ چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، لە لایەک ٦٧ ەمین ساڵی بڵاو بوونەوەیەتی و هەروەها ٤٢ ساڵ لە دەوری نوێی بڵاو بوونەوەی کوردستان تێپەڕ دەبێ. دەگەڵ ئەوانەش دا، ٢٥ ساڵ لە کاری بەردەوامی کەسێک ڕادەبرێ کە لەو ماوەیەدا زۆرترین زەحمەتی بۆ ڕۆژنامەی کوردستان کێشاوە و زیاترین بەرهەمی پێشکەش کردوە. بۆ هەموو ئەو بۆنانە و بۆ بەردەوامیی بڵاو بوونەوەی ڕۆژنامەی «کوردستان» پیرۆزبایی گەرمی خۆم پێشکەشی بەرپرسان، بەڕێوەبەران و کارگێڕانی ئەو ڕۆژنامەیە دەکەم و بۆ زەحمەت و ماندوو بوونی بێ بەرانبەریان سەری ڕێز دادەنوێنم.

ئەوانەی کاری ڕۆژنامەگەری دەکەن لە هەموو کەس باشتر دەزانن بۆ نووسین، چاپ و بڵاو کردنەوەی تاقە یەک ژمارەی ڕۆژنامە چ زەحمەت و ماندوو بوونێک پێویستە. جا بۆ کەسێک کە بەردەوام و بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر ئەو کارە بکا دەبێ ئەو زەحمەت و ماندوو بوونە هەتا چ ڕادەیەک بێ؟ تێکۆشەر کاک قادر وریا کەسێکە لەو بارەوە سنووری ماندوو بوونی بڕیوە و لە دیواری بەرزی زەحمەت و تێکۆشان وەسەر کەوتوە. بە بۆنەی ٢٥ ساڵ کاری بەردەوامی کاک قادر بۆ ڕۆژنامەی «کوردستان» کە بەشی زۆری ئەو ماوەیەش بەرپرسایەتیی گرینگی تێدا هەبووە، بە پێویستی دەزانم باسێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکەم و بە چاوی ڕێزەوە لەو ٢٥ ساڵە بڕوانم کە ناوبراو ژیان و توانای خۆی بۆ تەرخان کردوە.

ساڵەکانی دەیەی شەستی کۆچی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کە مەیدانی خەباتی چەکداری گەرم بوو و ژیانی تێکۆشەران لە مەترسیی دایمیی دا بوو، نووسین بۆ ڕۆژنامە، ئەویش بۆ ڕۆژنامەیەکی حیزبی کارێکی هاسان نەبوو. چونکە لە لایەک بە نەبوونی ئەمنییەتی گیانی، نووسەر نەی دەتوانی بە مێشکێکی ئارامەوە دەستبداتە قەڵەم و ئەوەی دڵی دەخوازێ بیهێنێتە سەر کاغەز. تەنیا ئەو کەسانە لە قووڵیی ئەو گرفتە حاڵی دەبن کە وەک کاک قار وریا ژیابن و سنووری نێوان مەرگ و

ژیانیان تەنیا هەنگاوێک بووبێ. لە لایەکی دیکەوە نەبوونی ئیمکانی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو گرفتێکی دایمیی بۆ نووسەر بوو کە دەکرێ بڵێم نووسەری ئەوکات نەی دەتوانی زۆری ئاگا لە دنیای دەوروبەری خۆی بێ. لەو ساڵانەدا، بەناچار بەشی زۆری نووسینەکان یان بۆ ئەو باسانە تەرخان دەکران کە پێویستییان بە سەرچاوە نەبوو، یان نووسەر دەبوایە خەو و خۆراکی لە خۆی حەرام کردبا و شەونخوونیی زۆری چێشتبا بۆ ئەوەی سەرچاوەیەک بدۆزێتەوە و پشتی پێ ببەستێ. لەوبارەوە کاک قادر سنووری ماندووبوونی نەدەناسی. جگە لەوانە کار کردن دەگەڵ نووسەرانی وەک شەهید دوکتۆر شەرەفکەندی، شەهید دوکتۆر قاسملوو، یان تێکۆشەر مامۆستا حەسەنزادە کە لە کاری نووسین و وردبینیی دا لێهاتوو بوون کارێکی هاسان نەبوو. ئەوانەی لە دەستەی نووسەرانی ئەوکات دا کاریان دەکرد لەڕاستی دا وەک قوتابیی قوتابخانە دەبوایە وەڵامدەری دەرسی مامۆستا بن و جاری وابوو چەند جار نووسینەکەیان پێ دەنووسرایەوە.

تێکۆشەر قادر وریا لەو ساڵە سەخت و بێ ئیمکاناتانەدا کاری دایمیی بۆ ڕۆژنامەی کوردستان دەست پێ کرد، درێژەی دا و هەروەک دەبینین ئێستاش تێیدا بەردەوامە. هەڵبەت ناوبراو کاتێک دەستی بەکار لە ڕۆژنامەی کوردستان دا کرد لە کاری نووسین دا بێ ئەزموون نەبوو. چونکە وێڕای ئەوە کە خۆی شاعیر بوو، پێشتر یەک لە لاوانی هەڵسووڕی بواری نووسین بۆ گۆڤارەکانی یەکیەتیی لاوان بوو. دەتوانم بڵێم کاری نووسین بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی ئەو لاوە هەڵسووڕە لەو ساڵە سەختانەی خەباتدا بوو کە کەمتر کەسی دیکە لەو تایبەتمەندییە بەهرەمەند بوون. کاک قادر تەنانەت ئەگەر مەجالی بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاریش نەبووبا خۆی بە ڕۆژنامەی دیوارییەوە خەریک دەکرد و هەر جار ناجارێک هێندێک کاری لەو بارەوە دەکردن. ئۆگریی کاک قادر بە نووسین بە ڕادەیەک بوو کە هیچ وەرەقەیەکی کاغەزی سپی بە ساغی لەبەر دەستی خەڵاسیی نەدەبوو چونکە هەر نەبێ شیعرێک یان قسەیەکی لەسەر تۆمار دەکردن. لەبەر ئەوەش خەتی خۆشە و لە نووسین دا زۆر بە حەوسەلەیە و بە تایبەت زۆریش بە سەلیقە سووژە هەڵ دەبژێرێ، هەر کورتە نووسینێکی وەبەر چاوی لاوانی دیکە کەوتبان سەرنجی زۆریان ڕادەکێشا.

ئەوە ڕاستە زەوق و ئیستیعداد بۆ نووسین بناغەیە، بەڵام خۆماندوو کردن و هەوڵی بەردەوام چەکێکی کاریگەرە کە دەتوانێ نووسەر پێ بگەیەنێ. بۆ نووسینی باش دیارە خوێندنەوەی بەردەوام پێویستە. لەو بارەوە ئەمن کەم کەسم دیوە وەک کاک قادر بە تامەزرۆییەوە خۆی ماندوو بکا و لە خوێندنەوە و نووسیندا بەردەوام بێ. حەز و خولیای کاک قادر بۆ نووسینێکی جوان بە ڕادەیەک بوو کە جێگای لێ فێر بوون بوو. با ئەوە بڵێم ئەوکات کە ئەو بەڕێزە دەستی بە کار لە ڕۆژنامەی کوردستان دا کرد تەنیا سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری، یان ڕادیۆکانی فارسی زمانی وەک بی بی سی و ئەوانە بوون یان تاق و لۆق ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە دەرەوەڕا بە هۆی تیمە پزیشکییەکانی فەڕانسەوی دەهاتنە سکرتاریای حیزبی دێمۆکرات. ئەو ڕۆژنامانەش پاش کۆن بوون و ئەم دەست ئەو دەست کردن دەچوونە دەستەی نووسەران و جا نۆرەی کاک قادر و هەڤاڵانی دەهات تامیان لێ بکەن. حەوسەلەی کاک قادر بۆ خوێندنەوەی ئەو گۆڤارانە لە تاریف نایە چونکە وەک مێشەنگوین کە دەکەوێتە سەر کۆگای شەکر ئاوا سەری بەسەر دادەگرتن و هەتا قرتەی لێ نەبڕیبان لە کۆڵیان



نەدەبۆوە. لە ڕاستیدا دەستپێکی کاری کاک قادر لە ڕۆژنامەی کوردستان دا هەم لە باری زەمانی و هەم لە باری ئیمکاناتەوە سەختی و چەرمەسەریی زۆری تێدا بووە و ئەگەر توانا و خۆڕاگریی لە ڕادەبەدەری ئەو کەسانە نەبوایە ڕۆژنامە قەت نەی دەتوانی بەردەوام بێ. توانای کاک قادر لەو کاتانەدا تەنیا بۆ ڕۆژنامەی کوردستان تەرخان نەدەکرا و لە ڕۆژنامەش تەنیا لە نووسین دا خۆلاسە نەدەبۆوە. کاک قادر هاوکات بۆ ڕادیۆ دەنگی کوردستانیشی دەنووسی و تەنانەت بەرنامەیەکی حەوتووانەی لەو ڕادیۆیەدا هەبوو. پاشان بەرپرسی گۆڤاری لاوان بوو کە بەشێک لە بابەتەکانی هەر خۆی دەینووسین و کاری پێدا چوونەوە بە هەموو بابەتەکانیشی هەر لە ئەستۆ بوو. هاوکات کاک قادر ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «تێکۆشەر» بوو کە هەر سێ مانگ جارێک چاپ دەبوو. ئینجا لە ڕۆژنامەی کوردستانیش دا جگە لە نووسین کاری وەرگێڕانیشی لە ئەستۆ بوو کە زۆربەی بابەتە فارسییەکانی دەکردنەوە کوردی. لەوانەش گرینگتر و ماندوویی هێنەرتر کاری هەڵەچنیی پاش تایپ کردنیش هەر لە ئەستۆی کاک قادر بوو کە بەڕاستی هەر لە حەوسەڵەی ئەودا بوو. گێڕانەوەی هەمووی ئەوانە بە قسە خۆشن، بە تایبەت ئێستا کە من دەیان گێڕمەوە وەک بیرەوەریی خۆش و لەبیر نەکراو دێنە بەرچاو کە دڵنیام کاک قادریش ڕابوردووی وەبیر دێنەوە. بەڵام لە مەیدانی کردەوە دا تاقەتبڕ و ماندوویی هێنەر بوون و ئەگەر کەسانی وەک کاک قادر نەبوایەن بڕیان نەدەکرد.

گرینگیی ڕۆژنامەی کوردستان لەو ساڵانەدا (ساڵە سەختەکانی خەباتی چەکداری)، هەر لە چاپ و بڵاو کردنەوەی دا نەبوو. بەڵکوو ڕۆژنامەی کوردستان وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ خاوێنیی زمانی کوردی سەیری دەکرا و خۆی قوتابخانەیەک بوو بۆ فێر بوونی زمان. ئەوکات وەک ئێستا زمانی کوردی تەراتێنی پێ نەدەکرا و ئەوانەی دەیاننووسی بە هەست بە بەرپرسایەتیی تەواو دەیاننووسی. ڕاستە بوونی کەسانی وەک مامۆستا حەسەنزادە لەو ڕۆژنامەیەدا ئەو گرینگییەی پێدا بوو، بەڵام دیققەت و کارجوانی و خێرایی فێر بوونی کاک قادر لەو بوارەدا هۆکارێک بۆ ئەو سەنگینییەی ڕۆژنامەکە بوو. حەوسەلەی کاک قادر لە پێداچوونەوە بە ڕۆژنامە بە ڕادەیەک بوو کە ئەوانەی لە دەوروبەر دەیاندیت خۆیان لێی ماندوو دەبوون. هەموو ئەو خۆ ماندووکردنانە ئیمکانی نەبوو مەگەر حەز و خولیای زۆر بە کاری ڕۆژنامەگەری و قبووڵکردنی بەرپرسایەتییەکی زۆر لەو بوارەدا. ئەوەش شتێک بوو تێکۆشەر وریا بە وشیارییەوە هەڵی بژاردبوو و بە لێزانییەوە درێژەی

دەدا.

لە ماوەی ٢٥ ساڵ کار لە رۆژنامەی کوردستان دا، بێگومان کاک قادر ئێستا بۆتە خاوەن ئەزموونێکی لە بن نەهاتوو کە دەتوانێ بیخاتە خزمەت زمان و ڕۆژنامەگەریی کوردی. ڕەنگە هەتا ئێستا هیچ کەس وەک کاک قادر بۆ ماوەیەکی ئاوا بەردرێژ و بەردوام لە ڕۆژنامەی کوردستان دا کاری نەکردبێ. لە ماوەی مانەوەی کاک قادر لەو ڕۆژنامەیە دا هەم حیزبی دێمۆکرات چەند قۆناغی جۆراوجۆری تێپەر کردوون و تووشی ئاڵوگۆڕی زۆر هاتوە، هەم ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی گۆڕانی زۆری بەخۆیەوە دیوە. دیارە ڕۆژنامەی کوردستانیش بە خۆشییەوە ئێستا بە کادری زیاتر و لێزانتر و بە ئیمکاناتێکی دەوڵەمەندترەوە درێژە بە ژیان دەدا. ئەوەی گرینگە کاک قادر دەنێو هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە دا بووە و پێ بە پێ دەگەڵیان ڕۆیوە. ٢٥ ساڵ کاری بەردەوام لە ڕۆژنامەیەک دا کە زمانی حیزبێکی سیاسیی خەباتگێرە و بەرپرسانە هەڵوێست دەگرێ، کارێکی هاسان نیە. ئەگەر کاک قادر لەو بارەوە شانازیی ئەوەی پێ براوە کە ئەو ماوە بەردرێژە تێیدا بمێنێتەوە و بۆی بنووسێ و سەرپەرستیی بکا، نیشانەی تەحەممولی زۆر و هەست بە بەرپرسایەتیی شۆڕشگێڕانەیەتی. ڕەنگە تێکۆشەر وریا وەک هەر مرۆڤێکی دیکە لە کاری حیزبی و سیاسیی خۆی دا خاڵی جێگای گلەیی هەبن و تەنانەت لە کاری تیمییش دا ڕەخنەی بێتەوە سەر، بەڵام هیچکام لەوانە لە گرینگیی خۆڕاگریی ئەو مرۆڤە لە کاری بەردەوامی ڕۆژنامە نووسیی کەم ناکەنەوە.

بۆ ٢٥ ساڵ کاری بەردوامی تێکۆشەر قادر وریا لە ڕۆژنامەی «کوردستان» دا، وێڕای پیرۆزبایی لێ کردنی، ئاواتی سەرکەوتنی هەرچی زیاتری بۆ دەخوازم و هیوادارم لە داهاتووش بتوانێ ئەو ڕەوتە هەروا درێژە بدا. لەهەمان کات دا داوای لێ دەکەم ئەزموونە بە نرخەکانی خۆی لە بواری کاری ڕۆژنامەنووسی ١٥( ٢٥ ساڵ کاری بەردوام) بخاتە بەردەستی خوازیارانی ئەو بوارە بۆ ئەوەی نەسلێ نوێ دەرسی لێ وەرگرن.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

# لە گەڵ ڕۆژنامەی «کورستان» دا لەمەهابادەوە تا پاریس




**برایم قەززاق**

سەرەتای بەهاری ساڵی ١٣٥٨ بوو کە یەکەم جار پاش کۆماری کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە نێو خۆی وڵات و بە ئازادی بڵاو کراوە .مەرحووم کاک سەلاحی کوڕی مامۆستا هێمنی هەمیشە زیندوو بانگی کردم بچمە کۆمیتەی نیزامیی حیزب! کە وەژوور کەوتم پێیان کوتم ئەوە ڕۆژنامەمان بۆ هاتووە و دەبێ بیانبەیە «خانەی جەوانان» و بیانفرۆشی دانەی بە ٥ قران. چەندین ژمارەی «کوردستان»م لە سەر دەستی دانان و بەرەو خانەی جەوانان وەڕێ کەوتم. لە ساڵۆنەکەی سمینارێک بوو گەیشتمە بەر دەگا، پۆل پۆل خەڵک دەهاتن و منیش بە دەنگی بەرز دەمکوت: «ڕۆژنامەی کوردستان - ڕۆژنامەی حیزبی دێمۆکرات! دانەی بە ٥ قڕانی»!

هێندەم پێ نەچوو زۆرم فرۆشت و کاک سەلاحی کوڕی مامۆستا هات و پرسی بە چەندیان دەفرۆشی؟ پێم کوت بە ٥ قڕانی!! کوتی کاکم (مەبەستی بابی واتە مامۆستا هێمن بوو) دەڵێ بە تمەنێکی بفرۆشن! کوتم جا هەر ئەوەندەم ماوە، ئەوانی دیکەم بە ٥ قرانی فرۆشتوە. کوتی بزانە باقییەکەیان لێ وەر ناگری! منیش چوومە نێو ساڵۆنەکە، بە بەڕێوەبەری کۆڕەکەم کوت ڕۆژنامەم فرۆشتوە بە ٥ قڕان بەڵام تازە پێیان کوتم دانەی بە تمەنێکی یە، تکا دەکەم بە بڵیندگۆکە پێیان بڵێ.گەڕاوە و کوتی نا ! بۆ خۆت بڕۆ پێیان بڵێ باشترە و دەشت ناسن. هەر چۆنێکی بوو، نۆرەم هات و چوومە پشتی بڵیندگۆیەکە و کوتم: هەر کەس ڕۆژنامەی لێ کڕیوم، دانەی بە ٥ قڕانی نییە، ئەو لە بەر درگا ڕاوەوەستم باقی یەکەم بدەنێ! سمینارەکە تەواو بوو و لە بەر دەرگا ڕاوەستام، هەر چی دەهات ٥ قران و تمەنێکی دە مستم دەنا، وا بوو پووڵی ڕۆژنامەکەم بە زیادەوە وەگیر کەوتەوە.

باشم وەبیر نایە ئەو ژمارەیە ٥٤ یا ٥٥ بوو کە لە شارێکی دیکە چاپ کرا بوو و قەوارەیەکی ڕێکوپێکی هەبوو گەورە و

چەند لاپەڕە بوو. دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامە، ئەوانی وەبیرم دێن «شەهید کاک دوکتور قاسملوو»، مەرحوومی مامۆستا هێمن، شەهید کاک جەلالی میراوەیی، مەرحووم کاک کەریمی حیسامی، جەنابی مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە بوون. لە دەفتەری حیزب کە ژوورێکی تایبەتی هەبوو و لە تەبەقەی یەک بوو، مامۆستا هێمن و مامۆستا عەبدوڵڵا و کاک جەلال لە ژوورێکی دا کاریان دەکرد. کاک جەلال لە تایپ کردن زۆر ئازا بوو، بە هەر دە قامکان تایپی دەکرد، مامۆستا هێمن بە وتارەکان دا دەهاتەوە.


مامۆستا هێمن لەگەل نووسەر

لەو ساختومانەی کە ڕێبەرایەتیی حیزبی تێدا بوو لە ژێرەوە ژوورێکیان تەرخان کرد بوو بۆ دەزگای ئۆفسێت.، بەو دەزگایە ٣ - ٤ ژمارەی پێ چاپ کرا بەڵام من پاشان ئەو دەزگایەم نەدیتەوە و نازانم چی بە سەر هات. شەڕی داسەپاو مەودای نەدا لە شاری دا بمێنینەوە و ناچاری کردین بەرەو سنووری گەرمێنێ بڕۆین.

لە بەشی ئینیتشارات، گەنجان یارمەتیان دەکرد،کە بە داخەوە بەشی هەرە زۆریان بێ ئەزموون بوون و کاک جەلال فێری دەکردن. بەڵام داخی گرانم لە شەڕی ٣ مانگە دا کاک جەلال کەوتە بۆسەی جاش و پاسداران و گیراو لە سەردەشتێ گوللەبارانیان کرد. روحی شاد بێ. ئەو خەسارە بۆ حیزب زۆر گران تەواو بوو، هەمووی ٨ مانگ بوو حیزب دەستی بە کار و تێکۆشان کرد بۆوە و هێشتا جێگای خۆی مەحکەم نەکردبوو کە باشترین کادری حیزبی و بە ئەزموونترین کارگێڕی بەشی چاپەمەنی شەهید کرا، رووحی شاد بێ. ئەو ماوەیە کە حیزب تێکۆشانی لە نێو شاری دا هەبوو هەمووی نەگەیشتە ساڵێک و بە داخەوە کاری چاپ کردنی ڕۆژنامە بە زۆر هۆیانەوە وەدرەنگی دەکەوت. دەستەی نووسەران بەردەوام لە هاتوچۆ دابوون.کۆبوونەوەکانی حیزبی و دانیشتنەکانی «دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد» و شەڕە داسەپاوە نەخوازراوەکان هەموویان کۆسپی سەرڕێی چاپی ڕۆژنامە بوون. بۆیە لە نێوان ٢ ساڵی ١٣٥٨- ٥٩ دا کەمتر لە ٢٠ ژمارەی لێ چاپ کرا. ئەو ژمارانەی کە لە سابڵاخ چاپ دەکران بەشێوەی ژمارەکانی پێشوو لە قەوارەیەکی گەورەتر دا بوون، بەڵام کاتێک شارەکانمان بە جێ هێشت و ئیمکاناتی چاپ کردن ئەوە نەبوو کە لە شارەکان دەست دەکەوت، ژمارەکانی دوایی بە دەزگای

«پۆلی کۆپی» و بە تایپی زۆر کۆن تایپ دەکران. نەبوونی کەسی بە ئەزموون لە باری چاپ و بڵاوکردنەوە گرفتی بۆ هەموو لایەک هەبوو، بێ ئەزموونی لەو بارەوە و نەبوونی کاغەزی باش! لاپەڕەکانی رۆژنامەی بە جارێک تێک دابوو. ئەو دەم کاغەزی ستاندار وەکی (A4) زۆر کەم دەست دەکەوت،




هەربۆیە ئەگەر چاوێک لە و ژمارانە بکەین کە لە «شیوەجۆ» (بنکەی دەفتەری سیاسی لە ناوچەی رەبەت) چاپ کراون ٣.٥ سانتی میتر درێژتر و هەر وەها کاغەزێکی وەک پەڕۆ کە جەوهەری بڵاو دەکردەوە و لاپەڕەکانی گەلێک ناشیرین دەکرد و جاری وا هەبوو بە باشی دێڕەکانیش نە دەخوێندرانەوە!

بە درێژایی تەمەنی رۆژنامەی «کوردستان» تەنیا بۆ ماوەی نزیک بە ٢ ساڵ شتێک کەمتر، رۆژنامەکە لە شاخی دەردەچوو بەرگی هەبوو. وەک لە وێنەکە دا دەبینرێ لە سەرەوە نووسرابوو، «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» خوارتر بە گەورە نووسرابوو کوردستان. لەخوراتریش نووسرابوو «ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران». ژمارەکانی کوردستان تا کۆنگرەی ٤ی حیزب ئەو دروشمەیان لە سەر نەبوو (دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان) لە پاشی کۆنگرە ئەو دروشمە لە لاپەڕەی یەکەم و لە سەرەوەی دەنووسرا، بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵێک ئەو دروشمە رەچاو کرا، بەڵام ئەویش وێڕای زۆر دروشمی دیکە لە سەر لاپەڕەکان نەما. لە ماوەی ئەو ٤٢ ساڵە کە «کوردستان» بەردەوام چاپ کراوە تەنیا شیوەی نووسینی وشەی «کوردستان» هەر وەک خۆی ماوەتەوە و گۆڕانی بە سەر دا نەهاتوە .

ساڵی ١٣٥٨ رۆژنامە نرخی تمەنێک بوو، ساڵی ٥٩ بوو بە ٢ تمەن. لاپەڕەکانی رۆژنامەی «کوردستان» کەم وابووە کە چەند ژمارە بە قەدەر یەک بن، جاری وا هەبوو ٢٠ لاپەڕە بوو، جاری واش بوو لە زیاتر لە ٤٠ لاپەرە داچاپ دەکرا.

لە ساڵەکانی ٦٠ی هەتاوی دا ئەوەی لە رۆژنامەی کوردستان دا زۆربەی لاپەرەکانی بە خۆیەوە تەرخان دەکرد هەواڵەکانی شەر و حەماسەخوڵقێنەرەکان واتە هێزی پێشمەرگە بوو. ئیستا کە لە بەردەستم دا هەن و چاویان لێ دەکەم «کوردستان»

توانی بەشێکی مێژووی پرشنگداری نەتەوەکەمان تۆمار بکا و لە فەوتانیان رزگار بکا.

لە ساڵی ١٩٨٥ چوومە پاریس و لە دەفتەری حیزب، هاوکاریی بەشی ئینتیشاراتم دەکرد. جیگای خۆیەتی یادی ئەو دۆستانە بکەمەوە کە لە گەڵ بەشی ئینتیشاراتی دەرەوە هاوکارییان هەبوو یا هاوکارییان کردووم. لەو کەسانە کاک مستەفای ئەبریشەمی زۆر شارەزا و فارسیزانێکی باش و بە ئیبتیکار بوو، زۆر رۆژان بە ٣ - ٤ کەسان زیاتر لە ١٥ ساعەت کارمان دەکرد. پاشان کاک رەحمانی نەقشی یادی بەخێر، توانی داهێنەرێکی باش بێ لە باری کاری فەننی و تەرحی جوان و رێکوپێکی خەبەرنامە و هەموو ئەو نامیلکانەی دەبا لە دەرەوە چاپ و بڵاو کرابانەوە. بۆ ماوەی ٣ ساڵ کە بوومە بەرپرسی ئینتیشاراتی دەرەوە، منیش بە نۆرەی خۆم ئەوەندەی بۆم کرا خزمەتم کرد. گەورەترین کارێکی کە من کردم و بۆ هەمیشە دەتوانی حیزب کەڵکی لێ وەر بگرێ ئامادە کردنی ئارشیوی حیزب بوو کە تا ئەو کاتی کەس فکری ئارشیوی نەکردبۆوە !!

کاک عەوڵای قادری یادی بەخێر و روحی شاد بێ تەنیا کەسێک بوو کە زۆر زۆر یارمەتی بەشی ئینتیشاراتی دەدا، هەموو ئەو لاپەڕانەی چاپ دەکران کۆنترۆڵی دەکردن، بۆ بەرێ کردنیان دەهاتە ژووری کاروباری ئینتیشاراتی، بەستەکانی دەگەڵ دەپێچامەوە، کەسێکی دیکە، مەنسوورەی یەغمایی، ماڵی ئاوەدان بێ، کچێکی فارسی کورد خۆشەویست بوو، مەنسوورە زۆرتر بەشەکانی فارسیی کۆنترۆڵ دەکرد، فارسییەکەی باش بوو، سیاسەتی حیزبیشی دەزانی ولە نێو حیزب دا چەند ساڵێک مابۆوە و زۆر یارمەتی دەکردین. یادیان بەخێر بێ.

لە کوردستانەوە، رۆژنامەی «کوردستان»یان بۆ دەناردین تا لە دەرەوە چاپی کەینەوە، بەڵام بەداخەوە هەر وەکی لە سەرەوە باسم کردوە لاپەڕەکانی زۆر بە خراپی و لە سەر کاغەزی خراپ پۆلی کۆپی دەکران و وشەکان بەشێکی زۆریان نەدەخوێندرانەوە یا بە کەم رەنگی دەردەچوون. ئێمە دەبا هەموومان خوێندباوە و بە قەڵەمێکی بەسەر وشەکان دا هاتباینەوە تا باشتر بخوێندرێتەوە. کاتێکی من ئەو ئەرکەم پێ ئەسپێردرا داوام کرد کە ئەسڵی لاپەڕەکانی «کوردستان» بەرێ بکەن تا رێکوپێکتر و زووتر بتوانین چاپی بکەینەوە. ئەوەندی من لە بیرم مابێ نزیک بە ١٥٠٠ نوسخەی «کوردستان» چاپ دەکراوە و وای لێ هات کەمتر بۆوە و گەیشتە ٥٠٠ دانە. ئێمە رۆژنامەی «کوردستان»مان چکۆلە دەکردەوە، واتە ٢ لاپەرەی دەبوو بە لاپەرەیەکی (A4). ئەو رۆژنامەیە و بڵاوکراوەکانی دیکەمان بە پۆستدا بەرێ دەکرد بۆ ئامریکا و ئۆستڕالیا و تەنانەت بۆ خوێندکارانی کورد و فارس لە مۆسکۆ. لە تەواوی وڵاتانی ئورووپایی کۆمیتەی حیزبی هەبوو بۆ هەموویان دەچوو. لە دەفتەری حیزب دەزگایەکی لێ بوو بۆ خۆمان تەمرمان لێ دەدا و حیسابمان دەکرد بۆ بەستەیەکی ١ - ٢ - ٣.. کیلۆیی، چەندی تەمر دەوێ. بڵاو کردنەوەی رۆژنامەی «کوردستان» لە دەرەوە زۆرتر لە نێو زانکۆکان دا بڵاو دەکراوە. با راستییەکیش بڵێم خوێنەرانی رۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆمارەوە کە کوردستان چاپ کراوە تا ئێستا بەشێکی زۆریان قەرزداری ئەو رۆژنامەیەن، زۆر کەس تەنانەت ئامادە نەبووە پووڵی رۆژنامەکەش بدا!

رۆژنـامەی «کوردسـتان» ئەو بەشـەی لە سـاڵەکانی ٥٠ی هەتـاوی لە عێـراق چـاپ کـراوە، نزیـک بە ٣٣ ژمارەیە.چەنـد ژمارەیەکی بە فارسییش چاپ کراوە بەڵام لە سەر وشەی «کوردستان» دەنووسرا (ضمیمە)! لە ژمارەکـانی دواتـری را تـا بە ئێستا بە کوردی و فارسی چاپ کراوە. ئێستا کە ژمارە ٦٠٠ی «کوردستان» بە شـانازییەوە کەوتـۆتە بەر دەستی خوێنەرانی و لە رۆژانێک دا بابەتەکانی نووسراون و یا لە ژێر چاپ دابوون و کەوتـوونە بەر رەهێڵەی تـۆپ و دەسرێژی جینایەتکـاران بەڵام بە خۆشییەوە تەمەندرێژ بووە و وەکی هەمیشە تیشک هـاوێژ بـووە. بەو ئـاواتە، جـارێکی دیکەش ئەو رۆژنـامەیە لە شاری مەهاباد و هەموو شار و گوندێکی رۆژهەلاتی کوردستان،بەئازادی بکەوێتەوە دەستی خوێنەران و خۆشەویستانی خۆی.

ئەوەندە ماوە یادی خێری هەموو ئەو مامۆستا و تێکۆشەرانە بکەمەوە کە رۆژنامەی «کوردستان»یـان تـایپ و چـاپ کـردوە، وتـارەکانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی. بەداخەوە بەشێکی زۆریـان شەهید بـوون و لە نێومـان دا نەمـاون یادیـان بەخێر و رووحیان شاد بێت.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## لە »پەلی بێکەس»ەوە بەرەو رۆژنامەی «کوردستان»



شوکری تەریق

رێبەندانی سالی ١٣٦٠، ئێوارەیەکی درەنگ لەبەر دەرگای پەلی بێکەسی هیزی پیشـەوا، ماشێنی یەکیـەتیی لاوانـی مەهاباد رایگـرت. بەرپرسـی یەکیـەتیی لاوان دەگـەڵ چەنـد پێشـمەرگەی دیکـە لـە ماشینەکە هاتنـە خـوارێ، بـە دیتنـی ماشـێنەکە پێشمەرگەکان دەستیان کرد بە کۆ کردنەوەی ناو ژوورەکە و خۆتونـدوتوڵ کردن، میـوان وەژوور کـەوتن. بەرپرسـی یەکیـەتیی لاوان گوتی فەرموون کاک سەعید! کاک مستەفا!

ئیمە ئەوانمان نەدیتبوو، هەر بۆیە نەماندەناسین، کە دانیشتن ئەو کات بە سرتە و خۆرتەی پیشمەرگەکان زانیمان کە ئەندامانی دەفتەری سیاسین واتە شەهید کاک د. سەعید و کاک مستەفای هیجری بوون کە بۆ هێندیک کاروبار، دەبا پەلەکەی ئیمە بردبایاننە نێو شاری مەهاباد.

بە دوای هێندێک حەسانەوە، شەهید کاک سەعید رووی لە بەرپرسی یەکیەتیی لاوان کرد و گوتی: ئەو هەمووە لاوانە لەم پەلە کۆ بوونەوە بۆچی ئیمە هەر داوا لە کۆمیتەی شارستانی مەهاباد دەکەین کە هیندیک لاومان بۆ کاروباری ئینتشاراتی پێویستە ئەدی بۆ وەلاممان نییە ئەوە نییە ئەو هەمووە لاوەمان هەیە.

زۆری پێنەچوو کە کۆمیتەی شارستانی مەهاباد نامەیەکی بۆ لکی ئیمە نارد کە دەبێ ئەمن بۆ کاری و باری ئینتیشاراتی بنیردرێم بۆ دەفتەری سیاسی. ئەو کات لە نێو پێشمەرگەکانی هیزی پیشەوا بە دەفتەری سیاسیان دەگوت «سەرێ». هەر کەس کاری بە دەفتەری سیاسی نەبا، یان بانگ نەکرابا ئیزنی نەبوو بۆ لای دەفتەری سیاسی بچی. هاورێیەکی خۆم کە ئەو کات پەیکی نێوان دەفتەری سیاسی و هاورێیانی حیزبی کە لە تاران بوو، هەمیشە لە لای ئێمە راهاتوچۆی دەکرد، پێمگوت ئەگەر لە سەفەررا هاتیەوە ئەمنیش دەگەڵت دیم، نامەم پێیە کە بێم بۆ دەفتەری سیاسی.

رۆژی ٢٠ سەرماوەزی ١٣٦٠ی هەتاوی لە گۆندی ئامێد بەرەو «سەرێ» وەرێ کەوتین. لەبەر بەفری زۆر کە لەم زستانەدا باریبوو لە قاوەخانەی کاوڵان را بە پێیان وەرێ کەوتین. لای ئیوارێ گەیشتین. بە دوای هیندیک لێپرسین و تەلەفونکردن ئیزنیان دام بچمە میوانخانەی دەفتەر، وەختی نانخواردنی شەوێ بوو،کە دەهاتم بچمە ناو ژۆری سالۆنەکە لەبەر دەرگای میوانخانەکە چاوم بە کەوش (پێڵاو)ی یەکرەنگ کەوتن کە دەگوت کوولەکە تەمبەڵەن لەسەر یەکیان داناون، بۆ من شتیکی سەیر بوو، ئەو کەوشە نایلۆنە یەکرەنگە، لە ناو پیشمەرگەکان ئەم جۆرە کەوسانە هەر باو نەبوون، هەر کە وەژوور کەوتم، بەخۆم گوت کوڕە خۆ ئەوە هەموو بەرپرسانی ئەم حیزبە لیرە کۆبوونەوە. لەپر چاوم بە هیندێک دوست و ئاشنای خۆم کەوت کە قەت فکرم نەدەکرد ئەوانە لیرە بن. ئەوەش دەبی بلیم نان و شیرێژیان هەبوو، کە بەراستی بۆ خواردن نەدەبوو. بەدوای نان خواردن دەگەڵ کارگێرانی رادیووئینتیشارات چوومە، ژۆری ئەوان کە بەراستی بەغەیری وەتاغ وەک هەموو شتیک دەچوو، کە هەم ژۆری کار، خەوتن و حەسانەوە بوو.

بەیانی شەهید کاک د.سەعید وەژۆر کەوت ئەو کات بەرپرسی رادیۆ وئینتیشارات بوو، گوتی باشە کورەکان دەناسی؟ باشە دەزگاکانت دیوە؟ گوتم نا، رووی دەکورەکان کرد گوتی ئەە بۆ نیشانتان نەداوە، ئەمن وەمزانی ئیستا دەمبەنە ژۆری چاپخانە کەچی لەسەر مێزیکی ژنگاوی ماشینیکی تەکسیرو دوو دانە تایپی شکاویان پینیشان دام هەر پیم سەیر بوو.

ئەمیش وەک ئەوانی دیکە دەستم بەکار لە بەشی رۆژنامەی کوردستاندا کرد، دەبێ ئەوە بڵێم لە لە باری تکنیکی چاپەمەنییەوە یەکجار لاوازو دواکەوتو بووین، هەموو کاروباری رۆژنامە و ئینتیشاراتی بە چەسپ و مەقەست و دەستنووس

بەڕێوە دەچوو، بەڵام ئەگەر تەمەشای ناوەرۆک و بابەتەکانیت کردبا، لە ریزی رۆژنامە باشەکانی ئەم کاتە بوو، هەروەها خاوەنی زۆر نووسەری بەتوانا و بە ناوبانگی حیزبەکەمان و هەروەها دەتوانم بڵێم نووسەرانی رۆژهەڵات بابەتیان بۆ دەنووسی بۆ وینە: شەهید کاک دوکتور قاسملوو، شەهید کاک دوکتور سەعید، بەریز ماموستا عبدالله حەسەن زادە، بەریز کاک مستەفا شلماشی، بەریز کاک فتاح کاویان، بەریز و نەمر کاک تەها عەتیقی، بەریز کاک بێهروز کوردپوور و زۆر هاوڕێی دیکەش.

دەتوانم بلیم دەگەڵ هەموو گیروگرفتیکی ئاڵوگۆڕی جێگا و نەبوونی کەرەسە و سەرقاڵی نووسەرانی دەگەڵ شەڕێکی نابەرامبەر و دژی  کۆماری ئیسلامی بەردەوام بوون و تیدەکۆشان بەوەخت و لە کاتی خۆیدا رۆژنامەی کوردستان بگاتە دەستی خوینەرانی. ئێستا کە رۆژنامەی ژمارە ٦٠٠ی کوردستان ئامادە دەکرێ و بڵاودەکریتەوە، دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە هەموو کارگێرانی و هاوکارانی ئەم رۆژنامەیە دەکەم، ئاواتەخوازم رۆژێک بێ رۆژنامەی کوردستان دیسان لە کوردستانی ئازاد و سەربەخۆ بگاتە ئۆگرانی رۆژنامەی کوردستان.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## رۆژنامەی «کوردستان» لە شاخی



**عەلی لالە**

یەکێک لەو رۆژنامانەی کە ئینسان دەتوانێ وەک سەرچاوەیەک بۆ فێر بوونی زمانی کوردی کەڵکی لێوەرگرێ بەبێ موبالغە رۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دێمۆکراتە. لەو رۆژنامەیە دا نووسەرانی کوردیزانو سیاسەتوانانی بەتوانا و راستوێژ کاریان تێدا کردوە.

ئەو ڕۆژنامەیە بە ئیمکاناتێکی زۆر کەم، بەڵام بە دەستەی نووسەرانێکی بەهێز و، بەشی تکنیکی‌یەکی دڵسۆز و ماندوو نەناس دەردەچوو.

دەستەی نووسەرانی ئەو ڕۆژنامەیە (کە ئەو کات مانگانە دەردەچوو)، سەرچاوەیەکی ئەوتۆیان لەبەر دەست دا نەبوو بۆ کەڵک لێوەرگرن بۆ نووسینی بابەتەکانیان. تەنیا سەرچاوەیەکی بەڕۆژ کە یارمەتیی دەستەی نووسەرانی بۆ نووسینی بابەتەکانیان دەدا «بولتن خبری» بوو. ئەو «بولتن خبری»یە دەستەیەک لە ئەندامانی حیزب لە بەشەکانی رادیو دەنگی کوردستانو ڕۆژنامەی کوردستان بە زەبت و پیادە کردنی هەواڵ و تەفسیرەکانی رادیۆ تاران، ئەمریکا، بی بی سی، فەرانسە، ئاڵمان و ... دەهاتە بەرهەم. جارو باریش هێندێک ڕۆژنامەو گۆڤار دەگەیشتنە دەستەی نووسەران کە ماوەیەکی زۆری بەسەر چاپو بڵاو کرانەوەیان دا تێپەڕیبوو. بەوحاڵەش ئەگەر ئێستا بە ئارشیوی «کوردستان» دا چاوێک بخشێنین دەبینین کە چەندە بابەتەکانی ئەو ڕۆژنامەیە بەهێز و پڕنێوەرۆک و واقیعبینانە نووسراون.

ئەو ڕۆژنامەیە لە شاخ بە دەزگای دەستی و بە کەرەسەیەکی زۆر سەرەتایی تایپ و چاپ دەکرا. جاری وابوو ١٠ ڕۆژی دەخایاند تا ماددەکانی تایپ دەکران و، ٣ تا ٤ ڕۆژی دەخایاند تاژمارەیەکی لێ تەکسیر دەکرا.

لە بەرەبەری دەرچوونی شەشسەدەمین ژمارەی «کوردستان» سوپاسی گەرمی خۆم ئاراستەی هەموو ئەو دڵسۆزانە گەلەکەمان دەکەم کە لە دەرچوونو بەردەوام بوونی ئەو ڕۆژنامەیە زەحمەتیان کێشاوە و ئێستاش زەحمەت دەکێشن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

## «کوردستان» لە دوو قۆناغی جیاوازدا



**مادح ئەحمەدی**

ئەگەر بمانەوێ قسەی لە سەر رۆژنامەی «کوردستان» بکەین ئەوا دەبێ لە لایەنی جیاوازەوە بە شێوەیەکی ورد و بابەتیانە بچینە ناو بابەتەکەوە. ئەمەش بێگومان پێویستی بە کاتێکی تایبەت هەیە. رۆژنامەی کوردستان تا ئێستا بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕ بووە و هەوراز نشێوی زۆری بینیوە. ١١٣ ژمارەی لە سەردەمی کۆماری ١١ مانگەی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە, چەند ژمارەی لە تەوزیر دەرچووە و دواتر خولی نوێی رۆژنامەی کوردستان لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی زایینیی سەدەی رابردوودا بە سەرنووسەریی د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە بەغدا دەستی پێ کردوە.

ئەگەر بمانەوێ قۆناغێکی دیکەش بە مێژووی رۆژنامەی کوردستان زیاد بکەین ئەوا لێکترازانی ریزەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ٢٠٠٦ دا دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی رۆژنامەی «کوردستان»دا. چونکە بە دابەشبوونی حیزبی دێموکرات رۆژنامەی کوردستانیش دابەش دەبێ و هەر دوو لای حیزب بە هەمان ناوەوە تا ئێستا ئەو رۆژنامەیە بڵاو دەکەنەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە، قسە کردنە لە سەر دوو قۆناغی مێژووی رۆژنامەی کوردستان کە یەکەمیان قۆناغی کۆمارە و دوو هەمیان خولی سێیەمی رۆژنامەی کوردستانە بەملا.



### قۆناغی یەکەم: سەردەمی زێڕین

لە سەردەمی کۆماری ١١ مانگەی کوردستانددا رۆژنامەی کوردستان ١١٣ ژمارەی لێ بڵاو دەکرێتەوە. ئەم سەردەمەی ژیانی رۆژنامەی «کوردستان» خاوەن چەند تایبەتمەندییە کە کوردستان لە گەڵ قۆناغەکانی دواتری جیا دەکاتەوە. بۆیە دەکرێ ئەم قۆناغە ناو بنێین سەردەمی زێڕینی رۆژنامەی «کوردستان».

لە سەردەمی کۆماردا، «کوردستان» وەک ئۆرگانی فەرمیی حیزبی دێموکرات تەعبیری لە سیاسەتەکانی کۆمار و حیزبی دێموکرات کردوە. یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە رۆژنامەی «کوردستان» لە ناو خەڵک چاپ و بڵاو دەبێتەوە، واتە لە ناو ئەو خەڵکەیدا کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماردا بوون و پێویست بووە رۆژانە ئاگاداری سیاسەتەکانی کۆمار و رووداوەکانی دەورووبەریان بن. لەم سۆنگەیەوە دەبینین واقیعیەتەکانی ئەو کاتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار و تا رادەیەک ناوچەکانی دیکەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە رۆژنامەی «کوردستان»دا گرنگیان پێدراوە و رەنگدانەوەی هەبووە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی رۆژنامەی «کوردستان» لە ناو خەڵکدا برەوی هەبێ و لەو رێگایەوە خەڵک ئاگاداری رووداو و پێشهاتەکانی دەوروبەریان بن.

ئەگەر چاو لێ بکەین دەبینین یەکێک لە ئەرکەکانی هەر ئامرازێکی میدیایی ئەوەیە کە راستییەکان بگوازێتەوە بۆ ناو خەڵک و لەو رێگایەوە کار بکاتە سەر رای گشتی و فۆرمی پێ بدا. ئەگەر لەم سۆنگەیەوە چاو لێ بکەین دەبینین رۆژنامەی «کوردستان» وەک سەرەتایەک توانیویە تا رادەیەک لەم بوارەدا سەرکەوتوو بێ و دەتوانین بێژین دەستپێکێکی باش بووە.

لایەنی پیشەیی رۆژنامەی «کوردستان» لە سەردەمی کۆماردا یەکێکی دیکە لەو خاڵانەیە کە ئەگەر بە شێوەیەکی بابەتیانە کاری لە سەر بکرێ رەنگە دەیان وتاری زانستی هەڵ بگرێ. لە بەر گرنگیی ئەم لایەنە لێرەدا لە چەند خاڵدا کورتە ئاماژەیەک بەم لایەنە دەکەم.

**یەکەم**: گرنگیدان بە هەواڵ و رووداوەکانی دەوروبەر،
**دووەم**: هەوڵدان بۆ گواستنەوەی بۆ ناو رای گشتی لە زووترین کاتدا،
**سێیەم**: گرنگیدان بە هەواڵی پێوەندیدار بە کورد و کێشەی کوردەوە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و شوێنەکانی دیکە،
**چوارەم**: گرنگیدان بە کۆمەڵێک چەمک وەک دێموکراسی، ئازادی، مەسەلەی ژنان و لاوان و...
**پێنجەم**: هەوڵدان بۆ پەرەپێدان بە کاروباری راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئاگاداری بە نیسبەت ئەوە کە رۆژنامەی «کوردستان» لە ئورووپا و پارچەکان و شارەکانی دیکەی کوردستان پێویستی بە هەواڵنێر هەیە.

ئەوانەی کە لە کاری میدیایی تێ بگەن دەزانن کە هەواڵ لە میدیادا گرنگییەکی تایبەتی هەیە و بناغەیە و هەروەها «کات» لە راگەیاندندا زۆر گرنگە. لە لای ئەمەشدا بە گرنگیدان بە هەواڵی بە شەکانی دیکەی کوردستان و کورد لە جیهاندا یەکێکی دیکە لە بایەخەکانی راگەیاندنی بە ناوی «دراوسێییەتی» لە بەرچاو گرتوە. هەروەها وەک ئەرکێکی میدیایی بە گرنگیدان بە بابەت و چەمکی جۆراوجۆر کە نموونەکانی لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، گرنگی بە رۆشەنگەری و دروستکردنی وشیاریی جۆراوجۆر و رای گشتیی داوە.

ئەم چەند خاڵەی کە ئاماژەیان پێدرا، لە تایبەتمەندییەکانی میدیاییەکی پیشەیین کە ٦٧ ساڵ لەمەوبەر لە رۆژنامەی «کوردستان»ی سەردەمی کۆمار گرنگیی پێ دراوە. ئەمەش وەک سەرەتایەکی گرنگ و پیشەیی دەتوانین لە دەستپێکی ژیانی رۆژنامەی «کوردستان»دا چاوی لێ بکەین.

## قۆناغی دووەم: داکشان

قۆناغی دووەمی ژیانی رۆژنامەی «کوردستان» قۆناغێکە کە هەڵکشان و داکشانی زۆری تێدایە. بەڵام بە گشتی دەتوانین بێژین لەم قۆناغەدا رۆژنامەی «کوردستان» زۆربەی تایبەتمەندییەکانی سەردەمی زێڕینی خۆی لە دەست دەدا و زیاتر روو لە داکشان دەکا. ئەم قۆناغەش لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی زایینیی سەدەی رابردوودا بە دووبارە دەرکردنەوەی رۆژنامەی «کوردستان» لە بەغدا دەست پێ دەکا. پێش هەموو شتێک لەم قۆناغەدا رۆژنامەی «کوردستان» وەک ئۆرگانی حیزبی دێموکرات لە ناو دڵی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستاندا چاپ و بڵاو نابێتەوە و دەگوازرێتەوە بۆ تاراوگە. بەمەش سروشتییە کە رۆژنامەکە تا رادەیەکەی زۆر لە خەڵک دوور دەکەوێتەوە، ئەو گرنگی و بایەخەی کە دەبێ بە هەواڵ و رووداوەکانی ناوخۆی خۆرهەڵاتی کوردستانی بدا زۆر کەم دەبێتەوە. بەم بۆنەوە کوردستان ناوە ناوە توانراوە لە کەناڵی نهێنی و رێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتەوە چەند ژمارەیەکی کەمی بنێردرێتەوە بۆ ناو خۆرهەڵاتی کوردستان و لەوێش جگە لە کەسانێکی دیاریکراو، نەگەیشتووە بە دەستی خەڵک و کەسانی دیکە و دەستاودەست بە نهێنی خوێندراوەتەوە. هەر بۆیە رۆژنامەکە کاریگەری لە سەر رای گشتی نامێنێ و ناتوانێ رای گشتی رێک بخا. ئەم قۆناغە تا کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران درێژە دەکێشێ و بەو پێیەی حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە و ماوەیەک لەناو خەڵکدا دەبێ چەند ژمارەیەکی لەوێ چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. دواتر لەگەڵ گواستنەوەی بنکە و بارەگانی حیزبی دێموکرات، بنکە و بارەگای «کوردستان»یش دەگوازرێتەوە و دیسان لە تاراوگە درێژە بە ژیانی خۆی دەدا.

بەو پێیەی ژیانی رۆژنامەی کوردستان گرێدراوی ژیانی حیزبی دێموکرات بووە، رۆژنامەی «کوردستان» نەیتوانیوە لە سەر ئەو بنەما و تایبەتمەندییانەی کە لە سەردەمی کۆماردا لە سەر بنیات نرا درێژە بە تەمەنی خۆی بدا و گەشە بکا. بە تایبەتی ئەگەر لە رووی پیشەییەوە لەسەر ئەو بنەمایانەی کە »کوردستان» لە سەردەمی کۆماردا پێی ناسرا، گەشەی کردبایە، بێگومان رۆژنامەی «کوردستان» دەبوو ئێستا یەکێک لە رۆژنامە پرۆفیشناڵەکانی کوردستان بووایە. بەڵام

بەداخەوە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات ئەو دەرەتانەی لە »کوردستان» داخستوە و بەردەوام رۆژنامەگەریی ئەزموونی بە سەر «کوردستان»دا زاڵ بووە. هەر بۆیە بەڕێوەبەران و نووسەرانی «کوردستان» راهێنانی تایبەتیان پێ نەکراوە و هەر کەس تاڕادەیەک دەستی نووسینی هەبووە و لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی رۆژنامەی «کوردستان»دا توانیویەتی کار بکا، بە بێ لە بەرچاو گرتنی هیچ چەشنە مەرجێکی پیشەیی بابەتەکانی لە رۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاو کراوەتەوە. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە رەنج و تێکۆشانی ئەو کەسانەی کە لەم قۆناغەدا لە »کوردستان» کاریان کردوە لە بەرچاو نەگرین، چونکە بەردەوام بوونی «کوردستان» تا ئێستا لە سەر شانی ئەو کەسانە بووە و ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیڤە.

هەروەک ئاماژەی پێ درا ژیانی «کوردستان» گرێدراوی ژیانی حیزبی دێموکرات بووە. هەر بۆیەش بە لێکترازانی ریزەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ٢٠٠٦ دا دیسان «کوردستان» تووشی داکشان دەبێ و قۆناغێکی دیکە دەست پێ دەکا کە تا ئێستاش بەردەوامە. واتە نووسەران و بەڕێوەبەرانی رۆژنامەی «کوردستان» بەسەر دوو لای حیزبدا دابەش دەبن و بە یەک ناوەوە لە هەر دوو لا و لە تاراوگە و دوور لە خەڵک دەردەچێ.

بێگومان یەکخستنەوەی بنەماڵەی دێموکرات و دروستکردنەوەی حیزبی دێموکرات دەتوانێ ببێتە هۆی دروستبوونی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی رۆژنامەی «کوردستان»دا. ئەم قۆناغەش ئەگەر دەست پێ بکا و گۆڕانکاری بە دوادا بێ، ئەوا «کوردستان»یش دەتوانێ سەردەمێکی زێڕینی دیکە دەست پێ بکاتەوە.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

## «کوردستان»، بەردەوامیت ئاواتمە!


کوردستان

«کوردستان»، ڕێچکەیەک لە کۆماری کوردستانەوە تا سەرکەوتنی یەکجاری

600

"کوردستان" ئاڵای شەکاوەی خەباتێکی بەردەوام

**سەلاح مێهرپەروەر**

بەبۆنەی تێپەڕبوونی شەست و حەوت ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان و هەروەها دەرچوونی شەشسەدەمین ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە لە دەورەی ئێستادا، گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی «کوردستان»ی ئازیز و ستافی ئەو ڕۆژنامەیە دەکەم و هیوای سەرکەوتنی زیاتریان لە بەجێگەیاندنی پەیامی پیرۆزی «کوردستان»دا بۆ دەخوازم.

من شانازیی ئەوم پێ بڕا کە ساڵانێک لە کۆڕی هاوڕێیانی ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بەشە جیاجیاکانی ڕۆژنامەیەدا کار بکەم و سەرەڕای کەمیی ئیمکانات و هێرشی بەردەوامی فڕۆکەی جەنگی و تۆپخانەکانی ڕژێمی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی حزب لە ناوچە سنوورییەکان، ئەو ڕۆژنامەیە لە بڵاوکردنەوەی هەڵوێستی سیاسی لەسەر بارودۆخی ئێران و کوردستان و ناوچەکە و هەروەها خستنەڕووی جینایەتەکانی ڕژێمی ئێران دەرهەق بە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان، بەردەوام بوو.



رۆژنامەی کوردستان، خاوەنی زمانێکی پاراو بووە و ئێستاش لەسەر ئەو رێچکەیەی بەردەوامە و ئەو کەسانەی کە رۆژێک لە رۆژان لەو رۆژنامەیەدا کاریان کردبێت و ئەرکیان پێ سپێردرابێت، شاهیدی بۆ دروستیی رێنووس و پاراوبوونی زمانەکەی دەدەن. گۆڕینی شێوازی ئامادەکردنی رۆژنامە لە سیستەمی شاخ بۆ سەر سیستەمی کۆمپیوتەری و چاپی سەردەمیانەش، کە ئەوکات ئەو ئەرکە بە من و هاوڕێیانم لە کۆمیسیۆنی چاپەمەنی حیزب سپێردرا، توانی بە دیزاینێکی باشترەوە بگاتە دەستی خوێنەرانی. منیش لەو سۆنگەیەوە، «کوردستان» بە یەکەم فێرگەی خۆم دەزانم بۆ هاتنەناو کاری راگەیاندن و شانازیش بەوە دەکەم کە توانیمە ئەو ئەزموونە لە ساڵانی دوای کارکردنم لە «کوردستان»، لە کەناڵەکانی دیکەی راگەیاندن لە کوردستاندا پەیرەو بکەم. هیوای بەردەوامی بۆ «کوردستان»ی ئازیز دەخوازم. ئاواتمە، ئەم دەورەیەی رۆژنامەی کوردستان لە چل و سێیەمین ساڵی دەرچوونیدا بە شێوەی رۆژانە و لە خاکی نیشتمان، لە رۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٣

---

## منداڵانی «کوردستان» لە »رۆژین»ەوە تا «سۆژین»


کوردستان

«کوردستان»، رێچکەیەک لە کۆماری کوردستانەوە تا سەرکەوتنی یەکجاری

600

"کوردستان" ئاڵای شەکاوەی خەباتێکی بەردەوام

ب. هیوا

لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوو دا، کە من لە گەڵ «کوردستان» بووم بە یەکماڵ، چەندین منداڵ لە چەند نەسلی جیاواز، لە باوەشی «کوردستان» دا گەورە بوون. ئەو منداڵانەی کە دایک و باوکیان یا یەکێک لەوان، لە رۆژنامەی «کوردستان» بە تایبەتی لە بەشی فەننی، کاری پیتچنی و مۆنتاژی رۆژنامەیان کردوە. ئەو دایکانەی لەم رۆژنامەیە کاریان کردوە، وەک ژنانی دیکەی پێشمەرگە، ناچاربوون شانبەشانی جێبەجێکردنی کاری حیزبی و پێشمەرگایەتی، بە ئەرکی دایکایەتیی خۆشیان رابگەن. ئەوان لە بەر بارودۆخی تێکۆشان، ناچار بوون منداڵە ساواکەشیان بێننە شوێنی کار.لە راستیدا کۆمەڵێک

منداڵ کە هێندێکیان ئێستا بوون بە کچ و کوڕی گەورە و لە زانکۆکان دەخوێنن، لە باوەشی «کوردستان» و لە بنکە و بارەگای ئەم رۆژنامەیە، قۆناغەکانی گاگۆڵکە و دارەدارە و پێهەڵگرتنیان بڕیوە. ئەو منداڵانە، خۆشی و زیندوویی و چێژێکی تایبەتیان بە شوێنی کارمان بەخشیوە و بوون بە هۆی ئەوە لە نووسینی بابەتەکانی رۆژنامەش دا، «منداڵ» و پێویستییەکانی لە بیر نەکەین. لە خۆڕا نەبوو کە رۆژنامەی «کوردستان» لە ژمارە ۳٤۲ (١٥ی جۆزەردانی ۱۳۸۱) بڕیاری دا پاشکۆیەکی مانگانەی تایبەت بە منداڵان لە ژێر ناوی «دنیای منداڵان»دا بڵاو بکاتەوە، پاشکۆیەک کە ١٠ ساڵە بەردەوامە و ئێستا بووە بە بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ ولە لایەن ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەردەچێ.

دەسپێکی منداڵانی «کوردستان»، «رۆژین» شەریعەتی بوو. دواتر هانا وریا، ئارین ئیبراهیمی، هیوا وریا، نارین کەنکاش و سۆلان قازی بوون بە ئەندامی بنەماڵەی «کوردستان». نوێترین و بچووکترین ئەندامی ئێستای ئەم بنەماڵەیەش، «سۆژین»ە کە گەڕەکێکی بە گروگاڵی خۆی ئاوەدان کردۆتەوە. خۆش ئەوەیە زۆر جار بە بۆنەی ئەم منداڵانەوە،منداڵانی دیکەی ژنانی پێشمەرگە وەک «کیان»، «خانی و یەسنا»، «مەتین» و هتد روویان کردووەتە شوێنی کارمان و «کوردستان» بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ بووە بە « باخچەی ساوایان»!

خۆششانسیی هێندێک لەو منداڵانە، دەستراگەیشتن بە باوەشی گەرم و پڕ لە مێهرەبانیی کەسێکی منداڵ خۆشەویستی وەک کاک قاسم سوڵتانی، و نوقڵ و چوکلێتەکانی تێکۆشەری دێرین کاک فەتاح کاویان بووە کە هەر دووشیان لە یارانی دێرینی رۆژنامەی «کوردستان».

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠٠ - ڕێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ۲۰۱۳

## سەرنجێک لەسەر داهاتووی ڕۆژنامەگەریی حیزبی: "کوردستان" و "ئۆمانیتە" بە نموونە



ئاسۆی حەسەن زادە

لە سادەترین جیاکاریدا ڕۆژنامەی کوردستان لە خانەی ڕۆژنامەگەریی سیاسیدا پۆلێن دەکرێ کە ئەگەر بمانەوێ وردتریشی بکەینەوە و زاراوە باوەکانی ئەو بوارە بەکاربەرین دەتوانین بیخەینە چوارچێوەی ڕۆژنامەگەریی دەروەست، ڕۆژنامەگەریی بیروباوەڕ، ڕۆژنامەگەریی شۆڕشگێڕی، ڕۆژنامەگەریی حیزبی و بە گشتی ڕۆژنامەگەرییەک کە خەتی سیاسیی خۆی ناشارێتەوە و بە ئاشکرا رایدەگەیەنێ. زۆربەی کات، لەبەرامبەر ئەم جۆرە ڕۆژنامەوانییەدا باسی ڕۆژنامەگەری بەبێ هیچ سیفەتێک دەکرێ یان لە باشترین حاڵەتدا دەڵێن ڕۆژنامەگەریی زانیاری کە لەودا بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو پرەنسیپانە کە بە ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی ناسراون و لە میساقی بەناوبانگی موونیخدا هاتوون(١)، ئامانج تەنیا دانی زانیاری و خستنەڕووی فاکتەکانە.

هێندێک کەس ڕۆژنامەگەریی حیزبی هەر لە بنەڕەت ڕا بە ڕۆژنامەوانی نازانن چونکە پێیان وایە ئەو جۆرە لە ڕۆژنامەوانی بەستراوە و تەکرەهەند و لایەنگرانە و ئامانجگەرا و زۆرتر ئامرازێکە بۆ پرۆپاگەندای سیاسی و هیچی دیکە. پاساویشیان ئەوەیە کە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەگەری بەڕاستی بتوانێ ببێتە کۆڵەکەی چوارەمی دێموکراسی نابێ وەک ئەکتەرێکی سیاسی، بەڵکوو وەک چاوەدێری گەمەی سیاسی بجوڵێتەوە.(٢) وەک میراتێکی نەریتی مێدیایی وڵاتانی ئینگلیسی زمان بنەمای کار پێویستە تەنیا لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بێ.(٣)

جیاکردنەوەو لەبەرامبەریەکدانانی ڕۆژنامەگەریی بیروباوەڕو ڕۆژنامەوانیی زانیاری تا ڕادەیەک موتڵەقگەرا و ناعادڵانەیە. شتەکان لەوە ئاڵۆزتر و ڕێژەییترن کە ئاوا دابەشی بکەین. لەلایەک، ئەمڕۆ ئیدی دەرکەوتووە کە ڕۆژنامەگەریی زانیارییش هەرگیز ناتوانێ بەتەواوی بێلایەن بێ و لە شێوەی رووماڵ و بەدواداچووندا بەردەوام لەبەرامبەر هەڵبژاردنێکی «سیاسی» دایە و ئەگەر تەنیا لەبەر ئەو لۆژیکە داراییەش بێ کە لە پشتەوەیەتی ناتوانێ بەرامبەر بە پەیام و نێوەرۆکی

زانیاری بێتەفاوەت بێ. لەلایەکی دیکەشەوە، رۆژنامەگەری سیاسی بە رۆژنامەگەریی حیزبیشەوە لە سەردەمی ئەمڕۆدا تێدەکۆشێ بایەخەکانی رۆژنامەوانیی زانیاری یان پرۆفشناڵ رەچاو بکا و بەم جۆرە هەرمانی خۆی باشتر دەستەبەر بکا.

با ئەو مەسەلەیە لە بەراوردێک لەنێوان رۆژنامەی کوردستان و رۆژنامەی ئۆمانیتەی فەڕانسەدا چاو لێ بکەین. رەنگە بگوترێ ئەوە بەراوردکردنی دوو شتی نالێکە (قیاس مع الفارق)، چونکە بەستێن و سروشت و ریسالەتی ئەو دوو رۆژنامەیە تەواو فەرقیان هەیە. بەڵام جیا لەوە کە زۆر چاک دەکرێ شتێک لەگەڵ جۆری "ئیدئاڵ" یان "پێشکەوتوو"ی ئەو بوارە بەراورد بکرێ، پرەنسیپی مێتۆدی بەراوردکاری ئەوەیە کە دوو شتی هاوبوار لەپێوەندی لەگەڵ خیسڵەتێکدا پێکەوە بگرین کە ئەو خیسڵەتە لە هەردووکیاندا هەیە بەڵام لە هەردووکیاندا وەک یەک رۆڵی خۆی نانوێنێ، تەنانەت ئەگەر نابەرابەری و نامۆیی‌یەکیش لەهەر روویەکەوە لەنێوان ئەو دوو شتەدا هەبێ. جگە لە زۆر وێکچوونی نێوان ئەو دوو رۆژنامەیە وەک ئۆرگانی رەسمیی دوو حیزبی سیاسی کە دۆستایەتیی مێژوویییان پێکەوە هەبووە، خاڵێکی سەرنجڕاکێشی وێکچوون ئەوەیە کە ئەگەرچی رۆژنامەی ئۆمانیتە چل ساڵ پێش رۆژنامەی کوردستان دەست بەکار بووە، بەڵام بۆ ئەو خیسلەتەی کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە هەردووکیان لە یەک سەردەمدا ناچار بوون خۆیان لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی دەورانی گوزار و ئاڵوگۆڕ لە راگەیاندنی سیاسیدا بگونجێنن، ئەو سەردەمە وەک زۆر لەو هاوڕێیانەی وتاریان بۆ ژمارە (٦٠٠) رۆژنامەی کوردستان نووسیوە، دەکەوێتە نێوەڕاستی ساڵەکانی نەوەدی زایینییەوە.

لە ئورووپای دێموکراتیک و پێشکەوتوو ئەمڕۆ شتێک بەناوی رۆژنامەگەریی حیزبی باوی نەماوە. ئەگەر حیزبەکان وەک خۆشیان بڵاکراوەیان هەبێ، لە مەیدانی مێدیایی سەراسەریدا مەترەح نیە. هەر لەو کاتەدا بەڵام زۆر رۆژنامەی سیاسیمان هەن کە نزیکایەتییان لە فڵانە حیزب یان لە فیسارە بەرەی سیاسی هەیە.(٤) رۆژنامەی ئۆمانیتە بۆیە سەرنجڕاکێشە چونکە نموونەی ئاخرین رۆژنامەی گەورەی وڵاتێکی دێموکراتیکی ئورووپاییە کە هەتا ئەم دواییەش ئۆرگانی رەسمیی حیزبێکی سیاسی بوو کە بریتییە لە حیزبی کۆمونیستی فەرانسە.

"ئۆمانیتە" کە ساڵی ١٩٠٤ لەلایەن رێبەری بەناوبانگی سۆسیالیست ژان ژۆرێس-ەوە وەک رۆژنامەیەکی زانیاری و سەربەخۆی چەپ دەستبەکاربووە، لە ساڵی ١٩٢٠ کە زۆرینەی چەپەکان بڕیاری چوونە نێو ئەنترناسیۆنالی کۆمونیست دەدەن دەبێتە رۆژنامەیەکی کۆمونیستی. لە ماوەی نێوان دوو شەڕی گەورەی جیهانیدا بەڕەسمی دەبێتە ئۆرگانی پارتی کۆمونیست و تەنانەت دوای تەواو بوونی شەڕی دووەمیش پەیڕەوییەکی وشک لە سیاسەتی ئەو حیزبە دەکا.(٥)

لەگەڵ تەواو بوونی شەڕی سارد، جیا لەو دۆخە نوێیە کە حیزبی کۆمونیست تێی دەکەوێ، رۆژنامەی ئۆمانیتەش بۆ زاڵبوون بەسەر قەیرانێکدا کە لەگەڵی بەرەوڕوو دەبێ ناچارە بەخۆیدا بچێتەوە. هۆیەکانی ئەو قەیرانە تەنیا بەشێکیان سیاسین. بێگومان ئەوە کە حیزبی کۆمونیست ئەو جێگە و پێگە مێژوویی‌یەی جارانی نامێنێ کاریگەریی زۆری لەسەر بازنەی خوێنەرانی ئۆرگانە رەسمییەکەشی هەیە. ئەگەر سەردەمانێک سەرکەوتنی رۆژنامەگەریی ئۆمانیتە دەسمایەیەک بوو بۆ

سەرکەوتنی سیاسیی حیزبی کۆمۆنیست بە چەشنێک کە زۆر جار ژمارەی خوێنەرانی ئەو رۆژنامەیە پێنج هێندەی ژمارەی ئەندامانی خودی حیزبەکە و بگرە زیاتریش بوو، ئەمجار ئەوە شکستی حیزبی کۆمونیست بوو کە زیانی بە پێگە و پرستیژی رۆژنامەی ئۆمانیتە دەگەیاند.

هۆکارەکانی دیکەی ئەو قەیرانە پێوەندییان بە قەیرانی رۆژنامەگەریی نووسراو بەگشتی و رۆژنامەگەریی نووسراوی سیاسی بەتایبەتی هەبوو. جارێ بەهۆی کەمبوونی داهاتی ریکلام لەو جۆرە رۆژنامانەدا و سنووردرابوونی یارمەتی و سوبسیدی دەوڵەتی، لایەنی ماڵی و دارایی ئاستەنگێکی گەورە بوو کە رۆژنامەیەکی وەک ئۆمانیتەی کە بەدژی سیستمی سەرمایەداری خەباتی دەکرد ناچار کردبوو تەواو بە مەنتق و مێکانیزمەکانی مودیرییەتی سەرمایەدارییەوە خۆی بەرێوە ببا. بەڵام فاکتەری هەرە گرینگ کە هەم وەک هۆکار و هەم وەک دەرەنجامی قەیرانەکە خۆی دەنواند، کێشەی کەمبوونەوەی رێژەی خوێنەر بۆ ئەو جۆرە رۆژنامانە بوو کە بەهۆی گوتارێکی تەواو سیاسییانەوە هەتا دەهات کەمتر بۆ خەڵک راکێشەر (جذاب) بوون.(٦) لە سەردەمێکدا کە خەڵک زۆرتر بەدوای زانیاری و بابەتی فرەچەشندا دەگەرێن، چەسپان بەو خەتە ئیدئۆلۆژییەی ئۆمانیتە گرتبوویە بەر بە مانای هەنگاوانانی رۆژنامەکە بەرەو هەڵدێر و لەنێوچوون بوو.

بۆ وەڵامدانەوە بە زەروورەتەکانی سەردەمی تازە ئۆمانیتە هێندێک هەنگاوی هەڵێنانەوە کە لێرەدا ئیشارە بە هێندێکیان دەکەین و هەوڵیش دەدەین ئاماژەکان یەکراست ببەستینەوە بەو ئاڵوگۆرانەی لە هەمان سەردەمدا لە رۆژنامەی کوردستانیشدا روویان داوە.

خاڵی وەرچەرخانی ئاڵوگۆرەکان لە رۆژنامەی ئۆمانیتەدا کە لە پێناوی زەرفییەتسازی و کرانەوەی زۆرتر لەو رۆژنامەیەدا پێک هاتن ساڵی (١٩٩٤)ە کاتێک پاش کۆنگرەی ٢٨ی حیزبی کۆمونیستی فەرانسە بریار دەدرێ رۆژنامەی ئۆمانیتە چیدیکە لەسەری نەنووسرێ «ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی فەرانسە»، بەڵکوو لەسەری بنووسرێ «رۆژنامەی حیزبی کۆمونیستی فەرانسە» کە لەنێوان ئەو دووانەدا فەرقێکی زۆر هەیە. ئەمرۆ تەنانەت هەم ئەو دەستەواژەیە لە لۆگۆی رۆژنامەی ئۆمانیتە و هەم نیشانەی چەکوچ و داسەکەشی لەسەر لابراوە. وەک دەزانین رۆژنامەی کوردستان کە لە سەردەمی کۆماردا لەسەری نووسراوە «بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان»، دواتر لەسەری دەنووسرا «ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان» و ئەمرۆش لەسەری دەنووسرێ «ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان». دیارە لێرەدا مەبەست دامەزراندنی هیچ پێوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان ئاڵوگۆرەکانی ئەو دوو رۆژنامەیە نیە. مەرج نیە ئەوەی لە شوێنێکی ئەم دنیایە پێویست و بەجێ بوو، بێئەملاوئەولا لە شوێنەکانی دیکەش هەر وا بێ. تەنانەت رەنگە کارگێرانی ئەو دوو رۆژنامەیە هەر ئاگاشیان لە کاری یەکتر نەبووبێ، بەڵام بە دەرک کردنی بە پێویستییەکانی رۆژ ئامادەیی ئاڵوگۆریان لە خۆیاندا نیشان داوە.

ئەو دەسکارییانەی تایتڵ و بەستراوەیی ڕەسمیی رۆژنامەی ئۆمانیتە تەنیا شتی رواڵەتی نەبوون بەڵکوو دوای ئەوە ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیست نەخشی خۆی لە کۆنترۆڵی پێکهاتە و بەڕێوەبەری و لە هەمووی گرینگتر دیاری کردنی ڕێبازی نووسین (خەتی تەحریری)ی رۆژنامەی ئۆمانیتەشدا وردە وردە کەمتر کردەوە. ئۆتۆنۆمیی زیاتری ئۆمانیتە بووە هۆی ئەوە کە لەگەڵ ئەوەدا کە ئۆمانیتە هەروا لە حیزبی کۆمۆنیست نزیک و رۆژنامەیەکی دژە سەرمایەدارێش مایەوە، بەڵام زەرفییەت و فرەچەشنیی دەروونیی ئەو رۆژنامەیە لەڕووی فۆرم و نێوەڕۆکەوە ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هات. لەڕووی شکڵییەوە، ئۆمانیتە بە فۆرموول و ماکێتێکی تازەوە درێژەی بە کاری خۆی دا ئەگەرچی لۆگۆی ئۆمانیتە هەمان ئەو لۆگۆیەیە کە ١٠٩ ساڵ پێش ئێستا داندراوە. سەرنجڕاکێشە کە بزانین لۆگۆی رۆژنامەی کوردستان تا ئێستاش هەمان ئەو فۆنتەیە کە لە سەرەتاکانی خۆیدا پێی نووسراوە کە ئەوەش تەعبیر لە جۆرێک نۆستالژی و حەزی نیشاندانی درێژەدەری و ڕەسەنایەتی دەدا کە ویستێکی سروشتی و ڕەوایە. لەباری نێوەرۆکیشەوە کرانەوەی ئۆمانیتە لە فرەجۆریی بابەتەکان و پاشکۆیەکان و ئاڵوگۆڕ لە دیاریکردنی پێوانەکانی کارپێسپاردنی رۆژنامەوانەکان و جۆراوجۆریی نووسەرانەوە بەتایبەت بۆ نووسەرانێک کە لایەنگری حیزبی کۆمونیست نین ڕەنگی دایەوە کە هەمان ئەو کرانەوەیە لە ساڵانی رابردوودا لە رۆژنامەی کوردستانیشدا بەدی کراوە.

ئاڵوگۆڕە جەوهەرییەکانی ئۆمانیتە هەروەها ئاکامی ڕاستەوخۆی کراوەیی و نەرمیی زیاتر لە پرۆفایلی سەرنووسەر و پێکهاتەی دەستەی نووسەرانیدا بوو. هەتا ئەو سەردەمەی گوزارەی دوایی سەرنووسەرانی رۆژنامەی ئۆمانیتە هەمیشە کەسانی سیاسی و بگرە ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیست بوون.(٧) سەبارەت بە رۆژنامەی کوردستان ئەگەر ڕاستە کە سەرنووسەر و بەڕێوەبەرانی سەرەکیی لە ئەندامانی ریزی پێشەوەی ڕێبەریی حیزب بوون، بەڵام بێگومان ئاڵوگۆڕەکان نە هێندە دوور ڕۆیشتوون و نە دروستیشە لەو هەلومەرجەدا ئەوەندە دوور بڕۆن. بەڵام لە کوردستانیشدا ڕەوتێکی لەو چەشنە بەدی کراوە. لە تایبەتنامەکەی ژمارە (٦٠٠)ی کوردستاندا، بەشێک لە قەڵەمەکانی رۆژنامەی کوردستان سەبارەت بە ئەزموونی خۆیان لەو رۆژنامەیەدا باسی ئەو ساڵانەی گوزاریان کردووە کە لەودا کەسانی دەرەوەی بازنەی ڕێبەریی حیزب (وەک گەنجانی خوێندەوار یا کەسانێک کە تازە لە نێوخۆی وڵاتەوە هاتبوونە نێو حیزب و تەنانەت کەسانی دەرەوەی حیزبیش) هاتنە نێو کۆڕی نووسەران و هاوکارانی رۆژنامەی کوردستان و بە وتەی وان ئەمە بووە هۆی خێراتر بوونی گۆڕانکارییەکان و زەرفییەت و ڕەنگاوڕەنگیی زۆرتر لە زمان و نێوەرۆکی رۆژنامەدا.(٨)

ئەو ئاڵوگۆڕەی لە زمان بە مانای راوێژی حیزبێکی سیاسی کە لە رۆژنامەی ئۆمانیتە و بە پلەیەکی کەمتر لە رۆژنامەی کوردستاندا بەدی دەکرێ تەواو لە جێی خۆیدایە. لەو شوێنەی کە رۆژنامەی ئۆمانیتە تێگەیشتووە کە تەنانەت ئەگەر لە

فکری بەسیجی بیروڕای گشتیی خەڵک یان دەنگدەرانیشدا بین گوتارێکی گشتگیرتر و فراوانتر بۆ خەڵک سەرنجڕاکێشترە تا گوتارێکی سێکتاریست و داخراو. لە رۆژنامەی کوردستانیشدا بە باشی هەست بەوە کراوە کە تا ئەو جێگایەی دەکرێ پێویستە هەمەڕەنگیی حەز و روانگە و هەستیارییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگا لە رۆژنامەدا رەنگدانەوەیان هەبێ. زمانی قسەکردنی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەڵک گۆڕاوە، هەربۆیە زۆر بەجێیە ئەگەر ببینین گفت و دوێی رۆژنامەی کوردستانیش گۆڕانی بەسەردابێ.

بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە شتەکان تێکەڵ بکەین. ئۆمانیتەی ئەوڕۆ لە جیاتی ئەوەی پرۆپاگەندایەکی رووتی سیاسی و حیزبی بکا، بە زمانێکی زانستی و بە پشت بەستن بە فاکتەکان و لە فەزایەکی فیکری و مەعریفیی فراوانتردا دەدوێ. بەڵام تاقە یەک رستەشی بە قازانجی سیستمی سەرمایەداریدا تێدا بەدی ناکرێ.(٩) ناسنامە و پەیامی رۆژنامەی کوردستانیش دەبێ روون بێ. چاوەڕوانیی ئەوە کە رۆژنامەی کوردستان و قەڵەمەکانی نەکەونە ژێر کاریگەریی کەشی حیزبی و سیاسەتی حیزبی دێموکڕات، یان تەنانەت سەرەڕای بوونی لاپەڕەی ئازاد کە دەسپێشخەرییەکی شایانی ئافەرینە، ئیمکاناتی خۆی بەشێوەی سەرەکی بخاتە رێی بیروبۆچوونێک کە لەدژی سیاسەتی ئەو حیزبە بێ یان لەوەش خراپتر بەستێنی نەتەوایەتیی خۆی بەجێ بێڵێ و بەکورتی بە پێچەوانەی مەرام و ئامانجی سیاسیی ئەو لایەنەی دەری دەکا تەبلیغ بکا، چاوەڕوانییەکی بێ‌جێ و نامەنتقییە کە نە لە ئۆمانیتە دەکرێ، نە تەنانەت لە "لومۆند" و "گاردیەن".

ئەگەر لە ئورووپا نەمان و لەنێوچوونی رۆژنامەگەریی حیزبی وەک یەکێک لە نیشانەکانی گەشەسەندنی سیاسی چاوی لێ دەکرێ، لە کوردستان پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی بەستێنی تایبەت بەو وڵاتە و لەوەش گرینگتر زەرووڕەتەکانی ئەو قۆناغە لە مێژووی نەتەوەکەمان کە لە نەزەرماندایە چاو لەو جۆرە مەسەلانە بکەین. رۆژنامەی کوردستان پێش هەموو شتێک شوێنێک بووە بۆ تۆمارکردنی مێژوویەکی حاشالێکراو و چێکردنی زمانێکی قەدەغەکراو. لە فەڕانسە هەتا شەڕی سارد کۆتایی نەهات، بەندی نێوکی رۆژنامەی ئۆمانیتە لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە نەبڕدرا. لەلایەکی دیکەوە، پێش ئەو سەردەمە پێوەندیی نێوان حیزبی کۆمۆنیست و مێدیاکانی دەوڵەت بەتایبەتی لە سەردەمی سکرتێریی ژۆرژ مارشەدا پڕ بوو لە دڕدۆنگی و گومانی سانسۆر و رێگەنەدان. ماناکەی ئەوەیە کە تا ئەو کاتەی لە چوارچێوەی کۆمەڵگای دامەزراوەییدا حیزبەکان ئامرازی دێموکراتیکی جێگای متمانە و قبووڵی هەموو لایەکیان بۆ خۆناساندن بەخەڵک و خۆتاقیکردنەوە لەلای خەڵک لەبەر دەستدا نەبێ، مێدیای حیزبی وەک ئاسانترین ئامرازی خۆ پێناسەکردنی وان هەروا برەوی خۆی دەمێنێ.

رۆژنامەگەریی حیزبی کە لە کەیسی رۆژنامەی کوردستاندا پێویستە لە خانەی رۆژنامەگەریی شۆڕشگێڕیشەوە بۆی بچین بێگومان هەروا ئایندەدارە کە دیارە بەپێی گۆڕانی هەلومەرج و دوورەدیمەنی ئازادیی کوردستان رەنگە لە داهاتوودا پێویست بێ نەخشی گەورەتریش بگێڕێ. هەر لەو کاتەدا بۆ رۆژنامەیەکی وەک رۆژنامەی کوردستان هەوڵی بەردەوام بۆ کرانەوە و نۆژەنبوونەوە و خۆگونجاندن (وێرای پابەندی بە ریسالەتی مێژوویی و رەسەنایەتییەکەی) پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

ئەوە بەتایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ کرانەوە لە نێوەرۆکدا بۆ ڕۆژنامەی کوردستان هەموو ڕۆژێک چالێنج(چالش)ێکی تازەیە. بەڵام شتێکە کە هەم لێی چاوەڕوان دەکرێ و هەم لە دەستیشی دێ. نابێ لەبیرمان بچێ کە ڕۆژنامەی کوردستان هەر لە دەسپێکەوە دوفاکتۆ زمانحاڵی شتێکی گەورەتر و فراوانتر لە حیزبەکە بووە کە بریتی بوو لە کۆماری کوردستان و نەتەوەی کورد.(١٠)

١- کە گرینگترینیان بریتیین لە ڕێزگرتن لە ڕاستی، ئازادیی ڕەخنەگرتن، وەرگرتنی زانیارییەکان لەلای سەرچاوەی ناسراو، ئاشکرا نەکردنی سەرچاوەی زانیاری، ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەتیی تاکەکان، ... هتد.

http://www.journalistes-cfdt.fr/charte-1918/la-charte-de-munich.html

٢- لەو بارەوە: ژاک لوبۆهێک، پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژنامە و سیاسەت: داڕشتنی جۆرناسییەکی ئیدئال، چاپی هەرمەتان، پاریس، ٢٠٠٠.

Le Bohec, Jacques, Les rapports Presse-Politique: Mise au point d'une typologie "idéale", .L'Harmattan, Paris, 2000

٣- دیارە وە نەبێ لە وڵاتانی ئینگلیسی زمانیشدا شتەکە هێندە یەکدەست بێ، بۆ نموونە ئەگەر چاوێک لە چارت و کارکردی مێدیایەکی وەک «ڤیئۆئەی» بکەین و لەگەڵ مێدیایەکی وەک «بیبیسی» هەر وەک «ئێرئێفئی» و «دۆیچەوێلە» بەراوردی بکەین، دەبینین کە یەکەمیان لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ دەکرێ و لە ڕاستیدا پەیڕەوی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکا، بەڵام ئەوانی دیکە سەربەخۆن و هەوڵ دەدەن پرۆفشنالیزمێکی زیاتر لە کارەکانیاندا ڕەنگ بداتەوە.

٤- لە فەڕانسە، «فیگارۆ» بەوە ناسراوە کە ڕۆژنامەیەکی لیبرالییە و لایەنگری لە ڕاستڕەوەکان دەکا، یان «لیبراسیۆن» بەوە ناسراوە کە لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی پارتی سۆسیالیستدایە.

٥- کاتێک ساڵی ١٩٥٦ سووپای سوور بولغارستان داگیر دەکا، ئۆمانیتە لە مانشێتی خۆیدا دەنووسێ:"بودا پێست بزەی کەوتەوە سەر لێو!".

٦- تەنانەت هێندێک کلێشە لەسەر ئۆمانیتە ئێستاش بەتەواوی کاڵ نەبوونەوە. چەند ساڵ لەوەپێش کە پسپۆڕێکی مێژووی مێدیا بەناوی کریستیان دێلپۆرت ویستبووی کۆنگرەیەکی زانستی لەسەر ڕۆژنامەی ئۆمانیتە ڕێک بخا، پێیان گوتبوو پێویست ناکا، چونکە ئۆمانیتە زمانحاڵی ئاغاکەیەتی و هیچ جێگای باس و گفتگۆی عیلمی نیە.

http://histoiredesmedias.com/L-Humanite-de-l-organe-de-parti-au.html

٧- بۆ وێنە مارسێل کاشەن کە ڕۆژگارێکی دوور و درێژ سەرنووسەری ئۆمانیتە بووە، یەکێک دامەزرێنەران و ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی کۆمونیستی فەڕانسە بوو.

٨- بۆ وێنە خالید محەممەد زادە و کۆسار فەتاحی، کوردستان، ژمارە ٦٠٠، لاپەڕە ٧ و ١٥. هەر ئەوە کە نووسەران لەمەولا بە ناو و ئیمزای خۆیانەوە بابەتیان لە ڕۆژنامەدا چاپ بووە وەک هەنگاوێکی لیبرالییانە و بە نیشانەی بایەخدان بە تاک لێک دراوەتەوە.

٩- هەمان قسە دەتوانین لەپێوەندی لەگەڵ رۆژنامەی «لومۆند دیپلۆماتیک»یشدا بکەین کە ئەگەر بە هەموو ئارشیوەکەی سەردەمی تازەشیدا بگەڕێین بەزەحمەت دەتوانین تووشی دوو وتار بین کە لە رووی بەها و بایەخەکانەوە دژایەتیی بنەڕەتییان لەگەڵ یەکتردا هەبێ.

١٠- دڵفراوانی و ئازادییەکی بیروڕا کە لە «کوردستان»ی سەردەمی کۆماری کوردستاندا بەدی دەکرێ، لەچاو ئەو سەردەمە سەرسووڕهێنەرە.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠١ - رێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٣

---

## بەرێوەچوونی سمیناری ٦٧ ساڵ دەرچوون و بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی "کوردستان"




ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی چاپ و بڵابوونەوەی ژمارە ٦٠٠ی رۆژنامەی "کوردستان" بە بەڕێوەبردنی سمینارێک، یادی ٤٢ ساڵ بەردەوامیی دەوری نوێی "کوردستان" و ٦٧ ساڵ تێکۆشانی ئەو رۆژنامەیەی زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی بەرز راگرت.

لەو سمینارەدا کە رۆژی پێنجشەممە، ١٢ی رێبەندان لە ساڵۆنی بۆنە و رێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی کۆمەڵێک ئەدیب، رۆژنامەنووس و کەسایەتیی ئاکادیمیی کورد لە باشووری کوردستان و چەندین میدیاکاری رۆژهەڵاتی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی حیزب بەڕێوە چوو، قۆناغە جیاوازەکانی دەرچوونی رۆژنامەی "کوردستان" لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا لەلایەن کۆڕگێڕەکانەوە هەڵسەنگێندرا.

سمینار بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب و راگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی رێی رزگاریی کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی قەڵەم، دەستی پێ کرد. پاشان سمینارەکە بە قسەکانی خاتوو کوێستان فتووحی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب کرایەوە.

کوێستان فتووحی لە قسەکانی کردنەوەی سمینارەکەدا رایگەیاند "کە پێمان باش بوو بڵاوبوونەوەی ژمارە ٦٠٠ ی ئەم دەورەیەی رۆژنامە کوردستان و بیرەوەریی ٦٧ ساڵەی بڵابوونەوەی ئەم رۆژنامەیە بکەین بە دەرفەتێک بۆ باس لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی مێژوو و کاریگەرییەکانی رۆژنامەی کوردستان، دەرفەتێک نەک هەر بۆ ئێمەی نووسەران و کارگێڕانی ئەو رۆژنامەیە، بەڵکوو بۆ ئێوە خوێنەران و هۆگرانی رۆژنامەی کوردستان و دۆستانی حیزب و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی بیروڕا و پێشنیار و رەخنە و هەڵسەنگاندنی خۆتان بخەنە روو، تا ئێمەش سوود لە رێنوێنی و پەیام و رەخنە و پێشنیار و هەڵسەنگاندنی ئێوە وەر بگرین و بیکەین بە چرای رێگای کار و تێکۆشانی داهاتوومان."

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە دەسپێکی کاری سمینارەکەدا وتەیەکی کورتی پێشکێشی بەشداران کرد و وێڕای ناردنی سڵاو بە هەموو ئەو قەڵەمانەی لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا نەخشیان لە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان بووە، تیشکی خستە سەر چەند تایبەتمەندییەکی رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

کاک خالید عەزیزی بە ئاماژە بەوەی کە ریسالەت و ئەرکی رۆژنامەیەک لە چوارچێوەی گەیاندنی هەواڵ و زانیاریدا پێناسە دەکرێ، بەڵام رۆژنامەی "کوردستان" جیا لەوە تریبوون و دەنگی مێژوو و بزووتنەوەی سیاسی و تێکۆشانی نەتەوەیەک بۆ مافە مەدەنی، سیاسی و نەتەوایەتییەکانی بووە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی کە "کوردستان" بەڵگە و سەنەدێک بووە کە تا ئێستا بیری نەتەوایەتیی لە نێو خەڵکی کورد دا بڵاو کردۆتەوە، ئەو رۆژنامەیە هەوڵی یارمەتیدان بە دروستبوون و چەسپاندنی زمانی یەکگرتووی کوردی داوە، ئەویش لە کاتێکدا کە نەیارانی هەوڵی لەنێوبردن و تواندنەوەی ئەو زمانەیان داوە.

دوابەدوای قسەکانی بەرێز سکرتێری گشتیی حیزب، پانێلی یەکەمی سمینارەکە دەستی پێ کرد. لەو پانێلەدا بەرێزان ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات، مستەفا مەعرووفی، مامۆستای زانکۆ

و ئەندامی دەستەی نووسەرانی "کوردستان"، ئەییووب شەهابی راد، یەکێک لە کارگێڕان و دیزاینەرانی رۆژنامەی "کوردستان" باس و هەڵسەنگاندنەکانی خۆیان لە سەر رۆژنامەی "کوردستان" پێشکێش کرد.

بەڕێز مامۆستا لە باسەکەیدا ئاوڕێکی کورتی لە چەندین قۆناغی ژیان و دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا دایەوە و، بە وردی ئاماژەی بەو بارودۆخە کرد کە لەماوەی ٤٢ ساڵی رابرووودا - کە دەورەی ئەمجارەی رۆژنامەی "کوردستان"ی لە خۆ گرتوە - ئەم رۆژنامەیە لەگەڵی بەرەوڕوو بووە.

بەڕێز مامۆستا لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بە چەند خەسڵەتێکی رۆژنامەی "کوردستان" کرد کە بەهۆی ئەو خەسڵەتانەوە رۆژنامەی "کوردستان" خۆشەویستی خوێنەران، هۆگران و لایەنگرانی بووە. مامۆستا حەسەن زادە لەو پێوەندییەدا گوتی ئەگەرچی رۆژنامەی "کوردستان"، رۆژنامەیەکی حیزبی بووە و لەسە خەتێکی سیاسیی دیار رۆیشتوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی "گەل پەسند" بووە، لە بۆچوونەکان دا واقعبین بووە، راستگۆ بووە و درۆی لەگەڵ خەڵک و خوێنەرانی خۆی نەکردوە و زمانێکی رەوان و سەلیمی کوردی جێ خستوە، ئەو رۆژنامەیە هەموو کاتێ قورس و بە پرێستیژ و خاوەن پێگەی تایبەت بووە و هەیە.

مستەفا مەعرووفی بە هەڵسەنگاندنێکی کورتی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کوردستان لە سەردەمی کۆمار و ئاستی خوێندەواری و پێکهاتەی ژیانی شار و لادێی لە کوردستان هاتە سەر خەسڵەتە مستەفا مەعرووفی، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی دەستەی نووسەرانی" کوردستان" یەکێکی دیکە لە کۆڕگێڕانی ئەو پانێلە بوو کە باسەکەی بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکی رۆژنامەکانی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا تەرخان کردبوو.

بەرچاوەکانی ئەو قۆناغە لە ژیانی رۆژنامەی کوردستان و تیشکی خستە سەر ئەوە کە کوردستان لەو سەردەمەدا ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان بووە. "کوردستان" لەو سەردەمەدا رێزی لە ئازادی بیرو را دەربڕین گرتوە و لە لاپەڕەکانی خۆیدا مەیدانی پێ داوە و هەروەها مەکۆ و شوێنی کۆکردنەوەی قەڵەم و نووسەرانی ناوچە و پارچە جیاوازەکانی کوردستان بووە و خزمەتی زۆری بە زمانی کوردی و تەسبیت و سەقامگیر کردنی زمانی کوردی ئەویش لە سەردەمێکدا کردوە کە سیاسەتەکانی رەزاخان و حەمەرەزاشای کوڕی حاشایان لە هەر چەشنە شوناس و پێناسێکی نەتەوەیی کردبوو.

دوایین کۆڕگێڕی ئەو پانێلە ئەییووب شەهابی راد، یەکێک لە کارگێڕان و دیزاینەرانی رۆژنامەی کوردستان بوو کە باسەکەی بۆ باس لە سەر لایەنی تەڕاحی و دیزاینی رۆژنامەی "کوردستان" لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی تەرخان کردبوو. ئەییووب

شەهابی راد لەگەڵ هەڵسەنگاندنی بابەتیانە و ڕەخنەگرانەی "کوردستان" لە باری گرافیک و دیزاینەوە باسی ئەوەی کرد "کوردستان" لەگەڵ سەردەمی خۆی و بەپێی ئیمکاناتەکانی بەردەستی بەردەوام هەوڵی خۆگونجاندنی داوە و ویستوویەتی خۆی نوێ کاتەوە.

پانێلی یەکەمی سمینارەکە بە قسەکانی عەبدوڵڵا زەنگەنە، نووسەر و یەکێک لە هەڵسووڕاوانی بنکەی ژین کۆتایی پێ هات کە بە وردی باسی لە چۆنیەتیی ساغکردنەوەو کۆکردنەوە و لە چاپ دانەوەی ڕۆژنامەکانی "کوردستان"ی سەردەمی کۆمار کرد.

لە سەرەتای پانێلی دووهەمی سمینارەکەدا خەڵاتی ڕێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی "کوردستان" لە یادی ٦٧ ساڵەی تێکۆشانی ڕۆژنامەی کوردستان دا، بە بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، فەتاح کاویان، قادر وریا، مومتاز حەیدەری، بنکەی ژین و دەزگای ئاراس درا. لەو بەشەدا قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە وتەیەکی کورت دا ڕوانینی خۆی سەبارەت بە ٢٥ ساڵ تێکۆشانی لەم ڕۆژنامەیە دا،دەربڕی.

لە پانێلی دووهەمی سمینارەکەدا بەڕێزان دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مستەفا شێخە، ڕۆژنامەنووس باس و هەڵسەنگاندنەکانی خۆیان لە سەر ڕۆژنامەی کوردستان پێشکێش کرد.

دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە لە باسەکەیدا وێڕای پێناسەی کلاسیک و کارکردی نوێی ڕۆژنامەنووسی حیزبی و ڕۆژنامەنووسی زانیاری گوتی کە لە ئێستادا هەم ڕۆژنامەنووسیی حیزبی پڕەنسیپ و مێتۆدەکانی ڕۆژنامەنووسیی مۆدێرن ڕەچاو دەکا و هەم ڕۆژنامەنووسیی زانیارییش هەڵگری جۆرێک فیکر و ئایدیای تایبەت بە خۆیەتی.

دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە، بەشێکی دیکەی باسەکەی بۆ بەراوردی ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ ڕۆژنامەی " ئۆمانیتە"، سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە تەرخان کرد و لە کۆتایی باسەکەی دا گوتی کە ڕۆژنامەی "کوردستان" دەتوانێ داهاتوویەکی گەشی هەبێ و سەرەڕای پێبەند بوونی بە بەرپرسایەتی و ریسالەتی خۆی، بەردەوام لە خۆیدا نوێ بێتەوە.

دوایین کۆڕگێڕی ئەو سمیناره ڕۆژنامەنووس مستەفا شێخە بوو. مستەفا شێخە لە سەرەتای باسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە نووسینە نەمر و شاکارەکانی ئەدەبیاتی کوردی لە سەر دەستی ئەو کەسانە بۆ ئێمە و بۆ کتێبخانەی کوردی ماونەتەوە کە لە کانی و سەرچاوەی ڕۆژنامەی "کوردستان"یان خواردۆتەوە و وەک نموونە ئاماژە بە کەسایەتییەکانی وەک ڕەحیمی سەیفی

قازی، حەسەن قزڵجی، مامۆستا هێمن و مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە کرد.

مستەفا شێخە بەشی سەرەکیی باسەکەی بۆ بابەتی گواستنەوەی ڕۆژنامەکان لە کاغەز را بۆ نێو دنیای ئینتێرنێت تەرخان کرد و لەو بارەوە تێبینی و سەرنجەکانی خۆی بۆ رۆژنامە کوردستانیش خستە ڕوو.

لە بەشێ کۆتایی سمینارەکەدا بەڕیزان فەرهاد ئەکبەری، ئارەش لورستانی، ئازا مستۆفی، جەلیل گادانی، دوکتور عوسمان دەشتی، ئاسۆ مام زادە و عەبدولکەریم شیخانی راو و بۆچوونی خۆیان لە سەر باسەکانی سمینارەکە خستە روو.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠١ - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٣

---

## وتەکانی بەرێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمیناری ٦٧ ساڵ بەردەوامیی رۆژنامەی «کوردستان»دا



میوانانی خۆشەویست!

ستافی کارای رۆژنامەی کوردستان!

میوانانی ئەهلی قەلەم و سیاسەت و ئەدەب!

پڕبەدل بەخێرهاتنتان دەکەم. لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە کە رۆژنامەی «کوردستان» ئورگانی ئەو کۆمیتەیە زۆر خوشحالم کە بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە ٦٠٠ ی رۆژنامەی کوردستان دەرفەتێک رەخسا کە بتوانین ئاوڕێک لە رۆژنامەی «کوردستان» بدەینەوە. لێرەدا جێگای خۆیەتی سلاو بنێرین بۆ ئەو کەسانەی کە لە تەمەندا نەماون، بەلام هەر لە

سەردەمی کۆماری کوردستانەوە لە هەلومەرجی جیاجیا و دژواردا لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا دەوریان هەبووە و بەشێکی گەیشتنی ئەو ڕۆژنامەیە بەمرۆ قەرزدای ئەوانە. هەروەها جێگەی خۆیەتی یادێک هەموو ئەو دوست و هاوڕێیانەی دەرەوەی حیزب بکەین کە لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا دەوریان هەبووە و ڕەنگە ئێستا لە نێوخۆی وڵات یان لە هەندەراندا بن. هەروەها پێویستە یادی ئەو هاورێ و هاوکارانەی حیزبی دێموکرات و ڕۆژنامەی «کوردستان» لە باشووری کوردستان بکەین کە لەو هەلومەرجەدا کە حیزبی دێموکرات لە ژێر گۆشاردا بووە و لە هەرێمی کوردستاندا گیرساوەتەوە هاوکاریی ڕۆژنامەی «کوردستان»یان کردوە.

ڕەنگە نەفسی ناوی ڕۆژنامە لە یەکەم خوێندنەوەدا ئێمە بخاتە ئەو فکرە کە ئامرازێکە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆژانەی هەواڵ بەڵام ڕۆژنامەی «کوردستان» شتێکی دیکە بوو. ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکرات، یادگاری کۆماری کوردستان و بەرهەمی ئەقڵییەتی سەردەمی کۆماری کوردستانە کە توانی لە زۆر بواردا زۆر بابەت لە خۆیدا نەهادینە بکا. ڕۆژنامەی «کوردستان» سەنەدێکی نەتەوایەتی بوو کە بیرو هوشیاریی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بگرە لە پارچەکانی دیکەش بڵاو دەکردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە شوێن ڕێچکەی کوماری کوردستان لە هەوڵ و تێکۆشاندا بن. لە کەشوهەوایەکدا کە حکوومەتی پێشوو هەوڵی دەدا زاراوەی جۆراوجۆر پەرەپێ بدا و بەو زاراوە جۆراوجۆرانە رادیۆ دابنێ و تەنانەت لەم دواییانەدا لە فیکری نووسینیشدا بوو، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ڕێگەی زمانی پاراوی خۆی هەوڵی دەدا خزمەت بە بنیاتنان و بەرەوپێشچوونی زمانی یەکگرتووی کوردی بکا. هەر بۆیە بە خۆشییەوە لە ئاکامی هەوڵی نووسەران و قەڵەم بە دەستان و زمانزانانی حیزبی دێموکرات و دوستانی، ڕۆژنامەی «کوردستان» بوو بە ئەو سەکۆیە کە تەنانە لە بەشی کرمانجی زمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا دەگاتە بەشی خواروو، ناوچەی کەڵهور و کرماشان و ئێلام، ئەوانەی پێوەندییان بە خوێندنەوە و نووسین و سیاسەتەوە هەیە لەو زمانە تێبگەن.

ڕۆژنامەی «کوردستان» بە حوکمی ئەوەی ئورگانی حیزبی دێموکرات کوردستان بووە بە دوای بەشێک لە بەرنامەکانی کۆماری کوردستاندا لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا دەرۆیشت کە ئەویش بابەتی دادپەروەیی کۆمەڵایەتی و فرەچەشنی بووە کە تا ئەو جێگەیەی لەگەڵ بەرنامەکانی حیزبی دێموکرات و ئاواتەکانی کۆماری کوردستان گۆنجاوە هەوڵی بۆ داوە و لەو پێوەندییەدا وتاری هەبووە و کاری کردوە. لە هەمووی ئەوانە ئەگەر گرینگتر نەبێ، بەڵام گرینگیی خۆی هەیە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کە لاوان و ژنان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانیان دەوریان هەبووە، ڕۆژنامەی «کوردستان» بە نووسینەکانی هەوڵی داوە یەکسانی لە نێو ژنان و پیاواندا پەرە پێ بدا. هەر بۆیە یادی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ٦٠٠ مین ژمارەیدا ئاوردانەوەیە بە سەر هەمووی ئەو بابەتانەدا.

جێگەی خۆیەتی یادی ئەو کەسانەش بکەین کە توانای خوێندن و نووسینیان نەبووە، بەڵام لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی

«کوردستان» دا دەوریان هەبووە. بەشێک لە ئێوە کە قەڵەم بە دەستن، لە زانکۆکان و لە کۆڕوکۆمەڵە خوێندکارییەکاندا کار دەکەن رەنگە لە رێگەی پۆست یان لە رێگەی پێوەندییەکەوە رۆژنامەی «کوردستان» بە دەستان گەیشتبێ. منیش بیرەوەرییەکی خۆم لە رۆژنامەی کوردستان دەگێڕمەوە. من نە کەسێکی قەڵەم بە دەستم لە بواری ئەدەبی و نووسیندا نە دەورێکی گرینگم لە رۆژنامەی «کوردستان» دا هەبووە، بەڵام تێدەگەم کاری نووسین و رۆژنامەگەری چەندە کارێکی دژوار و چەندە پێویستی بە تێبینی و وردبینی هەیە. دەوری ساڵی ٤٩ و ٥٠ی ئێرانی بوو، من مناڵێکی ٧ - ٨ ساڵانە بووم، تازە مامۆستایان بۆ دێیەکەمان هێنابوو و کەمێک فێری فارسی ببووم. لە دێهاتی لای ئێمە کە پاییز تەواو دەبوو چۆن خڵەوخەرمان تەواو دەبوو، بێستانیش کە دەرِندران، شووتی و کاڵەکیان خرِدەکردەوە لە گۆشەی حەوشێکدا کە کا دادەنرا لەوێدا رایاندەگرت کە شەوی درێژی زستانی پێ تێپەر بکەن. لە بنەماڵەی ئێمەشدا هەموو ساڵێک ئەوە دەکرا. زۆر جار لەگەڵ خوشکەکەم دەچووین بزانین  لە نێو ئەو کایەدا شووتی وکالەکێکمان وەگیردەکەوێ بۆ ئەوەی بیخوێن. ئەو سەردەمە بابم ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو، بە شێوەی نهێنی بۆ حیزبی دێموکرات کاری دەکرد. رۆژێک لە رۆژان کە دیسان بە شوێن کالەک وشووتیدا چووبووین کە دەستم دەنێو گوێزر و کایەکەدا را کرد کاغەزێک بە دەستمەوە هات کە لووڵ درابوو بە داوە بەنێک گرێ درابوو. رۆژنامەکەم هێنا دەرێ و تەماشام کرد، من کە تازە یەک دوو ساڵ بوو دەمخوێند و وشەکانم هەر بە فارسی وەردەگرت، هەستم دەکرد کە ئەوە وەک ئەویدیکە نییە، بەڵام بە جۆرێک لەگەڵی نامۆ نەبووم و تا رادەیەک لێی تێدەگەیشتم. ئاشنایی من لەگەڵ رۆژنامەی «کوردستان» بەمجۆرە بوو. جێگای خۆیەتی یاد لە بەشێکی زۆر لەو ژن و پیاوانە بکەین کە چ  لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا بەڵام بۆ بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی «کوردستان» زەحمەتیان کێشاوە و تەنانەت لەو پێناوەدا گیانیشیان بەخت کردوە.

رۆژنامەی «کوردستان»یان دەست بە دەست دەگەراند و حەشاریان دەدا. هەر بۆیە ئەو بیرەوەرییەش ئەوە بە ئێمە دەڵێ کە زۆر کەس کە تەنانەت دەستی نووسینیشیان نەبووە،

لە کۆتاییدا بۆ هەمووی ئێوە ساخی سەڵامەتی و بۆ کارگێران و بەرێوەبەرانی رۆژنامەی «کوردستان» سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم. هەروەها هیوادارم هەمووی ئێمە بە تێکرایی تێبکۆشین کە تەمەنی رۆژنامەی «کوردستان» درێژتر بێتەوە و قەڵەم بە دەستان لەوێدا کار بکەن. هەروەها هیودارم لە داهاتوویەکی نزیکدا بە تێکۆشانی هەمووممان یادی رۆژنامەی «کوردستان» لەو شوێنە بگرین کە لێی لە دایک بووە..

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠١ - رێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٣

## دەقی وتەکانی کوێستان فتوحی بەرپرسی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەسپێکی
## سمیناری ٦٧ ساڵەی رۆژنامەی «کوردستان»دا



بە ناوی هاوڕێیان و هاوکارانم لە ڕۆژنامەی «کوردستان» و لە لایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم.

بۆ ئێمە لە ڕۆژنامەی کوردستان و ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکراتی «کوردستان»، مایەی خۆشحاڵی و شانازییە کە دەبینین ئێوە سیما و ناوە دیارەکانی بواری سیاسەت و ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ئێوە مامۆستایانی زانکۆ و ئێوە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی، لە ژێر ڕەشماڵی ڕۆژنامەی کوردستان دا کۆ بوونەوە.

پێمان باش بوو بڵاو بوونەوەی ژمارە ٦٠٠ی ئەم دەورەیەی ڕۆژنامەی «کوردستان» و بیرەوەریی ٦٧ ساڵەی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە بکەین بە دەرفەتێک بۆ باس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی مێژوو و کاریگەرییەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان». دەرفەتێک نەک هەر بۆ ئێمەی نووسەران و کارگێڕانی ئەم ڕۆژنامەیە، بەڵکوو بۆ ئێوە خوێنەران و هۆگرانی ئەم ڕۆژنامەیە و دۆستانی حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی بیروڕا و پێشنیار و ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی خۆتان بخەنە ڕوو. ئێمەش سوود لە ڕێنوێنی و پەیام و ڕەخنە و پێشنیار و هەڵسەنگاندنی ئێوە وەربگرین و بیکەین بە چرای ڕێگای کاروتێکۆشانی داهاتوومان.

ڕۆژنامەی «کوردستان» دڵگەرم و بە پشتیوانیی دۆستانی وەک ئێوە، لە سەر ڕێچکە و ڕێبازی خۆی کە ڕێگای حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستانە، بەردەوام دەمێنێ.

من لە دەسپێکی ئەم سمینارەدا بۆ ئێوە بەشدارییەکی چالاکانە لە باسەکاندا، بۆ سمینارەکەمان سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازم.

قسەکانم بە سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ هەموو ئەو تێکۆشەر و خەباتگێڕانە کۆتایی پێ دێنم کە لە سەنگەری ئەم رۆژنامەیەدا خزمەتی رۆژنامەنووسیی کوردی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردیان کردوە، بە تایبەتی سڵاو لەوانە کە ئێستا لە ژیاندا نەماون و چوونەتە ریزی کاروانی نەمران.

جارێکی دیکەش بەخێرهاتنتان دەکەم، بەتایبەتی ئەو میوانە بەرێزانە کە لە رێگای دوورەوە تەشریفیان هێناوە. سەربەرزین بە بەشداریتان لەم یادەدا. بەهیوای وەدیهاتنی ئاواتەکانی رۆژنامەی «کوردستان» کە ئاواتی هەر هەمووی ئێمەیە.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠١ - رێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٣

---

## رێز لێنانی رۆژنامەی "کوردستان" بۆ مامۆستا مومتاز حەیدەری




کوردستان و کورد: لە سمیناریک دا کە بە بۆنەی ریزگرتن لە ٦٧ ساڵەی بەردەوامیی رۆژنامەی "کوردستان" و بڵاوبوونەوەی ژمارە٦٠٠ی دەورەی ئێستای ئەم رۆژنامەیە دا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پیک هاتبوو،مومتاز حەیدەری،لە لایەن رۆژنامەی"کوردستان"ەوە لەوحی رێزلێنانی پێشکەش کرا. سەرنجتان بۆ ناوەرۆکی دەقی لەوحی رێزلێنانەکە رادەکێشین:

**بۆ بەڕێز مامۆستا مومتاز حەیدەری!**

**کتێبخانەی کوردی و توێژەرانی بواری مێژوو و رۆژنامەنووسیی نەتەوەکەمان، لە زۆر بەڵگەنامەی بە نرخ و سەرچاوەی دەگمەن بێبەش دەبوون ئەگەر کەسانێکی دڵسۆز و بە مشوور لە دژوارترین هەلومەرجەکان دا، لە سەر ئەرکی خۆیان، خەمیان لە کۆکردنەوە وپاراستنی ئەو بەڵگەنامانە نەخواردبا. بەڕێزت یەک لەو کەسانەی کە بە هەوڵی دەیان ساڵەیان، ئەرشیڤێکی دەولەمەندیان لە کتێب و گۆڤار و نامیلکە و وێنە و دەستنووس و بەڵگەنامەی بەنرخی دیکە، پێکەوە ناوە. هەر لەو کاتەش دا، لە دەسگرتن و هاوکاریی توێژەران، خوێندکاران و هۆگران، درێغتان نەکردوە.**

**هەنگاوی گرنگی ئەم ساڵانەی دواییت، وەڕێخستنی گۆڤاری کلتووریی، زانستی، مێژوویی، بەڵگەنامەیی "کوردستان سەدەی ٢١" (K21)، کە نیشاندەری ئەزموون و توانا و مایەی زۆری بەڕێزتان لە بواری رۆژنامەنووسی وبایەخدان بە ئەرشیف و بەڵگەنامە دایە، شیاوی پێزانین و رێزلێنانە.**

**بڵاوبوونەوەی ژمارە ٦٠٠ی دەورەی ئێستای رۆژنامەی "کوردستان" کە هاوکاتە گەڵ تێپەڕینی ٦٧ ساڵ بە سەر تەمەنی ئەم رۆژنامەیە دا، بە دەرفەت دەزانین بۆ ئەوەی ئەمەگناسی و سوپاسی خۆمان بەرامبەر تەمەنێک هەوڵ و تیکۆشانی بێوچانت رابگەیەنین. لە قووڵایی دڵەوە ماندوونەبوونیتان لێ دەکەین و لەم ئەرکە نەتەوەیی و رۆشنبیرییە پیرۆزە دا بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاترتان، بە ئاوات دەخوازین.**

**دەستەی نووسەران و کارگێڕانی**

**رۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠١ - رێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٣**

## ڕێزلێنان لە هەر دوو دەزگای: "ئاراس" و "بنکەی ژین"




کوردستان و کورد: لە سمینارێک دا کە بە بۆنەی ڕێزگرتن لە ٦٧ ساڵەی بەردەوامیی ڕۆژنامەی "کوردستان" و بڵاوبوونەوەی ژمارە ٦٠٠ی دەورەی ئێستای ئەم ڕۆژنامەیە دا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هاتبوو،هەر دوو دەزگای "بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی ی کوردی" و "دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس"، بە هاوبەشی لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کر. ئەم لەوحە لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزب، هێژا خالید عەزیزی درا بە بەڕێزان فەرهاد ئەکبەری و عەبدوڵلا زەنگەنە کە لە لایەن دەزگای ئاراس و بنکەی ژین لەم سمینارە دا بەشدار بوون. سەرنجتان بۆ ناوەرۆکی دەقی لەوحی ڕێزلێنانەکە ڕادەکێشین:

بۆ هەر دوو دەزگای:
ئاراس" و "بنکەی ژین "

کۆکردنەوە و پاراستنی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەنووسیی کوردیو لێکۆڵینەوە و تیشک خستنە سەریان، لەو کارە پێویستانەن کە سامانی مێژوویی کورد و زانیاریی تاکەکان لە سەر ڕابردووی نەتەوەکەیان دەوڵەمەند دەکەن. "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی جمهوریی کوردستان، ئەو گەنجینە بە نرخە بوو کە بە هەوڵی هەر دوو برای توێژەری بە خزمەت و دلسۆز، مامۆستایان ڕەفیق ساڵح و سەدیق ساڵح کەوتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەیەکی شایان و بە هیممەتی"بنکەی ژین" و "دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس"، لە گەڵ زوربەی ژمارەکانی یەکەم دەورەی ئەم ڕۆژنامەیە دا، چاپ و بڵاو کرایەوە.

کوردستان"، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە درێژەدەری هەمان"کوردستان"ە و شانازیی بەردەوامبوون لە سەر ڕێگا

و ئامانجەکانی کۆماری کوردستانی هەیە، لە ئاست ئەم خزمەتە گەورەیەی ئەم دوو دەزگایە و بەڕێوەبەرانیان بە مێژووی ئەم رۆژنامەیە،

(چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکەم دەورەی "کوردستان" لە توێی پڕۆژەیەکی هاوبەش دا) سەری رێز دادەنوێنێ.

بڵاوبوونەوەی شەشسەدەمین ژمارەی دەورەی ئێستای"کوردستان" کە هاوکاتە لە گەڵ تێپەڕینی ٦٧ ساڵ بەسەر لە دایکبوونی ئەم رۆژنامەیەدا، بە دەرفەت دەزانین تا رێز و پێزانین و ئەمەگناسیی رۆژنامەی "کوردستان" و حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەم دوو دەزگا پڕبەرهەم و پڕخزمەتە رابگەیەنین.

لە قووڵایی دڵەوە دەسخۆشتان پێ دەڵێین و ماندوونەبوونیتان لێ دەکەین. هیوامان ئەوەیە هەر دووی ئەم دەزگایانە و بەڕێوەبەران، توێژەران و کاربەدەستانیان لە خزمەتی دلسۆزانەی بوارە جۆراوجۆرەکانی رۆشنبیریی نەتەوەکەیان دا بەردەوام و سەرکەوتوو و سەربەرز بن.


حیزبی دیموکراتی کوردستان دەفتەری سیاسی

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠١ - رێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٣

---

رۆژی ١٢ی رێبەندان لە چوارچێوەی سمیناری بەرز راگرتنی ٦٧ ساڵی بەردەوامیی رۆژنامەی "کوردستان" دەفتەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی دەیان ساڵ خزمەت بە رۆژنامەی "کوردستان" لەوحی رێزلێنانی پێشکەش بە بەرێزان: مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، فەتاح کاویان و قادر وریا کرد. لێرە دا ناوەرۆکی دەقی رێزلێنانەکان دەخەینە بەرچاوی خوێنەران:

## بەڕێز و تێکۆشەر مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە!



لەماوەی ٤٢ ساڵی رابردوو دا کە دەورەی ئێستای رۆژنامەی "کوردستان" بەردەوام بووە،

بەڕێزتان یەکێک لە دیارترین و شوێندانەترین نووسەران، بەڕێوەبەران و سەرنووسەرانی ئەم رۆژنامەیە بوون. هەم شانازیی بەشداری لە وەرخستنی ئەم دەورەیەی "کوردستان"ت دا هەیە، هەم لە چەند قۆناغیش دا وەک بەڕێوەبەر، سەرنووسەر و بەرپرسی ئەم رۆژنامەیە، کارت کردوە. ئەوەش بەجێی خۆی کە هەتا ئێستاش هەر کات پێویست بووبێ بە نووسین ئاوڕت لێ داوەتەوە و هاوکاریت کردوە.

لایەنێکی دیکە لە خزمەتی بەنرخی بەڕێزتان بە رۆژنامەی "کوردستان". رۆڵی مامۆستایانەت لە راهێنانی نووسەران و هاوکارانی ئەم رۆژنامەیە هەم لە باری دروستنووسینی زمانی کوردی و هەم لە فێر کردنی نووسین و وەرگێڕان دایە.

بڵاو بوونەوەی ژمارە ٦٠٠ی دەورەی ئێستای رۆژنامەی "کوردستان" کە هاوکاتە لە گەڵ تێپەڕینی ٦٧ ساڵ بەسەر تەمەنی ئەم رۆژنامەیە دا، بەدرفەت دەزانین بۆ ئەوەی رێز و دەستخۆش و پێزانینی خۆمان بەرامبەر بە رۆڵی مامۆستایانەت بەنرخت لە دەوڵەمەند کردنی ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی و بەردەوامیی و بەرەوپێشچوونی رۆژنامەی "کوردستان" دا بەتایبەتی ڕابگەیەنین. هیوامان ئەوەیە رۆژنامەی "کوردستان" و چاپەمەنیی حیزبی دێموکرات تا ساڵانێکی زۆری دیکە لە رێنوێنی، و ئەزموونی دەوڵەمەندی بەڕێزتان لە بوارەکانی سیاسی، نووسین و زمانەوانی دا سوود وەربگرن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان - دەفتەری سیاسی

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠١ - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٣

## هاورێی تێکۆشەر کاک فەتاح کاویان!




ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دێموکرات بە گشتی و بە تایبەتی رۆژنامەی "کوردستان" زمانحاڵی ئەم حیزبە لەم ٣٣ی ساڵەی دوایی دا، قەرزداری، بیرو قەلەم و هەوڵی دڵسۆزانە و ماندوویی نەناسانەی چەن کەسێکی دیار، کە بە دڵنیاییەوە. بەرێزت یەکێکیانی، جەنابت بە نووسین، وەرگێڕان لە ئینگلیزی و فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی و بە پێچەوانەوە و هەرەها بە وەرگرتن و بەڕێوەبردنی بەرپرسایەتیی گرنگ لە چاپەمەنیی حیزب و رۆژنامەی "کوردستان " دا، رۆڵ و جێگایەکی ئەوتۆت هەبووە کە شیاوی رێزلێنانە.

بڵاو بۆنەوەی ژمارە ٦٠٠ی دەورەی ئێستای رۆژنامەی "کوردستان" کە هاوکاتە لە گەڵ تێپەڕینی ٦٧ ساڵ بەسەر تەمەنی ئەم رۆژنامەیە دا، بەدەرفەت دەزانین بۆ ئەوەی رێز و دەستخۆش و پێزانینی خۆمان بەرامبەر بە هەوڵی ماندوویی نەناسانەت لە خزمەتی بێدریغ و بەنرخ بە رۆژنامەی "کوردستان" و چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ڕابگەیەنین.

لەم بۆنە خۆشە دا، تەمەندرێژی و سەلامەتی بۆ بەرێزت بە ئاوات دەخوازین، هیوادارین رۆژنامەی "کوردستان" و حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵانێکی زۆری دیکە سوود لە قەڵەم و توانای فکری و ئەزموونی دەوڵەمەندی بەرێزت لە بواری نووسین و وەرگێڕان دا وەربگرن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان - دەفتەری سیاسی

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠١ - رێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٣

## هاوڕێی خۆشەویست و تێکۆشەر کاک قادر وریا، سەرنووسەری رۆژنامەی "کوردستان"!



ماوەی ٢٥ ساڵ، چارەکە سەدەیەکە کە ئێوە دەگەڵ رۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات کار دەکەن و بە کردەوە ئەو رۆژنامەیە بۆتە بەشێک لە ژیانتان. ئەگەرچی لە هەموو ئەو ماوەیە دا ئێوە ئەرکی سەرنووسەریتان لە ئەستۆ نەبووە، بەڵام بەشایەتیی کادری بەرێوەبەریی رۆژنامە و هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە شارەزای رەوتی دەرچوون و بەرە و پێش چوونی بوون، هەمیشە ئێوە یەکێک لە کۆڵەکە قیمەکان و زۆر وەختیش بڕبڕەی پشتی "کوردستان" بوون.

دەرچوونی ژمارە ٦٠٠ی "کوردستان" و شەست و حەوتەمین ساڵوەگەڕی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی "کوردستان" لە بەرەبەری دامەزرانی کۆماری کوردستاندا و هەروەها و چل و دووهەمین ساڵوەگەڕی بڵاو بوونەوەی یەکەمین ژمارەی ئەم دەورەیەی "کوردستان" کە هەموویان لە لای ئێوە بۆنەیەکی خۆشەویستن، بەدەرفەت دەزانین بۆ ئەوەی بەم هۆیەوە رێز و ئەمەگناسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان پێ ڕابگەیەنین.

هیواداریـن رۆژنامەی "کوردستان" لە سایەی رێنوێنی و هەوڵ و تێکۆشانی ئێوە دا ساڵ بە ساڵ زیاتر پێش بکەوێ و ئێوەش بە هەق ببنە سەرمەشقێک بۆ ئەو کیژ و لاوانەی هەر ئێستا لە رۆژنامە و ئۆرگانەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی حیزبەکەمان دا خەریکی کار و تێکۆشانن.

وێرای سوپاس و پێزانین

حیزبی دێموکراتی کوردستان - دەفتەری سیاسی

١٢ی ڕێبەندانی ١٣٩١ - ٣١ی ژانویەی ٢٠١٣

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٠١ - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٣

---

## وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لە گەڵ بەڕێز مامۆستا حەسەن زادە
## بە بۆنەی دەرچوونی ٥٠٠ مین ژمارەی" کوردستان "



* عەبدوڵلا حەسەن زادە: ئەمنیش لە گەڵ ئەوانەم کە ئۆرگانی حیزبی بە ڕۆژنامە نازانن

* لەم دیمانە تایبەتەدا مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە کە لە ماوەی ئەم دەورەیەدا لە بەرپرسان و هاوکارانی سەرەکیی "کوردستان" بووە

* ئاوڕ لە مێژووی ئەم ڕۆژنامەیە دەداتەوەو ڕەخنەو سەرنجەکانی دەخاتە ڕوو.

**دیمانە: "کوردستان"**

**"کوردستان":** بڵاوکرانەوەی "کوردستان" وەک ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سەردەمی کۆماری کوردستان دا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە چ گرنگییەکی هەبوو و چەند کاریگەریی لە سەر پێشکەوتنی فەرهەنگیی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆمار هەبوو؟

**مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە:** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو وەختی دەزانین بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەیەکی کوردی بە تایبەتی بۆ ئەو بەشەی کوردستان دەسکەوتێکی زۆر گەورە بوو. چونکە تا پێش دەورانی ژ. ک لە جێ دا بۆ ماوەیەکی زۆر بڵاوکراوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر باو نەبوو. دیارە پاش دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە پێش دا گۆڤاری کوردستان دەرچوو کە مانگانە بوو، بەڵام جاری وابوو بە دوو سێ مانگ جارێک دەردەچوو دواتر ڕۆژنامەی کوردستان دەردەچوو.

ڕۆژنامەی کوردستان بە بێ شک هەم لە گەیاندنی بیروباوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا (کە ئەو وەختی ناویشی ئۆرگان نەبوو ناوی بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو) و هەم لە پەرەپێدانی وشیاریی سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵانی خەڵک دا نەقشێکی زۆر باشی هەبوو. لە عەینی حاڵ دا مەجالێکش بوو بۆ ئەو شاعیرو ئەدیب و نووسەرانە کە عەلاقەش و تواناشیان هەبوو بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی بێننە سەر کاغەز و بڵاوی بکەنەوە کە تا ئەو وەختی زۆر دەرەتانیان کەم بوو مەگەر جاروبار ناردبایان بۆ کوردستانی گەرمێن بۆ ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە لە باشووری کوردستان دەردەچوون. بە بێ شک دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ کورد هەتا پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان بڵاوبوونەوەی نیشتمان یا بڵاوبوونەوەی گۆڤاری "کوردستان" بۆ ئەو بەشەی کوردستان دەسکەوتێکی گەورە بووە.

**"کوردستان"**: لەو کاتەدا دەکرێ وەکوو ئۆرگانی حیزبی دێموکرات و یان وەک بڵاوکراوەی ڕەسمیی کۆمار چاوی لێ بکرێ؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بە بێ شک ئەو وەختە ئێمە شتێکمان نیە کە ئۆرگانی حکومەتی کۆماری کوردستان بێ. لە واقیع دا ئەو بڵاوکراوانەی ئەو وەختە هەبوون ، چ ڕۆژنامەی کوردستان بێ چ گۆڤاری کوردستان چ بڵێێن گڕوگاڵی منداڵان و هەڵاڵەو ئەوانەو هیچیان بە ناوی ئۆرگانی حکومەت نەبوون. ئەمیان بۆ منداڵان بوو ئەویان بۆ لاوان بووە ئەویان ئۆرگانی حیزب بووە. لە بەر ئەوە نەقشی ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانی حکومەتیشی گێڕاوە هەرچەند ناوی ئۆرگانی ڕەسمیی دەوڵەتی لە سەر نەبووە و هەر بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرچووە.

**"کوردستان"**: سەرەتا وەکوو ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەرچووە، بەڵام بە هۆی گۆڕانی هەلومەرج بەر لەوەی مۆمی دووەمین ساڵی تەمەنی خۆی داگیرسێنێ نەتوانی بەم شێوەیە درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا بۆ ماوەیەکی زۆر بە پچڕ پچڕی( بێجگە لەو ٢٥ ساڵەی دوایی) لە تاراوگە بەشێوەی مانگانەو ٢ حەوتووانە دەرچووە بەرێزت وەک کەسێک کە نزیکەی ٤٠ ساڵ کە لە بەرێوبەرانی سەرەکیی کوردستان یان یاری نزیکی بووی دەکرێ ئاوڕێک لە قۆناخ و دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە بدەیەوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ئەوەی کە وتت ڕۆژنامەی کوردستان لە ئەوەڵەوە بە شێوەی ڕۆژانە دەرچووە، کەمێک تەسحیحی دەوێ. ئەوەی من بزانم کوردستان هیچ وەختێکی بەشێوەی ڕۆژانە دەرنەچووە. لە دەورانی کۆمار دا ماوەیەک دوو ڕۆژ جارێک دەرچووە هەفتەی ٣ ژمارەی لێ دەرچووە، جاری وابووە هەفتەی ٢ی ژمارەی لێ دەرچووە. یانی بە شێوەی ڕۆژانە ٦ ژمارە یان ٧ ژمارە لە هەفتەدا وەکوو هێندێک ڕۆژنامە دەردەچن قەتی ئەوە نەبووە. لە پاشانیش بەداخەوە نەک هەر ڕێکو پێکییەکەی ساڵە وەختی تێ وەرنەسووڕابۆوە، بەڵکوو دەرچوونەکەشی ساڵێکی تەواو نەکرد کە رووخانی کۆماری کوردستان لە دەرچوون وەستا بەڵام ئەگەر تەماشای ڕۆژنامەی کوردستان بکەی دەورانی زۆر سەخت و دژواری بەجێ هێشتوون لە پاش روخانی کۆماری کوردستان کە کوردستانیش لە دەرچوون دەوەستێ بۆ ماوەیەک هەر لە جێ دا پچڕانێک هەیە، هەر دەرناچێ. پاشان هێندێک محاوەلە دەبن کە یەکێکیان لە ساڵی ٢٧ بەم لاوە هەوڵێک بوو کە هەر تێکۆشەرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات دایان و شاراوەش نیە کە بە کۆمەکی حیزبی توودە بوو کە ٤ یان ٥ ژمارەی لە تەورێزێ لێ دەرچوو لە

چاپخانەیەک کە وا بزانم هەر سەر بە حیزبی توودە بوو. ئەو جار عیددەیەک لەوانەی کە سەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوون بەڵام لە پاش جمهوری کوردستان رۆیشتبوون بۆ ئازەربایجانی شووڕەویی ئەو کات، لەوێ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ نزیکەی ١٢ ساڵان رۆژنامەی کوردستانیان دەردەکرد کە رۆژنامەیەکی تەواو موستەقیل نەبوو، هەر بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش دەردەچوو. بەڵام لە راستیدا هەر بە ئیمکاناتی حیزبی توودەو لە سێبەری کۆمەگی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی شوورەویدا دەردەچوو. وابزانم دەوری ١٣٠٠و چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو. ئەوەیان بە رۆژنامەیەکی ٤ لاپەرەیی دەردەچوو، ٣ لاپەڕی ئازەربایجانی بوو



هەر ناویشی ئازەربایجان بوو یەک لاپەڕیشی کوردی بوو کە ناویشی کوردستان بوو. ئەوە دەورەیەکی، دەورەیەکی دیکەی دیوە کە لە دەرێ دەردەچوو کە ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب و دۆستانی حیزب وەک دوکتور قاسملوو، حەسەنی قزلجی و کەریمی حیسامی و عەلی گەلاوێژ هاوکارییان لەگەڵ دەکرد و هێندێک قەڵەمی دیکە کە رەنگە ئێستا ناوەکەیانم لە بیرم نەبێ دەریان دەکرد. راستە فکرەکە هەر لە دەوروبەری فکری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بەڵام ناوی ئۆرگانیان لە سەر دانەدەنا، تەنیا هەر ئەوەندەیان دەنووسی کە لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە دەردەچێ. ئەویشان بە چەند ساڵ (وابزانم سێ ساڵ کەمتر نەبوو لانیکەم) ٢٦ ژمارەی لێ دەرچوو کە لە را دوو ژمارەشی هەر بە ٢٥ دەرچوو. لە بیریان چووبوو کە ئەوە ژمارەی ٢٦ە، دوو ژمارەیان هەر ژمارەی ٢٥ی لە سەر بوو. بەداخەوە ئەوانیش یەک لەوان بۆ خۆشم لە دەستم دا نین. ئاخر دەورەیشیان ئەو دەورەیەیە کە ئیستا دەردەچێ و بۆ ئەو ژمارەیە دەبێتە ژمارەی ٥٠٠، ئەوە لە رێبەندانی ١٣٤٩(فێبوریەی ١٩٧١)دا دەرچوو. ئەگەر دیققەت بکەی ئەویش رێکوپێک نیە. باسی رێکوپێکیی دوو دەیەی ئەخیرتان کرد راستە لەسەریەک رێکوپێکترە، بەڵام ئەویش مانگانە بووە جاری وابووە دوو حەوتووانە بووە. ماوەیەکی زۆر مانگانە بوو بەڵام جاری وابوو سێ مانگان دەرنەدەچوو. لە بەر ئەوەی هەلومەرجی خەباتەکەی حیزبی دێموکرات کە ئەویش ئۆرگانی بوو هەلومەرجێکی زۆر سەخت و دژوار بوو رۆژنامەکەش مەجبوور بوو ببێتە تابعی ئەو هەلومەرجە. بۆیە زۆری نامورەتتەبی بە خۆیەوە دیوە.

**"کوردستان"**: ئەو چەند ژمارەیەی کە لە تەورێز دەرچوون هەر درێژەی ئەو سەد وچەند ژمارەیە بوون کە لە سەردەمی

**کۆماری کوردستاندا دەرچوون؟**

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: نەخێر ئەوان ژمارەی تایبەتییان لێ درا بوو یەک و دوو سێ و چوارو پێنج. پێنجەکەش زۆر مەعلووم نیە، بووەو بڵاونەبۆتەوە یان نەبووە؟ ئەوەی کە من لە بیرم بێ فەقەت چوار ژمارە کە هەر ژمارەی یەک ودوو سێی وچواریان لێ دەدرا. نەک تەسەلسولی زەمانی جمهوریی لێ بدرێ. هی زەمانی جمهوری ١١٣ ژمارەی مەعلوومە. ڕەوایەتێکیش هەیە کە ١١٤ ژمارەبووە، ژمارە ١١٤ەکە بڵاونەبۆتەوە یا خەڵک نەیدیوە. بە هەر حاڵ تەسەلسولی وی نەبووە.

**"کوردستان"**: وەک دەزانین یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیەی "کوردستان" لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی زایینی لە بەغدا بڵاوکرایەوە. بەو پێیەی کە هەر لەو سەردەمەدا ژمارەیەکی بەرچاو بڵاوکراوەی کوردی لە باشووری کوردستان بڵاو دەکرایەوە دەکرێ بڵێی پێگەی "کوردستان" لە نێو ئەم بڵاوکراوانەدا چۆن بوو؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: زۆر بە ئینسافەوە دەبێ بڵێین کە ڕۆژنامەی کوردستانی ئەو وەخت (کە من پێی دەڵێم ڕۆژنامە بە مانای ئەوە نیە کە بەشێوەی ڕۆژانە دەرچووە. عادەتەن ئەو بڵاوکراوەیەی کە بە شێوەی وەرەق دەردەچێ پێی دەڵێن ڕۆژنامە ئەگەر بە دوو ساڵیش دەربچێ. مەجەللەش ئەگەر هەموو ڕۆژێ دەربچێ پێی دەڵێن مەجەلله) شتێک نەبوو کە لە نێو ڕۆژنامەکانی دیکە دا حیسابی بۆ بکرێ، چونکە هەر ئەو وەختی کە ئەو ڕۆژنامەیەمان دەردەکرد لە بەغدایە( دیارە ئیستا دەزانین کە لە بەغدایەدەرچووە ئەو وەختی نە دەگوترا لە بەغدایە دەردەچێ)، ڕۆژنامەی حەفتانە هەبوو بە بیست سەفحە دەردەچوو، بە ١٦ سەفحە دەردەچوو بەناوی "هاوکاری"، "برایەتی" دەردەچوو. گۆڤاری جۆراوجۆر دەردەچوون هەفتانە، مانگانە، وەرزانە و کتێب و شتی زۆر دەردەچوون. لەو بارەیەوە حەجمەکەی زۆر نەبوو. بەو حاڵە ڕۆژنامەی کوردستان لە دوو بارەوە زۆر زۆر لە نێو ڕووناکبیران و، ئەویش لە نێو بژاردەی ڕووناکبیران دا، موعتەبەر بوو. یەکێکیان ئەوە بوو کە لە باری سیاسییەوە وەزنی باشی بوو، مقالاتی باشی تێدابوون،

سەرنووسەرەکەی شەهیدی گەورەمان دوکتوور قاسملوو بوو. نووسەرەکانی دیکەشی نووسەری باش بوون لە سەر یەک. کەوابێ لە باری موحتواوە دەوڵەمەند بوو، ئیستقباڵی لێ دەکرا، زۆر باش بوو. لە باری دیکەوە، لە باری زمانەوە، تەنانەت لە باری زمانەوە ناوی دەرکردبوو، یانی خەڵک دەیان نووسی (نەک ئێمە بنووسین)، ئەدیبەکانی باشووری کوردستان دەیان نووسی دەبێ زمانی "کوردستان" بکرێتە نموونەی نووسینی کوردی لە حاڵێک دا لە چوار لاپەرە دا دەردەچوو. بەداخەوە "کوردستان" لەو بارەیەوە هەم لەبەر ئەوە کەمێ بێ مبالاتیی تێدا دەکرێ لە باری زمانەوە، هەمیش لە بەر ئەوەیە کە نەشرییاتی دیکە زۆرەو ڕەنگە بڵێم ئەم شێوە نووسینە زاڵ بووە کە نەشرییاتەکەی دیکەی پێ دەردەچێ، ئەو بەرچاوییەی ئەو کات هەیبوو ئێستا نیەتی. ئەو وەختی لەگەڵ ئەوەی زۆر مەحدوود بوو، مانگانە بوو، لە چوار لاپەرە دا دەردەچوو جێگەیەکی زۆر باشی هەبوو.

**"کوردستان"**: لە سەرەتاوە رۆژنامەیەکی حیزبی بووە تا ئێستا، هێندێک پێیان وایە رۆژنامەی حیزبی رۆژنامە نیە، ناتوانێ بە پێی پێوەرەکانی کاری رۆژنامەنووسی کار بکا. بە رای جەنابت "کوردستان" چەند توانیوێتی بە پێی ئەو هەورازو نشیوانەی لە مێژووی خۆیدا بوویەتی بە گشتی لە گەڵ پێوەرەکانی کاری رۆژنامەنووسی خۆی رێک بخا؟

**ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە گەڵ ئەوەی کە خزمەتی رۆژنامەی کوردستان خزمەتێکی گەورەیە و جێی شانازییە، زۆری خزمەت بە فکرو ئەدەبیات و زمانی کوردی کردوە بە بێ شک، بەڵام ئەمنیش لە گەڵ ئەوانەم کە ئۆرگانی حیزبی بە رۆژنامە نازانن. پێم وایە وەکوو رۆژنامە رۆژنامەیەکی خراپە یا دەکرێ پێی بڵێین کە هەر رۆژنامە نیە. بریا ناوێکی دیکەیان دانابا بۆ ئەو رۆژنامانە کە زمان حاڵی حیزبێکن ناویان لێ نەنابان رۆژنامە. چونکە رۆژنامە ئەوەیە لە گەڵ ژیانی کۆمەڵ سەروکاری هەبێ، تازەترین ئەخباری رۆژ، تازەترین ئیحتیاجاتی خەڵک، نەزەراتی جۆراوجۆری خەڵک بتوانێ بڵاو بکاتەوە. نیزیک بێ لە کۆمەڵانی خەڵک. رۆژنامەیەک کە لە ئەشکەوتێک دەردەچێ و رۆژنامەیەک کە بە دزی دەردەچێ بە حەفتەو چەند مانگ جارێک دەردەچێ و بە دزی بڵاودەبێتەوە قەت ناتوانێ خەسڵەتی رۆژنامەی هەبێ. لەو بارەیەوە ئەگەر نومرەی بدەمێ، نومرەکە لە سەد بگرم رەنگە هەر پێنجی بدەمی، بەڵام وەکی دیکە بە رۆژنامەیەکی رووسوور و سەربەرزی دەزانم.

**"کوردستان"**: لە قسەکانت دا ئاماژەت بە هێندێک لەو قەڵەمانە کرد لە"کوردستان"دا دەوریان بووە، دیارە ئەگەر بگەرێینەوە بۆ مێژوو ریزێک ناوی دووردرێژ دەبینین، بەڵام لانیکەم دەکرێ یادێک لەو کەسانە بکەیەوە کە لە دەیەی یەکەمی "کوردستان"دا دەوریان هەبووە؟

**ماموستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بەراستی ئەوانەی لە دەیەی یەکەم دا تێیان دا دەنووسی ژمارەیەکی کەم بوون. دەکرێ بڵێین شەهید دوکتۆر قاسملوو بوو، کاک کەریم حیسامی و قزڵجی بوون، کاک حەمەدەمین سیراجی بوو، خوالێخۆشبوو هێمن بوو، رەفیقێکمان شەهید بوو جەلال میراوەیی یان عوسمانی یەزدانپەناه خەڵکی میراوێی سەردەشت کە ساڵی ٥٨ شەهید بوو، کاک مەلا رەحمان بوو. بەڵام دەورەکانی دیکە ماشەڵڵا زۆرن رەنگە هەمووی لە بیر نەبن بەڵام لەوانەی کە زۆریان نەقش تێدا هەبوو دەتوانین جگە لە شەهید دوکتۆر شەرەفکەندی هەموو ئەندامانی دەفتەری سیاسیی ئەو وەخت باس بکەین. بەڵام لە نووسەرەکانی دیکە دەتوانین کاک قادر وریا، کاک هەیاس کاردۆ، کاک برایم لاجانی ناو بەرین.

**"کوردستان"**: بەو پێیەی کە تۆ یان لە بەرێوەبەرانی سەرەکی یان یاری نزیکی "کوردستان" بووی دەزانی لەو دەورەیەش دا وەکوو دەورەکانی دیکە دابڕان و وەستان هەبووە بە تایبەت پێش شۆڕشی ٥٧ و دوای شۆڕشی ٥٧. دەکرێ بڵێی کە ئەو وەستان و دابرانانە چۆن بوون؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە پێش دا کە ئێمە دەستمان بەو دەورە تازەیە کردەوە دەورەیەک بوو کە نەوعێک ئیستقراری هەبوو. نوێنەرایەتییەکمان لە بەغدایە هەبوو (نوێنەرایەتیی رەسمی نەبوو، بەڵام ماڵێکمان لەوێ هەبوو) لەوێ دەرمان دەکرد. تا ژمارەی ٣٥ و ئەوانەی باش بوو لە چاپخانەیەک دەردەچوو رێکوپێک. لە پاشان وای لێ هات کە هێندێک ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ناوچەکە دا رووی دا بە تایبەتی لە پێوەندیی نێوان ئێران و عێراق دا. ئەو وەختی عێراق لێی قەدەغە کردین رۆژنامە دەربکەین. مەجبوور بە تایپ دەمان نووسی ئەویش بە تایپی دەستی نەک بە تایپی ئێستا، لە سەر کاغەز دەمان چەسپاندو دەمان نارد بۆ یەکێ لە پایتەختەکان لەوێ چاپ بێ. بە زەحمەت بڵاو دەبۆوە. ژمارەیەکم لە بیرە سێ چوار پایتەختی کردن تا دەرچوو. لە بەغدایە چاپ نەکرا، چووە بەیرووتێ، چووە ئەڵمانی (پایتەختی ئەو کات بۆن نەبوو بێرلین بوو) چووە برلینێ چوو لە پاریس چاپ کرا. ئەو دەورانەی بە خۆوە بینی. لە پاشان کە گەڕاینەوە وەزعەکە جۆرێکی دیکە گۆڕا و گۆڕانێکی موسبەت هاتە ئاراوە. ئێمە گەڕاینەوە کوردستان. بۆ ماوەیەکی دیسان "کوردستان"یش دەرنەچوو. ئەو جار کە دەرچوو ماوەیەک دەستمان پێ کرد بە تایپ و بە پۆلیکۆپی دەرمان دەکرد، دوای چەند مانگ چاپخانەیەکمان کڕی بۆ یەکەمین جار حەوتانەش ٣،٢ ژمارەی لە مەهاباد لێ دەردەچوو. جارێکی دیکە کە مەجبوور بووین ئاوارە بینەوە، دەربەدەر بووینەوە دووبارە پەنامان بۆ تایپ و پۆکۆپی بردەوە. بە کورتی بڵێم پاشان لە باری حەجمیشەوە، حەجمەکەی وەختێک بە ئەندازەی حەجمی کتێب بوو، وەختێک بە ئەندازەی A4 بوو، جا دوایە کردمانە A3 ئێستا حەجمەکەی حەجمی رۆژنامەیەکی مامناوەندییە. زۆری ئەو دەورانانە بە خۆیەوە دیون. ئێمە جارێکی شتێکمان لە سەر نووسیوە کە رەنگە هەر من نووسیبێتم کە دەڵێین "کوردستان" رۆژنامەی تێکۆشەرانی کوردە و چارەنووسی لەگەڵ چارەنووسی ئەوان لێک گرێ دراوە، کە ئەوان ئاشکرا بوون ئەویش ئاشکرا بووە، کە ئەوان نهێنی بوون ئەویش نهێنی بووە، ئەوان ئیمکاناتێکیان هەبووە ئەویش هەیبووە. لە سەر یەک رۆژنامەی کوردستان ئاوێنەیەک بووە لە خەبات وتێکۆشانی ئەندامانی حیزبی دێموکرات.

**"کوردستان"**: لە دەیەی یەکەم دا کە هەلومەرج لە چاو ئێستا شتێکی دیکە بوو "کوردستان" چەندە دەگەیشتەوە نێوخۆی وڵات و دەست ئەو کەسانەی دەبوو بی خوێننەوە؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: ژمارەیەکی زۆر مەحدوود دەچوو رەنگە بکرێ بڵێین لە باشترین حاڵەت دا ١٠٠ ژمارەیەکی دەگەیشتەوە وڵات. بەڵام عەلاقەیەکی زۆر هەبوو لە نێو ئەوانەی کە "کوردستان"یان بە دەست دەگەیشت. ئەو وەخت زۆریش ئیمکانی کۆپی و ئەوە نەبوو رەنگە هەڵکەوتوە کە رۆژنامەیەک ٥٠ کەس یان ژمارەیەکی زیاتر دەیان خوێندەوە. ئێمە بۆ ئەوەی بچێتەوە وڵات دوو جۆرمان چاپ دەکرد بەشێک لە سەر کاغەزی مەعمولیمان چاپ دەکرد بەشێکی دیکەش کاغەزێکی تەنک و قایم لە عەینی کاتدا مقاوم کە بە نوشتاندنەوە زوو خرا نەبێ، ئەوەمان دەناردەوە وڵات. ئەوەش هەر قاچاغ بوو.

**"کوردستان"**: دەزگای "ژین" بەشێکی بەرچاو لە ژمارەکانی سەردمی کۆماری چاپ و بڵاو کردۆتەوە ئەو هەوڵە چۆن

هەڵدەسەنگێنی؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: لە بارەی "ژین"ەوە بڵێم چی، بریا "ژین" ناوی خۆی گۆڕیبا کردبایە بنکەی ژیاندنەوە، نەک بنکەی "ژین". چونکە ئەو بنکەیە هەم "ژین"ی ژیاندۆتەوە هەمیش زۆری دیکە لە گۆڤارو رۆژنامەکان و بەرهەمە تاریخییەکانی نووسەرانی کوردی ژیاندۆتەوە. خزمەتی بنکەی "ژین" بە تایبەت ئەو دوو برا بەرێز و تێکۆشەرە مامۆستا رەفیق ساڵح و مامۆستا سەدیق ساڵح ئەوەندە بەرچاوە کە زمانی من لە تاریفی عاجزە. ئەوانە لەو کەسانەن تەنیا کەسانێک نین بەڵام لەو کەسانەن کە هەق وایە هەر بە زیندوویی پەیکەری زێڕیان بۆ دروست کەی. بەش بە حاڵی خۆم هەر ئەو کارەیان نا، هەرچی کردوویانە بە خزمەتی گەورەو بە شاکار دەزانم. ئارەزووی ئەوە دەکەم ئەوان هەر بەردەوام بن، سەرکەوتنی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوازم و زۆریشم پێ خۆشە کە یادت کردنەوە.

**"کوردستان"**: راسپاردەت بۆ بەڕێوەبەرانی ئێستای "کوردستان" چیە بۆ ئەوەی لە ئاست ئەو چاوەڕوانیانەدا کە لێی دەکرێ؟

**مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە**: بە بێ شک لە گەڵ هەموو سپاس و شانازیم بە زەحمەت و تێکۆشانی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەوە دەبێ بڵێین کە رۆژنامەی کوردستان نەک هەر وەکوو گوتم رۆژنامە نیە بە مانای واقیعیی کەلیمە، بەڵام وەک ئۆرگانی حیزبییش لە خوارەوەی ئینتزاراتی خەڵکە و لە خوارەوەی ئەوەیە کە دەبێ رۆژنامەی حیزبێکی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ. کەوابێ لەگەڵ تەقدیرم لە زەحمەتەکان دەبێ زەحمەتی زیاتر بکێشن، پتری پێوە ماندوو بن، لە قەڵەمی دیکە بگەڕێن، تەنەوعی زیاتری پێ ببەخشن. لەوانە زیاتر ئەوەی کە بۆ من زۆر موهیمە مەسەلەی زمانە. چونکە بە تایبەتی رۆژنامەی کوردستان دەبێ ئەو نەقشەی هەبێ کە زمانی سەحیحی کوردی، رێنووسی سەحیحی کوردی فێری خوێنەرانی کورد بکا. زۆر بە ئەدەبەوە دەڵێم بەڵام ئێستا رەخنەی پێ واریدە، بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، کەلیماتی سەیر و سەمەرەی تێدا دەبینم کە لە کوردی نەزانانەوە فێریان دەبێ. لە حاڵێک دا کەلیماتی ئەسیلی کوردیمان هەیە، کەلیماتی نامۆ بە کار دەبرێ. کەمترە لە رۆژنامەکانی دیکە بەڵام وادیارە فێری بووین. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کەلیماتێک دەبینم کە لە فارسی وەرگیراوە، کوردەکانی باشوور بە غەڵەت وەریان گرتوە. ئێمەش دەچین غەڵەتەکەی لەوان وەردەگرینەوە. بۆ نموونە کەلیمەی ئامادەباش کەلیمەیەکی فارسییە، کوردەکانی باشوور دەڵێن ئامادەباشی کەچی ئێمە کە لە فارسیدا لەوان واریدترین ئامادەباشی بە کار دەبەین، یان مەسەلەن "کجا مرحبا" بە کار دەبەین. کەلیماتی وامان هەیە حەق وایە "کوردستان" بژاری بکا کە لە باری ئینشاییشەوە "کوردستان"ی ئێستا لە گەڵ کوردستانی پێشوو ئەو هەمووە بێ ئیمکاناتییەی دەورانی سەرەتای دەرچوونی ئەو دەورەیە ئەگەر بەراوەردی بکەین دەبینین هاتۆتە خوارێ.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٠٠ - رێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠٠٨

# ئازیزانی لە دەستچووی کاروانی ئەم "کوردستان"ە



قادر وریا

مێژووی ڕۆژنامەی "کوردستان" بەشێکی گرنگ لە مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و جووڵانەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک دێنێ. ئەم مێژووە، بەقەرا مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان درێژە. چونکە هەر لە یەکەم ساڵی دامەزرانی حیزبەوە ، بڵاو بوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە دەستی پێکردوە و وەک ئەو حیزبەی ڕۆژنامەکە، زمانحاڵی بووە، سەرەڕای هەموو کەندو کۆسپ و هەوراز و لێژێک درێژەی بە خەبات و تێکۆشان داوە.

**کە دەڵێم ئەم مێژووە بەشێکی گرنگە لە مێژووی حیزب، وشەی گرنگم بە ڕێکەوت نەهێناوە. گرنگی یەکە لە چەند بارەوەیە:**

* **یەکەم**، لە زۆربەی قوتاغەکانی مێژووی ئەم ڕۆژنامەیە دا، ڕێبەران و داڕێژەرانی سیاسەتەکانی حیزب و لە بەرپرسان و نوسەرانی ئەو ڕۆژنامەیە بوون و، وتار و بابەتەکانی ڕۆژنامە، ڕەنگدانەوەی تێگەیشتن، بۆ چوون و ڕوانینی ئەوان بووە. ئەگەرچی زۆربەی ئەو نووسینانە بەداخەوە ناوی نووسەرەکانیان لەسەر نیە، بەڵام بە هۆی ئەوانەوە تێ دەگەین کە سیاسەتداڕێژان و ڕێبەرانی ئەم حیزبە چلۆن سەیری ڕووداو و ئاڵوگۆڕ و پرسەکانی سەردەمی خۆیان کردوە.
* **دووهەم**، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بەتایبەتی لە ٤ و ٣ دەیەی یەکەمی تەمەنی دا ناوەندێکی تایبەت بۆ ڕاگرتن، پاراستن و تومار کردنی بەڵگەنامە سیاسەیە کانی خۆی نەبوو.

لاپەرەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەو ماوەیە دا بەشێکی بەرچاو لەو بەڵگەنامانەیان گرتۆتە خۆو، ڕوانین و هەڵوێستی ڕێبەرانی حیزب بەرامبەر بە ڕووداوەکان سەردەمیان تێدایە و، ئاگادار بوون لەوان، بۆ نووسینەوەی مێژووی حیزب پێویستە.


هەر بۆ وێنە ئەوانەی لێکدانەوەیان لە بارەی جمهوریی کوردستان کردوە پتر لە هەر شتێکی دیکە پشتیان بە رۆژنامەی "کوردستان"ی ئەو سەردەمە بەستوە.

* **سێهەم**، فورم، قەوارە، دیزاین، پیتچنی و جۆری چاپی رۆژنامە لە هەر سەردەمێک دا نیشاندەری ئەو بارودۆخەیە کە رۆژنامەی تێدا بڵاو بۆتەوە و، حیزبەکەی، خەباتی تێدا کردوە. وردبوونەوە لەوان، تێمان دەگەیەنێ کە لە چ هەلو مەرجێک دا و بەچ ئیمکاناتێک کاری چاپ و بڵاو کردنەوە کراوە.

* **چوارەم**، رۆژنامەی "کوردستان" هەر لەو کاتەدا کە پەروەردەی دەستی سیاسی یەکان و رووناکبیرانی قەڵەم بەدەستی ئەم حیزبە لە قۆناغە جۆر بە جۆرەکاندا بووە و جێ پەنجەی ئەوانی لە بورای جیاواز دا (بیرو زەوق و شیوازی نووسین و زمانەوان و ...) پێوە دیارە، قوتابخانەی پەروەردە کردنی بە دەیان ئۆگری نووسین و کاری رۆژنامە نووسی بووە. زۆر بە داخەوە گروگاڵی نووسینیان لە قوتابخانەی "کوردستان" دا دەست پێ کردوە و یەکەم بووسینەکانیان لەم رۆژنامەیە دا بڵاو بۆتەوە، دواتر لە ئاستی راگەیاندنی کوردی دا بە ناوێکی دیاری رۆژنامە نووسی و راگەیاندنکارێکی بەوەجیان لێ وەرچووە.

دەرچوونی ژمارە ٥٠٠ی ئەو دەورەیەی "کوردستان" دەرفەتێکە بۆ ئەوەی، بەرێزەوە یادی ئەو کەسانە بکەینەوە کە لە درێژایی ئەو مێژووەدا، لەو رۆژنامەیەدا خزمەتیان کردوە. بەو هۆیەوە کە ئەو کەسانەی بە خۆرێک لە جۆرەکان ساڵانێک لەم رۆژنامەیە دا کاریان کردەوە یەکجار زۆرن، لەم بۆنەیەدا تەنیا یادێک لەوانە دەکەینەوە کە لەم دەورەیە دا، لە رۆژنامەی "کوردستان" دا کاریان کردوە و بەداخەوە تائێستا لە ژیان دا نەماوەن.

**عوسمان یەزدانپەنا (جەلال میراوەیی)**



عوسمان یەزدانپەنا کە لە نێو هاوڕێیانی دا بە جەلال میراوەیی ناسرا بوو، لە یەکەم ژمارەکانی ئەم دەورەیەی کوردستان را (کە لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ ڕا دەست پێ دەکا)، لە رۆژنامە، کاری فەننی و ئامادە کردنی کردوە. جەلال تا سەرکەوتنی

ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و تا شەری سێ مانگە، کار لەڕۆژنامەی "کوردستان"ی درێژە پێدا. بێجگە لە کاری پێتچنی و تەکسیر، بە نووسین و وەرگێڕان و ئامادە کردنیش لە ژمارەکانی سالانی ١٣٤٩ تا ١٣٥٨ی "کوردستان" دا بەشداریی چالاکانەی هەبووە.

مانگی خەرمانانی ١٣٥٨ لە کاتی گەیاندنی یارمەتی بۆ هاوڕێیانی پێشمەرگەی لە نزیک "گرژاڵ" دەکەوێنە نێو بۆسەی ستوونێکی نیزامی کە هێرشیان کرد بووە سەر ئەو ناوچەیە زەبرێکی قورسیان لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە لێ درابوو. هەر بۆیە کاتێک جەلال میراوەیی دەکەوێتە دەستیان، هەر ئەو ڕۆژە شەهیدی دەکەن.


## دوکتور سوڵتان وەتەمیشی

دوکتور سوڵتان وەتەمیشی کە لە کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە کۆمیتەی ناوەندیش دا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب هەڵبژیردرا بوو، وەک ئەندامی دیکەی دەفتەری سیاسی لەم دەورەیە دا ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" بووە. بەو جۆرەی لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەم بیستوە، لەو ژمارانەی "کوردستان" کە لە ساڵی ١٣٥٢ - ١٣٥٠ بڵاو بوونەوە، نووسینی دوکتور وەتەمیشی هەیە. ناوبراو ساڵی ١٣٥٢ لە پێوەندی لە گەڵ پسپۆرییەکی دا (پزیشکی نەشتەرگەر) دەچێتە وڵاتی لیبی و لەم ڕۆژنامەیە دوور دەکەوێتەوە.

دوکتور وەتەمیشی لە مێژساڵە لە ژیاندا نەماوە، بەڵام بەداخەوە بەروونی نازانم لە چ ساڵێک دا کۆچی دوایی کردوە.

---

## مامۆستا هێمن موکریانی



حەمەدەمینی شێخولئیسلامی موکری (هێمن موکریانی) کەلە سەردەمی کۆماری کوردستانیش دا، لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی بە شێعرە نیشتمانی و جوانەکانی، دەڕازاندەوە، لە یەکەم ژمارەکانی ئەم دەورەیەی "کوردستان" ڕا ١٣٤٩

(١٩٧١) دەبێتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی. مامۆستا هێمن لەو کاتەوە تا بەهاری ١٣٥٩ کە لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، دادەبڕێ بە شێعرو نووسین و دەسگرتن و ڕێنوێنیی ئۆگران و هاوکارانی ئەو رۆژنامەیە لە باری ئەدەبی و زمانەوانییەوە، چالاکانە هاوکاریی بەرەو پێشچوونی "کوردستان" دەکا.

---

**د. عەبدولڕەحمان قاسملوو**




بەرلەوەی یەکەم ژمارەی دەورەی ئێستای رۆژنامەی "کوردستان" لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ لە بەغدا بڵاوبێتەوە، لە ئوورووپا، دەورەیەکی دیکەی رۆژنامەی "کوردستان" دەردە چوو کە دوکتور قاسملوو بە هاوکاریی کۆمەڵێک سیاسی و رووناکبیری نیشتمانپەروەری کورد، دەریّ دەکرد. دیارە ئەو دەورەیە بە ناوی ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لەسەر نەبوو تەنیا لەژێر ناوەکەی دەنووسرا "لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە دەردەچێ". پێشنیاری دەست پێکردنی دەورەیەکی نوێی "کوردستان" و پشتگرتنی، دەگەڕێتەوە بۆ دوکتور قاسملوو کە بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق و پێکهاتنی هەلومەرجی نوێ لەو وڵاتە. قۆناغی خۆڕێکخستنەوە و زیندوو کردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە بەردەم حیزب دا دەدی.

دوکتور قاسملوو جگە لەوەی سەر نووسەر و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەو رۆژنامەیە لەساڵی ١٣٤٩ تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (ساڵی ١٣٥٧) بوو، هەتا کاتی شەهید بوونی (هاوینی ساڵی ١٣٦٨) لە نووسین بۆ ئەم رۆژنامەیە و، ڕێنوێنی، هاوکاری و پشتوانیی جۆراجۆری دەستەی نووسەران و کادری فەننی "کوردستان" غافڵ نەبوو. وتوویژو وتار و نووسینەکانی دوکتور قاسملوو، لە نێو بابەتەکانی رۆژنامەی "کوردستان" دا لە باری نێوەرۆک و بەرزی ئاستی لیکدانەوە جێگایەکی تایبەتیان هەیە.

---

### دوکتور سادق شەڕەفکەندی




د. سادق شەڕەفکەندی دوای بەجێ هێشتنی خانکۆی تاران و گەرانەوەی بۆ کوردستان لەسەر داوای ڕێبەرایەتیی حیزب لە ساڵی ١٣٥٩ بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی و ئەرکی سەرنووسەریی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی گرتە ئەستۆ.

کورتە مێژووی جووڵانەوەی نەتەوایەتییەکانی کورد، کە بە شێوەی زنجیرە ساڵی ١٣٥٩ و ١٣٦٠ و ١٣٦١ لە "کوردستان" بڵاو بووتەوە، بە یەکەم نووسینەکانی دوکتور شەڕەفکەندی لەم ڕۆژنامەیە دا دەژمێردرێن.

لە دوای کۆنگرەی 8ی حیزب (زستانی ساڵی ١٣٦٦) جارێکی دیکە ئەرکی سەرنووسەریی ڕۆژنامە و بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی کەوتەوە سەر شانی دوکتور شەڕەفکەندی و، هەتا شەهید بوونی دوکتور قاسملوو لە پووشپەری ساڵی ١٣٦٨، وەک نووسەر و سەرنووسەر لەم ڕۆژنامەیە دا کاری کرد. هەڵبژاردەیەک لەو ژمارانەی دوکتور شەڕەفکەندی لە ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاوی کردونەوە لە دەساڵەی شەهید بوونی دا، لە گەڵ کۆمەڵێک وتاری دیکە کە لە رادیو دەنگی کوردستان دا بڵاو بوونەتەوە، کراون بە کتێبێک. لە وتاری "کوردستان، سەنگەرێکی دیکەی تێکۆشانی ڕێبەری شەهیدمان" لە پێشەکی ئەو کتێبە دا بڵاو بۆتەوە، ئاماژە بە ڕۆڵی د. شەڕەفکەندی لە بەرە و پێشبردنی ئەو ڕۆژنامەیە دا کراوە.

## عەبدوڵڵا شەریفی




کاک عەبدوڵڵا شەریفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب، لەو لاوە شۆڕشگێر و تێگەیشتووانە بوو کەلە رۆڵ و بایەخی نووسین و کاری رۆژنامە نووسینی و پێویستی مرۆڤی سیاسی و خەباتکار بە نووسین، ئاگادار بوو. لە نێوان کۆنگرەی ٨ بۆ ٩ حیزب ساڵی (١٣٦٩)، بوو بە هاوکاری دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "کوردستان". وێرای بەشداری لە کۆبوونەوەکانی دەستە نووسەران و بەشداری لە باسە سیاسییەکان دا بە نووسینی وتار، هاوکاریی رۆژنامەی دەکرد. ئەم هاوکارییە هەتا کاتی شەهید بوونی لە ٦ی رەزبەری ساڵی ١٣٧٣ بەردەوام بوو. دەبێ بگۆترێ تێکۆشان لە مەیدانەکانی دیکە (تێکۆشانی سیاسی و تەشکیلاتی و بە رێوەبردنی هێز و کۆمیتەکانی حیزب لە قووڵایی رۆژهەڵاتی کوردستان) کاتێکی زۆر کەمی بۆ هاوکاریی ئەو لە گەڵ رۆژنامەی "کوردستان" دا دەهێشتەوە. بەو حاڵەش، لە هاوکاریی رۆژنامە دریغی نەدەکرد و بڵاو بوونەوەی نووسینەکانی لەم رۆژنامەیە دا بۆ خۆی بەشانازی دەزانی.

## تاهیر حوسێن پوور



کاک تاهیر حوسێن پوور، خەڵکی دێ سەرگێز شنو بوو. ئەوکاتەی لە ئێران خوێندکاری زانکۆ بوو، ببووە ئەندامی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کاتێک ناچار بوو خوێندنی زانکۆ بەجێ بێڵێ و رووی کردە ریزی پێشمەرگەکانی حیزب، لە فێرگەی سیاسی نیزامی بەشداری دەورەی سەرەتایی بوو هەم لە باری رێکوپێکی و رەوشتەوە، هەم لە باری سەرکەوتنی لە تاقیکردنەوەکان دا، لە یەکەمەکانی دەورەکەیان بوو. هەر بۆیە سەرەتای ساڵی ١٣٧٧ بۆ کار لە بەشی فەننی رۆژنامە، داوامان کرد نەقلی لای ئێمەی بکەن. لە ماوەی کاری لە رۆژنامەشدا، نموونەی دڵسوزی، ماندوویی نەناسی و رێکوپێکی بوو، بێجگە لە کاری پیتچینی و کاری فەننیی دیکە، دەستی کرد بوو بە ئامادە کردنی بابەت تادەهات پتر تێکەڵ بە کارەکانی رۆژنامە دەبوو. هاوینی ساڵی ١٣٧٨ دوای بڵاو بوونەوەی ژمارەی تایبەت بە ١٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، لەسەر داوای کادرە تەشکیلاتییەکانی ناوچەی شنۆ و پێداگریی خۆی، بۆ مەئمووریيەتی تەشکیلاتی و بە کۆمەڵێک رۆژنامەی " کوردستان "ەوە چووە ئەو ناوچەیە. بەڵام بەداخەوە لەم سەفەرە نەگەرایەوە و لە نزیک شێخان کەوتە کەمین و گیانی لە دەست دا.

سەید سەلام عەزیزی



سەید سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب لە بەهاری ساڵی ١٣٧٢وە هاوکاری لە گەڵ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان "ی دەست پێکرد. کاک سەلام وێرای بەشداری لە کۆبوونەوە و باسەکانی دەستەی نووسەران دا و، سەرەڕای کار و بەرپرسایەتیی دیکەی حیزبی، بە گوێرەی توانا، بەشداری لە نووسینی وتار و بابەت بۆ ڕۆژنامە دا دەکرد و هێندێک جاریش ئەگەر لە زمانی عەرەبییەوە پێویستمان بە وەرگێڕانی بابەتێک هەبا وەری دەگێڕایە سەر زمانی کوردی هاوکاریی کاک سەلام لە گەڵ "کوردستان" تاکاتی کۆچی ناووەختی لە پووشپەری ساڵی ١٣٧٨ دا درێژەی هەبوو.

---

کەریم حیسامی



مامۆستا کەریم حیسامی، لەم نووسەر و وەرگێڕانە بوو کە لە دەورەی پێشتری "کوردستان" کە لە ئورووپا بڵاو ببۆوە، لە گەڵ دوکتور قاسملوو دا هاوکاری کرد بوو. لەسەرەتای ئەم دەورەیەی ئێستاش ڕا واتە لە یەکەم ژمارە وە کە لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٩ (فێوریەی ساڵی ١٩٧١) بڵاو بۆتەوە، وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب و وەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی

رۆژنامە، کاری نووسین و وەرگێڕانی لە رۆژنامەی "کوردستان" دا کردوە. هاوکاریی ئەم نووسەر و وەرگێڕە بە توانایە لە گەڵ رۆژنامەی "کوردستان" هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران درێژە هەبوو.

---

**عوسمان رەحیمی**



دوایین ئازیزی لە دەستچووی "کوردستان" کاک عوسمان رەحیمی یە کە خەرمانانی ساڵی ١٣٨٦ بە هۆی راوەستانی دڵ، کۆچی دوایی کرد. کاک عوسمان هەم لەو رۆژنامەیە دا کە لە ژێر ناوی "کوردستان" وەل ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان - رێبەرایەتیی شۆڕشگێر بڵاو دەبۆوە، هەم لەو دەورەیەی ئێستای "کوردستان" لە نێوان کۆنگرەی ١٢ - ١٣ دا وەک ئەندامی دەستەی نووسەران، کاری نووسین و وەرگێڕانی کردوە و کۆمەڵێک نووسین و وەرگێڕانی پڕ نێوەرۆک و جوانی وەک یادگار لە پاش بەجێ ماوە.

بەبۆنەی دەرچوونی پێنجسەدەمین ژمارەی دەورەی ئێستای " کوردستان " بەرێز و ئەمەگناسی یەوە بیری ئەو ئازیزە لە دەستچووانەی رۆژنامەکەمان دەکەینەوە و ناو و یاد و تایبەتمەندییە بەرز و جوانەکانیان لە کۆڕی تێکۆشەرانی سەنگەری " کوردستان " دا بەرز ڕا دەگرین.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٥٠٠ - رێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠٠٨

---

## رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە: ٧٠٠



ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە: ٧٠٠ | دووشەممە ٣٠ی رەشەممەی ١٣٩٥ _ ٢٠ی مارسی ٢٠١٧

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فێدرالدا

### نەورۆز، لە رۆژهەڵاتی جامانەپۆش پیرۆز بێ

بەبۆنەی هاتنی جێژنی کۆن و کەونار و نەتەوەیی نەورۆز، هاتنی ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان، بەتایبەت خوێنەرانی رۆژنامەی «کوردستان» دەکەین. «کوردستان»ی ئەم ژمارەیە هەم لە رووی ژمارەوە تایبەتە و هەم ئەوەی دەستەملانی بەهار و نێرگز و وەنەوشەکانی کوردستان بوەتە میوانتان، هەربۆیەش لە باوەشی ئەو بەهارە دلگیرەدا چەپکێک نێرگز و وەنەوشە دەچنین و لە بەرۆکی هەموو ئێوە ئازیزانی دەدەین.

بەهیوای ساڵێکی خۆش و پڕ دەسکەوت بۆ هەموو لایەک.

یادی هاوکارێکی لەمێژینە
فەتاح کاویان
ل ٤

### «کوردستان» دەنگی مێژوویەک شوناسخوازی و مافخوازیی نەتەوەیی

### پەیامی سکرتێری گشتیی حدک بەبۆنەی نەورۆز

هاونیشتمانە بەڕێزەکان
کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان،
کادر و ئەندام و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان
ئەوا جارێکی دیکەش جێژنی نەتەوایەتیی نەورۆز، جێژنی هاتنی بەهار، تازەبوونەوەی ساڵ و بووژانەوەی سروشت،

700

٧٠٠مین ژمارەی رۆژنامەی "کوردستان"
ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سەروتار

### «کوردستان» وەک ئاوێنەی خەباتێکی سەخت و دوورو درێژ

ژمارەیەک کە ئێستا لە بەر دەستی خوێنەرانی «کوردستان» دایە، وەک هەموو ژمارە سەدەکانی پێش خۆی(ژمارەکانی ١٠٠، ٢٠٠، ٣٠٠، ٤٠٠، ٥٠٠و٦٠٠) ، جێگایەکی تایبەتی لە نێو ژمارە ئاساییەکانی ئەم

## بیبلیۆگرافیی سیاسیی رۆژنامەی "کوردستان" (ناساندنێک)



ئاسۆی حەسەن زادە - مەنسوور مروەتی

داڕشتن و خستنەبەردەستی بیبلیۆگرافی سەرەتاییترین و لە هەمان کاتدا گرینگترین ئامرازی تێکنیکی بۆ یارمەتیدانی خوێنەران و توێژەرانی هەر بوارێکی مەعریفییە. لەلایەکی دیکەشەوە، عادەتەن ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی تەمەنێکیان هەیە و جێکەوتوون، بیبلیۆگرافیی تایبەت بە خۆیانیان بۆ دروست دەکرێ.

بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەدەر لە دەوری یەکەمی دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە واتە ئەو ژمارانەی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دەرچوون و بنکەی "ژین" بیبلیۆگرافیی بۆ دروست کردوون، تا ئێستا بیبلیۆگرافییەک لەبەر دەست نەبووە. هەربۆیە لە حاڵەتێکدا کە خوێنەرێکی هۆگری مەسایلی ڕابردووی ئەو حیزبە و مێژووی سیاسیی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان توێژەر و لێکۆڵەرەوەیەکی ئەم بوارە ویستبای بۆ شتێک لەم ڕابردوو و مێژووەدا بگەڕێتەوە، ئامرازێکی لەبەردەست نەبوو کە لە ڕێگەیەوە ئاسانتر مەبەستی خوێندنەوە یان توێژینەوەکەی جێبەجێ بکا و سەرچاوەی پێویستی بۆ بدۆزێتەوە، و ناچار دەبوو یەک بە یەک ژمارەکانی ڕۆژنامە هەڵداتەوە یان لە باشترین حاڵەتدا بەپێی زانیاری و لەبیرمانی خۆی، لەنێو ژمارەکانی وەرز یان ساڵێکی دیاریکراودا بگەڕێ.

ئەم بیبلیۆگرافیەی ئێستا لەبەردەستە، نەک هەر تا ڕادەیەک ئەم بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، بەڵکوو تازەگەرییەکیشی تێدایە کە ئەم بیبلیۆگرافییە لەو بیبلیۆگرافییانەی مەعموولەن لەو بوارەدا دروست دەکرێن جیا دەکاتەوە. زۆربەی کات بیبلیۆگرافیی گۆڤار و ڕۆژنامەکان یان بەپێی ناوی نووسەران یان بەپێی ساڵ و مانگەکانی دەرچوونی بابەتەکان ڕێک دەخرێن. بۆ ئەوەی بیبلیۆگرافیی ڕۆژنامەی کوردستان تەنیا تۆمارکردن و ڕیزکردنێکی سادەی بابەتەکانی ڕۆژنامە نەبێ، لەم بیبلیۆگرافییەدا هەوڵ دراوە بابەتەکانی ڕۆژنامە بەپێی ناوەرۆک و سروشتی وتارەکان هەڵوەژێردرێن. ناوەرۆک و سروشتی بابەت و وتارەکانیش ئەم بوارانە دەگرێتەوە : بەیاننامە و هەڵوێستە ڕەسمییەکانی حیزبی دێموکرات، مەسایلی تایبەت بەو حیزبە، مەسایلی نێونەتەوەیی، وەزعی ڕێژیم، سیاسەتە نێوخۆییەکانی، سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیم، بارودۆخی ئێران و کوردستان، مێژوویی، پرسی نەتەوایەتی، دێموکراسی و ئەلتێرناتیڤی سیاسی لە ئێران، پرسی چینایەتی، خەباتی خەڵک، ستراتژییەکانی خەبات، خەباتی چەکداری، هاوپێوەندیی نێوان کورد و کورد لە پارچەکانی دیکە، گەلانی ئێران، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، مافی مرۆڤ، چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، کورد لە دەرەوەی وڵات، زمان و فەرهەنگ لە ڕەهەندە سیاسییەکەیدا،... هتد. دیارە بەشێک لەو بوارانە پێوەندییان بە یەکترەوە هەیە و هۆگری یەکێک لەم مەسەلانە پێویستە

لە تەوەری دیکەشدا بۆ بابەتی جێگای مەبەستی خۆی بگەڕێ (بەتایبەتی تەوەری یەکەمی بیبیلیۆگرافییەکە کە بۆ هەڵوێستە رەسمییەکانی حیزبی دێموکرات تەرخان کراوە بابەتی پێوەندیدار بە زۆربەی نزیک بە تەواوی تەوەرەکانی دیکەی تێدایە).

تازەگەرییەکی دیکە کە لەو بیبلیۆگرافییەدا رەچاو کراوە ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی هەمیشە تیتر و سەردێڕی بابەتەکان زانیاریی تەواو نادەنە دەست کەسێک کە بیبلیۆگرافییەکە بەکار ببا، ئامادەکارانی ئەم بیبلیۆگرافییەدا چاویان بە ناوەرۆکی یەک بە یەکی وتار و بابەتەکانی رۆژنامەدا خشاندووە و لە هەر شوێنێک پێویست بووبێ لە کەوانەدا زانیاریی پێویستیان لەسەر ناوەرۆک و بەستێنیی مێژوویی بابەتەکە لە یەک دوو خەتدا بۆ عینوانەکە زیاد کردووە. هەربۆیەشە خوێنەر هەر بە چاوخشاندن بە بیبلیۆگرافییەکەدا کۆمەڵێک زانیاریی بەسوودی مێژوویی دەکەوێتە دەست.

لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوەی ئەم کارە کارێکی قورسە کە کاتی زۆر و پێرسونێلی تایبەت بە خۆی پێویستە، ئامادەکارانی ئەم بیبلیۆگرافییە ناچار بوون بۆخۆیان هێندێک سنوور بۆ کارەکەیان دابنێن. لەلایەک، ئەوەی لێرەدا دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران و توێژەرانی بەڕێز قۆناغی یەکەم و لەڕاستیدا بناخەی کارەکەیە و بیبلیۆگرافییەکە تەنیا حدوودەن (١٠٠) ژمارەی یەکەمی دەوری دووەمی دەرچوونی رۆژنامەی "کوردستان" دەگرێتە خۆی کە بریتییە لەو ژمارانەی لەنێوان ساڵەکانی ١٣٤٩ و ١٣٦٤دا بڵاوبوونەوە (بیبیلۆگرافییەکە لە ژمارە (١)ی رۆژنامەی کوردستانەوە کە لە مانگی رێبەندانی ١٣٤٩دەرچووە دەست پێ دەکا و بە ژمارە (١٠٧) کە لە مانگی گەلاوێژی ١٣٦٤ تایبەت بە چلەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەرچووە کۆتایی دێ). ئەگەر ڕاستە ئەمە تەنیا قۆناغێکی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستانە، بەڵام لەو لایەنەوە گرینگە کە قۆناغێکی لەباری سیاسی و مێژووییەوە بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان یەکجار زۆر گرینگ و دەوڵەمەندە بەتایبەتی کە ساڵەکانی کۆتایی رێژیمی شاهەنشاهی و ئینقلابی ئێران و ساڵەکانی دەسپێکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و خەبات و خۆڕاگریی چەکداریی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە.

سنوورێکی دیکە کە ئامادەکارانی ئەم بیبلیۆگرافییە لە تەرسیمی ئەو پرۆژەیەدا بۆخۆیانیان داناوە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەدا کە رۆژنامەی کوردستان هەر لە دەسپێکەوە تا ئەمڕۆ لە بواری جۆربەجۆردا هەواڵ و بابەت و وتاری تێدا بڵاو بۆتەوە، بەڵام ئەم بیبلیۆگرافییە تەنیا بیبلیۆگرافییەکی سیاسییە. بەو حاڵەش لەڕاستیدا زۆربەی نزیک بە تەواوی وتار و بابەتەکانی رۆژنامەی کوردستان بۆ ئەو دەورەیە لەنێو بیبلیۆگرافییەکەدا تۆمار کراون و تەنیا بابەتە ئەدەبییەکان و ئەو هەواڵ و وردە بابەتانەی بایەخی مێژووییان کەمترە، واریدی بیبلیۆگرافییەکە نەکراون.

دیاره بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە کۆمەڵێک ئاستەنگ و گیروگرفتیش لەسەر رێ بوون کە لەنێو واندا دەکرێ ئاماژه بە لەبەردەستدانەبوونی بەشێک لە ژمارەکانی رۆژنامە بکرێ، هەروەها ئەوە کە ناوی نووسەری هیچ وتار و بابەتێک لەو سەردەمەدا لە رۆژنامەدا نەنووسراوە و بۆ ژمارەکانی پێش ئینقلاب تەنانەت کەم کەس لەو نووسەرانە لە ژیانیشدا ماون.
سەرباری هەموو ئەو ئاستەنگانە یا هەر کەموکورییەک کە دەکرێ لەو بیبلیۆگرافییە سیاسییەی رۆژنامەی "کوردستان"دا وەبەرچاو بکەوێ، ئامادەکارانی ئەم ئامرازە هیوادارن کە ئەم هەنگاوە گۆشەیەک لە پێداویستییە تەکنیکییەکانی ئاوڕدانەوە لە مێژووی حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پڕ بکاتەوە و توێژەران و خوێنەران بەتایبەتی لەنێو نەوەی نوێ‌دا هان بدا کە بۆ رامان و بیرکردنەوە لە هەلومەرجی ئەمڕۆ و ئاقاری داهاتووی جوڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵات زیاتر سەرنج بدەنە دیاردە و رووداوەکانی رابردووی ئەم جوڵانەوەیە و ئەو دەرس و ئەزموونانەی پێویستە لەو رابردووییە وەربگیرێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٢ - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٧

## «کوردستان» وەک ئاوێنەی خەباتێکی سەخت و دوورو درێژ



قادر وریا

ژمارەیەک کە ئێستا لە بەر دەستی خوێنەرانی «کوردستان» دایە، وەک هەموو ژمارە سەدەکانی پێش خۆی(ژمارەکانی ١٠٠، ٢٠٠، ٣٠٠، ٤٠٠، ٥٠٠ و ٦٠٠) ، جێگایەکی تایبەتی لە نیو ژمارە ئاساییەکانی ئەم ڕۆژنامە دا هەیە. ئەم بایەخ پێدرانەی ژمارە سەدەکانی «کوردستان» لە لایەن بەڕێوەبەران و نووسەران و کادری فەننیی ڕۆژنامەکە، دەکرێ بۆ ئەو کەسانەی زۆر شارەزای مێژووی ئەو ڕۆژنامەیە نین، کەمێکیش سەیر بێ. بۆ وێنە بپرسن لە کاتێک دا ئەو هەمووە ڕۆژنامەیە تەنانەت لە نیو کوردیشدا هەن کە ژمارەیان لە هەزار و چەند هەزار تێپەڕیوە، گەیشتنی ڕۆژنامەیەک بە ژمارە٧٠٠ی خۆی، بۆ چی دەبێ بکرێ بە بۆنەیەکی خۆش و بە گرنگییەوە، باسی بکرێ؟ خۆ ئەگەر بشزانن کە ئەم دەورەیەی ڕۆژنامەی «کوردستان» ٤٦ ساڵ و مانگێکی خایاندوە بۆ ئەوەی بگاتە ژمارە ٧٠٠ی خۆی، لەوانەیە برێکیش لۆمەی بەڕێوەبەران و نووسەرانی ڕۆژنامەکە بکەن کە چۆن دەبێ بە ٤٦ ساڵ ٧٠٠ ژمارە لە ڕۆژنامەکەیان بڵاو بکەنەوە؟! بەڵام ئەوانەی دەزانن «کوردستان» زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانە و ڕێبەران و تێکۆشەرانی ئەوحیزبەش لە چ بارودۆخێکدا کارو ئەرکی خەباتکارانەی خۆیان بەڕێوە بردوە، - سەرەڕای کەمیی ژمارە بڵاوبووەکان لە چاو تەمەن و ماوەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە - جۆرێکی دیکە لە سەر بەردەوامی و بەچۆک دانەهاتوویی «کوردستان» قەزاوەت دەکەن.

لە ڕاستی دا «کوردستان» لە ڕووی فۆرم و ڕواڵەتەوە، هەر وەها لە باری ماوەی دەرچوونی دوو ژمارەی و تیراژیشەوە، ناگاتە زۆر ڕۆژنامەی کوردی. زۆربەی ئەوانەش کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا، ئەرکی بەڕێوەبەری و نووسین و وەرگێران و کاری فەننییان تیدا کردوە،... نەک دەرچووی ئەم و ئەو کۆلێژی ڕۆژنامەنووسی، بەڵکوو پەروەردەی قوتابخانەی تێکۆشان

و سەنگەری پێشمەرگایەتی بوون و بە شێوەی ئەزموونیی پێگەیشتوون. کە وایە شتێکی تر هەیە کە بە هەمووی ئەو ڕاستیانەشەوە، ڕۆژنامەی «کوردستان»ی لای خوێنەرانی خۆشەویست و ڕێزدار کردوە. ئەم ئامانج و بیروباوەڕ و ڕێبازە سیاسییەی کە کوردستان لاپەڕەکانی خۆی بۆ بڵاوکردنەوەیان تەرخان کردوە، ئەو خەباتە پڕ لەقوربانیدانەی «کوردستان» لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە، بووە بە زمانحاڵی، بوون بە هۆی ئەوەی «کوردستان»بایەخ و گرنگیی خۆی هەبێ.

«کوردستان»، هەر لەو کاتەدا کە هەڵگری باوەڕ و پەیامی حیزبێکی خاوەن خەباتێکی دوور و درێژ و پڕ هەوارز و نشێوە، ئاوێنەی مێژووی ئەم حیزبە و خەباتەکەشیەتی. یەکەمین جار «کوردستان» وەک زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی دا بڵاو بووەوە. یەکەم دەورەی ئەم ڕۆژنامەیە کە لە سەردەمی ژیانی کۆماری کوردستان دا بووە، ١١٣ ژمارەی گرتە خۆ. دواتر و لە قۆناغ و بارودۆخی جیاوازدا، چەند دەورەی دیکەی «کوردستان» بڵاو بوونەوە. ئەم دەورەیەی ئێستاش لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ی هەتاوی دەست پێ دەکا و یەکەم ژمارەی ئەو دەورەیەش لە بەغدا، چاپ و بڵاو بووەتەوە. کە چاو لە ژمارەکانی هەر دەورەیەکی «کوردستان» بە تایبەتی ئەم دەورەیەی ئێستا دەکەی، بە چاوگێڕانێک بە سەردێڕی بەیاننامەکان و بابەتەکان، ئەو ڕووداوانەت وەبیر دێنەوە کە بە سەر ئەم حیزبە و تێکۆشەرانیدا هاتوون.

ڕوانگەی ئەم حیزبەت لە بارەی ئالوگۆڕە سیاسیەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەی کورد لە ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستان لەقۆناغێکی تایبەتدا وەبیر دەخەنەوە. زۆر لەو کەسانەی لە مەقامی ڕێبەر و کاربەدەستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم ڕۆژنامەیە دا وتاریان بڵاو بووەتەوە یا قەڵەمیان گێڕاوە، ئێستا لە ژیان دا نەماون بەڵام لە مێژووی ئەم حیزبە و خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کورد دا ناوێکی نەمر و جێگایەکی دیاریان هەیە. هەر لەم دەورەیەی «کوردستان» دا کۆمەڵێک کەسایەتی ڕۆڵی جۆراوجۆریان گێڕاوە کە ئێستا چوونەتە ڕیزی شەهیدان و نەمران. لەوانە: هێمنی موکوریانی، کەریمی حیسامی، د.قاسملوو، د.شەرەفکەندی، عەبدوڵلا شەریفی، سەلام عەزیزی، عوسمان ڕەحیمی و نوێترین مامۆستای کۆچ کردوومان کاک فەتاح کاویان. ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە لە دوارۆژەکانی ساڵی ٢٠١٦دا، «کوردستان»هاوکار و پشتیوانێکی بە نرخی لە دەست دا، ئەویش ناسر ئێرانپوور بوو. بێ ئەمەگی دەبێ ئەگەر لەم بۆنەیە دا، یادی نەکەینەوە، چونکە ئەگەر چی ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە و تەنانەت ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش نەبوو، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە «کوردستان» غافڵ نەبوو و هەرکات «کوردستان» داوای نووسینی لێ کردبا یا بۆ خۆی وتارێکی خۆی بۆ «کوردستان» بە شیاو زانیبا، بە شانازییەوە هاوکاریی ئەم ڕۆژنامەیەی دەکرد.

ئەمەش کە «کورستان» زۆربەی هەرە زۆری ساڵانی تەمەنی خۆی لەم دەورەیە و چەند دەورەیەکی پێشووشدا لە

دوورخراوەیی دا بەڕێ کردوە و بەڕێوەبەران، نووسەران و کادرە فەننییەکانی ، دوور لە زێدی خۆیان و ڕۆژنامەکەیان، لە قۆناغێکی تەمەنەوە دەچنە قۆناغێکی دیکە و بە دیار «کوردستان»ەوە پیر دەبن، بەشێکە لە سروشتی ئەو خەباتە سیاسی و ئـازادیخوازییەی، «کوردسـتان» بـووە بە دەنـگ و ڕەنگی، خەباتێـک کە بە زۆری لە ژێـر سـەرکوت و لە دوورەوڵاتـی دا درێژەی هەبووە.

هەر وەک ئێسـتا لە جیـاتی «کوردسـتان»ێـک، دوو «کوردسـتان» وەک زمانحـاڵی حیزبـی دیمـوکرات بـڵاو دەبـنەوە، لە ڕابـردووش دا وا هەبـووە «کوردستان» گیانێـک بـووە لە دوو جەستە دا. بەو واتـایە کە دووبەشـی لێـک دابـراوی حیزبـی دیموکرات، هەر کامیـان بە جیـا «کوردستان»یـان وەک ئۆرگـانی خۆیـان بڵاو کـردوەتەوە. لەمەشـەوە دەتـوانین بگەیـنە ئەو ڕاستییە کە «کوردستان» لەم قەدەر و چارەنووسەشی دا، لە خاوەنەکەی واتە حیزبی دیموکرات دەچێ.

لە دۆخێـک دا کە حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان و ڕێـبەران و تێکۆشـەرانی ئەو حیـزبە و نووسـەران و کـادری فەننیـی ئەو ڕۆژنامەیە پێیدا تێپەڕ دەبن، لەوانەیە ئاسـان نەبێ بەڵێن بـدەین کە «کوردستان» لە ڕووی فۆرم و چاپ و تیـراژ و زوو زوو بڵاوکردنەوەی، باشتر دەکەین. چونکە وەک خوێنەرانیش هەستیان پێکردوە تەنانەت هێندێک جار بۆ چاپی هێندێک لە ژمارەکانی لە ڕووی ماڵییەوە کەوتووینە تەنگانە. ئەوە کێشەیەکە کە هەر ئێستاش لە گەڵی بەرەوڕووین. وێـڕای سوپاس و پێزانینمان بۆ ئەو دۆستانەی کەهەر یەکەی بۆ ماوەیەک تێچووی چاپی ڕۆژنامە لە سەر کاغەزیان گرتووەتە ئەستۆ، لێـرەوە داوا لە هۆگرانی ئەم ڕۆژنامەیە دەکەین لە ڕووی ماڵییەوە پشتیوانی بن تـا ئەم چرایە هەر بە داگیرساوی بمێنێتەوە. جێـی خۆیەتی لە قەڵەم بە دەستانی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان، هەر وەها لە هۆگرانی کاری ڕۆژنامەنووسی ودڵسۆزی خەبـات و تێکۆشـانی ڕۆشـنبیریی حیزبـی دیمـوکرات داوا بکەیـن بە نووسین و وەرگێـڕان و، هاوکـاری لە نـاردنی هەواڵ و ڕاپـۆرتی جۆراوجـۆر و دانـی ئیـدە و پێشـنیاری بە سـوود، پشـتیوانی «کوردسـتان» بـن. ئەوەش کە دەکەوێـتە سـەر بەڕێـوەبەران و نووسـەرانی ئێسـتای «کوردسـتان» ئەوەیە کە وێـڕای بەردەوام ڕاگرتنـی ئەم مەشـخەڵە پیـرۆزە، درێـژەدەرو پـارێزەری ئەو خسڵەت و تـایبەتمەنـدییانەی «کوردسـتان» بـن کە بـۆ مـاوەیەکی زۆر ئەم ڕۆژنـامەیەی لە نێـو ڕۆژنامەکـانی دیکە دا پـێ دەناسرایەوە. زمانپاراوی و زمانخاوێنی، هەر وەها ڕاستوێژی و بەرپرسیاریەتی لە گرنگترینی ئەوتایبەتمەندیانەن.


بە بـۆنەی بڵاوبـوونەوەی ژمـارە ٧٠٠ی «کوردسـتان»بە ڕێـزەوە یـادی هەمـوو ئەو کەسـانە دەکەیـنەوە کە بەردەوامیـی ئەم ڕۆژنـامەیە قەرزداری کـارو تێکۆشـانی ئەوان لە «کوردستان» لە قۆنـاغە جۆراوجۆرەکـاندا بـووە. هەر وەهـا پیرۆزبـایی و ماندوونەبوونی لە ستافی ئێستای بەڕێوەبەران و کارگێڕانی «کوردستان» و سەرجەم خوێنەران و هۆگرانی دەکەین.

بەو هیوایەی «کوردستان» هەر بەردەوام و، لە بەرەوپێشچوون دابێ.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٠٠ - رێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٧

---

## یادی هاوکارێکی لەمێژینە




دەستەی نووسەرانی «کوردستان» وەک نەریتێک بۆ دەرچوونی هەر ١٠٠ ژمارەی رۆژنامە جێژنێکی چووکەڵەی خۆمانە دەگرێ بۆ ئەوەی لەلایەک رێز لە هەوڵ و ماندووبوونی نووسەران و وەرگێڕان و بەگشتی پێرسۆنێلەکەی بگرێ و لە لای دیکە یادی بەخێری ئەو هاورێ و هاوکارانە بکاتەوە کە رۆژێک لە رۆژان لەو سەنگەرەدا خزمەتیان بە حیزب و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردی رۆژهەلات کردوە و ئێستا بە هەرهۆیەک بووە لێیدابڕاون. لە کۆڕی ژمارە ٧٠٠ی رۆژنامەکەماندا جێگای هێندێ هاوکاری دڵسۆزمان بەتاڵە کە هەر کامەی بە هۆیەکی تایبەت بەخۆیان ماوەیەکە لە هاورێیانیان هەڵ براون. ئەم باسە ئەو هاوکارە چالاک و قەڵەم بەبرشتانە ناگرێتەوە کە لەبەر دووریی جێگای ژیانیان لە کۆڕە خنجلانەکەی ژمارە ٧٠٠ی «کوردستان»دا ئامادە نین، چونکە پێرسۆنێلی رۆژنامە هەمیشە جێگای ئەو خۆشەویستانە بە پڕڕەنگی لە تەنیشت خۆیان هەست پێدەکەن.

یارێک و هاوکارێکی بەوەج و لەمێژینە کە لە کۆڕی ئەم ژمارەیەی کوردستاندا لەنێومان نیە ، بەڵام سێبەری سووکی هەروا

بەسەر سەرمانەوەیە و بەسەر سەرمانەوە دەمێنێ نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا، نەمر «کاک فەتاحی کاویان»ە کە دوومانگ لەمەوبەر لەنەکاو و بێخەبەردان و بێماڵئاوایی، ماڵئاوایی لێ کردین.

فەتاحی کاویانی نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر، زمانزان و بە هەموو مانای وشە فازیل و لێزان بۆ پێرسۆنێلی ڕۆژنامەی «کوردستان»و بۆ زۆری دیکە لە هاوڕێ و هاوئامانجەکانی تەنیا هاوکارێکی سادە نەبوو. ئەو کە تەمەنێکی درێژی لە کاری ئیداری و مامۆستایەتی و لە خەباتی سیاسی لە هەموو بوارەکاندا بەسەر بردبوو و لەو ڕێگایەشەوە ئەزموونێکی زۆری وەسەر یەک نابوو بەڕاستی مامۆستا بوو، سەرمەشق بوو و لە زۆر بواردا یار و یاوەر و غەمخۆری هاوڕێیانی بوو. خاترمان نەگرتوە ئەگەر بڵێین بێجگە لە هونەری نووسین و شێعر و وەرگێڕان لە زۆر بواری دیکەشدا بۆ لێفێربوون دەبوو. هەر بۆ نموونە:

- مشوورخۆری و شێلگیری لە وەدواکەوتنی هەر ئەرک و کارێکدا کە دەکەوتە سەر شانی. بە پێچەوانەی هێندێک کەس کە دەست بۆ هەرکارێک دەبەن پێیان وایە هەزار ساڵ تەمەنیان بۆ نووسراوە، کاک فەتاح پێشبڕکەی لەگەڵ زەمان دەکرد و پێداگر بوو کە هەموو ئەرکێک زووتر لە کاتی پێشبینیکراو ڕاپەڕێنێ. بەڕاستی ئەو کاتانەی کارێکی بەبایەخی بەئەستۆوە دەبوو ئارام و ئۆقرە و خەو و خۆراکی لێ هەڵدەگیراو تەنیا ئەو وەختە دەحەسایەوە و ئۆقرەی دەگرت کە ئەرکەکەی بەجێ دەگەیاند و بە ئەرخەیانی پاڵی لێدەدایەوە.

- ئۆگری بە خوێندنەوە. دەکرێ بڵێین لەو بارەیەوە کاک فەتاح نموونەی نەبوو. ئاخر هەرکام لە ئێمە ئەگەر زۆریش ئۆگری خوێندنەوە بین هەر ئەو شتانە دەخوێنینەوە کە بابەتی ڕۆژن و بۆ بەرەژووربردنی وشیاریی زانستی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و... پێویستمانن. نووسەری ئەم دێڕانە لە ژیانیدا جگە لە فەتاحی کاویان کەسی نەدیوە کتێبی لۆغەتنامە بخوێنێتەوە، هەرکام لە مەمانان تەنیا ئەو کاتە کتێبی فەرهەنگ لێک دەکەینەوە کە بۆ مانای وشەیەک تێمابین. بەڵام کاک فەتاح کتێبی فەرهەنگی بەدەستەوە دەگرت و لە ئەلف تا یێی دەخوێندەوە. بۆ وێنە فەرهەنگی ئاکسفۆردی ئینگلیسیی نەک جارێک بەڵکوو سێ جار لە هەوەڵ تا ئاخر خوێندبووەوە.

- ئۆگری بە فێربوون وفێرکردن. ئەو مرۆڤە هەرگیز لە فێربوونی شتی تازە تێر نەدەبوو کە هیچ، هەوڵی دەدا لە هەموو کەس و تەنانەت لە هەموو شتێکیش فێر بێ. ئەوانەی پتری لێنزیک بوون باش دەزانن کە فەتاحی کاویان چ-گەنجینەیەکی بەنرخی لە زانیاریی گشتی و بەتایبەتی لە بواری ئەدەبیاتدا وەسەریەک نابوو. خۆ لەبواری فێرکردنیشدا زۆربەی زۆری

هاوڕێ و هاوکارەکانی لەبیریانە کە چەند دەورەی فێرکردنی زمانی ئینگلیسیی بۆ هاوڕێیەکانی کردوونەوە و بە چێئۆگری و حەوسەلەیەکەوە هەوڵی داوە هاوڕێیەکانی لەم بوارە و لە هەر بوارێکی دیکەدا شت فێر بن.

– بەفەرهەنگبوون. چەندی بتەوێ لەوەی پێی دەگوترێ «آداب معاشرت» شارەزا بوو، قسەکردنی دەگەڵ کەسانی لەخۆی گەورەتر، هاواڵ و هاوتەمەنەکانی و تەنانەت کەسانی لەخۆی چووکتر هەتا دەگەیشتە منداڵانی کەمتەمەن جێگای سەرنج و شیاوی لێفێربوون بوو. زۆر جارمان دەدی کە منداڵی دەدوازدە ساڵەی لە جیاتی ناوی چووک بە ناوی بنەماڵە بانگ دەکرد بۆئەوەی ڕێزی گرتبێ و کەسایەتیی پێدابێ. لەوەش گەڕێ کە دەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی لێیان نزیک و دۆست و یەکدڵ بوون بە چزمانێکی شیرین دەدوا و چەندە خۆمانە بوو. لەسەر سفرە و مێزی نانخواردن چاوت لێکردبا دەرست لێوەردەگرت و هەر جوان بوو ڕێوڕەسمی هاودەمی و هاوسفرەیی لێ فێربی.

- دڵفرەوانی. بەبێشک ئەویش وەک هەمووی ئێمە بۆی ڕێدەکەوت دەگەڵ هاوڕێیەکی تووشی دڵئێشان یان دڵ-ئێشاندن بێ. بەڵام لەو حاڵەتانەشدا پاکی و بێکینەیی لەو پیاوەدا بەشێوەیەکی کەموێنە خۆی دەنواند. ئەگەر زانیبای لە دڵئێشیدا بۆخۆی خەتابارە، بەجۆرێک داوای لێبووردنی دەکرد کە لایەنی دڵڕەنجاو نەکهەر هیچی لەدڵدا نەدەما بەڵکە هەستی بە جۆرێک قەرزدارییش دەکرد. خۆ ئەگەر لایەنی بەرامبەریش خەتابار بووایە، تەنیا داوای لێبووردنێک و ماچکردنێک بەس بوو بۆ ئەوەی کاک فەتاح دڵی دەگەڵ چاک بکاتەوە و دڵئێشییەکە لەبیر بباتەوە.

- خۆشمەجلیسی و خۆشمەشرەفی. کەمتر کەسێک لە هاوڕێ دوور و نزیکەکانی فەتاح کاویان و تەنانەت خەڵکی بێگانەش هەبووە جارێک لە مەجلیسێکی دۆستانەدا دەگەڵی کۆ بووبێتەوە و بیرەوەرییەکی شیرینی لەو ماوە کورتە هاونشینییە لە مێشکیدا تۆمار نەکردبێ.

ئەمانە و زۆر سروشتی بەرزی ئەخلاقی و ئینسانی بەشێک لە یادگارەکانی کاک فەتاحی کاویان هاوکاری لەمێژساڵەی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان»ن کە وەک ئۆلگوویەک لە لای هاوڕێ و هاوکارەکانی دەمێننەوە. بە داخێکی گرانەوە لەو ساڵانەی دواییدا هێندێ نەخۆشیی بەردرێژ بەربینگیان بە کاک فەتاح گرت و سەرەنجام ئێوارەی ڕۆژی چوار شەممە ٢٩ی بەفرانباری ١٣٩٥ بە یەکجاری کۆڕی هاوڕێیانی بەجێ هێشت. بەڵام بەو حاڵەش تا دواهەناسەکانی ژیانی لە «کوردستان» دانەبڕا و هەرچی لەدەستی هات بۆی کرد. یاد و ناوی هەمیشە زیندوو و ئاوات و ئامانجە وەدی نەهاتووەکانی بەرقەرار بن.

دەستەی نووسەرانی «کوردستان»

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٠٠ - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٧

---

## «کوردستان»، ڕۆژنامەیەک بۆ هەموو وەرزەکان!



(بە بۆنەی دەرچوونی ٧٠٠ەمین ژمارەی کوردستان)

ناوی ڕۆژنامەکە واتە «کوردستان» جگە لەوەی کە ئاماژە بە جوغرافیایەکی سیاسییە و دیاری کردنی چوارچێوەیەکی سنوورییە بۆ شوێنێکی تایبەت، لە هەمان کاتیشدا مۆرکێکی ناسنامەییشی پێوەدیارە. واتە لە پشت ڕواڵەتی ئەم ناوە جیهانبینییەکی تایبەتی خۆی حەشارداوە و ئەوانەی ئەم ناوەیان بۆ ئۆرگانی ڕەسمی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان هەڵبژاردووە، هەم ئاگایان لە ڕابردوو بووە و هەم چاویان بڕیوەتە داهاتوو و هەم بە دروستی درکی دۆخی هەنووکەییشیان کردوە.

کە دەڵێم ڕابردوو مەبەستم ئەوەیە ئاگاهیان هەبووە کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە سەر دەستی کوڕانی بەدرخان بە ناوی کوردستان بڵاو بوەتەوە و تەنانەت لەباری دیزاین (هەرچەند زۆە ساکارە) بە تایبەتی لاپەڕەی یەکیان، فۆرمەتەکەیان زۆر

لێکدەچێ. سەرەڕای ئەوەی مەودایەکی نیزیک بە نیو سەدە جیاوازی تەمەنیان هەیە - ڕۆژنامەی کوردستانی بەدرخانییەکان ساڵی ١٨٩٨ و کوردستانی سەردەمی کۆمار ١٩٤٦ - بەڵام خاڵی هاوبەشی هەردووکیان ناوەکەیە کە بێگومان مەبەستێکی سیاسی لە پشت بووە. واتە ئەم جۆرە ناو لێنانە ڕەنگدانەوەی جۆرێک خەون و خولیای گەلی کوردی پێوە دیارە و پێداگرییە لە سەر بوون و هۆوییەتی کوردستان و کورد و بەخشینەوەی سەرلەنوێی پێناسەیەکی کوردی بە نەتەوەی کورد. دەکرێ بڵێین هەر دوو ڕۆژنامەی کوردستان بەر لەوەی دەوری تایبەتی خۆیان - بە مانا ئەمڕۆییەکەی - واتە ڕاگەیاندن، ئانالیز، هەواڵ و... بگێڕن، زۆرتر حەولی سەلماندنی پێناسەیەکی نەتەوەییان داوە.

خاڵێکیتر کە بە باوەڕی من دەبێ گرینگی پێبدەین ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆری ژیانی ئەم ڕۆژنامەیە لە تاراوگە بووە جگە لە قۆناغی سەردەمی لە دایکبوونی لە شاری مەهاباد و قۆناغێکی کورت دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی. بە پێی ئەوەی کە تاراوگەش ژینگەیەکی سیاسی تایبەت بە خۆی هەیە و دەرکەوتەکانی لەسەر مرۆڤی کورد زۆر تایبەتتر بووە، بۆیە کوردستان هەم لەباری ناوەرۆکەوە هەم لەباری بەردەوامی برێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ کە هەندێ جیاوازە لەگەڵ ژینگەی سەرەکی خۆی.

با ئەوەش لەبیر نەکەین ڕۆژنامەی کوردستان ئەزموونێکی کەموێنەی وەک نیشتیمان ئۆرگانی «ژێ.کاف»ی وەک ڕابردووی خۆی لەپشت بوو هەرچەند ١٠ ژمارە زیاتری لێ بڵاونەببووەوە. بەڵام ئەوانەی ئەندامی کارا و چالاکی ژێ.کاف بوون و لە نیشتیماندا بابەت و وتاریان بڵاو دەکردەوە، دواتر خۆیان لە کوردستاندا دیتەوە.

***

دەرچوونی ٧٠٠ ژمارە لە ڕۆژنامەی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دیموکرات دەکرێ وەک ڕووداوێکی گرینگی مێژوویی لە ڕوانگەی ڕۆژنامەگەرییەوە سەیر بکرێ. ڕۆژنامەیەک کە لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە دایک بوو و پاش هەرەسی کۆمار، سەرەڕای دۆخێکی سەخت و دژوار لە شاخ و تاراوگە و هەندەران درێژەی بە ژیانی خۆی دا.

ئەگەر بە شێوەیەکی زۆر خێرا و سەرپێیی بمەوێ لەسەر داتا بدوێم دەبێ ئاماژە بەم خاڵە بکەم کە لە ماوەی نیزیک بە ٧١ ساڵ و دوو مانگ لە دەرچوونی یەکەم ژمارەی کوردستان لە بەفرانباری ١٣٢٤ (ژانوییەی ١٩٤٦) نیزیک بە ٢٦٠٠٠ ڕۆژ تێدەپەڕێ، بێتوو ئەم ٧٠٠ ژمارەی دەورەی دووهەمی کوردستان و ١١٣ ژمارەی دەوری یەکەم بەسەر ئەم ڕۆژانەدا دابەش

بکەین دەتوانین بڵێین هەر ٣٢ ڕۆژ یەک ژمارە، کە ئەگەر وەک شێوەی دەرچوونی ئەوڕۆیی بڵاڤۆکەکان چاوی لێبکەین دەکرێ بڵێین مانگێ جارێک کوردستان دەرچووە، کە ئەمە وەک خاڵێکی ئەرێنی و جێگەی سرنج دەبێ لێکبدرێتەوە. بە واتایەکی تر لەباری زەمانییەوە کوردستان لە ماوەی تەمەنی خۆیدا بە شێوەیەکی بەردەوام حزووری مەتنی هەبووە بە هەموو هەڵکشان و داکشانەکانییەوە و وەک دەق، لە کۆمەڵگا بەگشتی و بەتایبەتی لە بژاردەکان دانەبڕاوە.

خاڵێکی گرینگتری کە دەبێ ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە ئاستی هەر ڕۆژنامەیەک بە ئاستی توانایی و لێوەشاوەیی نووسەران و ستافی ڕۆژنامەکە هەڵدەسەنگێندرێ، بۆیە من لام وایە ئەم ڕۆژنامەیە هەرگیز بە مانا ژورنالیستییەکەی دانەبەزی، دیارە ڕەنگە تووشی نزمی هاتبێ، کز و لاواز بووبێ بەڵام بە پێی سەردەمی دەرچوون و چاپ و بڵاوبوونەوەی دەکرێ بڵێین جێگەی سەرنج بووە. بۆ وێنە سەیری هەندێ لەم ناوانە بکە کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا وەک وەچەی یەکەم بابەتیان تێدا بڵاو کردۆتەوە: نەمر سەیید محەممەد حەمیدی (سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان)، مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، مامۆستا زەبیحی، مامۆستا حەسەن قزڵجی، نەمر عەتری گلۆلانی، نەمر محەممەد (دڵشاد) ڕەسووڵی و... ئەوەی کە لە قۆناغی وەچەی یەکەم بۆمان دەردەکەوێ ئەوەیە کە لە قۆناغدا بەردەوام هەندێ سیمای ئەدەبی (وەک شاعیر و چیرۆکنووس و فەرهەنگنووس و...) ئەرکی نووسین و ڕاپەڕاندنی ڕۆژنامەکەیان لەئەستۆ بووە، واتە لەم قۆناغەدا ئەدەب و سیاسەت و ڕۆژنامەگەری وەها تێکەڵ بە یەک دەبن کە دواتر دەبێتە میراتێک بۆ جیلی ئێستا و تەنانەت دەکرێ وەک پرۆسەیەک لێکدانەوەمان بۆی هەبێ!

وەچەی دووەم ڕەهەندە سیاسییەکانی تۆختره، هەرچەند شارەزاییەکی تەواویان بە سەر ئەدەبیاتدا هەیە، بەڵام ئەم وەچەیە بە پێی ئەوەی کە بەرپرسیاریەتی گەورەی حیزبییان دەکەوێتە ئەستۆ بۆ وێنە پۆستی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات، تای تەرازووەکەیان بۆ لای سیاسەت خواردەبێتەوە، بەرچاوترینی ئەم ناوانە لەم قۆناغەدا بریتین لە: شەهید دوکتور قاسملوو، شەهید دوکتور شەرەفکەندی، نەمر کاک کەریم حیسامی، نەمر کاک فەتاح کاویان، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و... بە پێی ئەوەی لەم دوو وەچەیەی باسم لێوەکرد، شیعر و ئەدەب بە بەژنیان دوورابوو، زمان و ڕێزمانی ڕۆژنامەکە بە تایبەتی لەسەردەمی ئەواندا ڕێکوپێکتر و وردتر بوو، تەنانەت لەچاو زۆربەی ئەو بڵاڤۆکانەی بۆ وێنە لە باشوور دەردەچن و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری پاڵپشتیانە ئێستاشی لەگەڵدابێ زمانەکە خۆماڵیتر و ڕەسەنتر و کەمهەڵەترە، کەوابوو دەکرێ بڵێین کوردستان بە جۆرێ پارێزەری زمانەکەش بووە!

وەچەی سێهەم کە جیلی ئەمڕۆن، ئەرکەکەیان چەند قات لەچاو وەچەکانی پێشتر قورستر بووە، بە هۆی ئەوەی دنیای

ڕاگەیاندنی ئێستا لەگەڵ ئەوان سەردەمان جیاوازی زۆرە. ئینتێرنێت و سۆشیال میدیا و کاناڵە ئاسمانییەکان و... لە چرکەساتێکدا هەواڵەکان دەگوازنەوە، شرۆڤە و ئانالیزی ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ بۆ تەواوی دنیا دەنێرن و لە هەمان کاتیشدا لەباری ئابوورییەوە زۆر بەهێزن و... کۆی ئەمانە دەبنە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی ئەم جیلەی ئێستا کارێکی دژوارتری لەبەردەم بێ و دەبێ بە شێوەیەکی داهێنەرانە لەبەرامبەر ئەم هێژمونییە میدیاییەدا خۆڕاگرێ و بەردەنگەکەی خۆی واتە کوردی ڕۆژهەڵات بۆ لای خۆ پەلکێش بکا. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە بەڕێوبەرانی ئێستای ڕۆژنامەی کوردستان کارێکی سەخت و ئەستەمیان لەپێشە بەڵام ئەگەر وەبیر خۆیان بێننەوە کە لە جێی کەسانێک دانیشتوون کە لەوەپێش کەللای نووسین و ڕۆژنامەگەری بوون، بێگومان شێلگیرانەتر، جیددیتر و بەرپرسیارانەتر دەنووسن و ئەرکەکانی کوردستان ڕادەپەڕێنن. یادی سەرجەم نووسەرانی کۆچکردووی کوردستان بەخێر، بەردەوامی و سڵامەتیش بۆ هاوڕێیانی ئێستا!

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٠٠ - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٧

# کێشە و مەینەتییەکانی ژنان و پرس و خەمی بەردەوامی «کوردستان»



کوێستان فتووحی

ڕۆژنامەی »کوردستان» ئاوێنەی باڵانوێنی بیرو ئەندیشەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرەڕای هەموو کۆسپەکانی سەر ڕێگای خۆی، پێی نایە حەفتاو یەکەمین ساڵی تەمەنی خۆی و حەوسەدەمین ژمارەی دەرچوونی. بەم بۆنەیەوە لە قووڵایی دڵمەوە پیرۆزبایی دەکەم لە هەموو ئەو کەسانەی لە بەردەوامبوون و لە گەشانەوەی ئەو ڕۆژنامەیەدا لە سەرەتاوە تاکوو ئەمڕۆ ڕۆڵیان هەبووە. هەروەها ماندوونەبوونی لە کارگێڕان و نووسەرانی ئەمڕۆی کوردستان دەکەم و بەهیوای بەردەوام بوونیانم. دڵنیام ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەم ڕۆژنامەیەدا کاریان کردوە وەک من بە شانازییەوە دەڕواننە لاپەڕەکانی مێژووی ئەم ڕۆژنامەیە، چونکە هەر هیچ نەبێ، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی تەمەنی خۆی لە تاراوگەو دوور لە زێد و نیشتمانی خۆی بووە، و خوێنەرەکانی نەیانتوانیوە بە ئازادی ئەو ڕۆژنامەیە دەست بخەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا خزمەتێکی گەورەی بە زمانی کوردی و ئەدەبیاتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە. لێرەدا نامەوێ باسی لایەنەجۆراوجۆرەکانی ئەو مێژووە دوور و درێژە بکەم، ئەوە دەهێڵمەوە بۆ شارەزایان و لێکۆڵەرانی خۆی.

لێرەدا وەک ژنێک کە ساڵانێک لە نزیکەوە لەگەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» هاودەم بووم، حەز دەکەم ئەزموونی چەند ساڵێک کارکردنم لەم سەنگەرەدا باس بکەم. کار لە چاپەمەنیی حیزب و «کوردستان» بۆ من سەرەتای ئەزموونێک پڕاوپڕ لە خوێندنەوە و خۆماندووکردن بوو. سەرەتا وەک تایپیستێک چوومە کومیسیۆنی چاپەمەنی، دواتر بە هۆی حەز و خولیای خۆم و کەش‌وهەوای ئەو ئۆرگانە و هاندانی هاوڕێ و هاوژیانم قادر وریا کە یەکێک لە کادرە بەتواناکانی ڕاگەیاندنی حیزب

بوو، لەگەڵ کاری تایپ و مۆنتاژ، دەستم بە وەرگێڕان و نووسین کرد. بە هۆی هاوژیان بوونم لەگەڵ کەسێک کە ئەزموونی نووسینی لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا زۆر بوو، زۆر کەسی هاوکار و ناسیاو لە سەرەتاوە گومانیان لەوە هەبوو کە ئەو نووسینانەی لە «کوردستان»دا بە ناوی من بڵاو دەبنەوە هی خۆم بن، پێیان وابوو ئەم نووسینانە هی من نین و بەناوی منەوە دەنووسرێن! ئەو بێبڕواییە بە ژنان کە هەموو تان‌وپۆی کۆمەڵگەی ئێمەی داگرتبوو، ژنانی ڕاگەیەندنکار و ڕۆژنامەنووسیشی بێبەش نەدەکرد! زۆر جار ئەو دەنگۆیانە کاریگەرییان لەسەر دەروونم داناوە و نیگەران و بێزار دەبووم لەم هەموو بێبڕواییە بەرانبەر بە ژنان. بەڵام ئەوەش نەبووە هۆی دڵسارد بوونەوەم لە کاری نووسین، بەڵکوو بووە هۆی ئەوەی زیاتر بەردەوام بم بۆ ئەوەی ئەو بێبڕواییە بەرامبەر ژنان کەمڕەنگ بکەمەوە. لە لایەکی دیکەش دەمدی گوتاری یەکسانیخوازیی ڕەگەزی پەراوێزخراوترین گوتارە لە ڕاگەیەنە کوردییەکانی ئێمەدا، هەر بۆیە هەوڵم دا لانیکەم لە« کوردستان»ێک کە بۆ خۆم کاری تێدا دەکەم ئەم گوتارە لە پەراوێزخراوەیی بێنمە دەر.

هێنانەبەرباسی کێشەو نەهامەتییەکان و ئاگاکردنەوەی کۆمەڵگە لە ماف و ئازادییە ئینسانییەکانی ژنی کورد خەمی هەمیشەییم بووە، لە ماوەی تێکۆشانم لە سەنگەری «کوردستان» دا بە نۆرەی خۆم هەوڵم دەدا لەم تریبوونەوە دەنگی مافخوازی و یەکسانیخوازی منی «مرۆڤی ژن» زیاتر تێکەڵ سیاسەتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەم. دیارە ئیددیعای ئەوە ناکەم تێیدا سەرکەوتوو بووم، چونکە ئەم پرۆسەیە کارێکی کورتخایەن نیە و بەردەوامی و پشوودرێژیی دەوێ. دەتوانم بڵێم ئەو ماوە کە لە ڕۆژنامەی «کوردستان» بووم لەگەڵ هەموو ماندووبوونەکان هەستێکی خۆشم بەرانبەر کارەکەم هەبوو.

### تاقیکارییەکی قورستر

ئاسان نەبوو وەرگرتنی بەرپرسایەتیی ڕۆژنامەی «کوردستان» کە ڕۆژێک لە ڕۆژان مامۆستا عەبدوڵلای حەسەنزادەی کوردیزان، بەرپرس و سەرنووسەری بووە. بەتایبەتیش هاتنە ئەو بوارە بۆ ژنێک کە دایکایەتییش بکا، بوارێکی تا ڕادەیەک قورس بوو. زیاتر لەوەش پێشداوەرییەکانیش! هێندەی دیکە کاریان دژوار کردبوو. بەڵام ئەوە بڕوای منە، ئێمەی ژن تا لەو بوارانەدا زۆرتر کار و خزمەت بکەین هێشتا کەمە. چونکە دەتوانین مرۆڤتەوەری تێکەڵاوی وشەکانمان بکەین و لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر تاکەکان دابنێین. دیارە جگە لە حەز و خولیا و خۆماندووکردن بۆ نووسین لە پێوەندیی لەگەڵ ژناندا، هاوکاری و پشتیوانی زۆر لە هاوکارانم لەو ئۆرگانە لەماوەی کارکردنم لە «کوردستان»دا نەبوایە، هەرگیز نەمدەتوانی ئەم ئەرکە قورس و گرنگە بەڕێوە بەرم. بەتایبەتی هاوکاریی هاوڕێی ژیانم قادر وریا، هۆکارێک بوون بۆ

ئەوەی بوێرم خۆ لەو ئەرکە قورسە بدەم... یەکەم جار بوو ژنێک ببێتە بەرپرسی ڕۆژنامەی «کوردستان». ئەزموونێکی نوێ بۆ حیزبی دیموکرات و دژوار و پڕلە هەستکردن بەبەرپرسایەتی بۆ منی ژن، بەتایبەتی کە تا ئەوکاتە هەموو بەرپرس و نووسەرەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان» پیاوانی بە ئەزموون و قاڵبووەوەی نێو نووسین و سیاسەت بوون.

دیارە هەر ڕۆژنامە و ڕاگەیەنێک سیاسەتی تایبەت بەخۆی هەیە، وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی لە ڕۆژنامەی «کوردستان»یش جگەلەوەی شارەزایی لە سیاسەتی دەوێ، زاڵبوون بە سەر کاری ڕۆژنامەنووسیشی پێویستە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کەسانێک دەبنە سەرنووسەری ڕۆژنامە و ڕاگەیەنەکان کە لە بواری ڕاگەیاندندا خوێندنی باڵایان هەبێ. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە من ڕۆژنامەنووسیم وەک خوێندن نەخوێندبوو. هەموو ئەوانە ئەرکی سەر شانمی قورستر کردبوو. ئەم تاقیکارییە، ئیرادەیەکی بەهێزی دەویست تا هەم وەک ژنێک لەو ئەرک و مودیرییەتەدا لاواز دەرنەکەوم، هەمیش فرسەتێک بوو بۆ دەور بینین و مەیداندان بە بیروباوەڕی یەکسانیخوازانەی ڕەگەزی لەو ڕۆژنامەیەدا. ئەو ئەدەبیاتە خاوێنەی ڕۆژنامەی «کوردستان» کە هەموو دیموکراتێک بە شانازییەوە باسی دەکا، ئەگەر تێکەڵ بە ئەدەبیاتێکی یەکسانیخوازانە بێ، بە دڵنیاییەوە هاوسەنگییەکی جوان و ئینسانی دروست دەکا. ئەوە شانازییەکە بۆ من و بۆ هاوکارە دیموکراتەکانم کە دەتوانم بڵێم لەو ماوەدا زۆرترین گرنگی بەو باسانە درا. بە شاهیدی هاوڕێیانم لە دەستەی نووسەرانی «کوردستان» کۆبوونەوەکانی دیاریکردنی سووژەکان بۆ ڕۆژنامە، زۆرجار بەشێکی تەرخان دەکران بۆ باس لەوەی چ بکەین زیاتر ژنان هان بدەین بنووسن، چ بکەین کە نووسەرانی «کوردستان» زۆرتر گرنگی بە لایەنی ئینسانیی ئەدەبیاتی حیزبی و سیاسی بدەن؟ زۆر جار کە لاپەڕەی ژمارە کۆنەکانی «کوردستان» هەڵدەدەیەوە، بۆ نموونە دەبینی کاتێک باس لە فیداکاریی پێشمەرگە یان زیندانیانی سیاسی کراوە، وا هەست دەکەی مرۆڤی پێشمەرگە یان زیندانیی سیاسی تەنیا پیاوە و هەر وا بزانە لە نێو ژنان دا پێشمەرگە و بەندیی سیاسیی هەڵنەکەوتوون!! مەبەست لە ئەدەبیاتی یەکسانیخوازانە ئەوەیە کە ئەو تێڕوانینانە لە نووسینەکانماندا بسڕینەوە و ئینسانی بڕوانینە مەسەلەکان، نەک پیاوانە و ژنانە!

ڕەنگە هێندێک کەس پێیان خۆش نەبێ وەبیر خوێنەرانی ئێستای بێنمەوە کە ساڵانی پێشوو وا باو بوو لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا تەنیا لە ڕۆژە تایبەتییەکاندا باس لە کێشە و ئازارەکانی ژنان دەکرا. ئەم جۆرە باسکردنانە نەیدەتوانی و ناتوانێ کۆمەڵگە لەو سیاسەتەی حیزبی دیموکرات بەرانبەر بە مەسەلەی ژنان و دیاردە ناڕەواکانی کۆمەڵگە هەیەتی، ئاگا بکاتەوە. حیزبی دیموکرات وەک سیاسەت هەمیشە سیاسەتێکی پێشکەوتووانەی بەرانبەر بە ژنان بووە، بەڵام لە پراکتیک و بواری کردەیی‌دا، بەپێی پێویست نەجووڵاوەتەوە، تەنانەت لە ڕاگەیەنەکانیشی‌دا ئەم پەراوێز خستنە بە نیسبەت کێشە و مافەکانی ژنان دەبینرێ. زۆر جار هاوکارانی پیاو ئەو باسانەیان زیاتر بە ژنەکان دەسپارد، لەحاڵێکدا هەوڵی من و

بەشێک لە هاوکارانم، ئەوە بوو خەمی کێشەکانی ژنان وەک خەمی مرۆڤ چاو لێ بکرێ نەک تەنیا خەمی ژن و پیاوەکانیش بە خەمی خۆیانی بزانن.

ئەوە بڕوای منە نووسەرانی «کوردستان» چەندە کوژرانی کۆڵبەرێکی کورد بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییان بۆ گرنگە و وەک جینایەتی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران مەحکوومی دەکەن، بەهەمان ئەندازەش پێویستە کوژرانی مرۆڤێکی ژن بە دەستی پیاوێک مەحکووم بکەن. ئەرکیانە قەڵەمەکانیان بۆ سڕینەوەی دیاردە دژی ئینسانییەکان لە کۆمەڵگەدا کە هەڕەشە لە مرۆڤی ژن دەکەن، وەکار بخەن. گرنگیدان بە کێشە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان و باسکردنیان جیا نیە لەو سیاسەتەی بەرامبەر بەکۆماری ئیسلامی هەمانە. ئەوەش نابێ دابەش بکرێ و تەنیا بە ژنانی بسپێرن، یان تەنیا لە ڕۆژە تایبەتییەکاندا ئاوڕ لەم کێشانە بدەنەوە. رۆژنامەی «کوردستان» ئەو کاتە دەتوانێ ببێتە هۆیەکی کاریگەر و شوێندانەر بۆ سڕینەوەی دیاردە دزێوەکانی نێوکۆمەڵگە و دروستکردنی هاوسەنگی و تەبایی نێوان مرۆڤەکان، کە ئەم دابەشکارییانە، ژنانە و پیاوانە نەکات. لێرەشەوە دیسان دووبارەی دەکەمەوە نووسەرانی رۆژنامەی «کوردستان» ئەگەر دەیانەوێ «کوردستان» لە گەشانەوەدا بێ، ئەگەر دەیانەوێ نەسڵەکانی داهاتوو بە بایەخێکی زیاترەوە بڕواننە «کوردستان» پێویستە گرنگی بەم هاوسەنگییە بدەن. هەر حیزبێک، دەوڵەتێک، ڕاگەیەنێک، ئەگەر ژن (بەمانا گشتییەکەی، ماف و خواستەکانی) لە پەراوێز بخا، بە دڵنیایەوە ناتوانێ هاوسەنگی لەنێو کۆمەڵگەدا دروست بکا و سەرکەوتوو بێ.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٠٠ - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٧

جوولای ٢٠٢١

# مانشێت لەم دەورەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا



**قادر وریا**

(بەشی یەکەم)

بە هۆی بەدەستەوە نەبوونی ژمارەکانی دەورەکانی پێشوولەم دەمو دەستە دا، نووسین لە بارەی چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەرانی دەورەکانی پێشووی"کوردستان" لە گەڵ مانشێت، بۆ من ناگونجێ. بەڵام ژمارەکانی ئەم دەورەی "کوردستان"کە ئەوە پێی ناوەتە ژمارە ٧٠٠، بە زەحمەت نیە. ئەگەر چی ژمارەکانی سالانی بەر لە شۆڕشی ئێران، بە زەحمەت دەست دەکەون و منیش بۆ ئەم باس نەمتوانی موجەلەدی ژمارە ١-٦٩ وەدەست بخەم. بەم پێیە باسەکەی منیش لە بارەی مانشێت لە ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ژمارە ٧٠ بۆ دواوە (تا ئێستا)دەگرێتەوە.

با هەر لێرە دا ئەم زانیارییەش بدەمە خوێنەری ئەم باسە کە بۆ خۆم لە ژمارە ١٣٥ەوە(ڕەشەمەی ١٣٦٦، مارس ١٩٨٨) بووم بە هاوکاری نزیکی ئەم ڕۆژنامەیە و کاری نووسین، وەرگێران، سەرنووسەری و بەڕێوەبەریم تێدا کردووە لەو ساوە تائێستا لێی دانەبراوم. بۆیە ئەگەر لە لایەکەوە لاپەڕەکانی ژمارەکانی ڕۆژنامە بۆ خۆیان بەڵگە و سەرچاوەن بۆ زانیاریی پێویست بۆ ئەم باسە، بۆ خۆشم بە هۆی بوونم لە نێو ئالوگۆڕ و بڕیارەکانی پێوەندیدار بەم ڕۆژنامەیە، زانیاریی زۆرم لا هەیە کە لەم باسە دا کەم و زۆر پشتم پێیان بەستوە.

## دروشم لە جیاتی مانشێت

بەو جۆرەی لە لاپەڕەکانی یەکەمی ژمارەکانی "کوردستان" دەردەکەوێ، لەسەد ژمارەی یەکەم دا، شتێک وەک مانشێت لە لاپەڕەی یەکەم دا نابیندرێ. ئەوەی لێرە بەدواوەش، تاک و تەرا لە هێندێک ژمارە دا چاومان پیی دەکەوێ، دروشمێکی پێوەندیدار بە بۆنەیەکی حیزبییەوەیە کە ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکە لە دەوروبەری دا دەرچووە. دروشم لە بارەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزب، ٢ی ڕیبەندان سالرۆژی پێکهاتنی کۆماری کوردستان، ٢٦ی سەرماوەز کە بە ڕۆژی پێشمەرگە ناودێر کراوە و هەر وەها پێکهاتنی کۆنگرەکانی حیزب. ئەم ڕستانەی لەم بارەیەوە هاتوون، بە زۆری وەک دروشم هاتوون و باس لە ڕووداوێک ناکەن. زۆربەیان پیرۆزبایی بەم بۆنانەوەیان گرتووەتە خۆ، وەک:

"پیرۆز بێ ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزب"،

"پیرۆز بێ ٢ی ڕیبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان"،

"پیرۆز بێ ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان" و هتد.

جاری وایە لە ماوەی یەک ساڵ دا کە ١٢ ژمارەی ڕۆژنامە دەرچوو، بۆ یەک جاریش ئەم جۆرە دروشمەش نابینی. دیارە دروشمی حیزبیی جێگیر(وەک دروشمی ستراتیژیک "دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" لە لاپەرەی یەکەم و لە دەوروبەری کلێشەی ناوی ڕۆژنامەکەدا،یا دروشم لە بارەی ڕێژیمێک کە حیزبی دیموکرات خەباتی لە دژی دەکا لە خوارەوەی دوا لاپەڕە دا) هەن. مەبەستی من ئەو ڕستە و دەستەواژانەیە کەلە نیو سەردێرەکانی لاپەرەی یەکەم دا، لە هەمووان دیارتر و سەرنجراکێشترن.

لە نیو ئەو هەمووە تیترانە دا - کە من پێم دروستە ناویان بنێم دروشمی حیزبی - تەنیا تیترێک کە وەک باسکردن لە ڕووداوێک هاتوە و دەکرێ پێی بلێی مانشێت، هی ژمارە ١١٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"ە کە بەفرانباری ١٣٦٤(ژانویەی ١٩٨٦) دەرچووە. تیترەکە ئەمەیە: "کۆنگرەی حەوتەمی حیزب بە سەرکەوتنەوە تەواو بوو". لە ژێر ئەم مانشێتەش، راگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە بۆنەی تەواوبوونی کۆنگرەوە هاتوە کە سەردێری تایبەت بە خۆی لە گەڵ دایەو بەشێک لە دەقی راگەیەندراوەکەش (٢ - ٣ پاراگراف)هەر لەو لاپەڕەی یەکەم دا بەرچاو دەکەوێ. ئەم ڕەوالە - هاتنی دروشمی حیزبی لە جیاتی مانشێت - بەردەوام دەبێ هەتا چەندین سالی دیکە.

هێنـدێک جـار دەکـرا لانیکەم  ئەگەر مانشیتیش بە کـار ناهێنـدرێ، هەر ئەم جـۆرە دروشـمە لە پێوەنـدی لە گەڵ ڕووداوە گرنگەکـانی پێوەندیـدار بە حیـزب لە ڕۆژنـامە دا دووپـات ببـنەوە. بـۆ وێـنە "کوردسـتان" لەو ژمـارەیەی خـۆی دا کە ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی بە بۆنەی شەهید کرانی سکرتێری گشتیی حیزب، د.قاسملووی بڵاو کـردوەتەوە (ژمـارە ١٥١، پووشـپەڕی ١٣٦، ژوئـیەی ١٩٨٩)، نە مانشـیتی بە کـار هێنـاوە و نە دروشـێکی پێوەندیـدار بە ڕووداوەکە. بەڵام سـاڵێک دواتر(پووشپەڕی ١٣٦٩، ژوئیەی ١٩٩٠) لە ژمـارە ١٦٣ی خـۆی دا، کە ژمـارەی تـایبەت بە یـادی یەکسـالەی شەهیدکرانی ئەو ڕێبەرەیە، دروشمێکی کردوە بە مانشێت کە بەم جۆرەیە: "بەڕێـز بـێ یـادی مامۆسـتای شـەهید، دوکتـور قـاسملووی مەزن". ئەم ڕەوالە هەتـا نێوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠ی زایینییـیش هەر بەردەوام بـووە. واتە ڕۆژنـامە لە لاپەڕەی یەکەمـی دا بـێجگە لە سەردێڕی وتـارو بابەتەکـان، یـا تیترێکی گشتی و بەرچـاوتر لەوانـی نیە یـا ئەگەر جـارو بـار تیترێـک بە کـار هـاتوە بە شێوەی دروشم بووە. بۆ نموونە:

"دوکتور قاسملوو لە بیروباوەڕی دا زیندووە!" (کوردستان، ژمارە ٢١١، پووشپەڕی ١٣٧٣، ژوئیەی ١٩٩٤)

"بەڕێـز بـێ یـادی شـەهیدانی نەمـر دوکتـور "صـادق شـرفکندی" و هاوڕێکـانی" (کوردسـتان، ژمـارە ٢١٣، خەرمانـانی ١٣٧٣، سێپتامبری ١٩٩٤)

### لە نێوان دروشم و مانشێت دا

لە ژمارە ٢٢١ی "کوردستان" کە بانەمەڕی ١٣٧٤ (مای ١٩٩٥)بڵاو بۆتەوە و تەرخان کراوە بۆ بـاس و بابەتەکـانی پێوەندیـدار بە کۆنگرەی دەیەمی حیزب،جاریکی دیکە هەواڵی تەواوبوونی کۆنگرە بە شێوەی مانشیت هاتوە. هەمان تیتـر یـا مانشیت کە "کوردستان" لە پێوەندی لە گەڵ کۆنگرەی حەوتەمیش دا بە کاری هێنابوو:

### "کۆنگرەی دەیەمی حیزب بە سەرکەوتنەوە کۆتایی هات!"

لە لاپەڕەی یەکەمی ژمارە ٢٣٦ی ئەم دەورەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و هەر وەهـا لە لاپەڕەی یەکەمی پاشکۆ ٣٦ دا تیترێک هەیە کە لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە دەکرێ پێیـان بڵێین مانشێت، چونکە  ناوەرۆکەکەیـان تەعبیر لە ڕووداو و هەڵوێست دەکەن و هەر دروشمێکی ڕووت نین. ئەم ژمـارەیە و پاشکۆکەی تەرخـان کـراون بـۆ بابەتەکـانی پێوەندیـدار بە هێرشی مووشەکی و

تۆپخانەیی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات لە نزیک شاری کۆیە.(مانگی گەلاوێژی ١٣٧٥ - ئاگۆستی ١٩٩٦). مانشیتەکان ئەمانەن:

"کۆماری ئیسلامی لە هێرش بۆسەر حیزبی دیموکرات دا لە گەڵ ناکامی و ڕسوایی تەواو بەرەوروو بوو"

(مانشێتی "کوردستان" ژمارە٢٣٦، گەلاویژی ١٣٧٥،ئووتی ١٩٩٦)

"خەڵکی بە شەرەفی کوردستان و هیز و لایەنە ئازادیخوازو ئینساندۆستەکان ڕێگا نادەن حیزبەکەمان لە بەر پێی کۆماری ئیسلامی دا بکرێتە قوربانی"

(مانشێتی پاشکۆی "کوردستان" ژمارە٢٣٦، گەلاویژی ١٣٧٥، ئووتی ١٩٩٦)

لێرە بە دواوەش "کوردستان" یا بێ شاتیتر(تیتری لە هەموان دیارتر یا سەرەکیتر) بڵاو دەبێتەوە، یا دروشم و مانشێت لە گەڵ یەکتر لە ململانێ دان. جاری وایە هەر بە ڕەواڵی پێشوو بە گوێرەی ئەو بۆنەیەی کە ڕۆژنامەکەی تیی دا بڵاو دەبیێتەوە، دروشمێک لای هەرە سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەی داگیر کردوە، هێندێک جاریش ئەوەی بە فۆنتیکی درشتتر یا ڕەنگێکی جیاواز لە لای سەرەوەی لاپەڕەی یەکەم دەبیندرێ و وەسەرەوەی تیترو سەردێڕەکانی دیکە کەوتووە، دەتوانین بە مانشێت ناوی بەرین.

خەرمانانی ١٣٧٥(سێپتامبری ١٩٩٦)، ژمارە ٢٣٧ی "کوردستان" لە جیاتی وەرگیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامی چاوەدێری ڕێکخراوی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست کە ڕووداوێکی سیاسیی گرنگە بە نیسبەت حیزبێکی کوردییەوە، بە ناوەرۆکێکی هەواڵییەوە بکا بە مانشێت، لە فۆرمی دروشمێک دا بەم جۆرە داڕشتوە: "وەرگیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندامی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست لە تێکۆشەرانی حیزب، گەلی کورد و خەڵکی وڵاتەکەمان پیرۆز بێ". دیارە ئەم دروشمەش لە جیاتی ڕاست و چەپی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەم دابگرێ، تەنیا لای ڕاستی ئەو لاپەڕەیەی کە ڕاپۆرتی بیستەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی تیدا بڵاو بۆتەوە، داگیر کردوە!

هەر ئەم ڕووداوەی سەرەوە لە کاتی ڕاگەیاندنی یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتیش دا دووپات بۆتەوە. "کوردستان"

لە ژمارەی ٢٤١ی خۆی دا(بەفرانبـاری ١٣٧٥، ژانـویەی ١٩٩٧) کە بەیاننـامەی هـاوبەش لە بـارەی یەکبـوونەوەی ڕیزەکـانی حیزب و ڕاپۆرت و وتاری تایبەت لەم پێوەندییەی دا بڵاو کردوونەوە و هەر لە لاپەڕەی یەکەمیش دا گرنگیی پێویستی بەو بابەتـانە داوە، لە جیـاتی ئەم ڕووداوە بە نـاوەرۆکێکی هەواڵییـەوە بکـا بە مانشـێت، بە شـێوەی دروشـم و بەم جـۆرە هێناویەتی:

"پیرۆز بێ یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران"

"کوردستان" لە ڕووبەڕووبـوونەوە لە گەڵ ڕووداوێکی سیاسیی گرنگی دیکەی پێوەندیـدار بە حیزبی دیموکرات کە دەرچوونی بڕیاری ئازایانەی دادگای بێرلین لە بارەی تیرۆری میکۆنووسەوەیە، هەر دوو ڕەویە ڕەچاو دەکا.لە ژمارە ٢٤٤ی "کوردستان"دا کە خاکەلێوەی ١٣٧٦(ئاوریلی ١٩٩٧) بڵاو بۆتەوە، وێڕای بڵاوکردنەوەی بەشێک لە بەیاننـامەی دەفتەری سیاسیی حیـزب لە پێوەنـدی لە گەڵ حـوکمی دادگـای میکۆنـووس دا، بە سیغەی پیرۆزبـایی، دەرچـوونی ئەم بڕیـارە لە تیتـری هەرە گەورەی لاپەڕەی یەکەمی خۆی دا رادەگەیەنێ و ڕاست و چەپی بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمی خۆی بۆ تەرخان دەکا:

"دەرچوونی بڕیاری ئازایانەی دادگای بێرلین پیرۆز بێ".

لە ژمارەی دواتریشی دا (ژمارە ٢٤٥)کە کە ژمارەیەکی تـایبەتە و لە ٣٦ لاپەڕ پێک هـاتوە و هەمووشی تەرخـان کراوە بـۆ باس و بابەتی پێوەندیـدار بەو بڕیـارە گرنگەی دادگـایەکی ئـاڵمـان لە بـارەی تیـرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیمـوکرات بە هـۆی کۆماری ئیسلامییەوە، مانشێتێکی لە دوو دێڕ، دێڕی یەکەم بە فۆنتی بچووک و دێڕی دووهەم بە فۆنتی گەورە بەم جۆرە بە کار هێناوە:

"ە دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای بێرلین دا:

دەبێ بەڕێـوەبەرانی کۆمـاری ئیسلامی لە دادگـایەکی نێـونەتەوەیی دا موحـاکەمە بکـرێن" دەکرێ بڵێـین لە دروشـمەوە بەرەو مانشێت چوون، لە ڕۆژنـامەی "کوردسـتان"دا ڕەوتێکی درێژخـایەن بـووە. ژمـارە ٢٥٣ی "کوردسـتان" (بەفرانبـاری١٣٧٦،ژانویەی ١٩٩٨) لاپەڕەی یەکەمی خۆی تەرخان کردوە بۆ پێکهاتنی کۆنگرەی یـازدەهەمی حیـزب. ئەم ژمـارەیە لە جیـاتی دووپـاتکردنی دروشمە کلیشەییەکانی خۆی لە بارەی تەواو بوونی کۆنگرەکان، ئەمجارەیان دروشمی کۆنگرەکەی کردوە بە مانشێتی لاپەڕەی

یەکەم کە ئەگەر چی ئەمیش خۆی دروشمێکە بەلام نوێگەرێیەکی لە هەڵسوکەوتی ڕۆژنامە لە گەڵ تیتری پێوەندیدار بە هەواڵی کۆنگرەکانی حیزب لە لاپەرەی یەکەمی خۆی دا پێوە دیارە:

"پاراستن و پتەوکردنی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب و خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەورووبوونەوە لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی قۆناغی دادێ"

ژمارە ٢٥٧ی "کوردستان"(٢ی بانەمەڕی١٣٧٧، ٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٨) کە تەرخان کراوە بۆ یادی ١٠٠ سالەی ڕۆژنامەنوسیی کوردی و راست لە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسییش دا بڵاو بووەتەوە، ئەوەندەی گرنگی بە مانشێت داوە کە مانشیتی بردووەتە سەرەوەی کلێشەی ناوی ڕۆژنامەکەش. بەوحالەش ئەوەی وەک مانشێت هاتوە، دیسان دروشمێکە:

"شکۆدار بێ یادی سەد سالەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی"

نموونەکانی دیکەی دروشمی "ئەرک مانشێت" لەم سالانە دا:

بەڕێوەبەرانی کوشتاری هەزاران زیندانیی سیاسیی ئێران دەبێ موحاکەمە بکرێن و سزا بدرێن.

("کوردستان" ژمارە ٢٦٢، خەرمانانی ١٣٧٧، سێپتامبری ١٩٩٨)

"هەموو ئینسانەکان بە ئازادی لە دایک دەبن و لە گەڵ یەک مافی بەرابەریان هەیە"

("کوردستان" ژمارە ٢٦٥، سەرماوەزی ١٣٧٧، دیسامبری ١٩٩٨)

"تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی قاسملوو دەست لە خەبات و تیکۆشان هەڵ ناگرین"

("کوردستان"، ژمارە ٢٧٢، ژمارەی تایبەت بە ١٠ سالەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٧٨، ١٣ی ژوئیەی ١٩٩٩)

"کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرکەوتنەوە کۆتایی هات"

("کوردستان"، ژمارە ١٥،٢٩٨ی سەرماوەزی ١٣٧٩، ٥ی دیسامبری ٢٠٠٠)

"ئالای ئامانجەکانی کۆماری کوردستان هەتا وەدیهاتنیان لە کوردستان هەر دەشەکێتەوە"

(ژمارە ٣٠٢، ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٧٩، ٣ی فێورییەی ٢٠٠١)

"جێژنی نەورۆز لە کوردستانی ئێران بە شکۆیەکی کەم وێنەوە بەڕیوە چوو"

(ژمارە ٣٠٦، ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٠،٣٠ی مارسی ٢٠٠١)

"ڕزگاریی کوردستان و بەختیاریی کوردان، ئامانجی ١٠٣ سالەی کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی"

(ژمارە ٣٠٩، ١١ی بانەمەڕی ١٣٨٠،١ی مای ٢٠٠١)

"پیرۆز بێ ٥٦ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"

(ژمارە ٣٢٠،٣١ی گەلاوێژی ١٣٨٠، ٢٢ی ئوتی٢٠٠١)

بەشی دووهەمی ئەم وتارە کە باس لە مانشێت دوای گەورەبوونەوەی لاپەرەکانی "کوردستان" دەکا،لە ژمارەی داهاتوو دا بڵاو دەبێتەوە.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٠٠ - رێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٧

---

## مانشێت لەم دەورەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"

(بەشی دووهەم)

### گەورەبوونەوەی ڕۆژنامە و بایەخدران بە مانشێت

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ژمارە ٣٣١ەوە، (سەرماوەزی ١٣٨٠، دیسامبری ٢٠٠١) حەجمەکەی گەورە بووەوە. دیارە هەر لەم دەورەیەدا، پێشتریش دوو جار، پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو کاتەی لە بەغدا دەرچووە و هەروەها دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئەو کاتەی لە مەهاباد دەردەچوو، بە حەجمی گەورە، "کوردستان" بڵاو ببووەوە.

گەورەبوونەوەی لاپەڕەکان و دەرچوونی "کوردستان" لە فۆڕمی ڕۆژنامەکانی دیکەدا، لە بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیەی دەخواست کە پتر بایەخ بە رواڵەتی رۆژنامە و چۆنیەتی بەکار هێنانی مانشێت و تیتر و وێنە بدەن. بۆیە دەتوانین گەورەبوونەوەی لاپەڕەکانی "کوردستان" وەک سەرەتای قۆناغی بەکارهێنانی مانشێت بە مانا ڕۆژنامەنووسییەکەی دابنێین.

هەر چەند ئەم قۆناغەش قۆناغەکانی کاریگەریی نەریتی قۆناغەکانی پێشووی هەر پێوە ماوە، بەڵام وردە وردە مانشێت لە ڕۆژنامە دا جێی خۆی دەکاتەوە و بۆ ئەرکی خۆشی کە خۆ تەرخانکردنە بۆ ڕاگەیاندنی ڕووداو و هەڵوێستی گرنگ، بە کار دەهێنرێ.

ئەگەر مانشێتەکانی ژمارەکانی ئەو دەورەیە کە زیاتر لە ٣٥٠ ژمارە دەگرێتەوە و ١٦ ساڵیشی خایاندوە، لە گەڵ یەک بەراورد بکەین، ژمارەی ئەوانەی کە لە چەشنی دروشمەکانی پێشوو نین و بە لای مانشێت بە مانا ڕۆژنامەنووسییەکەیدا کەوتوون، زیاترە.

### هۆکاری شوێندانەر لە چۆنیەتیی گەڵاڵەبوونی مانشێتەکانی "کوردستان"دا:

کۆمەڵێک هۆکار بە تەنیا یا پێکەوە، دەبنە هۆی لە دایکبوونی مانشێتێک. ئەوە کە ڕۆژنامەکە ڕۆژانە بێ یا حەوتووانە یا مانگانە، ڕۆڵی هەیە لە تەبیعەتی مانشێتەکانی دا. بۆ خۆم لە ماوەی بەرپرسایەتیم لە ئامادەکردنی ئەو ڕۆژنامەیە دا، لەو گۆشەنیگایەشەوە مانشێتم دیاری کردوە کە پێم وابووە هەتا ماوەی نیوان دەرچوونی دووژمارەی ڕۆژنامەکە زیاتر بێ، پێویستە مانشێتەکەش بورد(کاریگەری)ی زەمانیی زیاتری هەبێ. بەڵام فاکتەری دیکەش دەوریان لە دیاریکردنی مانشێت دا هەبووە. بۆنەیەکی حیزبی و نەتەوەیی و گشتی کە ژمارەی تازەی ڕۆژنامەکەی تێدا دەرچووە، یا گرنگیی بەیاننامەو ڕاگەیەندراوێکی حیزبی کە لە ژمارەی تازە دا بڵاو بووەتەوە، هەر وەها ڕووداوێکی خۆش یا ناخۆش کە لە ماوەی دەرچوونی دوو ژمارە دا بە سەر حیزب هاتوون، مانشێتی گونجاو لە گەڵ خۆیان بە سەر ڕۆژنامەکەدا فەرز کردوە. جاری واش بووە لە سەروبەندی دەرچوونی ڕۆژنامەکە، یا لە ماوەی دەرچوونی ژمارەی تازە و ژمارەی کۆن دا، ڕووداوێکی سیاسی، نەتەوەیی یا تەنانەت کارەساتی ئینسانی و سروشتی ڕوویان داوە. ئەمەش وای کردوە "کوردستان" بە سادەیی بە لای ڕووداوەکە دا ڕانەبرێ و مانشێت و یەکێک لە بابەتەکانی لاپەرەی یەکەمی خۆی بۆ تەرخان بکا.

دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە "کوردستان" بڵاوکراوەی ئۆرگانە، واتە زمانحاڵی حیزبی دیموکراتە. ئەمەش وای کردوە لە زۆربەی قۆناغ و سەردەمەکان دا، ئەرکە حیزبییەکەی خۆی بخاتە پێش ئەرکە حیرفەیییەکەی. واتە بایەخدان بە ئاراستەکردنی خوێنەرەکانی لە ڕووی بیروباوەڕ و پەرەپیدانی گیانی شۆڕشگێڕی و بەرگریخوازی و خۆراگری و، پیداگری لە سەر ئامانج و سیاسەتەکانی حیزب، لە پێشەوەی تەعامولێکی حیرفەییانە لە گەڵ ئەرکەکانی خۆی وەک ڕۆژنامەیەک بووە. یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی بوونی خاسیەتی شوعاری لە زۆربەی مانشێتەکانی "کوردستان"دا، ئەم ڕاستییە بووە.

لە نێو ئەو هۆکارانەی کە ڕۆڵیان هەبووە لە سەر فەرزکردنی جۆری مانشێتەکان بە سەر "کوردستان" دا، پێویستە ئاماژە بە دوو ڕاستیی دیکەش بکرێ. یەکەمیان سەلیقە و تێگەیشتن و توانای ڕۆژنامەنووسانەی کەسانێکە کە ئەرکی سەرنووسەری و بەڕیوەبەری و ئامادەکردنی "کوردستان"یان لە قۆناغ و بڕگە جیاوازەکان دا لە سەرشان بووە، دووهەم بایەخدانی زیاتر بە ڕووداوەکان و کەشوهەوای سیاسیی شوێنی دەرچوونی(کە هەرێمی کوردستان بووە)و هەر وەها چوونە ژێر کاریگەریی ئەو ژمارە زۆرەی ڕۆژنامە کە لە هەرێمی کوردستان دەرچوون. "کوردستان" بە تایبەتی لەو کاتەوە کە سایزەکەی گەورە بووەتەوە، لە هەرێمی کوردستان ئامادە و چاپ دەکرێ. "هەرێمی کوردستان"یش، لە سیاسەتی دەوڵەتان و لەئاستی نیودەوڵەتی دا بە تایبەتی لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێنەوە، جێگە و پێگەیەکی تایبەتی هەبووە. ئەگەر گرنگیی سیاسیی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە هەرێمی کوردستان وەک ڕەنگدانەوە لە مانشێت و بابەتەکانی دیکەی "کوردستان" دا ڕۆڵی هەبووە، روخسارو مانشێتسازیی ئەو دەیان ڕۆژنامە و حەوتووانەی لەم هەرێمە دا دەرچوون و هەر ئێستاش دەردەچن، لە سەر "کوردستان" بێ تەئسیر نەبوون. لە نێو ئەو هەمووە ڕۆژنامە ڕەنگی و ڕازاوەدا، "کوردستان"یش ناچار بووە بە قەدەر توانا و ئیمکانی هەژارانەی خۆی و خاوەنەکەی، گرنگی بە ڕواڵەت و ڕوخساری خۆی بدا. ئەم کاریگەری وەرگرتنە هەر تەنیا لە بەکارهێنانی رەنگی جۆراوجۆر و وێنەی ڕەنگی لە لاپەرەی یەکەم و دوالاپەرەی دا نەبووە، بەڵکوو لەوەش دا هەستی پێ دەکرێ کەزیاتر لە پێشوو، پشتی بە بەکارهێنانی مانشێت بەستووە. لە جۆری داڕشتنی مانشیت و رەنگ پێدانەوەی ڕووداوەکان لە مانشێتیش دا، "کوردستان" هەوڵی داوە نەک بە شێوەی لاساییکردنەوە بەڵکوو وەک سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوانی دیکە، مانشێتەکانی خۆی بەرێتە ئاستێکی باشتر.

### پۆلێنکردنێک بۆ مانشێتەکانی "کوردستان":

بە شێوەیەکی گشتی مانشێتەکانی کوردستان یا دروشمو هەڵوێست و ڕوانینی حیزبییان گرتووەتە خۆ، یا لایەنی هەواڵ(خەبەری)یان هەبووە. بەڵام ئەگەر ئەمانیش لە ڕووی ناوەرۆکیانەوە ورد بکەینەوە، دەکرێنە چەن دەستە:

١- ئەو مانشێتانەی لە دروشمە حیزبی و سیاسیە هەمیشەییەکان پێک هاتوون:

"کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە ئێعدامی تێکۆشەرانی کورد خەڵکی کوردستان چاوترسێن بکا"(ژمارە ٣٥١، ٣٠ ڕەزبەری ١٣٨١، ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣)

"بیرەوەریی کۆماری کوردستان، پاشی ٥٩ ساڵ هەر وا گوڕ و تینمان پێ دەبەخشێ" (ژمارە ٤٠٦، ٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٣، ٣ی فێوریەی ٢٠٠٥)

"٢٠١٣ی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان، هەر وا ڕێنوێن و ئیلهامدەری حیزبی دیموکراتی کوردستانن" (ژمارە ٦٢٤، دووشەمە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٢، ٢٠ی ژانویەی)

٢- ئەو مانشێتانەی سیاسەت و هەڵویستی ڕۆژی حیزبی دیموکرات لە بارەی ڕووداو و ئاڵوگۆڕە گرنگەکان دەگەیەنن:

"ئومێد بەستن بەم و بەو لە نێو حاکمییەت دا، ناگاتە هیچ جێیەک، بۆیە دەبێ هەموومان دەگەڵ هەموو حاکمییەتی جمهوریی ئیسلامی تەرەف بین" (ژمارە ٣٥٠ ،١٥ی ڕەزبەری ١٣٨١، ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢)

"کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دیموکراتی کوردستان: پێی لە سەر ستراتژییەکی هاوبەش بۆ بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان داگرت" (ژمارە ٤٨٢، چوارشەمە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٨٦، ١٩ی مارسی ٢٠٠٨)

"خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حدک لە وتووێژێکی تایبەت لە گەڵ کوردکاناڵ دا: لە سەر هەڵوێستی یەکیەتیخوازانەمان بەردەوام دەمێنینەوە" (ژمارە ٥٧٣، ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٠، ٢١ی دیسامبری ٢٠١١)

"چوار حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکەوە و بە هاودەنگی: ١٢ی ڕەشەمە بکەن بە ڕۆژی بەربەرەکانیی نەتەوەیی دژی کۆماری ئیسلامی" (ژمارە ٥٧٧، یەکشەمە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٠،١٩ی فێوریەی ٢٠١٢)

٣- ئەومانشێتانەی پێوەندییان بە تێکۆشان وچالاکییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی حیزبی دیموکرات، یا پیلان لە دژی ئەو حیزبەوە هەیە:

"پارڵمانی فەرانسە جارێکی دیکە بوەوە بە نوێنگەی هاوپێوەندیی ڕاشکاوانە و گەرم و گوڕی حیزب و کەسایەتییە دیموکرات و مرۆڤدۆستەکان لە گەڵ حیزبی دیموکرات و گەلی کورد" (ژمارە ٣٥٣، ١٥ی خەزەڵوەری١٣٨١، ٦ی نوامبری ٢٠٠٣)

"سەرئەنجام کۆماری ئیسلامی دانی بە کوشتنی ٦ تێکۆشەری دیموکراتدا نا کە بزووتنەوەی ئیسلامی، حەوت ساڵ و نیو

لەمەوبەر پێی فرۆشت" (ژمارە ٣٧٨، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٢، ١٩ی ئاوریلی ٢٠٠٤)

"کۆنگرەی ١٤: کۆنگرەی ریفۆرم و قووڵایی بەخشین بە ستراتیژیی نەتەوەیی" (ژمارە ٤٨١، چوارشەممە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٦، ٥ی مارسی ٢٠٠٨)

"لە ساڵڕۆژی تێرۆری وییەندا ڕۆژهەڵات مانی گرت" (ژمارە ٤٩٠،دووشەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٧، ٢١ی ژوئیەی ٢٠٠٨)

"پێداگریی پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە سەر: قۆزتنەوەی ژیرانەی دەرفەتەکان، دروستکردنی دەرفەتی نوێ و ڕەخساندنی کەشێک بە قازانجی کورد" (ژمارە٦٠١، دووشەممە١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩١، ٤ی فێوریەی ٢٠١٣)

٤- ئەو مانشێتانەی پێوەندییان بۆ ڕووداو و گۆڕانەکانی پێوەندیدار بە کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان یا خەڵک و ڕێژیمی ئێرانەوە هەیە:

"شەپۆلی مانگرتن و خۆپێشاندانی خوێندکاران زانستگەکانی سەرانسەری وڵاتی گرتەوە" (ژمارە ٣٥٤، ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٨١، ٢١ی نوامبری ٢٠٠٣)

"بە یەکیەتی و هاوپشتی، گەلی کورد لە عێراق دەتوانێ دەسکەوتی لەمە زیاتریش وەدەست بێنێ" (ژمارە ٤١١، ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٤، ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٥)

"تێکبەربوونی گورگەکان، سەرەتای تێکقرمانی کۆڵەکەکانی دیکتاتۆری"(ژمارە ٦٠٢، ٣٠ی ڕێبەندانی١٣٩١، ١٨ی فێوریەی ٢٠١٣)

"لە هەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراق دا، لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی پلەی دووهەمی وەدەست هێنا" (ژمارە٤٠٧، ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٣، ١٨ی فێوریەی ٢٠٠٥)

"بوومەلەرزە لە باکووری کوردستان، کارەساتێکی مرۆیی و نەتەوەیی، دەبێ شینی چلۆن بێ مەرگی شارێ؟" (ژمارە ٥٧٠، یەکشەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٠، ٦ی نوامبری ٢٠١١)

"هەرێمی کوردستان لە سێبەری دیموکراسی دا چوارەم هەڵبژاردنی پارلمانیی بەڕێوە برد"(ژمارە ٦١٦، یەک شەممە ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٢، ١ی سیپتامبری ٢٠١٣)


دواوتە:

چۆنیەتیی ئامادەکردنی مانشێتی ڕۆژنامەی "کوردستان" و ئەو کەشوهەوا و بارودۆخەی ڕۆژنامەکە بە گشتی و لاپەرەی یەکەم و دوالاپەڕە و مانشێتی لە قۆناغ و بڕگە جیاوازەکان تێدا ئامادەکراوە، نووسینێکی لەمە تێر و تەسەلتر هەڵ دەگرێ کە دەشێ بە دۆکیۆمێنتی پێوەندیدار، دەوڵەمەند بکرێ. جێبەجێ کردنی ئەم بیرۆکەیە لە تویی توێژینەوەیەک دا هەڵ دەگرم بۆ دەرفەتێکی دیکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٧

---

## «کوردستان»، هەردەم زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان



عومەر باڵەکی

حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی مودێڕن وسەردەمیانە لە هەلومەرجێکدا پێک هات کە شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان تووشی شکان وکپکردن ببوون ودوژمنانی نەتەوەی کورد بە مەیل

وکەیفی خۆیان لە کوردستاندا حوکمرانیان دەکرد وخەڵکیان دەچەوساندەوە وسامانی ژێر زەوی وسەر زەوی کوردستانیان بە تالان دەبرد. لەو هەلومەرجەدا رۆڵە خەباتگێڕ ونیشتمانپەروەرەکانی کوردستان بە ئەزموون وەرگرتن لە شۆڕش وخەباتەکانی پێش خۆیان کەوتنە خۆ بۆ قۆستنەوەی بارودۆخێک کە بە هۆی شەڕی جیهانی و بوونی هێزەکانی رووس و بریتانیا لە ناوچەکە دا خوڵقابوو. بوونی ئەو هێزانە ببوە هۆی ئەوە کە لەو بەشە لە کوردستان بە تایبەتی ناوچەی موکریان بەتالایی دەسەلات وبەڕێوەبەری دروست ببێ و دام ودەزگای حکوومەتی لە لایەن خەڵکەوە تێکەوە بپێچرێ ودەسەلات وبەڕێوەبەری ناوچەکە بکەوێتە دەستی خەڵک. لەو هەلومەرجەدا کۆمەڵێک لە دڵسۆزانی گەل ونیشتمان کەوتنە خۆ و لە سەر بنەمای کۆمەڵەی ژێ کاف رێکخراوێکیان بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراند بۆ ئەوەی رێبەری جووڵانەوەی خەڵکی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بکا و لە هەمان کاتدا پشتیوانێکی بەهێزبێ بۆ جووڵانەوەی پارچەکانی دیکەی کوردستان.

فەلسەفەی وجوودی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بووە وهەیە ورێبەرانی ئەو حیزبە بە ئەزموون وەرگرتن لە جووڵانەوەکانی پێش خۆیان بە باشی دەیانزانی کە بەڕێوەبردنی جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتی وگەیاندنی دەنگی ئەو جووڵانەوەیە بە گوێی خەڵکی کوردستان وگەلانی دەوروبەر ودەوڵەتان پێویستی بە کەرەسەی راگەیاندن وتەبلیغات هەیە وبە پێی هەلومەرجی ئەو کات رۆژنامە یەکیک لە کەرەسە گرینگەکانی سەردەم بوو. هەر بۆیە حیزبی دیموکرات لە ماوەیەکی کورتی زەمەنی دوای پێکهاتن ودەست بە کار بوونی یەکەم کاری کە کردی ئەوە بووکە سیاست وبۆچوونەکانی خۆی لە دووتوێی لاپەڕەکانی رۆژنامەیەک دا بڵاو کردەوە.

یەکەم ژمارەی رۆژنامە کە لە رێکەوتی ٢٠ - ١٠ - ١٣٢٤بە ناوی کوردستان زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان چاپ و بڵاوبووەوە کە هەتا هێرشی ئەرتەشی ئێران بۆ سەر مەهاباد پێتەختی کۆمار ١١٣ژمارەی لێ بڵاوبوەوە، و بەداخەوە دوای کۆتایی تەمەنی کۆمار رۆژنامەی کوردستانیش لە چاپ وبڵاوبوونەوە کەوت. بەلام رۆڵە خەباتکارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ هەموو توند وتیژی وترس وتۆقاندن کە لە لایەن دەزگای ئەمنییەتی پاشایەتیەوە لە سەریان بوو بە چەند جارێک هەوڵیان دا بۆ جارێکی دیکەش کوردستان چاپ وبڵاوبکەنەوە و ئەو هەوڵانە پچرپچر ئیدامەی هەبووە هەتا رێبەندانی ١٣٤٩کە بۆ جارێکی دیکە یەکەم رۆژنامەی کوردستان وەک ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان چاپ وبڵاوبووەتەوە کە هەتا ئیستا کە ژمارەی حەوت سەدی چاپ وبڵاو دەبێتەوە، درێژەی هەیە. هەر وەک لە سەرەوە ئیشارەی پێکرا رۆژنامەی کوردستان لە گەڵ مێژووی پڕ لە هەورازونشێو و سەرکەوتن و شکانی حیزبی دیموکرات دا هاتووە و گەڵێک جاران بە پێی هەلومەرجی ژیانی خەباتگێڕانی حیزب بۆ ماوەیەک هەر دەرنەچووە، بەلام هەر کە بارودۆخەکە

تەنیا فەراغێکی تێدا دروست بووبێ دڵسۆزانی حیزب و جووڵانەوە کەوتوونەتە خۆ بۆ ئامادە کردن وچاپ وبڵاوکردەنەوەی کوردستان و لە هەر کام لەو قۆناغانەشدا هەرکات رۆژنامەی کوردستان دەستی بە کار کردوەتەوە بە پێی ریسالەتی خۆی زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە و بەو ئامانجە وفادار ماوەتەوە کە وەک ئەرک خستوویەتە سەر شانی خۆی. بۆ باشتر روونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە دووبابەت لە یەکەم ژمارەکانی ساڵەکانی ١٣٢٤ و١٣٤٩لێرەدا وەک نمونە باس دەکەین.

لە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان سالی ١٣٢٤لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «ئامانجی ئێمە»دا ئاوا دەنووسێ کە بەشێکی لێرەدا ئیشارە پێدەکەین، (... ئیمە کە بە دڵمان دا نەدەهات خاوەنی چاپخانە وئینتشارات بین، ئەوا بە یارمەتی خوا نامەی کوردستان داندرا وهەوەڵ ژمارەی بڵاوکراوە، ئەم نامەیە کە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە، دەیەوی قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناخەکەی بە زانست وهونەر ولەش ساغی داندرابێ وبتوانێ دەگەڵ سێڵاوی دووبەرەکی وبێ دینی وهەموو جۆرە رەوشتێک کە بۆ سەربەستی زەرەربێت، بەربەرەکانی بکا.هیوامان وایە ئەم قەڵایەی کە خەریکین قایمی بکەین ،وەها قائیم و بەهێزبێت کە هیچ هێزێک نەتوانێ بەربەرەکانی لە گەڵا بکا.) ولە یەکەم ژمارەی دەوری دووهەم کە لە رێبەندانی ١٣٤٩دا دەرچووە لە بابەتێکی کورتدا لە ژێر سەردێڕی «دیسان کوردستان»باس لە ئەرک وئامانجی رۆژنامەی کوردستان دەکا کە بەشێکی بابەتەکە لیرەدا وەک خۆی دەنوسینەوە، (... کوردستان ئەرکی زۆر گرانە، ئاگادارە کە گەلەکەمان چەندە تینووی رێنوێنی سیاسی وفکریە وچۆن چاوەڕوانی ئەوەیە کە کوردستان رێی خەباتی روناک بکاتەوە... کوردستان رۆژنامەی هەمووگەلی کوردە، رۆژنامەی کرێکار و جووتیار و رووناکبیرانی شۆڕشگێر و پیشەسازان و بازاڕیان وعەشیرەتەکانی نیشتمانپەروەرە...). ئەو دوو نموونەی سەرەوە ئەگەر لە تەنیشت یەکتر دابنێین وجیاوازی زەمەنی بە مەودای ٢٥سال لە دەرچوونی یەکەم ژمارەی هەر کام لە قۆناغەکانی ژیانی رۆژنامەی کوردستان وەبەرچاو بگرین ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە بەرپوەبەرانی رۆژنامەی کوردستان چەندە پابەندبوون بەو ئامانجانەی حیزبی دیموکراتی لە سەر دامەزراوە. ئەوەتا لە ژمارەی ١ی قۆناغی یەکەمدا باس لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەک دەکا کە بناخەکەی لە سەر «ئیتحاد وبرایەتی» دامەزرابێ و ئەو بناخەیە بە زانست و هونەر و لەشساغی دارێژرابێ و لە ژمارەی ١ی قۆناغی دووهەمیدا هەر ئەو ئامانجە دووپات دەکاتەوە، بەڵام بە زمانێکی دیکە کە دەڵێ «کوردستان ئەرکی زۆرگرانە» واتا لە گواستنەوەی سیاسەتەکانی حیزب بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵک بەرپرسایەتی گرینگی لە ئەستۆیە و بە روونکردنەوە و شیکردنەوەی بابەتە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان بۆ ئەوە رێی خەبات بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری روناک بکاتەوە و هەر لەوبابەتەدا پێداگری لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە کوردستان رۆژنامەی «هەموو گەلی کوردە» واتا رۆژنامەی کوردستان وەک ئەرک لە سەریەتی هەموو ئەو بابەتانەی کە پێوەندیيان بە چارەنووسی کوردەوە هەیە، دەبێ خاوەنی هەڵویست ورێنوێنی بێت. لەو دوو نموونەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوی کە

ڕۆژنامەی کوردستان ئاوێنەی باڵانوێنی حیزبی دیموکراتی کوردستانە و پابەند و وەفادارە بەو ئەساسەی لە سەری دامەزراوە.

هەر وەک پێشترش باسکرا مێژووی ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەستراوەتەوە بە مێژووی جووڵانەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان، واتا ژیان وحەیاتی ڕۆژنامەی کوردستان بە پێی بارودۆخی ژیانی خەباتگێڕانەی حیزبی دیموکرات لە ئاڵوگۆڕ دابووە. بەو واتا هەر کاتێک حیزب مجال ودەرفەتی هەبووبێ کە بە ئازادی کار وتێکۆشان بکا ڕۆژنامەی کوردستانیش بە هەوڵ و هیمەتی بەڕێوەبەرانی چاپ و بڵاوبوەتەوە و هەوڵیداوە ڕۆژنامەی هەمووچین وتوێژەکانی نێوکۆمەڵگە بێت.

خاڵێکی دیکەی جێگەی سرنج کە پێویستە بە کورتیش بێ باسی بکەین ئەوەیە کە لە ماوەی ٧١ساڵی رابردوودا ڕۆژنامەی کوردستان وەک میدیای چاپیی لە هەموو کاتێکدا ئاوێنەی باڵا نوێنی سیاسەتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بووە وهەوڵی داوە بابەتەکانی هەڵگری هەموو ڕەهەندەکانی نێو ژیانی کۆمەڵگەی کوردستان بێ و لە هەمان کاتدا وەک سەرچاوەیەکی گرینگ وجێگای باوەڕ و متمانە چ لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کە زانیارییەکانی نێو دەزگای حکوومەت وحیزبی دیموکراتی وەک سەرچاوەی قانوون دانان و بەڕێوەبەری دەخستە بەر چاوی خەڵک و چ لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانی خەباتکارانەی حیزبدا، کە چالاکی سیاسی و تەشکیلاتی و پێشمەرگانەی بۆ نێو خەڵک دەگواستەوە، هەمووکات هەڵگری ئەو پرنسیپە ڕاستگۆیانە بووە کە ببێتە جێگای متمانەی خەڵک وهەر ئەوە وای کردوە کە ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆڵی ئاڵقەیەکی گرینگ لە ئاڵقەکانی پێوەندی نێوان خەڵک وحیزبی دیموکرات بگێڕێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٠٠ - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٧

# دیپلۆماسیی میدیایی رۆژنامەی کوردستان



ئازاد مستۆفی

یەکێک لە پێناسەکانی چەمکی دیپلۆماسی بەکارهێنان و کەڵکوەرگرتنە لە کەرەستەگەلی جۆراوجۆری ئابووری، سیاسی، کولتووری و تەکنۆلۆژیا بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە سیاسەتی دەرەوەدا. ڕەوتی پەیوەندیگرتن و ئاڵوگۆڕی زانیاریی بنەمایەکی سەرەکی دیپلۆماسییە و لە کۆمەڵگەی ئێستەدا کە دان و وەرگرتنی زانیاریی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا زۆر خێرا بووە، دیپلۆماسیش ئاڵوگۆڕیکی گەورەی بەخۆوە دیتوە. لە سەرەتای سەدەی سێهەمدا دیپلۆماسی میدیایی ئەو لقەی دیپلۆماسییە کە لە دامودەزگەی دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەدا خوێندنەوەی تایبەتی بۆ دەکرێت و بێگومان لەم نێوەندەشدا میدیا وەکو تەکنۆلۆژییەکی سەردەمیانە کە لە هەموو بوارێکەوە بەردەوام ڕوو لە گەشە و فراوانبوونە، کەرەستەیەکی گرنگە کە لە بەشی دیپلۆماسیی گشتییدا جێگە و پێگە تایبەتییەکەی دیارە و هەرگیز نکوولی لێ ناکرێت.

لە «دیپلۆماسی ئاشکرا» دا هەموو هەوڵەکان لەسەر ئەوەیە کە بیروڕای گشتیی بتوانێت کاریگەریی خۆی لەسەر دەسەڵات، حیزبەکان، کۆمەڵگەی نێوخۆ و هەروەها وڵاتانی تریش دابنێت و لەم بوارەدا ئەوە میدیایە کە دەتوانێ ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەر بگێڕێت. میدیا بەهەمان شێوە کە کەرەستەیەکی کارایە بۆ سیاسەتوان و دیپلۆمات بەڵام نابێ فەرامۆشیش بکرێت هەر ئەم میدیایە دەتوانێت گرفتی گەورەی بۆ بنێتەوە؛ چونکە میدیا چاوی خەڵکە و لە ڕێی گەیاندنی دەنگی خەڵکەوە

ناهێڵێت دەسەڵات بەپێی خواستی خۆی پلانەکانی جێبەجێ بکات بەتایبەت لە وڵاتێکدا کە دەسەڵاتێکی دیموکرات بوونی نییە میدیای حیزبێکی بەرهەڵستکار ڕۆڵی خەباتێکی دیپلۆماسییانە، بەرامبەر دەسەڵات و نەتەوەکانی تر دەگێڕێت.

حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تەنانەت ئەگەر بمانەوێ وردتریش بۆی بڕوانین هەر لە سەردەمی چالاکی نهێنی ژێکافەوە لە کاتێکدا ئەو سەردەمە، ئاستی خوێندەواری لە نیشتمانەکەماندا بەرچاو نەبووە؛ زۆر گرنگی بە کاری میدیایی داوە و بەگوێرەی توانای کۆمارێکی کەم تەمەن و حیزبێکی بەرهەڵستکار لە ناوچەیەکی لە بواری ئابوورییەوە لاواز بەڵام لە بواری فیکرییەوە دەوڵەمەند، هەوڵی داوە خواستە نەتەوەییەکەی بە زمانێکی سەردەمیانە و دیپلۆماسییانە بگەیەنێتە نەتەوەکانیتر و پێیان ڕابگەیەنێت کە خواستی نەتەوەیی کورد واتای ڕەشکردنەوەی نەتەوەکانی دراوسێی نییە و هەروەها لە درێژایی ئەو ساڵانەی ئەرکی ڕاگەیاندنیشیدا ئەو پەیڤەی بە دەسەڵاتی تاران گەیاندووە کە بەکارهێنانی زمانی توند و زبر، لە مرۆڤایەتی و کولتووری نەتەوەیەکی ئازادیخواز، بەدوورە.

ئەگەر بمانەوێت لە چوارچێوەی تیۆری ڕێئالیزم و کۆنستراکتیڤیزمەوە بڕوانینە چەمکی دیپلۆماسی میدیایی؛ ڕێئالیزمەکان کاریگەرییدانان لەسەر بیروڕای گشتیی لە ڕێی دیپلۆماسیی میدیاییەوە بە ئەرکی دەوڵەت دەزانن و کۆنستراکتیڤیزمەکان پێداگریی لەسەر لایەنە مادییەکەی پەیوەندی نێودەوڵەتی دەکەنەوە و دەڵێن مادییەتی سەرزەوینێک وەکو یەکێک لە توخمەکانی دەوڵەت، گرنگ نییە بەڵکو بیرکردنەوەی خەڵکی ئەو سەرزەوینەیە کە گرنگە. ئەوان ڕوانگەیەکی نۆرماتیڤیان بۆ ڕووداوەکان هەیە و دیپلۆماسیی میدیایی چوارچێوەیەک بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەی مێشکی خەڵک، دەزانن.

دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران لە هەر دوو سەردەمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا لە کەرەستەکانی ڕاگەیاندنی میدیایی وەکو ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە و... هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە ناتەبایی و دوژمنی بخاتە نێو نەتەوەکانەوە و وەها سەرقاڵی کێشەی لاوەکییان بکات کە وزەیان بەخەسار بچێت. دەسەڵاتی تاران هەمیشە ویستوویەتی کە نەتەوەکان بە دژایەتیکردن لەگەڵ یەکتر بخلافێندرێن و کەمتر بیر لە دوژمنی سەرەکی و پیلانەکانی داگیرکەر بکەنەوە. دەسەڵاتی ناوەند کە لە داهات و سامانی نەتەوەیی، پارە و هەزینەیەکی خەیاڵی بۆ ڕاگەیەندنە بێ ئەژمارەکەی کە بە دەیان زمان پەخش و بڵاوکردنەوەی هەیە، سەرف دەکات؛ کاتێک دەڕوانیتە بیلانی ئەم دامودەزگە ڕاگەیاندنە زەبەلاحە دەوڵەتییە کە دەیان هەزار کارمەندی هەیە، بۆت ئاشکرا دەبێت کە حکوومەتی ئێران، ڕاگەیاندنی وەکو ئامرازێک بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتری تەمەنی ئاژاوە و تیرۆر و ستەمکاریی بەکار هێناوە و هەتا پێی کراوە لە ڕاگەیاندنەوە سووکایەتی بە فیکر و داب و نەریت و سیمبولەکانی نەتەوەیی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتی و ئەدیبانی نەتەوەکەمانی کردووە. هەروەها ڕاگەیاندنی

دەسەڵاتی ئێران بەتێچوویەکی خەیاڵییەوە کە پسپۆڕترین شارەزایانی بوارە جۆراوجۆرەکانی لەخۆ کۆکردوەتەوە لە جەنگێکی سۆفتوێرییدا بەهێمنی بیرکردنەوە و مێشک و بڕیاردانی خەڵکی ژێردەستەی خۆی، بەمەبەستی دەستەمۆ کردنێکی حکوومەتییانە کردووەتە ئامانج.

پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، کوردفۆبیایەکی وەهای بەدژی نەتەوەکەمان جێبەجێ کردوە کە ڤایرۆسەکەی خۆی لە ڕاگەیەندنەکانی غەیرە کوردزمانی دەرەوەی وڵاتیشدا دیتوەتەوە. ئەم کوردفۆبیایەی کە ڕاگەیاندنی حکوومەتیی ئێران ساڵەهایە هەمەجۆرە بانگەشەی بۆ دەکات: بە دەیان فیلمی سینەمایی، فیلمی تەلەفزیۆنی، ئەڵقەی تەلەفزیۆنی، شانۆگەریی و هەروەها بە سەدانیش گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و وێبلاگی بۆ دروست کردوە و لە ڕاستیدا کەرستەی خاوی بەدەست بەشێک لە بەناو ئۆپۆزسیۆنیش داوە کە گوێ بە داواکاریی ڕەوای کورد نەدەن و لە هەندێ بواردا لێکجیاکردنەوەی داگیرکەر و بەناو ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە بەرامبەر کێشەی کورد، گەلێک زەحمەتە. هەر لەمبارەوە جێی ئاماژەیە کە تەنانەت بەشی فارسی میدیای بیانی هەیە زۆر بەئاسانی دەسکاری وەرگێڕانی ڕاپۆرتێکی ئینگلیزی دەکات کە نێوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە بەجۆرێک باسێکی لە پشتگیری مافی ڕەوای کورد لە ئێران کردبێت. لە ڕاستیدا کاتێک بەوردی بەدواداچوون بۆ ئەو دەسکارییە نابەجێ و نەرێنی و دوور لە کاری پرۆفێشناڵیی میدیایی لە وەها دامودەزگەیەکی ستاندارد و نێودەوڵەتیدا دەکەیت، دەزانی کە دەسکاریی یاخود سانسۆرەکە لەبەر ئەوەیە لای ئێدیتۆر وەها کوردفۆبیا بووەتە بەشێک لە باوەڕی نەگۆڕی کە هەرچەند وڵات و میدیاکەشی گۆڕیوە بەڵام ئەو کوردفۆبیایەی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی درێژخایەن ستراتیژی کاری میدیاییان بووە، هەتا ئێستەش کاریگەریی نەرێنی بۆ کاری بێلایەن و پرۆفێشناڵی ڕۆژنامەگەریی لەسەر ئێدیتۆرێکی ئێرانی، لە دەرەوەی وڵاتیش داناوە.

دیپلۆماسی میدیایی لقێکی سەرەکی دامودەزگەی دیپلۆماسی بۆ هەر حیزب و حکوومەت و دەسەڵاتێکە کە توانیویەتی وەکو باڵێکی کارای سیاسەتی دەرەوە خۆ بنوێنێت و کاریگەریی لەسەر بیروڕای گشتیی خەڵک دابنێت. هەنووکە کەڵکوەرگرتن لە میدیا کەرستەیەکی گرنگە لە سیاسەت و پەیوەندیگرتن و ڕازیکردن و ڕاکیشانی بیر و هەستی بینەر و خوێنەر و بیسەر. بۆیە کە دەڕوانینە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان هەر لە یەکەم ژمارەیەوە هەتا ئێستە پتر باوەڕ بەوە دێنین کە ئەم حیزبە و میدیاکەی هەوڵێکی چڕوپڕیان داوە کە بتوانن لەم دەرفەتە بۆ ڕاگەیاندنی سیاسەتەکانیان و نواندنی هەیبەت و توانای نەتەوەکەیان کەڵک وەربگرن. هەروەها سیاسەتوانان و ئەدیبانی ئۆگری خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵیان داوە لەم ڕۆژنامەوە پردی نێوان حیزب و خەڵک و حکوومەتی ئێران بن و هەستیان بە قورسایی ئەم پێگە قایمە کردوە و هەوڵی گەشەکردن و زیاتر پێگەیاندنیان داوە.

خاڵی جێی شانازی کە پێویستە لە ٧٠٠مین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان باس بکرێت ئەوەیە کە ئەم ڕۆژنامەیە لەبەر ئەوەی کە ئۆرگانی فەرمی ڕاگەیاندنی حیزبەکەیەتی لە درێژایی مێژوویدا هەرگیز نەبووەتە مینبەری بانگەشە بۆ ئاژاوەی نێوان نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران و ئەگەریش حیزبێک یاخود دەسەڵات هەوڵی بەلارێدابردنی خەباتی کورد و شێواندنی ڕاستییەکانی داوە، داڕێژەرانی سیاسەت و بڕیاردەران و نووسەرانی ئەم ڕۆژنامە نەبوونەتە لایەنێکی گرفتەکە، بەڵکو بەباوەڕێکی دیموکراسیخوازانەوە، پرێستیژی حیزب و نەتەوەکەیان بە زمانێکی سەردەمیانە و ئەدیبانە و دیپلۆماسییانە کە بە میرات لە ڕێبەرانی شەهیدیانەوە بۆیان ماوەتەوە، هێناوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوەی ورد و بێلایەنیان بۆ کردوە و بەدوای ڕێگەچارەدا گەڕاون نەک ئەوەی کە گرێکە بکەنە گرێپووچکە و یاخود کوێرەڕێیەک پێشانی خوێنەریان بدەن. کاتێ دەڕوانیتە ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بێگومان لە مێژووی ئەم ڕۆژنامەدا بۆت ڕوون دەبێتەوە کە هەمیشە بانگەشە بۆ ماف و ئازادییەکانی مرۆیی و جاڕنامەی مافی مرۆڤ و دیموکراسییەت و ژیانی تەبایی و یەکسانی و عەدالەت بۆ کورد و نەتەوەکانیتر کراوە و ڕۆژنامە کوردستان سیاسەتی دەرەوەی حیزبەکەی بەرامبەر حیزبەکانیتری کوردستان و ئێران و وڵاتانیتری بە زمانێکی دیپلۆماسییانە هێناوەتە بەرباس و بۆ هەموو لایەنێکی پەیوەندیداری بە شەفافی و بەبێ دەمارگرژیی ڕاگەیاندووە.

پێگەی کاریگەریی ڕۆژنامەی کوردستان لە نێو چین و توێژەکانی نەتەوەکەیدا لە ئاستێکدایە کە هەمیشە وەکو دەربڕی هەڵوێست و سیاسەتی دەرەوەی حیزبەکەی سەیر کراوە و وتار و بابەت و هەڵوێستی ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن خەڵکی خۆی و پارتەکانی کوردستان و ئێران بەوردی سەرنجی دراوەتێ و خوێندنەوەی هەمەلایەنە و چڕوپڕی بۆ کراوە و ڕۆژنامەیەک نەبوە کە بابەت و هەڵوێستێکی لەلایەن جەماوەر و کەسایەتیگەلی سیاسی و شرۆڤەکارانی سیاسەت و ئەدیبانی کوردەوە، بەسووکی سەیری بکرێت یاخود قورساییەکەی لەبەرچاو نەگیرێت. لە خاڵەکانی شانازی ئەم ڕۆژنامەیە ئەوەیە کە گوشاری حکوومەت و لایەنێکی سیاسی کە تەنانەت یەک وشەش بەقازانجی داگیرکەری پارچەیەکی کوردستانی تێدا بنووسرێت، هەرگیز نەهاتووەتەدی. «کریس کوچرا» ڕۆژنامەنووس و نووسەری شارەزای فەڕەنسی کە کتێب و نووسینەکانی لە بواری کورد و کوردستانەوە دیار و بەرچاوە و بێلایەنییەکی بۆ هەموو لێکۆڵەرێک سەلمێنراوە، لەم بارەوە لە کتێبی «بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد» باسی گوشار بۆ سەر ڕێبەری شەهید دکتۆر قاسملوو لە سەردەمی حیزبی بەعسی عێراق دەکات کە حیزبی بەعس ڕازی بووە بەوەی کە بەس وشەی «خیانەت» لە ڕۆژنامەی کوردستان-ی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پارتێکی باشوور بنووسرێت و گوشارەکانی سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیتر نەمێنێت، بەڵام ڕۆژنامەی کوردستان و حیزبەکەی زۆر سەربەخۆ تەعامولیان کردوە و وەڵامی «نا»یان بەو داوا نابەجێیەی بەغدا داوەتەوە و دیارە باجی نەنووسینی ئەو وشەشیان لەلایەن حیزبی بەعسەوە بەسەردا سەپێنراوە.

لە گۆڕەپانی ئەمڕۆی سیاسەتدا، دەوڵەتەکان و حیزبەکان بەدوای ئەوەوەن کە لە ڕێی میدیاوە کاریگەریی خۆیان بەسەر بیروڕای گشتییدا دابنێن و جۆرە ڕکابەرییەک لەم بارەوە لە نێوانیاندا هەیە و بە هاتنی ئینتەرنێت و ماڵپەڕ و کارابوونی سۆشیالمیدیا، هەر دەوڵەت و حیزبێک لە هەوڵی ئەوەدایە ئیمپراتۆرییەکی مەجازی دابنێت و لەم ڕێگەیەوە بگاتە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە جیهانی واقعیدا. بێگومان لەم پەیوەندییەدا زۆر پێویستە بە دوای دەرچوونی ٧٠٠مین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان، ئەم ڕۆژنامەش کاراتر و چالاکتر هەروەکو جاران لە بوارەکانی ڕێنووس و نێوەڕۆک و راستگۆیی و هەوڵدان بۆ ژیانێکی ئاشتییانە پتر سەرنج و باوەڕی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و مینبەرێکی سەرکەوتوو بێت بۆ ڕاگەیاندنی سیاسەتی حیزبەکەی لە پێناو ئازادی و دیموکراسی بۆ نەتەوەی ستەملێکراوی کورد بەگشتیی و ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٠٠ - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٧

## «کوردستان» ناوا دەبینم



ئالان بەهرامی

**«کوردستان»،**
**ژیان و تێکۆشانێکی پێشمەرگانە**

«کوردستان» رۆژنامەیەکە رسکاو لە سەر پنج و ریشەیەکی حەفتا ساڵە و هەڵگری پەیامی یەکەم رۆژنامەی کوردی. «کوردستان» رۆژنامەیەکە کە لە دوو بڕگەی زۆر کورتدا واتە کەمتر لە ساڵێک لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا و ماوەیەکی کورتی سێ چوار ساڵە(دوای شۆڕشی ٥٧) لە سەر خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە مەیدانی راستەقینەی تێکۆشانی ئەوە، دەرفەتی تێکۆشانێکی بەرتەسکی بۆ رەخساوە. ئەم رۆژنامەیە بەم پێیە کە ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ لەم جوگرافیایەدا کە دەبێ لە گۆشەو قوژبنیدا ئۆفیس و هەواڵنێرەکانی بە ئازادی تێکۆشانیان هەبێ، قەدەغەیە. ئەم رۆژنامەیە کە ناوی خۆی لە یەکەم رۆژنامەی کوردییەوە («کوردستان»ی میقدات مەدحەت بەدرخان)وەرگرتوە، زۆربەی هەرە زۆری تەمەنی پێشمەرگانە و لە سەر کەژ و چیاو لە نێو دۆڵ و لێڕەوارکانی رۆژهەڵاتی کوردستان یان لە تاراوگەدا تێپەڕ کردوە. لەم ماوە دوورو درێژ و لە هەمان کات دژوارەدا، بەشی بەرچاوی قەڵەمبەدەستان و هەڵسوڕێنەرانی ئەم رۆژنامەیە جۆرێکی دیکە لە رۆژنامەنووس بوون، کە من وەک پێشمەرگەی رۆژنامەنووس ناویان دەهێنم.

پێم وابێ ئەم چەند ڕستەیە بەس بن بۆ ئەوەی بە کورتی نیشان درابێ ئەم ڕۆژنامەیە ئێستاشی لەگەڵ بێ لە چ هەلومەرجێکدا درێژە بە تێکۆشان دەدا.

«کوردستان» قوتابخانەیەکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی و کوردی نووسین

ڕۆژنامەی «کوردستان» سەرەڕای دژواریی هەمەلایەنەی هەلومەرجی تێکۆشان، هەمیشە مەکۆی ژمارەیەک قەڵەمی بەبڕشت و هەرماوی گۆڕەپانی زمان و وێژەی کوردی بووە. ئەم تایبەتمەندییە لە پەنا نەریتی دۆزینەوەی بەهرە نوێیەکان(هەرچەند لە چوارچێوەی سنووورداری ریزەکانی حیزبی دیموکرات دا)و هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی نوێ قەڵەمەکان دوو دەرکەوتەی شیاویان لێکەوتوەتەوە. یەکەم ئەوە کە لەم ساڵانەدا کە تێکۆشەرانی دیموکرات لە باری شوێنی نیشتەجێبوون و پێوەندیی ئۆرگانیکییەوە لە ئاستێکی لەبارتردا بوون ، کۆمەڵێکی بەرچاو لە لاوانی بەبەهرە توانیویانە لە پەنا خاوەن قەڵەمە بەئەزموونەکان دا خۆیان ببیننەوەو لە ئەزموونی زمانەوانی و ڕۆژنامەنووسیی ئەوان کەڵک وەرگرن و بەم شێوەیە ئەزموونی بەرە جۆراوجۆرەکان دەستاودەست بکرێ.

دووهەم دەرکەوتەی شیاو دەتوانێ بریتی بێ لە مەیداندان بە هەڵکشانی لاوەکان تا ئاستی سەرنووسەری و بەرپرسایەتیی بەشە جۆراوجۆرەکان. هەر ئەوانەش بوونەتە هۆی ئەوە کە لانیکەم لە دوو دەیەی ڕابردوودا هەم شایەدی درەوشانەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەهرە لاوەکان نەک تەنیا لە ئاستی «کوردستان»دا بەڵکوو لە ئاستی میدیاکانی دیکەی حیزبی دیموکرات و تەنانەت لە باشووری کوردستانیش دا بین. ناکرێ لەم پێوەندییەدا ئاماژە بەم خاڵەش نەکەین کە لە قوتابخانەی زمانەوانی و ڕۆژنامەنووسیی «کوردستان»دا کۆمەڵێک بەهرەی گەورە خۆیان دیتوەتەوە و درەوشاونەتەوە و لەبواری دیکەشدا وەک وەرگێڕان، چیرۆکنووسی و لێکۆڵینەوەدا خۆیان دیتوەتەوەو خزمەت دەکەن.

ڕۆژنامەیەکی دوو زمانە

بەم پێیە کە «کوردستان» بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو دبێتەوە، نووسین بەم دوو زمانە و وەرگێڕانی وتار، هەواڵ و بابەتە جۆراوجۆرەکان گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەم تایبەتمەندییەش بەستێنێکی لەباری خوڵقاندوە بۆ ئەوەی ئەو بەشە لە هاوکارانی ڕۆژنامە کە توانای داڕشتنی کوردییان لاوازە بتوانن هەم بابەتەکانیان بە فارسی داڕێژن و لە لایەن وەرگێڕە کوردیزانەکانەوە بکرێنە کوردی و هەم بەپێچەوانە کەسانی فارسیزان بتوانن توانایی زمانەوانیی خۆیان بۆ

وەرگێڕانی بابەتە کوردییەکان تەرخان بکەن. لەراستیی دا دوو زمانە بوونی «کوردستان» بوەتە هۆی ئەوە کە ئەزموونی وەرگێران تاڕادەیەکی باش لە نێو دەستەی نووسەران و هاوکارانی رۆژنامەدا گەشە بکا. ئەمە لە خۆیدا یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ ئەوەی کەسانێک لە نێو ستافی ئەم رۆژنامەیەدا هەڵکەون کە بتوانن هاوکات بتوانن بە هەر دووک زمانەکە قەلەم بگێڕن.

## «کوردستان» فێرگەیەکی زمانەوانی

رەنگە زێدەڕۆیی تێدا نەبێ ئەگەر بگوترێ رۆژنامەی «کوردستان» بۆخۆی بەتەنیا فێرگەیەکی زمانەوانی بووە و ئێستاش درێژە بەم رێبازەی خۆی دەدا. کارتێکەریی زمانەوانیی «کوردستان» (سەرەڕای هەموو بەربەستەکانی بەردەم بڵاوبوونەوەی بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان) و قەڵەمە دیارەکانی دوێنێ و ئێستای ئەم رۆژنامەیە بەسەر گۆڤارو بڵاوکراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەروونی هەست پێدەکرێ. ئەوە کە ئەم رۆژنامەیە توانیویەتی دەورێکی ئەوەندە گرنگ لە نێو میدیای کوردی و تەنانەت لە بەستێی زمانی کوردیدا بگێڕێ، دەگەڕێتەوە بۆ نەخشی سەرەکی و بناخەدارێژەرانەی ژمارەیەک کەسایەتیی بەرزی بواری زمان و وێژەی کوردی لە سەروویانەوە مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، مامۆستا هێمن و... دەگەڕێتەوە کە لە سالانی دەیەی حەفتای زایینی دا، لە کاتێک دا دەورێکی نوێی «کوردستان»یان لە تاراوگە دەست پێکردەوە، هەوڵیان دا ئەم رۆژنامەیە لەباری رێنووس و رێزمانەوە بخەنە سەر چوارچێوە و رێڕەوێکی دارێژراو . ئەم رێبازە لە سالانی دوورودرێژی سەرنووسەریی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە و دواتر کاک قادر وریادا زیاتر گەشەی کرد و چەسپی.

## پرنسیپ و ئەتیکێتی جیهانیی رۆژنامەنووسی

«کوردستان» تا هاتوە هەوڵی داوە لە بوارەکانی دیکەشدا ستانداردەکانی کاری رۆژنامەنووسی لەخۆی دا پتەو بکا. لەم پێوەندییەدا هەوڵدراوە نووسەران و کارگێڕانی بەشە جۆراوجۆرەکانی رۆژنامە بە پرنسیپ و ئەتیکێتە جیهانییەکانی رۆژنامەنووسی ئاشنا بکرێن. ناسیاویی رۆژنامەنووسانی «کوردستان» لەگەڵ پرنسیپ و ئاکاری کاری رۆژنامەنووسی لەلایەک و رێنوێنییەکانی رێبەریی حیزبی دیموکرات لەلایەکی دیکەوە ئەم رۆژنامەیەیان لەباری راستوێژی و چەندایەتییەوە گەیاندوەتە ئاستێکی ئەوتۆ کە تەنانەت نەیارەکانیش بابەت و زانیارییەکانی بکەنە سەرچاوە.

**بەهرە وەرگرتن لە زانست و ئەزموونی مامۆستایانی زانکۆ**

بەڕێوەبەرانی «کوردستان» بە تایبەت لەم ساڵانی دوایی‌دا دەرەتانی کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی زانستی ڕۆژنامەنووسییش بەتایبەت لەبواری شێوازە نوێیەکانی داڕشتنی وتار، هەواڵ، ڕاپۆرت، دیزاین و... بۆ دەستەی نووسەران و بەشەکانی دیکەی ڕۆژنامە پێک هێناوە. لەم پێوەندییەدا هەم ڕێگە خۆش کراوە کە ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان خولی تایبەت و کۆڕ و سمینار بۆ کارگێڕانی «کوردستان» پێک بێنن و هەم دەرفەتی ئەوەشیان پێک هێناوە کارگێڕانی ڕۆژنامە لە ڕێگای بەشداری لەو کۆڕو سمینارانەی لە پێوەندی لەگەڵ کاری میدیایی دا پێک دێن، بەشداری بکەن و لە ئەزموونی کەسانی دیکەش کەڵک وەرگرن.

**دوایین وتە**

«کوردستان» بەم پێیە کە دەرفەتی ئەوەی نەبوە لە کەشێکی ئاسایی‌دا لە دوای تێکچوونی کۆماری کوردستانەوە درێژە بە کاری خۆی بدا، بێگومان بێ کەموکوڕی نیە. ئەم ڕۆژنامەیە ئەگەر بیهەوێ بۆ وێنە کەموکووڕیی ڕۆژانەی بڵاوبوونەوەی قەرەبوو بکاتەوە یان لە رووبەرێکی بەرینتردا بڵاوبێتەوە پێویستی بە سەرچاوەی دارایی و هێزی مرۆیی زۆر زیاتر هەیە. بەڵام لەم سەردەمەدا دەتوانێ لانیکەم بەشێوەی ئیلکترۆنی بگاتە دەست و بە دەیان و سەدان هەزار کەس یان هێزی مرۆیی زیاتر لەخۆی کۆبکاتەوە.

ڕۆژنامەی «کوردستان» ژمارەیەکی زۆر هاوکاری لە درێژەی ساڵانی دوورو درێژی تێکۆشاندا لەدەست داوە. ئەمەش زیانی زۆری بەهێزی مرۆیی ئەم ڕۆژنامەیە گەیاندوە. بێگومان لەم سەردەمەدا دەکرێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی دووریی جوگرافیایی، بەگرتنەبەری ڕێ‌وشوێنێکی نوێتری ڕێکخستنی هێزی مرۆیی هەم لە توانا و بەهرە دابڕاوەکان و هەمیش لە هێزی نوێی خاوەن بەهرەی ڕۆژنامەنووسی بەتایبەت لە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەڵک وەرگیرێ.

لە کۆتایی دا هیوادارم «کوردستان» بەبڕشتر لە هەر کات درێژە بە تێکۆشانی خۆی بداو بە ئازادی لەسەر ئەم خاکەی، یەکەم ژمارەی چاوی خوێنەری کوردی گەشاندوەتەوە جارێکی دیکە و بۆ هەمیشە بچێتەوە سەر پێشخانی ڕۆژنامەفرۆشییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٠٠  -  ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٧

## «کوردستان»ی پلۆڕاڵ



سمایل شەرەفی

لە گەڵ ئەوەیدا کە ڕۆژنامەی کوردستان وەک ئۆرگانێکی ڕەسمیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی ئەم حیزبەو، لە هەموو دەورەکانی دەرچوونی خۆیدا، زمانحاڵی هەڵوێست و بیرو سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بووە، بەڵام چ لە ناوەرۆک و چ لە ئەرکدا دەبێ گەورەتر لە «بڵاوکراوەیەکی حیزبی» خوێندنەوەی بۆ بکرێ.

«کوردستان» کە یەکەم ژمارەی ڕاست دوازدە ڕۆژ پێش لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان (٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی) بڵاو دەبێتەوە، هەر لە سەرەتای چاپ و بڵاوبوونیەوە لە ناوەرۆکدا وەک بڵاوکراوەیەکی نەتەوەیی دەبێتە تریبوونێک بۆ بڵاوکردنەوەی بیری سەربەستی نیشتمان و وێڕای قسەکردن لە هۆڤییەت و شوناسی نەتەوەیەک(کورد) لە گەڵ پاراستنی بەهاو باوەڕەکانی کۆمەڵگا، هەوڵی گواستنەوەی ئەزموونی شۆڕشی وڵاتانی دوور دەدات. «کوردستان» هەر لە یەکەم ژمارەکانی خۆیدا هەوڵ دەدات خوێنەرانی ناچار بە دیتن و خوێندنەوەیەکی بەرفراوان لە ڕووداوەکانی دەورووبەری بکات و هەر تەنیا لەو شەش ژمارەیەیدا کە پێش لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دەرچووە، لە گەڵ ئەوەی بە پشت بەستن بە

دەقی ئایینی(ئایەی قورئانی) دەیهەوێ ڕێز لە بەهاو باوەڕەکانی خوێنەرانی و کۆمەڵگای کوردستان بگرێ، لە هەمان کاتدا بێ‌پەروا لە لۆمەکانی ئەقڵییەتی چینێکی دواکەوتوو، قسە لە «عەدالەت» و «دیموکراسی» دەکات.

دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤، لە گەڵ ئەوەیکەدیسانیش ڕۆژنامەی کوردستان، «بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان»ە، بەڵام تەنیا بڵاوکراوەیەکی ڕەسمیشە کە دەبێتە زمانحاڵی سیستەمی دەسەڵاتداریی کۆماری کوردستان و کابینەی وەزیران و ستادی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و، سەرجەم دامودەزگاکانی کۆماری کوردستان. بە واتایەکی دیکە «کوردستان» لە هەمان کاتدا کە بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکرات بوو، بە کردەوەیش زمانحاڵی حکوومەتی کۆماری کوردستانیش بووە.

لە ڕاستی دا ڕۆژنامەی کوردستان زیاتر لە ڕۆژنامەیەکی بەس حیزبی، ئەرکی خستوەتە ئەستۆی خۆی. «کوردستان» لە ژمارە ١٠ی خۆیەوە کە سێزدە ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بڵاو دەبێتەوە، تا ڕووخانی کۆمار دەبێتە زمانحاڵی کۆماری کوردستان کە پێویستە لە مەجالێکی جیاواتر لە دەورەکانی دیکەی بڵاوبوونەوەی‌دا خوێندنەوەی لە سەر بکرێ.

ئەوەی دەکرێ لە پێوەندی لە گەڵ ئامانجی ئەم نووسینەدا ئاماژە بە لایەنێکی تایبەتیی ژمارەکانی «کوردستان»ی سەردەمی کۆماری کوردستان بدەین، بوونی ئەو فرەچەشنی‌یە لە نووسین و بیرکردنەوەیە کە دواتر و تا ئێستایش بوەتە بەشێک لە پێناسەو تایبەتمەندیی ڕۆژنامەی کوردستان.

باسکردن لە «حەقی ژیانی هەموو قەومێک»، «سکاڵاکانی جوتیار»، «جەنگ و سیاسەت»، «ڕۆژی نەنگ و ڕسوایی دەوڵەتی فارس»، «میللەتی گەورەی رووس و پێشەوای گەورە لێنین»، «کورد مافی خۆیەتی چۆن بژیت» و دەیان سەردێری دیکە کە ناوەرۆکیان تەعبیر لە بوونی جیاوازیی تێفکرین لە «بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی» لەو سەردەمەدا دەکات، دەریدەخات کە ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکراوەیەکی لە ناوەرۆکدا پلۆڕاڵ و فرەچەشنە.

ماهییەتی دیموکراتیکی بزووتنەوەی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی کورستان بە ڕێبەریی حیزبی دیموکرات، بە ئاشکرا بە نووسین و ناوەرۆکی ڕۆژنامەی کوردستانەوە دیارە. خۆنەبەستنەوە بە ئایدیا و ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، شوێنەواری لە سەر جۆراوجۆریی نووسین و قەڵەمەکانی «کوردستان» داناوە.

نەتەوەیی و میللیی بوونی جووڵانەوەیەک کە «کوردستان» بوەتە زمانحاڵ و بڵاوکەرەوەی، بە مانا گشتگیرەکەی کە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان توانیویانە خۆیانی تێدا ببیننەوە، ئەم رۆژنامەیەی لە رووی جۆراوجۆری و فرەچەشنی لە نووسین و دەربڕیندا دەوڵەمەند کردوە.

بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر ناوی قەڵەمەکانی «کوردستان» و ئەوانەی لەم ئۆرگانە میللی و دیموکراتیکەدا کاریانکردوەو هەروەها تێفکرین لە جێگەو پێگەی چینایەتی‌یان، دەبینی کە ئەم رۆژنامەیە تایبەت بە قەڵەمی چینێکی تایبەتی کۆمەڵگای کوردستان نیە. هەر ئەمە وای کردوە کە وێڕای پاراستنی خەتە گشتی‌یە سیاسی‌یە فکری‌یەکە کە هەمان «بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان» بێت، فرەچەشنی‌یەک لە نووسین و شێوازی دەربڕیندا بە نووسینەکانی «کوردستان»ەوە دیار بێت.

ئەم تایبەتمەندی‌یەی رۆژنامەی کوردستان بوەتە هۆی ئەوەی کە خوێنەرانی لە خوێندنەوەیدا نەتەنیا هەست بە ماندوویی و نامۆیی نەکەن، بەڵکوو هەر لە یەکەم ساتەکانی خوێدنەوەدا هەست بە هاوڕێیەتی و خۆمانە بوون بکەن و «کوردستان» بە هی خۆیان بزانن.

من وەک خۆم کە زیاتر لە دە ساڵە شانازی ئەوەم پێ دراوە کە ناوەناوە بۆ «کوردستان» بنووسم و، زیاتر لە ١٥ ساڵیشە خۆم بە خوێنەرێکی جیدیی ئەم رۆژنامەیە دەزانم، بەردەوام هەستم بەوە کردوە کە رۆژ بە رۆژ لێی نزیکتر دەبم و هەتادێ زیاترم خۆش دەوێ.

لە گەڵ ئەوەیکە بەڕێوەبەرانی، بە سەرنووسەرو ئیدیتۆرەوە هەمیشە بە وردبینی و هەستیاری‌یەکی تایبەتەوە چاودێریی رێنووس و رێزمان و ناوەرۆکی بابەتەکانی «کوردستان»یان کردوەو تا ئێستایش هەروایە، بەڵام ئەوەندەی من لە نزیکەوە ئاگادار بوویێتم و لەم پێوەندی‌یەدا لە نووسەرانی پێشووتری ئەم رۆژنامەیەم بیستبێ، نووسین بۆ رۆژنامەی کوردستان هەستێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە، لە شێوازی نووسیندا هەست بە جۆرێک لە ئازادی دەکەی کە من بۆ «کوردستان»، ناوم لێ ناوە «پلۆڕاڵ» بوون.

«کوردستان» لە فۆرم و ناوەرۆکدا دوورە لە داخراوبوون و، چوارچێوەیەکی بەرفراوان و کراوەی هەیە کە هەم نووسەر و هەم خوێنەریش هەست دەکات کە بەڕاستی خەریکە بڵاوکراوەیەکی دیموکرات دەخوێنێتەوە. خوێنەری «کوردستان» لە

هەمانکاتدا کە خەریکە بابەتێک لە سەر بەرەنگاریی چەکدارانە بە زمانێکی ئینقلابی و شۆڕشگێڕانە دەخوێنێتەوە، بە بێ هیچ مەحدوودیەتێک دەتوانێ لە هەمان ژمارەدا، بابەتێکی تەواو جیاواز لە سەر رەهەندی مەدەنیی خەبات کە بەزمانێکی هێمن و مەدەنی نووسراوە، بخوێنێتەوە. هەروەک چۆن لە ژمارەکانی دەیەی شەستی هەتاویدا خوێنەری «کوردستان» لە هەمانکاتدا کە وتاری «پێشمەرگە رۆڵەی رزگاریدەر»ی دەخوێندەوە، دەیتوانی وتاری «لە کۆتاییدا کێشەکان هەر بە دیالۆگ و وتوویژ چارەسەر دەکرێن»، بخوێنێتەوە.

دیموکراتبوونی «کوردستان» لە ناوەرۆک و، پلۆڕاڵبوونی لە نووسین و دەربڕین دا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حیزبەی کە بۆی بووە بە ئۆرگانی بڵاوکەرەوەی بیرەکەی. لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا نووسەر ئامراز نیە. بەڵکوو کەسێکی خاوەن فکری قەڵەم بەدەستە کە، بە پێی توانای خۆی سەلاحیەتی ئەوەی پێ دراوە دیموکراتیانە بۆ میللەتەکەی بنووسێ. رۆژنامەی کوردستان کە تا ئێستایش ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتە، لە ژێر تێروانینە نەتەوەیی و دیموکراتیکەکانی ئەم حیزبەدا لە تەواوی ئەو ٧٠٠ ژمارەیەی خۆیدا، بەردەوام زمانحاڵی بزووتنەوەیەکی فرەرەهەندی دیموکرات بووە.

لە کۆتاییدا بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە حەوسەدی «کوردستان»ەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە خوێنەرانی و دەستەی نووسەرانی دەکەم و، هەر بەم بۆنەوە سەری کڕنۆش بۆ تەواوی ئەو شەهیدانە دادەنوێنم کە بەم رۆژنامەیەوە ماندوو بوون و، سپاس و پێزانین بۆ ئەو کەسانەیش کە لە سەنگەری «کوردستان»دا خزمەتیان بە گەل و نیشتمان کرد.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٠٠ - رێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٧

# «دنیای منداڵان» لە باوەشی دایکی دڵسۆزی «کوردستان»دا



عەلی بداغی

خزمەتەکانی «کوردستان» بە درێژایی تەمەنی هەر ئەوە نەبووە کە دەنگ و هاواری خەباتی شاخ و شاری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بووە، یان مەتەرێزی پاراستنی زمانی کوردی و هاوکات فێرگەی ئەو زمانە دەلالە بۆ فێرخوازانی لە هەموو بەشەکانی کوردستان بووە، بگرە ئەوەندەی توانیویەتی لە بوارەکانی دیکەی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسیدا هەنگاوی ناوە، کە باوەش گرتنەوە بۆ «دنیای منداڵان» یەک لەوانە.

ئەوە شانازییەکی گەورەیە بۆ «کوردستان» کە لە قۆناغی سەختی خەباتی شاخدا منداڵانی کوردستانی لەبیر نەکردوە، لە خەمی پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی داهاتووی نیشتماندا بووە و ئەوەی لەو پێناوەشدا لە دەستی هاتووە بۆی کردوە.

«کوردستان» کە هەر لەبنیڕا پێی وابوو هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگەی کوردەواری بەش و مافیان بەسەریەوە هەیە، ئەو بەشەی بۆ منداڵان بەخاوەن کرد و لە ژمارەی ٣٤٢ی خۆیدا وەک دیاریی ڕۆژی جیهانیی منداڵان، بە ناوی «دنیای منداڵان» بەوانی بەخشی. بەڵام ئەوە هەمووی نەبوو. «کوردستان» لێبڕابوو کە باوەشی خۆی بۆ منداڵان ئاواڵە بێڵێتەوە و هەموو مانگێک بەو دیارییە خنجیلانەیە منداڵانی کوردستان بەسەر کاتەوە. «دنیای منداڵان» کە ئێستا ببووە دڵخۆشییەکی گەورە بۆ منداڵان، ماوەی ٦ ساڵ و ٧١ ژمارە دیاریی مانگانەی «کوردستان» بوو کە ئێستا نەک هەر ئیدی وەک

پاشکۆیەکی٨لاپەڕەیی ڕۆژنامە، بەڵکوو وەک ڕێکخراوێکی منداڵان کاری دەکرد و چالاکی و بەرنامەی پەروەردەیی، فێرکاری و کاتبەسەربەردنی بۆ منداڵان ڕێک دەخست، فستیڤاڵی بەڕێوە دەبرد و بەشداریی کۆڕ و کۆبوونەوەی منداڵان لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی دەکرد.

«دنیای منداڵان» کە ئێستا ئیدی پێی گرتبوو، ماڵی خۆی جیا کردەوە و بەو هەگبە پڕ لە زانست و ئەزموونەی لە ماڵە باوانی لە «کوردستان» خستبوویە سەر یەک، لە «ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەلاتی کوردستان»دا کە ئەویش هەر بەشێک لە خەرمانلۆغەی کوردستان بوو، درێژەی بە وەشان و کار و تێکۆشان بۆ خزمەتکردنی زیاتری منداڵان دا.

## «دنیای منداڵان» و «کوردستان» لە بیرۆکەوە هەتا بەردەوامی

مانگی جۆزەردانی ١٣٨١ی هەتاوی هاوکات لەگەڵ ئامادەکارییەکان بۆ ژمارە ٣٤٢ی ڕۆژنامە کوردستاندا کاک قادر وریا پێشنیاری کرد بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان، «کوردستان» دیارییەک بە منداڵان بدا و ئەو دیارییەش با پاشکۆی ڕۆژنامە و تایبەتنامەیەکی منداڵانە بە ناوی «دنیای منداڵان» بێ. بڵاوبوونەوەی ئەو پاشکۆیە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی منداڵان و خوێنەرانی «کوردستان» بەرەوڕوو بووەوە. ئەوەش وایکرد کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیار بدا ڕۆژنامەی «کوردستان» هەموو مانگێک «دنیای منداڵان»ی لەگەڵ بێ.

خوێنەرانی دنیای منداڵان تەنیا منداڵانی نێو بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبوون کە بە جیا پاشکۆی دنیای منداڵانیان بەسەردا دابەش دەکرا، بەڵکوو گەورەکانیش هەروەها هەموو ئەو کەسانەی ڕۆژنامە «کوردستان»یان بۆ دەچوو، یان هەموو ئەو کەسانەی لە ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» و دواتر لە «کوردستان و کورد»دا سەیریان دەکرد یان دایاندەگرت؛ لە خوێنەرانی دنیای منداڵان بوون و بابەتیان بۆ دەنارد و لەگەڵی بەردەوام بوون.

«دنیای منداڵان» لە بەردەوامیی کاری خۆیدا توانی کۆمەڵێک نوێقەڵەم و کەسانی هۆگر بە نووسین و دنیای ئەدەب هەر لەنێو منداڵاندا بدۆزێتەوە کە دوای چەند ساڵ ژمارەیەکی زۆر لەوان خۆیان لە دەستەی نووسەرانی دنیای منداڵاندا دیتەوە، هەروەها توانی سنووره تەسکەکانی پاشکۆیەتیی ڕۆژنامە ببەزێنێ و وەک ڕێکخراوە و ناوەندێکی منداڵپارێزی هەڵسوکەوت بکا و بەرنامە و پلانی پەروەردەیی و فێرکاری بۆ منداڵان دابنێ. «دنیای منداڵان» هەر لەو ماوەیەدا کە پاشکۆی «کوردستان» بوو، توانی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٨٢ هەتا ١٣٨٦ی هەتاویدا چوار فستیڤاڵی هاوینە بەڕێوە ببا کە

هەر کام لەو فستیڤاڵانە دەیان بڕگەی ئەدەبی، هونەری، وەرزشی، شانۆ و گۆرانی و سروود و چالاکیی منداڵانی تێدا جێ کرابوونەوە. بەڕێوەبردنی بۆنەکانی ڕۆژی جیهانیی منداڵان و کردنەوەی پێشانگای جۆراوجۆر بەڕێوەبردنی پێشبڕکێ و فستیڤاڵە وەرزشییەکان بەشێکی دیکە لە چالاکییەکانی دنیای منداڵان بوو کە دواتریش، ئەو کاتەی «دنیای منداڵان» نەک وەک پاشکۆی «کوردستان»، بەڵکوو وەک گۆڤارێکی سەربەخۆ کاری دەکرد، درێژەیان پێدرا.

«کوردستان» بە وەشانی «دنیای منداڵان» هەر تەنیا جێژنانە و دیارییەکی بە منداڵان نەدا، بەڵکوو توانی بیانهێنێتە نێو کارێکی بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەیی و، هەستی متمانەبەخۆبوونیان تێدا بەهێزتر بکا. کاتێک کە چاو بە لاپەڕەکانی دنیای منداڵاندا دەخشێنین و، بەرهەمی نووسراو، وەرگێڕان و شێوەکاریی منداڵان دەبینین و سەیری ئەو چالاکییە هونەرییانەی وەک شانۆ و هەڵپەڕکێ و پێشبڕکێیەکانیان دەکەین و دەبینین کە چۆن دنیای منداڵان توانیویەتی ببێتە چەترێک و منداڵان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە؛ ئەو کات بە بایەخی ئەو کارە گەورەیەی «کوردستان» دەزانین کە کردوویەتی.

ئێستا کە یادی ژمارە ٧٠٠ی ڕۆژنامەی کوردستان دەکەینەوە، بۆ یادکردنەوەش بێ جێی خۆیەتی ئاماژە بە چەند ناوێک بکەین کە وەک سەرنووسەری دنیای منداڵان و پاشان وەک بەرپرسی منداڵپارێزی کە سەرپەرستیی بڵاوبوونەوەی ئەو گۆڤارەی دەکرد، کاریان کردوە و بە پرسایەتیی ئەو کارەیان لە ئەستۆ بووە؛ وەک برایم جەهانگیری، عەلی بداغی، ناسر فەتحی، عوسمان بێورانی، فەرشید محەممەدی، ئازاد عەباسیان و شیلان قوربانیفەڕ.

بێگومان ئەو خزمەتەی ڕۆژنامەی «کوردستان» بە دنیای ڕۆژنامەنووسیی منداڵان و ئەدەبی منداڵان کردی، خزمەتێکی شایان و بەبایەخ بوو، خزمەتێک کە شایانی ئەوەیە بە تایبەت، کاری توێژینەوەیی لەسەر بکرێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٠٠ - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٧

## ڕۆژنامەی کوردستان و ئەدەبیاتی بەرەنگاری



عەلیرەزا رەحیمی

یەکێک لە دەسکەوتەکانی بەنرخ و پرخزمەتی کۆماری کۆردستان گرینگی دان بە بواری فەرهەنگی و دەرکردنی بڵاوکراوەیە بە مەبەستی وشیاری بەخشین بە تاک بە تاکی کۆمەڵگە و بە کۆنکرێتی هەوڵدانێکی فەرهەنگی و فیکرییە، بۆ ئەوەی لەو سونگەیەوە کۆمەڵگە رابهێنرێ کە بتوانن لە قەبارەیەکی هاوبەش درێژە بە ژیانی سیاسی و فەرهەنگی خۆی بدا و پاڵپشتێک بێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و دامودەزگا حکوومییەکان.

یەکێک لەو بڵاوکراوانەی کە لە یەکەمین دەوڵەتی کوردستان بەیادگاری ماوەتەوە و ناوێکی ناسراوە بۆ بەشێکی زۆر لە ژۆرنالیستە کوردەکان، بێ گومان رۆژنامەی «کوردستان»ە، راستە بە هۆکارگەلێک هەڵگری پێناسەی رۆژنامەنیە و بە هەڵسەنگاندنێک لە رێژە و کاتی دەرچوون و بڵاوکردنیەوە دەتوانین ناوی کاتنامەی لەسەر دابنرێ.

ئەوە کە مەبەستی ئەم دەقەیە خستنەڕووی کاریگەریی و رەهەندە جیاجیاکانی رۆژنامەی کوردستانە کە تەمەنێکی بڕیوە و بە ئەمرۆ گەیشتووە.

زۆرن ئەو لایەن وحیزبە سیاسییانەی کە گرینگییان بە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە خۆیان داوە، تەنانەت بەشێک لە شۆڕشەکانی کورد بۆ گەیاندنی دەنگی خۆی کەم وزۆر بڵاوکراوەیەکیان هەبووە.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەی کوردستان بەم ئاکامە دەگەین کە هەربەوشێوە خۆی باسی خۆی دەکا زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە باگراوندی فەرهەنگی وفیکری دەگەڕێتەوە بۆ پەرەپێدان بە هەستی نەتەوەیی و ژیاندنەوەی گەلی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە کۆمارەوە تائێستا قوناخی جۆراوجۆری بڕیوە، سەرەڕای هەورازو نشێوی زۆری مێژووی بەسەرهاتی، دەتوانین بڵێین بە پێی هەلومەرج و توانای سیاسییەکەی هیچ کات لە پڕنسیپە بنەڕەتییەکانی خۆی لای نەداوە.

یەکێک لە خاڵی جەوهەریەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و خەبات و تێکۆشانەکەی لە ڕاستای ژیاندنەوەی گەلێکی بێ شووناس وکۆیلەی فیکریەتی داگیرکەران بوو کە ئەمەش کارێکی سووک وئاسان نیەو نەبووە و نیە.

ناسراوترین بڵاوکراوەی ئەوحیزبە کە ڕۆژنامەی کوردستان بێ، بە پێی ئیمکان و توانای خۆی خزمەتێکی بەنرخی کردوە بەو چەمکە گرینگە کە پێی دەگوترێ ئەدەبی بەرگری.

ئەدەبی بەرگری کە ژانرێکی هەرە گرینگە لە هونەری دەروەست و بەرەنگاریی، لە ئاستی جیهاندا ناسراوە و کاریگەریی و شوێندانەری هەبووە بەسەر بەشێکی زۆر لە بزاڤ و خەباتە جەماوەرییەکاندا.

بە لە بەرچاوگرتنی شکڵگرتنی ئەدەبی بەرگریی (مقاومت) لە کوردستان بە شێوەی ڕێکوپێک و ئامانجدار دەتوانین سەروبەندی کۆماری کوردستان بە خاڵێکی وەرچەرخان بزانین و ستارت لێدانی ئەو بزاڤە هونەریی و ئەدەبی‌یە کە نە تەنیا ڕۆژهەڵات بەڵکوو لەسەر ئەدەبیاتی باشووری کوردستانیش کاریگەریی دانا.

ڕۆژنامەی کوردستان لە دەسپێکەوە تەنیاوتەنیا زمانحاڵی سیاسی و مانیفیستێکی یەک لایەنە نەبووە بۆ بانگەشەی حیزبی بەڵکوو سەکۆیەک بووە لە خزمەتی بەرزکردنەوەی دەنگی ئەدەبیاتی بەرەنگاریی.

ئەوگرینگی‌یەی ڕۆژنامەی کوردستان بە زمان و ڕێنووسی کوردی داوە کە بایەخێکی فیکری و بەرچاوە بۆ شووناسی نەتەوەیی و هەرچەشنە هەوڵ وتەقەلای هاوشێوە دەچێتە خانەی ئەدەبی بەرگرییەوە. چون لە مێژووی داگیرکاری کورد و وڵاتەکەی،

یەکێک لە پیلان و پلانە سیاسی‌یەکانی داگیرکەران تواندنەوەی فەرهەنگی بووە لە ڕێگەی قەدەغە کردنی زمانی دایک کە بنەمای شووناس و ڕۆچنەی هەر گرینگی نەتەوەییە تا جێگەیەک کە ئەو چەشنە پلانە تەنانەت دەسکەوتیشی بۆ داگیرکەران زیاتر بووە تا سڕینەوەو پاکتاوی فیزیکی.

بە لە بەرچاو گرتنی ئەو خاڵانە ڕۆڵ و نەخشی بە بایەخی ڕۆژنامەی کوردستان لەوێ دایە. یەکەم هەم لە ڕێگەی زمان و وشەی کوردییەوە خزمەتی کردوە لە پانتایی جوغرافیای سیاسی خۆی، هەمیش بەستێنێکی وەها لەباری پێکهێناوە بۆ دەرکەوتن و درەوشانەی کەسانێک وەکوو هێمن موکریانی و دەیان کەسی دیکە کە درێژەدەری ڕێبازی خەباتێکی فەرهەنگی بوون هاوتەریب لە گەڵ خەباتێکی سیاسی و شۆڕشگێرانە.

ڕۆژنامەی کوردستان، نامەی ویست و بەسەرهاتی کوردستانە بەتایبەتی لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران تا چەند دەیە دوای ئەو شۆڕشە چ لەبن بەردی سەنگەر چ لە تاراوگە هەموو کات هەوڵی ئەوەی داوە کە لە تەنیشت دەیان شرۆڤەو بابەتی بەرۆژی سیاسی بەشی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بەتایبەتی لە بواری ئەدەبی بەرگری فەرامۆش نەکا، تەرخان کردنی لاپەڕەیەک لە چەندلاپەڕە بە هونەرو ئەدەب باس لەوەدەکا کە ئەو ڕاگەیاندنە هەوڵی خۆی داوە کە دەرکراوێکی پرۆفشناڵی حیزبێکی بە سیای و بە مەسئولیەت بێ.

بە هەڵسەنگاندنێکی خێرای بەشێکی بەرچاو لە قەڵەمبەدەستانی لاوی ڕۆژهەڵاتی مەبەست بەرەی چوارەم و سێیەمی دوای کۆماری کوردستان لە ڕۆژنامەی کوردستان جێگەی پەنجەی قەڵەمیان دیارە ئەمیش پرسیارێک دەخوڵقێنێ،، کە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان؟ بۆ ڕۆژنامەی کوردستان؟ وەڵامەکەشی ئەوەیە حیزبێک کە بیرکردنەوەی لە چوارچێوەیەکی نەتەوەخوازیدا بێ، بێ گومان ڕاگەیاندەکەشی هەر بەرەو ئەو ئاقارە دەچێ.

ڕۆژنامەی کوردستان بە خوڵقاندنی بەستێنێک بۆ نووسراوەو بابەتی ئەدەبی و هونەری بە پێی توانای توانیویەتی هەڵگری بەشێک لە بارگرانی ئەدەب و وێژەی بەرگری بێ.

دەتوانی یەکێک لە هاوڕێیانی تا ئێستا وەفادر بۆ ئەدەبی بەرگری بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوی ڕۆژنامەی کوردستان بێ و هەوڵەکانی ئەو بڵاوکراوەیە کە سەرەڕا بەربەست و گرفتەکانی لە بواری لەچاپدان و دەرچوون بەڵام قەت بەرانبەر بە ئەرکی خۆی وەکوو زمانحاڵی حیزبێک کە خەونێکی فرە ڕەهەند وگەورەی هەیە کەمتەرخەم و خەمسارد نەبووە.


لێرەدا جێی ئاماژەیە و ئەوە خاڵێکی گرینگە کە وەبیری بهێنمەوە کە ڕۆژنامەی کوردستان هیچ کات خۆی بە دەرکراوێکی سرف و توخ سیاسی نەبەستووتەوە، بەڵکوو بەڕێوەبەرانی ئەو ڕۆژنامەیە بە لەبەرچاو گرتنی پانتایی فیکرو هزری سیاسی حیزبی بە مەشوور وخەمخۆری دیموکراتی کوردستان ئەوە کەلێن و دەروەچەیان ئاوەڵە هیشتووە کە بواری فەرهەنگ و هونەریش گەشە بکا، بە لە بەرچاو گرتنی ئەم واقعیەتە سیاسی‌یە کە هەر بیرۆکەیەکی سیاسی دەبێ لە ڕێگای خۆیەوە بچێتە ناخی کۆمەڵگەوە کە یەکێک لە ویستە سیاسی‌یەکانی گەلی کورد پرسی مافخوازنەو شووناسخوازنەیە کە گرێدراوە بە هەستی نەتەوەیی، بۆ بووژاندنەوەی هەستی نەتەوەییش پیوێستی بەهونەرو ئەدەبی نەتەوەیی‌یە کە بەرچاوترینی ئەدەبی بەرگرییە.

ئەدەبی بەرگریش بە پێی ئەو پێناسانە کە بۆی کراوە شێوە هونەرێکی مافخوازانەیە کە باس لە کۆمەڵێک مافی بەرهەق و سەرەتایی مرۆڤەکان دەکا و ڕۆژنامەی کوردستانیش لە مێژووی خۆیدا ڕاست لەو بوارەدا هەوڵی داوە.

کۆتا قسە بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی دەسپێک و وەشان و چاپی ڕۆژنامەی کوردستان بەهەموو لەمپەر و کوسپەکانیەوە دەتوانین بە ڕاگەیاندنێکی فرەچەشن و جێگەی پشبەستنی بزانین لە زۆر بوارەوە، لە قوناخە سیاسی‌یەکانی کوردستانەوە بگرە تا هەڵوێستە مێژوویی‌یەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە هەموو گرینگتر ئەو گرینگی وبایەخ دانەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان بە قەد توانای خۆی بە ئەدەبی بەرگری داوە هەر هیچ نەبی لە زیندووهیشتنەوەی زمان و وێژەی کوردی ماندوویی‌نەناسانە هەوڵی بۆ داوە ئەویش هەروەک لەدێڕەکانی سەرەوە ئاماژەمان پێدا بەشێکی هەر گرینگە لە ئەدەبی بەرەنگاری واتە زیندوو هێشتنەوەی زمان و ئەدەبی نەتەوەیی و بە کار هێنانی لە ڕەهەندی یەکخستنی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە بۆ خەبات و تێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٧٠٠ - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٧

## رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە: ۸۰۰



# ژمارە ٨٠٠ی "کوردستان"



**خوێنەرە بەڕێزەکان!**

**ئەوە ژمارە (٨٠٠) ی «کوردستان»تان لەبەردەستدایە. ژمارەی (٨٠٠) یەکێک لەو ژمارانەیە کە لە سوننەتی ڕۆژنامەنووسیدا بە سەرفەسڵی ژیان و تەمەنی هەر بڵاوکراوەیەک دەژمێردرێن. بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە کەمتر لە سێ ساڵ وەخت پێویستە بۆ ئەوەی جێژنی دەرچوونی ژمارە (٨٠٠)ی خۆی بگرێ. بۆ بڵاوکراوەیەکی حەوتوویی دەوری ١٦ ساڵ و بۆ بڵاوکراوەیەکی نیومانگی کەمێک زیاتر لە ٣٣ ساڵ پێویستە تا ژمارە (٨٠٠)ی دەرچێ و بگاتە دەستی خوێنەرانی. کەچی کوردستانی ئێمە زۆر لە هەمووی ئەوانە زیاتری پێ چووە بۆ ئەوەی ژمارە (٨٠٠)ی دەربچێ. یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیەی "کوردستان" لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٩دا بڵاو کراوەتەوە. بەو پێیە پتر لە ٥٠ ساڵی ویستووە هەتا "کوردستان"ی ژمارە (٨٠٠) دەربچێ و بێتە بەردەستی ئێوەی خۆشەویست. ئەوە نیشان دەدا کە "کوردستان" لەگەڵ زۆر کەندوکۆسپی چاپ و بڵاوکردنەوە ڕووبەڕوو بووە و تەنانەت ئەو گومانەش پێک دێنێ کە "کوردستان" جارێک یان چەند جار بۆ ماوەیەک "داخرابێ" و بڵاوبوونەوەی "قەدەغە" کرابێ. «کوردستان»ی ئەم دەورەیە لە جێدا بڵاوکراوەیەکی مانگانە بووە و لە ژمارە ٢٨٩ (ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی)یشەوە بۆتە نیومانگی.**

**با ئەوەش بڵێین کە بۆ "کوردستان"ە خۆشەویستەکەی ئێمە هیچ کات مەسەلەی ئازادبوون و داخران لە گۆڕێدا نەبووە و جگە لە چەند مانگی پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا کە وەک زۆر بڵاوکراوەی دیکە بە زۆر ئازادیی خۆی وەرگرتبوو، هەموو کاتێک قەدەغە بووە و بە نهێنی دەرچووە. بەڵام بزانین بۆچی دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان" وا بە ئەسپایی و لەسەرەخۆ چووەتە پێش، لە حاڵێکدا وەک دەزانین لە ماوەی ئەو ٥٠ ساڵەدا هیچ وەخت کوردستان لە بڵاوبوونەوە نەوێستاوە.**

چارەنووسی "کوردستان" وەک ئۆرگان لە سەرەتای دەرچوونیەوە (١٣٢٤ی هەتاوی) بە چارەنووسی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەستراوە. ئەگەر ئاورێک وەسەر هەموو مێژووی "کوردستان" بدەینەوە دەبینین ئەو کاتە کە خەباتی حیزبەکەمان لە گەشەکردن و بەرەوپێشچووندایە، "کوردستان"یش لە ماوەی چەند مانگ تەمەنی "کۆماری کوردستان" دا ١١٣ ژمارەی لێ دەردەچێ. پاشان کە کۆماری کوردستان بە پیلانی هاوبەشی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی تێک دەڕووخێ و حیزبەکەمان بۆ ماوەیەک تێکۆشانی سیاسیی نامێنێ، "کوردستان"یش بە ناچار لە بڵاوبوونەوە دەوێستێ. کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبووژێتەوە و کادرەکانی حیزب لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا کاری سیاسیی خۆیان دەست پێدەکەنەوە، "کوردستان" وەک ڕۆژنامەی حیزب لە غەریبایەتیدا بڵاو دەکرێتەوە و لە ماوەی نیزیک بە ١٤ ساڵدا سەدان ژمارەی لێ بڵاو دەبێتەوە. بە کورتی چارەنووسی "کوردستان" لەگەڵ چارەنووسی حیزبی دێموکڕات لێک گرێ دراوە و "کوردستان" هەمیشە ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانی سیاسیی حیزبەکەمان بووە.

هەر تەماشایەکی ئەم دەورەیەی "کوردستان" بکەین کە ئێستا ژمارە (٨٠٠)ی بڵاو دەبێتەوە، شکڵ و فۆڕمەکەی پێمان دەڵێ بە چەند قۆناخدا تێپەڕیوە و چەندی کەندوکۆسپ و کەندولەند و هەورازونشێو دیوە. هەرچەند ژمارە و قەوارەیەک، قەوارەی گەورەی چاپی، قەوارەی چووکی چاپی بە ئۆفسێت، قەوارەی گەورە بە پۆڵیکوپی؛ جارێک چوار لاپەڕە، جارێک شەش، جارێک بیست و جارێک... هەتا شەست لاپەرە، هێندێک بە کوردی و هێندێک بە کوردی و فارسی و زۆر جیاوازیی دیکەش. ئەمانە هەموویان مێژووی خەباتی حیزبەکەمان و "کوردستان"ەکەمان و بەڵگەی زیندووی کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگای ئۆرگانەکەمانن. بەڵام با ئێمەش وەک هاودەم و هاوڕازی "کوردستان" بەرە لەسەر هەتیوان هەڵدەینەوە و هێندێک لایەنی ژیانی ئۆرگانی حیزبەکەمان بۆ خۆێنەرانی ڕوون بکەینەوە:

یەکەم ژمارەکانی لە غەریبایەتی دەرچوون. لەگەڵ ئەوەی لە دووره وڵات دەژیا، بەڵام بەحەق ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و داخوازەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو. دەتوانین بڵێین تا ماوەیەکی زۆر بە ڕێکوپێکی دەرچوو. بەڵام لە بەختی کورد هێلانەی لێ شێوا و لە دەربەدەرییشدا تووشی دەربەدەری بوو. ڕەنگە زۆر سەیر بێتە بەرچاو، بەڵام ژمارەی ئەوتۆی "کوردستان"مان پێ شک دێ کە سێ چوار پایتەختی بێگانەی پشکنیون هەتا جێگایەکی دەست کەوتووە لێی چاپ بکرێ.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا حیزبەکەمان بۆ چەند مانگ لەو ئازادییە کە بە قیمەتی خوێن و فرمێسک وەدەست هاتبوو کەلکی وەرگرت و بە ئاشکرا دەستی بە خەباتی سیاسیی خۆی کرد. "کوردستان"یش هەر لەو دەرفەتە کەلکی وەرگرت و چەند ژمارەیەکی بە چاپی ئۆفسێت و بە ئاشکرا لە دەیان هەزار نوسخەدا بڵاو کردەوە. بەڵام کە هێرشی بێ پەردەی ڕێژیمی

خومەینی بۆ سەر هەموو ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستان دەستی پێکرا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناچار دەستی دایە چەک و «لەو چیا و بەندەنانە سەنگەری گرت» و "کوردستان"یش وەک یارێکی بەوەفای حیزب کەوتە شاخ و لە خانووی قوڕماوی و ئەشکەوتی برشاویدا دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد. لەوساوەش تا ئێستا ژیانی لەگەڵ ژیانی حیزبەکەمان تێکەڵە و لە تاڵی و شیرینی و سەرکەوتن و تێشکانیدا شەریکە.

ئەوەی گرینگە "کوردستان" ڕۆژنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاستیدا زمانحاڵی خەڵکی کوردستانی ئێرانە. "کوردستان" ئەو (۸۰۰) ژمارەیەی بە چەندین ساڵ و لە چەند شکڵی جۆراوجۆردا لێدەرچووە. بەڵام بە شاهیدی دۆست و دوژمن و بەتایبەتی خوێنەرە بەڕێزەکانی هەموو کاتێک مینبەری ئازادی خەڵکی کوردستانی ئێران بووە و ویستەکانی ئەوانی بە ڕوونی هێناوەتە گۆڕێ.

"کوردستان" هەموو شتێکی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان دەچێ و شتێکی زۆریش سروشتییە. ئەو ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە و ئەرک و سەلاحییەتی خۆیەتی کە ئاوێنەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردانیدا بێ. "کوردستان"یش هەروەک حیزبەکەمان:

- سەربەخۆیە. لە سیاسەت و ڕێباز و بۆچوون و لێکدانەوەدا، تەنیا شتێک کە دارولەلە بۆ "کوردستان" دادەنێ قازانج و ئامانجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. هیچ هێزێک شتی پێ دیکتە ناکا و خەت و ڕێبازی نیشان نادا. لاپەڕەکانی (۸۰۰)ی ژمارەی "کوردستان" شاهیدێکی زیندووی ئەو ڕاستییەن کە ئۆرگانی حیزبەکەمان هەرگیز لە کێشە و ناکۆکیی نێوان هێزە سیاسییەکان و قودرەتە جیهانییەکاندا دەرگیر نەبووە و بە هیچ نرخێک سەربەخۆیی ڕێبازی خۆی لە دەست نەداوە.

- ڕاستگۆیە. ڕەنگە زۆر جار "کوردستان" بە سەلاحی نەزانیبێ هەموو حەقیقەتێک بخاتە پێش چاوی کۆمەڵانی خەڵک و بۆ ماوەیەک هێندێ شتی لە دڵی خۆیدا ڕاگرتبێ، بەڵام هیچ کاتێک درۆی لەگەڵ خەڵک نەکردووە و شتی پێچەوانەی حەقیقەتی پێ نەگوتوون. هەربۆیەش "کوردستان" جێگای متمانەی خەڵکی کوردستانە و ئەوان نووسراوەکانی لەبارەی هەر مەسەلەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و...وە بە سەنەد و بەڵگە دادەنێن.

- پێشکەوتوویە. دژی هەموو بیروباوەڕێکی دواکەوتووانەی سیاسی خەبات دەکا. بۆ بەرپابوونی ئاڵوگۆڕێکی قووڵی

کۆمەڵایەتی تێدەکۆشێ و هەوڵ دەدا دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی کۆنەپەرستترین توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران بێتە دەرێ و بدرێتە دەستی ئەو چین و توێژانە کە لایەنگری ئازادی و بەرامبەری و دادەپەروەریی کۆمەڵایەتین.

- هەر لە بەر ئەوانەی سەرەوەش خۆشەویستە. "کوردستان" جێگای خۆی لە دڵی خوێنەرانی کوردا کردووەتەوە. وەک بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ، ڕاستگۆ و پێشکەوتنخواز ناسراوە و خوێنەرانی هەموو کاتێک چاوەڕوانی ژمارە تازەکانی دەکەن.

- خۆش ئەوەیە جگە لە هەمووی ئەمانە لە شتێکی دیکەشدا چارەنووسی "کوردستان" وەک چارەنووسی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. هەر وەک دەزانین حیزبەکەمان لە مێژووی خەبات و تێکۆشانیدا چەند جار تووشی لەتبوون و دوودەستەیی هاتوە و قوتابیانی یەک مەدرەسە و ڕێبوارانی یەک ڕێباز لە دووسەنگەردا و تەنانەت (بەداخەوە) لە سەنگەری دژ بەیەکیشدا تێکۆشاون.

بۆ "کوردستان"یش ڕێ کەوتوە کە بۆ ماوەی چەند ساڵ بە دوو جێگا و کەموزۆر بە دوو زمانی سیاسی (و دیسان بەداخەوە) تەنانەت دژ بەیەک بڵاو بۆتەوە و زۆرجار داخوکەسەر و تەنانەت تووڕەیی و نارەزایەتیی خەڵکی کوردستانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. لەوەش گەڕێ کە برێکجار لە خۆشەویستیی ئەم ناوە بۆ شیرینکردنی بڵاوکراوەی ناحیزبی کەلک وەرگیراوە. هەر ئێستا کە ژمارە (٨٠٠)ی «کوردستان» بڵاو دەبێتەوە بۆ ١٥ ساڵ دەچێ کە هەم حیزبی دێموکڕات دوو حیزبە و هەم ئۆرگانە ناسراوەکەی بە دوو جێگا دەردەچێ، شتێک کە هیچکات بە دڵی خەڵکی دێموکڕاتپەروەری کوردستان نەبووە و نییە و نابێ. زۆر خۆشە کە ئەم بەینانە هەوڵێکی بەردەوام بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات لەئارادایە و هەموو دڵسۆزان ئارەزووی سەرکەوتنی بۆ دەکەن. سروشتییە کە بە «وەسەریەککەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکڕات»، «کوردستان»یش دەبێتەوە یەک و هەردووک لا دەبنەوە خۆشەویستە تاقانەکەی ساڵی ساڵان.

ئێستا گەلەکەمان و حیزبەکەمان یەکێک لە ناسکترین قۆناخەکانی خەبات و تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی خۆیان بەرێ دەکەن و "کوردستان"یش وەک زمانی حاڵی حیزبی دێموکرات و ئاوێنەی ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لە سەنگەری دیفاع لە ئازادیدا دەردەچێ، هەروا خۆشەویستە، هەروا سەربەخۆیە، هەروا ڕاستگۆیە و هەروا جێگای بڕوای خەڵکی حەقخوازی کوردستانە.

هیوادارین "کوردستان لە داهاتووشدا هەروا و باشتر لە جارانیش درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا و هەروەک هەمیشە چرای ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران بێ. ئارەزوومان ئەوەیە لە دواڕۆژێکی نیزیکدا کۆماری ئیسلامیی ئێران جێگای خۆی بدا بە ڕێژیمێکی دێموکراتی و گەلی، حیزبی دێموکرات بە یەکڕیزی تێکۆشانی ئاشکرای خۆی لە ئێرانێکی فیدراڵ و کوردستانێکی خودموختاردا دەست پێ بکاتەوە و "کوردستان"یش لە فەزایەکی ئازاددا وەک بڵاوکراوەیەکی ڕۆژانە لە دەیان هەزار نوسخەدا بڵاو بێتەوە.

-----

تێبینی:

ئەم وتارە کاتی خۆی بۆ ژمارە (١٠٠)ی «کوردستان» نووسراوە و بە هێندێک دەسکارییەوە فارسی گوتەنی: «بروز» کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢١

## وتەیەکی پێویست بۆ ژمارە ٨٠٠ی ئەم دەورەیەی "کوردستان"



**قادر وریا**

ژمارە ٨٠٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە کاتێکدا دەردەچێ، کە ٥٠ ساڵ بەسەر ئەم دەورەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا تێپەڕیوە، تازە ٥٠ ساڵ بڕێکیش زیاتر. چونکە یەکەم ژمارەی ئەم دەورەیە لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٩ی هەتاویدا (ژانویەی ١٩٧٠ی زایینی) درچووە و، ئێستا ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی ( ٢٠٢١ی زایینی)یە.

بۆ ئەوەی بزانین چ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لەو ناوچەیەی کە ڕۆژنامەی "کوردستان" تێدا دەرچووە، پێکهاتووە، (دەبێ لە بیرمان بێ) چوار جۆر سیستەمی سیاسی و دەسەڵاتداریتی لەو ناوچەیەدا گۆڕاون کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ڕۆژنامەی "کوردستان". لە ئێران ڕێژیمی شایەتی هەبوو، ئەو لاچووە، پاشان ڕێژیمێکی دیکە هاتووەتە سەر کار. لە کوردستان و لە عێراق ڕێژیمی بەعس هەبووە، ئەو ڕووخاوە، یەکی دیکە هاتووەتە جێگەی و، پاشان لە باشووری کوردستان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە. "گۆڕانە سیاسییەکانی" ئەو سەردەمە دوور و درێژە کاریگەرییان لەسەر ژیان و تێکۆشانی ڕۆژنامەی "کوردستان" هەبووە.

٥٠ ساڵ یانی هاتن و چوونی چەند نەسل، چەند نەسل هاتووەتە نێو ڕۆژنامەی "کوردستان". نەسلی یەکەم هی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بووە، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش، نەسلێکی دیکە لە کارگێران و نووسەران هاتووە، لەو کاتەوە ئەگەر نەڵێم سێ نەسل، لانیکەم دوو نەسل هاتوون و ڕۆیشتوون. هەر نەسلێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، زەوق و سەلیقەی خۆی هەیە، بیروبۆچوونی خۆی هەیە. لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەی بیری هەموومان حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، بەڵام بەهەرحاڵ هەر

نەسڵەش ئیبتیکاری خۆی، داهێنانی خۆی، زەوق و سەلیقەی خۆی، کاریگەریی خۆی هەبووە لەسەر ڕۆژنامەی "کوردستان". وەک سەعدی دەڵێ:

"هر که آمد عمارتی نو ساخت
رفت و منزل به دیگری پرداخت."

هەر نەسلێک کە هاتووە - بەو هەموو جیاوازیانەشەوە، ڕەنگە لە سەلیقەمان، لە جیهانبینیماندا جیاوازی هەبووبێ - بەڵام یەک ڕەساڵەتمان لەسەر شان بووە، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکرات، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکرات درێژە پێ بدەین. ئەسڵ بەردەوامییەکەیە و، ئەو ڕەساڵەتەیە کە لەسەر ڕۆژنامەی "کوردستان" بووە. زۆرجار هەوڵمان داوە لەم جۆرە دەرفەتانەدا ئەوانە کە لە ڕۆژنامە "کوردستان"دا زەحمەتیان کێشاوە و تێکۆشانیان هەبووە، واتە جێ پەنجەیان بە تێکۆشانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە دیارە، بەسەریان کەینەوە و، وا بکەین لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا یادیان بکرێتەوە. لەم دەرفەتەدا ناکرێ ناوی هەموویان بێنین، بەڵام لەم بۆنەیەدا من پێم خۆشە ژمارەیەک لەوانەی لە ژیاندا نەماون و لەو دەورەیەی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا ڕۆڵیان هەبووە - لە جارەکانی پێشووشدا ناومان هێناون - ناویان بێنین. بە تەرتیبی شەهید بوون و مردنیان، لە پێش هەمووواندا، شەهید عوسمان یەزدانپەنا (جەلال میراوەیی)، مامۆستا هێمن، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی، کاک کەریم حیسامی، کاک عەبدوڵڵا شەریفی، کاک سەلام عەزیزی، کاک تاهیر ڕەسووڵنژاد، کاک عوسمان ڕەحیمی و کاک ئەحمەد قازی، ئەو کۆمەڵە مرۆڤە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" لە بەشی جۆراوجۆردا کاریان کردوە. لەم ساڵانەی دواییشدا، بەتایبەت لەو یەک دوو ساڵەی دواییدا، لەوانە کە ساڵانێکی دوورودرێژ لە ڕۆژنامەی "کوردستان" دا کاریان کردووە، یان لە بڕگەیەکدا کاریان کردووە و، لە نێوماندا نەماون. کاک فەتاح کاویان، کاک ئەنوەر سوڵتانپەنا، کاک ڕەحمان پیرۆتی، کاک تەیفوور بەتحایی، کاک جەلیل گادانی و کاک سەلاح مێهرپەروەر لەو کەسانەن. ئەو کۆمەڵەش لەو ساڵانەی دواییدا بەجێیان هێشتین، یادی هەموویان بەڕێز بێ. من بۆ خۆم لە ژمارە ١٣٥ی "کوردستان" یانی لە ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٦ەوە کە دەکاتە مارسی ١٩٨٨ هاتوومەتە نێو بنەماڵەی ڕۆژنامەی "کوردستان"، هەتا ساڵی ٢٠١٨ بە بەردەوامی لەگەڵ ڕۆژنامە کارم کردووە، لە پلەی جۆراوجۆردا وەکوو ئەندامی دەستەی نووسەران، وەک بەرپرسی چاپەمەنی، وەک جێگری بەرپرس، وەک سەرنووسەر و ئەوانە. یانی ٣٠ ساڵێک بە بەردەوامی لە ڕۆژنامەدا کارم کردووە. لە ساڵی ٢٠١٨ەشەوە هەتا ئێستا، ناو بە ناو هاوکاریی "کوردستان" م کردووە. پێم خۆشە سوپاس و قەدرزانی بکەم لە هەموو ئەو کەسانەی کە هاوکارم بوون، هاوکاریان بووم، لێیان فێر بووم و، بە هاوکاریی ئەوان توانیومانە بەردوام بین. بەتایبەتی پێمخۆشە ناوی ئەو کەسانە بێنم کە بەرپرسایەتیی ڕۆژنامەیان لە

دوای خۆم لە ئەستۆ بووە، بە تەرتیب ئەگەر بڵێم، کاک عەبدوڵڵا بەهرامی (ئالان)، خاتوو کوێستان فتووحی، کاک سیامەک قەوی پەنجە، کاک حەسەن شێخانی و کاک عەلی بداغی، لەو کەسانەن کە بەرپرسایەتیی ڕۆژنامەی "کوردستان" یان لەسەر بووە. ئەو قەدرزانییە بە تایبەتی لەو بارەوەیە کە خۆشحاڵم لە دوای خۆشم، "کوردستان" هەر بەردەوامە. هیوادارم هەر بەردەوام بێ و، بەرەو پێش بچێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢١

---

## "٨٠٠"ـەمین مۆمی داگیرساوی نیشتمان




مستەفا شەڵماشی

ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە ژمارەکەی گەیشتە هەشت سەد ژمارە و تەمەنیشی گەیاندۆتە ٧٥ ساڵ، یەکێک لە گرینگترین بڵاوکراوە نەتەوەییەکانی کوردە. "کوردستان" بەدرێژایی ئەو ٧٥ ساڵە هەرگیز لە داگیرساندنی مۆمی ڕووناککەرەوەی نیشتمان نەوەستاوە و تا ئێستا ٨٠٠ مۆمی ڕووناکیبەخشی بڵاو کردۆتەوە. دیارە پێش لەدایکبوونی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش، هەر بەو ناوە ڕۆژنامەی دیکە بڵاو بووەتەوە کە جێگا پەنجەی لەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دیارە و جێگای باسکردن و شرۆڤەکردنێکی جیاوازە کە لەم نووسینەدا ناتوانرێ مافی تەواوی خۆی پێ بدرێ، بۆیە لێرەدا باسەکەی من تەنیا پەیوەندیی بە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە.

ڕۆژنامەی "کوردستان" هەر لە ژمارە یەکیەوە کە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤(١١ی ژانویەی ١٩٤٦) لە مەهاباد بڵاو بووەتەوە، ڕیسالەتی پارێزگاری لە کوردستان و نەتەوەی کوردی بە پانتایی هەموو نرخە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان وەئەستۆ گرتووە و تا ئەمڕۆش ئەو ڕیسالەتەی هەر لە باوەش گرتووە. سەروتاری ژمارە یەکی ڕۆژنامەی "کوردستان" نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە و بە زمانێکی پاراو و ساکار ئەو خەتە نەتەوەیی و نیشتمانییەی بۆخۆی دیاری کردووە. سەروتاری یەکەم ژمارە بە قەڵەمی "سید محەممەد حەمیدی" بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

"لەم کاتەدا کە خاکی کوردوستان لە هەموو وەختێک زیاتر پێویستیی بە فیداکاریی کوڕەکانیەتی بۆ ڕاگرتن، بۆ وەدەستهێنانی سەربەستی و ئازادیی خۆیان و بۆ وەدەستخستنی وسائیلی پێشکەوتنی هاونیشتمانییەکان دە تەقەلا دان. لەم وەختەدا کە هەموو نەتەوەکانی عالەم غەیرەز سەربەستی و گەورەیی نیشتمانەکەیان ئامانجێکیان نییە و بە شەو و بە ڕۆژ بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە هەوڵ دەدەن؛ ئێمە خەریکی چین و ئامانجمان چییە؟"

نووسەر دوای لێکدانەوەیەکی کورت لە سەر وەزعی ئەوکاتی کوردستان بەم جۆرە کۆتایی پێ دێنێ:

"ئێمە کە بە دڵمانا نەدەهات خاوەنی چاپخانە و ئینتیشارات بین؛ ئەوا بە یارمەتیی خودا نامەی "کوردستان" داندرا و هەوەڵ ژمارەی بڵاو کراوە. ئەم نامەیە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە. دەیەوێ قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتیحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناغەکەی بە زانست و هونەر و لەشساغی داندرابێ و بتوانێ دەگەڵ سێڵاوی دوبەرەکی و بێدینی و هەمو جۆرە ڕەوشتێک کە بۆ سەربەستی زەرەر بێت بەربەرەکانی بکا، هیوامان وایە ئەم قەڵایەی کە خەریکین قایمی بکەین؛ وەها قایم و بەهێز بێت کە هیچ هێزێک نەتوانێ بەربەرەکانی لە گەڵا بکا."

ڕۆژنامەی کوردستان لە تەواوی تەمەنی خۆیدا ئەو ئامانجە سەرەکییەی کردووەتە بەردی بناغەی بەرنامە و نێوەرۆکی بابەتەکانی و بە میکانیزمی ڕاستگۆیی، پاراوی لە شێوە زمانی کوردیدا و وەفاداری بە مەسەلە نەتەوەییەکە لە کاری خۆی بەردەوام بووە. دیارە سروشتییە لە قۆناغە جیاوازەکاندا "کوردستان" ڕەنگە بەرەوڕووی گەشەکردن یا لاوازبوون بوویێتەوە، بەڵام خەتی نەگۆڕیوە و لە چالاکی نەوەستاوە.

ئەم ڕۆژنامە پڕ بایەخە لە سەردەمی کۆماردا ١١٣ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە - کە هێندێک لە ژمارەکانی بەداخەوە بەردەست نین- کە بە خۆشییەوە لە بەرگێکی جواندا بە هاوبەشیی "دەزگای ئاراس" و "بنکەی ژین" سەرلەنوێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە

و ئەرکی ئامادەکردنی لە سەرشانی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح بووە. دەتوانم بڵێم کە ئەم کارە بەبایەخە نرخی شایانی خۆی لە لایەن ئەو دوو کەسەوە پێدراوە و بە شێوەیەکی زۆرجوان و ڕێکوپێک، بە زانیاری باشەوە لەسەر نووسەر و بەڕێوەبەرانی و بە پۆلێنکردنی باسەکانی بەرگێکی تازە و شیاویان بە بەر ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئەم قۆناغەدا کردووە.

لە قۆناغی دوای کۆماری کوردستاندا لووتکەی گەشە و ناسرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دوای پێکهاتنی کۆنفڕانسی سێ و دەستبەکاربوونی شەهید دوکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزب دەست پێ دەکا و تا ساڵی ١٩٧٩ کە حیزب دەگەڕێتەوە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژەی هەیە. لەو سەردەمەدا بە کادری نووسینی وەک دوکتور قاسملوو، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، مامۆستا هێمن، کاک کەریمی حیسامی، کاک هاشمی کەریمی، کاک جەلال میراوەیی، کاک حەسەن ڕەستگار، کاک حەمەدەمینی سیراجی و چەندین کادری لێوەشاوەی حیزبی دیکە و هاوکاری چەندین ڕووناکبیری باشووری کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان بەردەنگێکی زۆری لە باشووری کوردستان بەدەست هێنا و بە هۆی ئەدەبیاتی جوان و زمانی پاراوی کوردییەوە بوو بە یەکێک لە سەرچاوە بەنرخەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی. لەو سەردەمەدا من خۆم کە لاوێکی قۆناغی دواناوەندیی قوتابخانە بووم، شانازی ئەوەم هەبوو کە لە بڵاوکردنەوەیدا هاوکاری بکەم و خوێنەری هەموو ئەو وشانە بم کە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەیان پێ دەڕازایەوە. بەڕاستی دەتوانم شاهیدیی ئەوە بدەم کە ئینسان لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" چێژی دەبرد. هەم فێری کوردییەکی ڕەسەن و پاراو دەبوو، هەم زۆر بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەدەبی و هونەریی دەخوێندەوە. زۆر ڕەخنەی بابەتی و جێگای سەرنجی بەرچاو دەکەوت و گەلێک زانیاری بە کەڵکی وەردەگرت. بەخۆڕایی نەبوو کە ڕووناکبیرانی کوردستان بە چاوەڕوانییەوە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیان تاقیب دەکرد و کتێبخانەکان بە باوەشی ئاواڵەوە ڕۆژنامەی "کوردستان"یان وەردەگرت تا بڵاوی بکەنەوە.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ڕۆژنامەی "کوردستان" دیسان لە فۆڕمێکی دیکەدا، بەڵام بە هەمان ئامانج و نێوەرۆک لەنێو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە زێدی لە دایکبوونی، واتە شاری مەهاباد دەستی بە بڵاوبوونەوە کردەوە. ئەم قۆناغە بۆ ڕۆژنامەی کوردستان هەروەک بۆ خاوەنی ڕۆژنامەی کوردستان قۆناغێکی پڕ هەوراز و نشێو و سەرکەوتن و شکان بووە، قۆناغی ماڵ بەکۆڵی و شاخەوشاخ کردن بووە. لە مەهابادەوە بۆ دۆڵی شێخان، بۆ شیوەجۆ، بۆ دولکانی ناوچەی ئالانی سەردەشت، بۆ گەلاڵە، بۆ گەورەدێ، بۆ قەندیل و لە کۆتاییدا بۆ کۆیە، بە سەرشانی دڵسۆزانی حیزب و گەلەوە ماڵی بۆ گوازراوەتەوە و لە کەش و هەوایەکی پڕ کێشە و شەڕ و بەربەرەکانێیدا درێژەی بە ژیان داوە. کەوتووە و هەستاوەتەوە، وەک حیزبەکەی دابەش بووە لە دوو جێگا و دوو بەرگی جیاوازدا بڵاو بوەتەوە، بەڵام لە ڕێبازە نیشتمانی و نەتەوەییەکەی لای نەداوە.


لە بارەی گرینگی پێدانیشەوە ڕۆژنامەی کوردستان قۆناغی جیا جیای دیوە. قۆناغی وای دیوە کە هەم نووسەری باش بەهۆی ئەوەوە ناسراوە، هەم ئەو بە هۆی نووسەری باشەوە گەشەی کردووە. وەک قۆناغی سەردەمی کۆمار و سەردەمی بڵاوبوونەوەی لە باشوور. بەڵام قۆناغی واشی دیوە کە بە هەر هۆیەکەوە بووبێ، نووسەرەکانی نادیار و بەڕێوەبەرەکانی سەربازی ون بوون. لە دوای کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە تا ماوەیەک دوای کۆنگرەی حەوتی حیزب کە من بۆخۆم شانازی نووسین، دەستەی نووسەران و تەنانەت (ئەو کاتەی لە دولکان بووین) سەرپەرستیی ئینتیشاراتم هەبوو کە ڕۆژنامەی "کوردستان"یش بەشێک بوو لەو ئۆرگانە، حیزب لە ڕاستیدا زوڵمی لە نووسەران و بەڕێوەبەرانی دەکرد و ناوی هیچ کەس لەگەڵ نووسراوەکەی نەدەهات. هەربۆیەش نووسەرانی ئەو سەردەمە ون بوون و زۆرتر ڕۆڵی سەربازی ونیان هەبوو. بۆیە بەداخەوە ئەگەر ئێستا کۆکردنەوە و شیکردنەوەیەکی وەک ئەوەی سەردەمی کۆمار بۆ ڕۆژنامەی کوردستان بکرێ، ناتوانرێ ئاوا بە جوانی تەنانەت بیۆگرافییەکی کورتی بەڕێوەبەران و نووسەرانی لە مێژوودا تۆمار بکرێ. بەداخەوە ئەو بڕیارەی حیزب کە لە بەشێکیدا من بۆخۆشم تێیدا بەشدار بووم، زوڵمێکە لەوانەی کە زەحمەتێکی زۆریان لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا کێشاوە. بەڵام بە خۆشیەوە لە دوا قۆناغی ڕۆژنامەکە دا تا ئێستا دیسان بە شێوەیەکی شەففاف ڕۆڵی هەر کەسێک تێیدا چالاک بووبێ دیارە.

هەر گەشاوە بێ ئەستێرەی "کوردستان" لە ئاسمانی ئەدەب و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢١

جوولای ٢٠٢١

## "کوردستان" بەردەوام توانیویەتی ڕەسالەتی ڕۆژنامەگەری خۆی بپارێزێ




(دەقی قسەکانی کەماڵ کەریمی، بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات لە سمیناری یادی دەرچوونی ژمارە ٨٠٠ی "کوردستان"دا)

لەسەر ئیزنتان، قسەکانم بە ئیجازە و سپاس لە بوونی کەسێک لە نێوماندا دەست پێ دەکەم، کە زۆرترین ماندووبوونی بە ڕۆژنامەی "کوردستان" بە تایبەت لە دەورەی سێهەمی دەرچوونیدا لەسەر شان بووە و زۆرترین کاریگەری بە تایبەت لە باری زمانی کوردییەوە لەسەری هەبووە، ئەویش مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەیە.

هەوڵ دەدەم قسەکانم کورت بکەمەوە بۆ ئەوەی کاتێکی زیاتر بۆ هاوڕێمان قادر وریا بمێنێتەوە کە ساڵانێک چ بە نووسینە پڕبایەخەکانی و چ وەک بەڕێوەبەری سەرەکی ڕۆڵی چالاکی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا هەبووە و بێگومان سوودی زیاتر لە قسەکانی وەردەگرین. بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەم کە لەو سمینارەدا ئامادە بوون بۆ ڕێزلێنان لە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە بۆ دەرچوونی بەردەوامی ڕۆژنامەی کوردستان وەک بەشێک لە ڕاگەیاندن و زمانحاڵی حیزبی دێموکرات، لە کاری جیاجیادا لە نووسین، وەرگێڕان، ئامادەکردنی بابەتە جۆراوجۆرەکان هەتا دەگاتە دیزاین و چاپ و بڵاوکردنەوە ئەرک وەخۆگرانە خۆیان ماندوو کردووە.

ڕاگەیاندن بە مانای گەیاندنی بیر و زانیاریی نوێ بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی زۆر لە کۆنەوە بووەتە ئامرازێک بۆ تێگەیاندنی خەڵک و بۆ مەبەستە تایبەتەکان هۆکارێک بووە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵە جیاوازەکان. ئەگەر سەردەمانێک تەنیا دەسنووس و دواتر چاپ و بڵاوکردنەوەی نووسراوەکان هەبوو، لە سەردەمی نوێدا پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی بووەتە هۆی

پەرەگرتنی دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن و دەبینین ئێستا لە هەر شوێنێک بین بە حاسانی دەستمان دەگاتە نوێترین زانیارییەکان. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە لە کاتێکدا لەوانەیە بە دەیان هەزار کاناڵی تلویزیۆنی و ئێنترنێتی هەبێ، لە کاری ڕاگەیاندندا دیسان ڕۆژنامە چ بە شێوەی چاپ و چ ئێنترنێتی لە هەموو جیهاندا پێگەی خۆی پاراستووە. بۆیە دەبێ لەو جۆرە ڕوانینەوە سەیری ڕۆژنامەی "کوردستان"یش بکەین، پێگەی ڕۆژنامەکەمان هەڵسەنگێنین و یارمەتی بدەین بە پەرەپێدان بە تواناکانی وەک یەکێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

هەموو دەزانین بڵاوبوونەوەی "کوردستان"ێکی قاچاخ کە لە تەمەنی ٧٥ ساڵەی خۆیدا تەنیا کەمتر لە دوو ساڵ لە زێدی لە دایکبوونی چاپ بووە و باقی تەمەنی لە قۆناغی جیاجیادا لە ئاوارەییدا و زۆرجار بە دزی و بە خۆشاردنەوە سەری لە چاپخانە وەدەرناوە، کارێکی گەلێک بەزەحمەت بووە. بەڵام دیسان لە ژیاندا مایەوە و ئەرکی ڕۆژنامەگەریی خۆی بەجێ گەیاندووە.

- کوردستان ڕۆژنامەیەکە کە لە هەموو دەورەکانی دەرچوونیدا هەوڵی داوە بە خۆبەدوورگرتن لە باس لەسەر کێشە لاوەکییەکان و سەرنجدان بە پێویستیی گەیاندنی زانیاری بەکەڵک لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و زانستییەوە، ڕەسالەتی ڕۆژنامەگەری خۆی بپارێزێ و لەپێناو گەیاندنی زانیاری بە خوێنەرانی و یارمەتیدان بە چوونەسەری ئاستی تێگەیشتوویی خەڵک و وشیاری نەتەوەیی لەلایەک و لەلایەکی دیکەش لەپێناو خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردیدا، خزمەت بکا.

- وەک باسکرا ئەم ڕۆژنامەی کوردستانە بە هۆی وەزعی سیاسی ئێران و بەردەوامی خەباتی خۆڕاگرانەی خەڵک بە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە چەند قۆناغی جیاوازدا و دواکەوتنی بڵاوبوونەوەی بەردەوامی بۆ ماوەی چەندین ساڵ، لەوانەیە ڕۆژنامەیەک نەبێ کە ژمارەی دەرچوونی بەپێی تەمەنی ٧٥ ساڵەی بێ. بەڵام ئەگەر ئەو هەلومەرجەی کە لەو دەیان ساڵەدا بۆ کوردستان و حیزبی دێموکرات هاتووەتەپێش وەبیر بێنینەوە بە جۆرێک ڕازیمان دەکا لەوەی کە لە یادی دەرچوونی ژمارە ٨٠٠یدا شانازی بە ماندووبوونی دەیان تێکۆشەری خەمخۆری ئەم ڕۆژنامەوە بکەین کە لە هەموو ئەو ساڵانەدا خۆیان ماندوو کردوە هەتا ئەم کوردستانە لە کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی وەپاش نەکەوێ و پێگەی خۆی بەم ڕادە ژمارە کەمەشەوە بە قایمی بهێڵێتەوە.

ئەم ڕۆژنامەیە کە ئیستا باس لە دەرچوونی ژمارە ٨٠٠ی دەکەین و ئەمە تەنیا ئەو ژمارانەن کە بە ناوی دەورەی سێهەمی

کوردستانەوە بڵاوکراونەوە، لە چەند قۆناغدا و هەر بەن ناوە چەند سەت ژمارەیەکی دیکەی لێ بڵاو بوەتەوە کە دەکرێ ئاماژە بە هێندێکیان بکەین.

١- ڕۆژنامەی "کوردستان" دەورەی یەکەم کە دوای مانگێک لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم ژمارەی دەرچوو کە سەرجەم ١١٣ ژمارەی بڵاوکرایەوە.
٢- "کوردستان" کە بە هیممەتی شەخسیی دوکتور قاسملوو و کاک کەریم حێسامی لە دەرەوەی وڵات دەردەچوو، کە چەند ژمارەیەکی لێ بڵاو بووەتەوە.
٣- دەورەی سێهەمی "کوردستان" کە یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٣٤٩ بڵاو بووەوە و هەتا ئێستاش بەردەوامە و ئەمڕۆ بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە ٨٠٠ی لێرە کۆ بووینەوە.
٤- هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکانی ئەم دەورەیەی "کوردستان" لە ساڵەکانی ١٣٦٧ هەتا ١٣٧٥ بە هەمان ناو ڕۆژنامەی "کوردستان" لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ چاپ دەکرا کە ئەویش نزیک بە ٨٠ ژمارەی بڵاو بووەوە و دوای تێکەڵبوونەوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەفرانباری ١٣٧٥ کۆتایی بە چاپ و بڵاوبوونەوەی هات.

بە هیوای بەردەوامی خەباتی ڕۆژنامەوانیی "کوردستان" و دیسان سپاس بۆ هەموو ئەو دڵسۆزە تێکۆشەرانەی بە فکر و بە قەڵەمەکانیان هەوڵیان داوە "کوردستان" وەک ڕۆژنامەیەکی موعتەبەری سیاسی بچێتە دەستی خوێنەرانی و سپاس بۆ هەموو ئێوەش کە بوونتان لێرە دڵگەرمییەکە بۆ بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢١

# من و ڕۆژنامەی "کوردستان"



د. کامران ئەمین‌ئاوە

بە خۆشییەوە ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان" زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشتۆتە ٨٠٠. هەڵسەنگاندن و نووسینی مێژوو و بەسەرهاتی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەسەرەتاوە تا ئێستا کارێکی ساکار نەبووە و پێویستی بە کارێکی پسپۆڕانە لەلایەن کۆمەڵێک زانای ئەم بوارەوە بووە. وێڕای ئەوەش لە نەبوونی ئارشیوێکی دەوڵەمەند توێژینەوەی زانستیی ئەم تەوەرە و شیکردنەوەی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی پتر لە ٧ دەیە کار و چالاکی "کوردستان"، کارێکی هاسان نییە.

وێڕای چاپ و بڵاوبوونەوەی کۆی "کوردستان"ی سەردەمی کۆماری کوردستان (١٣٢٥ - ١٣٢٤ هەتاوی) لە لایەن بنکەی ژین لە ساڵی ٢٠٠٧ و، چاپخانەی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠١١، بە داخەوە ئارشیوێک لە "کوردستان" - ەکانی چاپی باکۆ، ئی ئورووپا و باشووری کوردستان پێش شۆڕشی ڕێبەندانی ٥٧ی هەتاوی لەبەردەستدا نییە و دابڕانەکانی نێو حیزب و بڵاوبوونەوەی "کوردستان" وەکو ئۆرگانی چەندین باڵی دێموکراتیش کاری لێکۆڵینەوەکە هەتا ڕادەیەک ئاڵۆزتر دەکا.

لێرەدا ناچمە نێو قووڵایی بەسەرهات و چارەنووسی "کوردستان" و نووسەرەکانی کە بەهۆی زەحمەت و چالاکیی ئەوان چرای ژیانی ڕۆژنامەی "کوردستان" پتر لە ٧ دەیە ڕۆشن ڕاگیراوە، تەنیا پێم خۆشە بە کورتی ئاوڕێک لە ئەزموونی هاوکاریی خۆم بە درێژایی نزیک بە ١٢ ساڵ لەگەڵ ڕۆژنامەی "کوردستان" و هاندەری من بەرەو ئەو کارە بدەمەوە.

هەرچەند پێش دابڕانەکەی ساڵی ٢٠٠٦ یەک دوو وەرگێڕدراوێ خۆم سەبارەت بە مێژووی کوردستان لە "کوردستان مێدیا"دا

بڵاوکردبۆوە، بەڵام هاوکاریی جیددی من لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٩. من بابەتێکی مامۆستای ئەمر حەسەن قزڵجی -م بە ناوی "هەستکردن قەدەغەیە" وەرگێڕاوە سەر زمانی فارسی و لەگەڵ پێشەکییەکی کورت سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی مامۆستادا ناردم بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان". ئەو بابەتە لە ژمارەی ٥٠٨ی "کوردستان" ڕێکەوتی ٢٠ ئاوریلی ٢٠٠٩ چاپ و بڵاو بۆوە. ئیتر لەو ساڵەوە تا ئێستا کەم و زۆر بەڵام بەردەوام هاوکاریی "کوردستان"م کردووە. هاندەری من بۆ ئەم هاوکارییە وەکو دۆستی حیزب، پێوەندی بە دوو خاڵی سەرەکییەوە هەیە:

- **یەکەم**، زۆر جار نێوەڕۆکی بابەتەکانی من لە بواری سیاسەت، مێژوو، تەنانەت ستراتیژیی خەباتی نەتەوەیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەبایی لەگەڵ سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبووە، سەرەڕای ئەوەش، بێ شرۆڤە و کەموزیادکردنێک لە "کوردستان" دا بڵاو بوونەتەوە. من ئەو چەشنە هەڵسوکەوتە بەرز دەنرخێنم و هیوادارم بەرپرسانی ئەو ڕۆژنامەیە درێژە بەم سیاسەتە بدەن هەتا "کوردستان" بتوانێ شوێنی ڕەنگدانەوەی بیروهزری جیاواز و ڕەنگاوڕەنگ بێ. ڕێزگرتن و ڕێ پێدان بە بڵاوبوونەوەی بیروڕای جیاواز یاریدەدەری گەشەسەندنی بیر دێموکراسیخوازی و تەمرینی دێموکراسی لە حیزب و کۆمەڵگە دەبێت.

- **دووهەم**، لەو ماوەیەدا سەرنووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"یش بە چەشنێک هاندەرم بوون بەرەو هاوکاری کردن لەگەڵ "کوردستان". بەڕێزان کاک قادر وریا، خاتوو کوێستانی فتووحی و کاک عەلی بداغی بە هەڵسوکەوتی خۆیان توانیویانە ڕۆڵی ئەرێنییان لە ڕاکێشانی کەسانی ناحیزبی بۆ هاوکاری لەگەڵ "کوردستان" هەبێ. کاک قادر وریا نەک هەر وەک چالاکێکی حیزبی، بەڵکوو وەک بیرمەند و نووسەرێکی بە توانا و تەنانەت وەک دۆستێکی خۆشەویست ڕۆڵێکی باشی لەم پێوەندییەدا گێڕاوە. بەم حاڵەش سەرەتای کاری جیددی من لەگەڵ "کوردستان" دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێک کە خاتوو کوێستان فتووحی بەرپرسی "کوردستان" بوو. کوێستان لە کاری ڕۆژنامەوانیدا کەسێکی جیددی، بەرپرس، گەلێک هەستیار و ووردبینە، تەنانەت بۆخۆیشی قەڵەمێکی تیژ و بەهێز، بە هەستێکی قووڵی ژنانەوە هەیە. بۆ من گەلێک جێی خۆشحاڵی بوو کە ژنێکی ئاوا "قائم به ذات" بەرپرسی ئۆرگانی ناوەندی حیزبی دێموکراتە و هەموو کات و ساتی خۆی لە خزمەتی حیزب و نەتەوەکەی دادەنێ. پێداگری لەسەر بیرو بۆچوونی سێکولار و دێموکراسیخوازانە، بەرگری لە مافی ژنان و سووربوون لە بەشداری ژنان لە کار و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگایەکی "پیاوسالار"دا - کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش بە چەشنیک دەگرێتەوە، لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی کەسایەتیی کوێستان بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ ئەو وەکوو بەرپرسی ئەم ڕۆژنامەیە بوو.

لەو کاتەوەش کە کاک عەلی بداغی بۆتە بەرپرسی ڕۆژنامەی "کوردستان"، من شایەدی چالاکی و ماندوویی‌نەناسی و بەرپرسیاتییەکی زۆری ئەو بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ کەسایەتییە ناحیزبییەکان و درێژەپێدان بە بڵاوکردنەوەی بیری جیاواز و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی دیکەم. بێگومان ئامادە و چاپکردنی ئۆرگانی ناوەندیی حیزب، ئەویش هەر دوو حەوتوو جارێک، کارێکی هاسان نییە و پێویستی بە ئەرک و هەڵسووڕانێکی بەرپرسانە و بەردەوام هەیە، کارێک کە تەنانەت زۆربەی حیزبە سەرتاسەرییەکانی ئێران بە گەلێک ئیدیعاوە بۆیان جێ بە جێ نابێ.

بە داخەوە چەندین دەیەیە ڕۆژنامەی"کوردستان" لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاو دەبێتەوە. هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئێمە شایەدی کۆتایی هاتن بە ژیان و دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامی ئێران و چاپ و بڵاوبوونەوەی "کوردستان"ی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئازادکراو بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢١

# "کوردستان"، ڕۆژنامەیەک بۆ هەموو وەرزەکان



ناسر باباخانی

"ئاماژە: ئەم وتارە دەقی قسەکانی کاک "ناسر باباخانی" نووسەر و مامۆستای زانکۆ لە ئەمریکایە کە بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە ٨٠٠ی ڕۆژنامەی کوردستان لە سمینارێکدا کە لە لایەن کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چووە، پێشکەش کراوە."

ئەم کاتەتان باش!

بەخێرهاتنی سەرجەم ئامادەبووانی بەڕێز دەکەم بۆ سمیناری یادی دەرچوونی ٨٠٠ەمین ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

بە پێویستی دەزانم هەر لێرەوە سەری ڕێز و نەوازشی خۆم دانوێنم بۆ سەرجەم ئەو قەڵەمانەی لەم ڕۆژنامەیەدا بابەتیان نووسیوە، هەروەها بۆ سەرجەم ئەو پێشمەرگانەی کە دەکرێ وەک پێشمەرگەی قەڵەم نێودێریان بکەین هەر لە سەرەتای دەرچوونی یەکەم ژمارەی کوردستانەوە هەتا ئێستا. چون ئەوانەی ئەرکی ڕاپەڕاندنی ڕۆژنامە و گۆڤاریان لەئەستۆ بووە، دەزانن ئەمە چەندە کارێکی تاقەتپرووکێن و چەندە ئیشێکی دژوارە. هەروەها پیرۆزبایی دەکەم لە حیزبی دێموکراتی

کوردستان بەتایبەتی لە بەشی ڕاگەیاندن بە بۆنەی دەرچوونی ٨٠٠ەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان.

بەر لەوەی کە بپەڕژێمە سەر دەقی قسەکانم، دوو خاڵە وەک پێشەکی پێم خۆشە ئاماژەیان پێ بکەم.

**یەکەمیان** وەک ئاگادار کرام بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە تەشریفیان هەیە لەم سمینارەدا و لەبەر ئەوەی کە پێموایە مامۆستا، یەکێک لەو کەسانەیە کە زیاترین بابەت و وتاری لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسیوە، جا چ بە وتار بووبێ چ بە دیمانە بووبێ، بە حوکمی ئەوەی کە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی خولی سێهەمی ڕۆژنامەی "کوردستان"، لە پاش شەهید دوکتور قاسملوو بەرپرسی ڕۆژنامە و سەرنووسەر بووە و پاشان لە پەروەردە کردن و ڕاهێنانی سەرنووسەرەکانی دیکە ڕێنوێن و یارمەتیدەریان بووە، سپاسی هەموو زەحمەتەکانیان بکەم و بە شانازییەوە ئەو ڕێچکەیەی کە جەنابی مامۆستا و هاوڕێیانی، نیزیک بە ٥٠ ساڵ لەوە پێش لە ڕۆژنامەدا گرتوویانە بەر، تەنانەت بەر لەوکات و لە سەردەمی کۆماری کوردستان، ئێستاش بە خۆشییەوە قوتابییەکانیان لەسەر ئەو ڕێچکە و ڕێبازە بەردەوامن.

**خاڵی دووهەم** پەیوەندی بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، کە ئەویش سپاسێکە کە دەبێ لەوانیش بکرێ، بە حوکمی ئەوەی کە لە مێدیای حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، لە ڕۆژنامەی ئەم حیزبەدا چەشنێک Flexibility (انعطاف پذیری) یان نەوی کێشان، وەک هەڵکردن لەگەڵ بیری جیاواز، تابشتهێنانی بیری جیاواز بوونی هەیە، هەروەها پلۆرالیزم یان هەمەجۆری و فرەچەشنی لەم ڕۆژنامەیەدا ڕەچاو کراوە.

تۆ ئەگەر سەیر کەی تۆ حیزبێکی سیاسی بی، تۆ حیزبێک بی لە دۆخێکی نائاساییدا بی، پەرتەوازەی وڵات بی، تەنانەت لە سەردەمێکدا لە لووتکەی شۆڕشدا بووبی، بەڵام بە جۆرێک بەم شێوەیە هەم ئێنعێتافپەزیریت هەبێ و هەم پلۆرالیزم بێنی لە ڕۆژنامەکەتدا ڕەچاو بکەی، بە باوەڕی من ئەمە دەکرێ وەک دەرس، دەرسی لێ وەرگیرێ و جێگای شانازییە و بۆیە بە پێویستی دەزانم، سپاس و پێزانینی خۆم بۆ ئەم سینگفراوانییەی ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە، هەروەها بەشی ڕاگەیاندن دەرببڕم.

**ئەو بابەتەی کە دەمەوێ پێشکەشتان بکەم، ناوی: "کوردستان ڕۆژنامەیەک بۆ هەموو وەرزەکان"ە.**

پێموایە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، دەکرێ دوو ئەرکی سەرەکی ڕەچاو کەین، دیارە دەتوانین باس لە زۆر ئەرک بکەین،

بەڵام ئەوەی وەک دوو ئەرکی سەرەکی دەتوانم ئاماژەی پێ بکەم، یەکێکیان بریتییە لە خزمەت و پاراستنی زمانی کوردی. ئێمە دەزانین کە زمان وەک سیاسیترین توخمی نەتەوایەتی دایمە لەنێو کورددا یەکێک لەو ئێلێمێنتانە بووە کە دەوری زۆر زۆر کاریگەری هەبووە لە گەشە و نەشەی ناسیۆنالیزم و نەتەوەخوازیدا، بۆیە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی رۆژنامەی "کوردستان" پاراستنی زمان بووە بە هەموو شێوازێک. بەخۆشییەوە من پێم‌وایە یەکێک لە هەرە خزمەتە گەورەکانی رۆژنامەی کوردستان لە چاو رۆژنامە کوردییەکانی پارچەکانی دیکە بۆ وێنە با بڵێین باشوور، پاقژی و خاوێنی زمان بووە چ لە بواری رێنووس و چ لە بواری رێزمانەوە.

خاڵی دووهەم کە دەتوانم ئاماژەی پێ بکەم بریتییە لە، خاوەنداریێتی لەسەرجەم پرسە سیاسییەکان و پرسە نەتەوایەتییەکان کە بەردەوام رۆژنامەی کوردستان بە نیسبەت ئەو رووداوانەی کە لەنێوخۆی وڵات لە ئێراندا رووی داوە، دژکردەوەی هەبووە و لەنێوخۆی وڵاتیشدا خاوەنداریێتی کردووە لە پرسە جۆربەجۆرە سیاسییەکان کە لەنێو کۆمەڵگەدا روویان داوە.

ئەوەی راستی بێ لە دنیای ئەمرۆدا چەمکێک هەیە کە هەرچەند لە بواری ماناوە چەمکێکی نێونەتەوەییە، بەڵام رەنگدانەوەیەکی زۆر تۆخی لە رۆژنامەی "کوردستان"دا هەبووە و هەیە، کە دەمەوێ پێکی بگرم لەگەڵ میدیای ئەم وڵاتانەی کە کوردستان تێیاندا بەش کراوە. ئەو چەمکەش بریتییە لە "بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی". بێگومان بەرپرس بوون لەهەمبەر هەر کارێکدا، وەک خاڵێکی پۆزێتیف سەیر دەکرێ. رەنگە ئەم بەرپرس بوونەی رۆژنامەی "کوردستان"یش قەرەبووی کەمایەسی و کەموکوورییەکانی کردبێ.

ئەو رەخنانەی کە لە رۆژنامەی "کوردستان" هەیە وەک: نەبوونی بەردەوامی، نەبوونی کادری پرۆفیشناڵ و خوێندەوار لەو بوارەدا، نەبوونی ئیمکاناتی سەختئامێری و نەرم ئامێری وەک کادری نووسەران، وەک ئیمکاناتی ماڵی، تێکنیکی و فەننی و... دەکرێ چاوپۆشییان لێ بکەین چون زیاتر ئەو رەخنانە بەرهەمی جەبرێکن کە بەسەر ئەم حیزبەدا داسەپاون و وەک باسم کرد بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی حیزبی دێموکراتی کوردستان قەرەبووی ئەم رەخنانەی کردۆتەوە.

چەمکی بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی بریتییە لەوەی کە رۆژنامە دەبێ وەک ویژدانی کۆمەڵگە، وەک ویژدانی نەتەوەکەی خۆی بتوانێ ئاوێنەیەکی باڵانوێن بێ بۆ سەرجەم پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و فەرهەنگییەکان.

من لێکۆڵینەوەیەکم کردبوو بۆ ئەم سمینارە لەسەر ڕۆژنامەکانی جیهان، سەرتیتر و لۆگۆی ١٥٠ ڕۆژنامەی وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی دواکەوتووم شەنوکەو کرد، یەک دەستەواژە هەیە پێ دەڵێن Slogan واتە "دروشم" کە هەر ڕۆژنامە دروشمی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ وێنە ڕۆژنامەیەکی وەک واشینگتۆن پۆست دەڵێ: "دێموکراسی لە تاریکیدا دەمرێ". یان نیۆیۆرک تایمز باس لەوە دەکا هەموو هەواڵێک شیاوی بڵاوبوونەوەیە، هەرچەند ئەو باس لەوە دەکا بۆ چاپ بوون دەبێ، یانی هەموو هەواڵێک بایەخی بڵاوبوونەوەی هەیە. یان لە وڵاتێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک پاکستان، کە تێیدا دەمارگرژیی ئایینی هەیە، کێشە و گرفتی مەزهەبی زۆر بە زەقی دیارە، مافی ژن و منداڵ پێشێل دەکرێ، لە ڕۆژنامەیەکدا دەڵێ: "ئەوە مافی هەموو مرۆڤێکە کە بزانێ". پاشانیش دەڵێ: "ئەوە دەنگێکی نوێیە بۆ پاکستانێکی نوێ".

دیارە لیستی ئەو ڕۆژنامانە یەکجار زۆرن و من هەر ئاماژەم بەو چەند دانەیە کرد.

مەبەستم ئەوەیە لە هەموو ڕۆژنامەیەکی دنیادا، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی بوونی هەیە، ئەو ڕۆژنامانە دەڵێن: "مرۆڤەکان مافی خۆیانە کە وەک شارۆمەند سەیر بکرێن، مافە ئینسانییەکانیان ڕەچاو بکرێ، زانیاری حەقی خۆیانە و..." بەڵام کە دێیە سەر ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان تێدا دابەش کراوە، بۆ وێنە کاتێک کە تۆ دێنی لە ڕۆژنامەیەک بە ناوی حوڕییەت، ورد دەبییەوە لە گۆشەی لای چەپی ئەم ڕۆژنامەیە وێنەیەکی ئاتاتورک داندراوە بە ئاڵای تورکیەوە کە ڕستەیەکی لەو دەگێڕێتەوە کە دەڵێ: "تورکیە، تورکلەرێندر" واتە تورکیە هی تورکەکانە. باوەڕ نەبوون بە پلۆرالیزم، باوەڕ نەبوون بە فرەچەشنی، باوەڕ نەبوون بە فرەنەتەوەیی لە ڕۆژنامەیەکدا کە قەرارە بێتە پێگەیەک و یەکێک لە کۆڵەکەکانی دێموکراسی، کەچی لەودا حاشا لە بوونی میللەتێک دەکرێ. یان کە سەیری ڕۆژنامەکانی ئێران دەکەی باڵێکی توندئاژۆ کە کەیهانی هەیە و سەرنووسەرەکەی کابرایەکی ئەشکەنجەگەر و بازجوویە، باس لە مەرگ دەکا و تۆی مەرگ دەپژێنێ، چ بەرامبەر بەوانەی کە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە باری بیروباوەڕەوە جیاوازییان هەیە و چ وڵاتانی دیکە و بەردەوام تەپڵی شەڕ دەکوتێ.

بەڵام ڕێک بەپێچەوانەی مێدیای وڵاتانی داگیرکەر، ڕۆژنامەی "کوردستان" لەسەر بنەمای دێموکراسی، پلۆرالیزم و نەوی کێشان دامەزراوە. پێم خۆشە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەم بابەتەکەم لەگەڵ بیرەوەرییەک گرێ بدەمەوە کە پێموایە ڕەنگە چەمکی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی بتوانێ زیاتر شی کاتەوە، ئەویش بیرەوەرییەکە لە خودی جەنابی مامۆستا حەسەنزادە کە فەرمووی: "بابەتێکم لە ڕادیۆدا بڵاو ببۆوە لەسەر مامۆستا هێمنی نەمر کە بەپێچەوانەی بڕیاری فەرمیی

حیزب بوو یان لای کەم هەندێ زاویەی هەبوو، کە دواجار قسەی لەسەر دەکرێ خودی شەهید دوکتور قاسملوو داوا دەکا، لە ڕۆژنامەشدا چاپ بکرێ!" ئەمە ڕێک واتە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی.

سەبارەت بە ڕۆژنامەی "کوردستان" پێم خۆشە ئەوە بڵێم، کە ناوەکەی یەکجار زۆر جێگای سەرنجە! بەهەرحاڵ بە حوکمی ئەوەی کە کۆماری کوردستان لە جوغرافیایەکی سنووردار‌دا دادەمەزرێ، لە ناوچە موکریان دادەمەزرێ، دەکرا ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە بڵێین، بۆچی ناوەکەی نەبۆتە موکریان؟ بۆچی ناوەکەی نەبۆتە مەهاباد؟ بە باوەڕی من ناوی ڕۆژنامەکە ئەوەندە گرینگە کە ئاماژە بە جوغرافیایەکی سیاسیی تایبەتە. لە جوغرافیایەکی سنووردار‌دا خۆی نابەستێتەوە و، ئەوە دەبێتە بەڵگەیەک بۆ ئەو کەسانە بۆ ئەو بیانیانەی کە بە عومدە فارسن و دەیانەوێ بزووتنەوەی کوردی پێ بکوتن و لەبری کۆماری کوردستان باس لە کۆماری مەهاباد دەکەن، بۆ ئەوەی کە ئەم کۆمارە داشکێنن کەچی ئەوان ئەو سەردەمی هاتوون ناوی "کوردستان" یان بۆ ڕۆژنامەکە دیاری کردووە. من بابەتێکم لەسەر کۆماری کوردستان - دیارە لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف و بەتایبەتی لەسەر نەمر زەبیحی - ئامادە کردبوو، لەسەر بنەمای مێژووی زارەکی، سەعیدخانی همایوون خودای لێخۆش بێ ئاجودانی پێشەوا بوو، خوشکەزای پێشەوا بوو، باوەڕی وابوو یەکەم جار ئەو ناوە، لە لایەن سەید محەممەد حەمیدی، یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆمارەوە، پێشنیار کراوە و دواجار پەسند کراوە.

پاشان بە باوەڕی من بەڕێوبەرانی "کوردستان"، سیلەچاوێکیان لە "کوردستان"ی بەدرخانییەکانیش بووە. چونکە ئەگەر سەیری فۆرمەت و لۆگۆکەیان بکەی زۆر وەک یەک دەچن. بۆیە ئەوان ڕەنگە ئەو بیرۆکەیە لە زەینیاندا هەبووبێ کە کورد نەتەوەیەکە دابەش کراوە و بە هەر شێوەیەک بێ، درێژەدانی هەمان "کوردستان"یان مەبەست بووبێ، یانی ئەو جۆرە خوێندنەوەی بۆ بکرێ. واتە مەبەستم ئەوەیە کە ئەوان لە سەردەمی کۆماردا ئاگایان لە ڕابردوو بووە، چاویان بڕیووەتە داهاتوو و تێگەیشتنێکی دروستی دۆخێکی هەنووکەیشیان هەبووە. کەوابوو "کوردستان" ڕۆژنامەیەک بوو بۆ وڵاتێک، نەک بۆ شارێک، نەک بۆ ناوچەیەک. ئەوە زۆر گرینگە کە ئەوە بزانین کە ئەو "کوردستان"ە کە ئەو ناوی لێنراوە بە جۆرێک لە جۆرەکان، پێدانی پێناسەیەکی نەتەوایەتییە.

ئەوەی ڕاستی بێ بەشی هەرە زۆری ژیانی ڕۆژنامەی "کوردستان" جگە لەو ماوەیەی کە لە مەهاباد دەرچووە، ١١٣ بە تەعبیرێک ١١٤ یان بە تەعبیری پرۆفسۆر مارف خەزنەدار ١١٦ ژمارە، لە تاراوگە بووە و ئەو ڕاستییە دەبێ بسەلمێنین کە ژینگەی سیاسی نووسەران و ئەو کەسانەی کە لەنێو ئەو ڕۆژنامەیەدا قەڵەم لێ دەدەن، بە حوکمی ئەوەی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەژین جیاوازە. جیاوازی بەو مانایە کە ژینگە سیاسییەکانیان جیاواز بووە. بەتایبەتی

لەو سەردەمی سۆشیال میدیایەدا، بە حوکمی ئەو ژینگە سیاسییە دەبینی ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەدا دەژین، جۆرێک لە ڕادیکالیزم بەسەر بیروباوەڕیاندا، بەسەر نووسراوەکانیاندا دیارە. کە هەندێ جار دەبێتە هۆکاری سازبوونی کەلێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە ئەوە خەسارێکی جیددییە، یانی دابەشکردنی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ئەو ڕادیکالیزمە، دواجار خەساری لێ دەکەوێتەوە بەڵام بە باوەڕی من ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر بەر بەم شتە بگرێ و نەهێڵێ ئەم کەلێنە زۆر بەرز بێتەوە.

وەک باسم کرد ١١٣ یان ١١٤ یان ١١٦ ژمارەی هی دەوری یەکەمە، بەو ژمارەی کە ئەمڕۆ ئێمە بۆی دانیشتووین و سمینارمان بۆ گرتووە ٨٠٠ ژمارەی ئەم خولە کە بە خولی سێهەم ناودێر کراوە و دەرچووە سەرجەم دەبێتە ٩١٤. یانی ئەگەر بێنی ماوەی ٧٦ ساڵ حیساب کەی تەقریبەن دەکاتە ٩١٢ مانگ و ٩١٤ ژمارە. واتە دەکرێ بڵێین هەر مانگەو یەک ژمارە لە ڕۆژنامەی کوردستان دەرچووە. ڕەنگە ئەوە بۆ حیزبێکی سیاسی ئەگەر لە دۆخێکی ئاساییدا بێ، ئەگەر لەنێوخۆی وڵاتدا بێ، ئەگەر چاپخانە و ئیمکانات و شوڕای نووسەران و پووڵ و پارەی هەبێ و بە شێوەیەکی پڕۆفیشناڵ کار بکا، شتێکی زۆر نەبێ، بەڵام تۆ کە سەیری ژینی نائاسایی ئەم حیزبە دەکەی، دەبینی لە دۆخێکی زۆر دژوار و ئەستەمدا ژیاوە و لە شاخدا توانیوێتی ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێ، بە باوەڕی من ئەمە یەکجار گرینگە.

تەنانەت لە بیرمان نەچێ لە سەردەمێکدا بژاردەکان و نوخبەکان بوون کە ""کوردستان"یان دەنووسی. دواتر ئاماژە بەوە دەکەم بۆ ئاستی هەر ڕۆژنامەیەک گرێدراوی ئەو کەسانەیە کە قەڵەمی تێدا لێ دەدەن. بەهەرحاڵ لەو سەردەمیدا کەللاکانی ئەدەب و سیاسەتی کوردین لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بابەتیان نووسیوە و ڕادەیان لەچاو ئێستا زۆریش سنووردار بووە و ئەمە جیاوازییەکی گرینگە. لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافدا کاتێ زەبیحی نیشتمانی چاپ دەکرد و بە دزی و بە شاراوەیی دەچوو لە تەورێز دیهێناوە، بە قەولی دۆستیک دەیگوت بە کۆڵێ دیهێناوە، بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچی بڵاوکردنەوەی ٩١٤ ژمارە زۆر گرینگە!

یانی کە تۆ سەیری دۆخی ئەو کات بکەی بەم هەموو زەحمەت و کوێرەوەرییەوە و لەگەڵ ئێستا پێکی بگری، بە باوەڕی من غەدرە بڵێی ڕۆژنامەی "کوردستان"، دەبا زیاتر چاپ بوایە، بەڵام هەر ئەوەندی کە چاپ بووە، من پێم وایە جێگای دەسخۆشییە.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئاستی هەر ڕۆژنامەیەک گرێدراوە بە توانایی و لێوەشاوەیی ئەو کەسانە کە

قەڵەمی تێدا لێ دەدەن. بۆ وێنە ئەگەر بمەوێ باس لە وەچەی یەکەم بکەم، نەمران سەید محەممەد حەمیدی وەک سەرنووسەری "کوردستان"، هەژار، هێمن، زەبیحی، قزڵجی، عەتری گلۆلانی، دڵشاد ڕەسووڵی و... ئەم وەچەیە دەکرێ بڵێین زیاتر بەکگڕاوندێکی ئەدەبیان هەبوو، لایەنە ئەدەبییەکەیان بەسەر لایەنە سیاسییەکەیاندا زیاتر زاڵ بوو. لە ڕاستیدا ئەوان ئەو کاتی بە حەقیقەت دەیانویست، وردەوردە دارەداری ئەم ڕۆژنامەیە، دەست پێ بکەن و ڕۆژنامە بێتە نێو کۆمەڵگە. وەک حاجی قادر کۆیی دەڵێ:

"سەد قایمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پووڵێ
ڕۆژنامە و جەریدە کەوتوونە قیمەت و شان"

مەبەست ئەوە بوو ڕۆژنامە وە قیمەت و شان کەوێ. بۆ وێنە نوتقی جەنابی پێشەوا بڵاو دەبۆوە، هەواڵ بڵاو دەبۆوە. مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم لەو سەردەمدا زیاتر ڕاگەیاندن بەشی سەرەکی بوو، بڵاو کردنەوەی هەواڵ مەبەست بوو تا شرۆڤە و ئانالیز.

بەڵام لە وەچەی دووهەم و وەچەی سێهەمدا کە سەردەمی ئێستایە سیاسەت توخمی زاڵە. لە وەچەی دووهەمدا شەهید دوکتور قاسملوو، شەهید دوکتور شەرەفکەندی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نەمر مامۆستا کەریم حیسامی، کاک فەتاحی کاویان و زۆر نێوی دیکە کە ڕەنگە مەجاڵ نەبێ لێرە باسیان بکەم ئەم وەچەیە بە نیسبەت وەچەی یەکەم سیاسیترن، ئەساسەن سیاسەتمەدارن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بناغەیەی کە دارێژراوە بۆ ئەو ڕۆژنامەیە، دیسانەکە تۆ دەبینی ئەو بەکگڕاوندە ئەدەبییە بەسەر ئەو بەشەشدا دیارە. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کەسایەتێکی ئەدیبە، دوکتور قاسملوو لە ئەدەبدا دەستی هەیە، کاک فەتاحی کاویان یان کاک کەریم حیسامی لە ئەدەبدا دەستی هەیە، بۆیە وەک پێشتر عەرزم کردن نوخبەکانن کە لە "کوردستان"دا دەنووسن. یانی چ لە وەچەی یەکەمدا، چ لە وەچەی دووهەمدا، ئەوە نوخبەکانی سیاسی - ئەدەبی کوردن کە دەرەتانی ئەوەیان هەیە لەو ڕۆژنامەیەدا بابەت بڵاوکەنەوە و دواجار دێینە سەر ئەو قۆناغەی ئێستا، کە بە وەچەی سێهەم دیاری کراوە.

کەوابوو وەک باسم کرد وەچەی سێهەم وەچەیەکە کە لە باری تەمەن لەچاو وەچەی دووهەم گەنجترن، ئەزموونی سیاسی و خەباتیان کەمترە، پاشخانی فکرییان زیاتر لە شارە، بەڵام ئەو جیلە لە باری پەیوەندییان لەگەڵ دنیای سۆشیال مێدیا و لەگەڵ مێدیای بیانیدا بە حوکمی ئەوەی کە بەشێکیان لە دەرەوەی وڵات دەژین پەیوەندییەکی چڕوپڕتر و تۆکمەتریان

هەیە، بۆیە ئەگەر لە سەردەمێکدا نوخبەکانی وەچەی یەکەم و دووهەم شوێندانەریان لەسەر کوردستان هەیە و کوردستان بەهۆی قەڵەمی ئەوانەوە بەو شێوەیە دێتە دەرێ، بەڵام لە وەچەی سێهەمدا بە حوکمی ئەوەی کە سۆشیال مێدیا لە گۆڕێدا هەیە، بە حوکمی ئەوەی کە ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان زیاترە، ئەوانیش دەکەونە ژێر تەئسیری ئەم لێشاوی زانیارییانە، ئەم لێشاوی هەواڵ و لێکدانەوانە و دواجار ئەم کاریگەرییانە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"یشدا ڕەنگ دەداتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم لە وەچەی سێهەمدا پەیوەندییەکی دوولایانە، لە نێوان نووسەران و ڕۆژنامەی کوردستاندا هەیە.

لە کۆتاییدا وێڕای پیرۆزبایی دووبارە لە ڕۆژنامەگەری کوردی و سەرجەم هاوڕێیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە نازانم لەگەڵ دەرچوونی ژمارەی ١٠٠٠ی ڕۆژنامەی کوردستان ئێمە لە کوێین و شێوازی دەرچوونی کوردستان چۆن دەبێ، ڕۆژانە دەبێ، هەفتانە دەبێ، دووحەوتەنامە دەبێ، بەڵام هیوادارم ئەگەر جەژنێکی تر بۆ کوردستان بگیرێ لە شوێنی لەدایکبوونی ڕۆژنامەی کوردستان بێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢١

---

## "کوردستان" ئەستووندەکێکی قایمی ژێر ڕەشماڵی زمانی کوردی



مستەفا شێخە

**ئەم سەردێرە بە گۆڕدراوی لە پارچە شیعرێکی ماموستا هێمنەوە خواستراوەتەوە**

بۆ ڕۆچوون بە نێو ئەم چەند دێڕەی خوارەوەدا و زیاتر وردبوونەوە لە سەردێڕ، پێویستە سەرەتا بە کورتی باسێک لەسەر ڕەشماڵ یان تاوڵ بکەین و باشتر بتوانین بەکورتی بچینە نێو بنج و بناوانی کاریگەریی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە سەر زمانی کوردی.

### تاوڵ یان ڕەشماڵ

تاوڵ لە چەند ڕووبەری چنراوی وەک بەڕە یان جاجم دروست کراوە. ئەم ڕوبەرە چنراوانە کە کوێنیان پێ دەگوترێ، تانوپۆیان لە مووی بزن ڕێسراوە. چەند تەختە کوێن لەبەرینایییەوە لە یەکتر دەدروێن و ڕووبەری گەورەی ڕەشماڵ یان تاوڵ پێکدەهێنن. کۆچەران لە سەردەمی کوچەری و گەرمێن و کوێستانکردندا تاوێیان هەڵدەدا و وەک ماڵ کەڵکیان لێ وەردەگرت.

تاوڵ و بەپێوە وەستانی، بە گوێرەی گەورەیی و بچووکیی چەند ئەستوندکی وەبەر دەدرێ. ئەستوندەک وەک ستوون و کۆڵەکە لە نێوەندەوە شان دەدەنە بەر تاوڵ وەک سێبەر و ئەنوا بەسەر زەویەوە ڕایدەگرن. چوار دەوری تاوڵ بە گوریس و بە پێی پیویست لەو سینگانە قایم دەکرێت کە بە مەودای دیاریکراو لە زەوی کوتراون. جەمسەری نێوان ڕستە و دامێنی

تاوڵیش داری لە ئەستوندەک کورتتر و لە سینگ درێژتریان دەدرێتە بەر و ئەوانیش "چەڵە" یان چەڵەکەیان پێ دەگوترێ. ئەو شوێنانەی تاوڵ کە دەکەونە نێوان چەڵە و ئەستووندەک و کەمێک پان و کۆم دەبنەوە، لاپانکیان پێدەڵێن. ئەم شیکردنەوەیەی تاوڵ بۆ ئەوە بوو زمانی کوردی و ئەو ئەستوندەک و کۆڵەکانەی پێ بشوبهێنم کە شانیان وەبەر قورسایی بە پێوەوەستانی داوە. دیارە ڕاڤە و شیکردنەوەی تاوڵ بۆ ئەو کەسانەی خاوەن تەمەنن و شارەزاییان لە کۆچ کۆچبەریی هەوارچییاندا هەیە، شتێکی زیادیە، بەڵام بۆ لاوان و کچانی ئەم سەردەمە پێویست بوو.

ئەم تاوڵە گەورەیەی زمانی کوردی نەک هەر ماڵبات و خێزانێک، بەڵکوو نەتەوەیەکی گەورەی خستووەتە ژێر سێبەری خۆیەوە. بێگومان ڕەشماڵێکی ئەوا گەورە و پان و بەرین بە کۆمەڵێکی بێئەژمار سینگ و ڕستەی قایم شاقەلی لە زەوی گیر کردووە و ئەستووندەک و چەڵەی زۆری وەبەر دراون و بە گوریس و سینگی ڕۆچوو بەناخی زەویدا چەنگی بەشێکی ئەم گۆ خۆڵ و ئاو و بەردینە قایم کردووە.

ڕۆژنامەی کوردستان هەرچەندە تاکە ئەستووندەکی ژێر ئەم تاوڵی زمانە نییە، بەڵام لە برگەیەکی بەرچاوی مێژوودا یەکێک لە ئەستووندەکە قایم و سەرەکییەکانی ئەم ڕەشماڵە گەورەیە.

لێرەدا چونکە زیاتر ئەرکی زمان لە ڕۆژنامەی "کوردستان" بەرچاو دەخرێ، چاو لە نێوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئامادەکردنی ژمارەی جیاوازی کوردستان لە لایەن بیروباوەڕی جیاواز و تەنانەت هەندێکجار دژ بەیەکیش دەنووقێنم. لە کاتێکدا ئاگەدارین ڕۆژنامەی "کوردستان" هەندێکجار هاوکات لەلایەن دوولایەنی جوداش دەرکراوە، بەڵام هەردوو لایەنەکە لە بواری زمان و ڕێنووسەوە لەم مەبەستەی ئێمە لایان نەداوە. لەم بوارەوە دەکرێ وەک نموونە ئاماژە بە دەرچوونی چەند ژمارەیەکی "کوردستان" لەلایەن پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار و چەند ژمارەیەکی زیاتر لە لایەن "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر" بکەین و ئێستاش دەبینین ئەم ڕۆژنامەیە بە ڕێکوپێکی و هاوکات دوولایەنی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" و "حیزبی دیموکراتی کوردستان" دەری دەکەن.

### ڕۆژنامەی کوردستان چۆن بۆ تاوڵی زمانی کوردی دەبێ بە ئەستووندەک؟

بۆ زیاتر شرۆڤەی مەبەست، کاتی دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان" بەسەر سێ قۆناخی جودادا دابەش دەکەم. لێرەدا ئەم دابەشکردنە دیسانیش بە مەبەستی دابەشکردنی قۆناخی سیاسیی ژیانی حیزبی دیموکرات و بەردەوامبوونی ڕۆژنامە نییە و

تەنیا بە مەبەستی دەستنیشانکردنی کاریگەریی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەسەر گەشەکردنی زمانی کوردییە. بۆ ئەم مەبەستە قۆناخی جودای دەرچوونی ڕۆژنامە بەسەر سێ سەردەمی "کۆماری دیموکراتی کوردستان" و "ڕووخانی کۆمار هەتا ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی" و قۆناخی سێهەمیش "دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی" دەگرێتەوە.

**کوردستان لە سەردەمی کۆمار:**

هاوکاتی دامەزرانی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوەندییەتیی مەهاباد، ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک ڕۆژنامەی کۆمار و ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەردەچێ. ئەم ڕۆژنامەیە لەماوەی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری کوردستان تەنیا ١١٣ ژمارەی لێ بڵاو دەکرێتەوە.

حاشای لێ ناکرێ ئەو کوردیزانانەی ئەوکات لە پارچەی دیکەی کوردستان بە تایبەت لە باشووی کوردستانەوە بۆ یارمەتیدانی کۆمار لە مەهابادن، لەکاتی دارەدارەی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەستی دەگرن و یارمەتیی دەدەن. ئەگەر بێ قووڵبوونەوە لە نێوەرۆکی سیاسی وکۆمەڵایەتی، سووکە ئاوڕێک لە ئەو ژمارانەی کوردستان بدەینەوە، پێیانەوە دیارە بە ڕێنووس و زمانێکی ئاوێتەی ڕێنووس و زمانی فارسی نووسراون. ئەم سەردەمە لەگەڵ سەرهەڵدانی نووسەرانی دواتر دیار و بەرچاوی وەک ماموستایان عەبدوڕەحمان زەبیحی، هێمن و هەژار، حەسەن قزڵجی و ئاوات و قانع و چەند شاعیر و نووسەری دیکە هاوکاتە. لەگەڵ جوانەمەرگبوونی کۆماری دیموکراتی کوردستان و کپبوونی کوردستان لە ١١٤هەمین ژمارەیدا، ئەم کۆمەڵە نووسەر و شاعیرەش بەشێکیان هەڵوەدا دەبن و بەشێکشیان لە زێدی خۆیان لە بۆسەی دەرفەتی گونجاودا دەمێننەوە. لە ژمارەی دیکەی "کوردستان"ی دوای کۆماردا لە قۆناخی دوای کۆمار و پێش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی کوردستان بەم کۆمەڵە نووسەرە و بە نووسەرانی نوێترەوە پێدەنێتە قۆناخێکی دیکە.

**ئەستوندەکی پاراوی باخچەی بن زاراوەی دەوڵەمەندی موکریانی**

ئەو "کوردستان"ەی لە دوای کۆمار سەرهەڵدەداتەوە، وەک دارچنارێکی قایمە لە بێشەڵانی بنزاراوەی پاراوی شێوەزارێکی دەوڵەمەندی کرمانجیی نێوەڕاست واتە شێوەزاری موکریانەوە پاراو بووە. بەشێکی بەرچاوی ئەو نووسەرانەی لە سەردەمی کۆمار بە ئەزموونێکی کەمترەوە بە دەوری کوردستانەوە بوون، ئێستا زۆر پێگەیشتووترن. لەمەودوا "کوردستان"، "کوردستان"ی سەردەمی کۆمار نییە، هەرچەندە بە ڕێکوپێکی دەرناچێ و ژمارەکانی هەندێک جار مانگ و ساڵیان دەکەوێتە

نێوانەوە، بەڵام ڕێنووس و زمان بەرەو سەربەخۆیی زیاتر دەچن. لەو سەردەمەدا پەیڤ و ڕستەی "کوردستان" دەگەڵ نووسەران و ڕۆژنامە و گۆڤاری باشووری کوردستان دەکەونە دانوستان. نووسەرانی بە گەنجینەی شێوە زاراوەی موکریانیەوە لەبەرانبەر ڕەشەبادا بەکۆمەڵ باوەشیان بەم ئەستووندەکەی زمانی کوردی داگرتووە. لە باشوور لە ئەندامانی کۆڕی زانیاریی کورد و یەکیەتیی نووسەرانی باشور و ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەویێ وەردەگرن لەوانیش زیاتر پێیان دەدەنەوە. ژمارەی تاک و تەرای بە ناڕێکی دەرچووی "کوردستان" دەکەونە مالان و لەنێو خوێنەرانی دەستەبژێری زمانزانی کوردی خۆرهەڵات دەستاودەست دەکەن. کەسانی وەک عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەریم حیسامی و دکتور قاسملوو و کوردیزانانی دیکە دێنە پاڵ ئەو نووسەرانەی ئێستا خاوەن ئەزموون و پێگەیشتووترن. نووسەرانی ئەوکاتەی کوردستان کەسانی وەک عەبدوڕەحمان زەبیحی، کەریم حیسامی و عەبدوڵڵا حەسەن زادن و لەم قۆناخەدا بە نووسین وەرگێرانی کتێب و فەرهەنگی زمان و چاپکردنیان لە کوردستانی عێراقی ئەوکات، ڕستەی دەوری تاوڵی زمان زیاتر ڕادەکێشن. چەڵەکان بۆ دوورتر دەگوازنەوە و سێبەری لاپانکی بەسەر کورداندا فراوانتر دەکەن.

### قۆناخی دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی:

ئەم قۆناخە ئامادەبوونی زیاتری "کوردستان" لە نێو خەڵکە. لەم سەردەمەدا، دوای کۆماری کوردستان یەکەم جارە زمانی کوردی لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە ئازادییەکی تەواودا پڕ بە سییەکانی پشوو هەڵدەکێشێ و دەیداتەوە. ئەم هەناسەکێشانە ئەگەرچی بۆ ڕۆژنامەی "کودستان" زۆر سنووردار بوو و تەنیا چەند ژمارەیەکی بە قەبارەی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی لەشاردا لێ دەرچوو، بەڵام بۆ زمانی کوردی هەتا ئێستاش لەم پارچەیەی کوردستان بەردەوامە. هەر لەو کاتەدا "کوردستان" لە لاپەڕەی بچووک بچووکەوە، چەند ژمارەیەکی وەک ڕۆژنامەی نەتەوەی ئازاد و ڕزگاربوو دەرچوون. ئاموشووی کوردستان بۆ پارچەکانی دیکەی نیشتمان و گەڕانەوەی زیاتری نووسەرانی بۆسەر بنچینەی زمانی دەوڵەمەندی لادێکانی دەوروبەری ئاخێزگە و زێدی سەرەکیی ڕۆژنامەکە و وەرگرتنی یارمەتیی زیاتر لە بنزاراوەی دیکەی کوردی یان لەنگەر وەرگرتن لە ئەستوندەکی دیکەی ژێر تاوڵی زمانی کوردی کارێکی وای کرد کوردستان زۆر لەجاران دەوڵەمەندتر بێت.

### کوردستان و ڕادیۆ دەنگی کوردستان:

دوای ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و گۆڕانی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە، حیزبی دێموکرات کە خاوەنی سەرەکیی ڕۆژنامەی کوردستانە، بۆ پەرەپێدان بە کاری ڕاگەیاندن ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دەکاتەوە. ڕادیۆی دەنگی کوردستان خۆی بە هەموو مالانی

کوردستاندا دەکات. هەموو چین و توێژی خەڵک بە هۆکاری جۆراجۆرەوە گوێ دەدەنە ڕادیۆ دەنگی کوردستان. ناوی ڕادیۆکە لەلایەن خەڵکەوە بۆ "دەنگی کوردستان" کورت دەکرێتەوە. ئەو کات کە ئینترنێت و ماهوارە نین و تەنیا ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێران سەرچاوەی هەواڵن، "دەنگی کوردستان" هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشێکی زۆر لە خەڵکی باشوور دەکاتە بەردەنگ. خەڵکی سەر بە دەستەڵاتی ئێرانیش بۆ ئەوەی ئاگەداری بارودۆخی شەڕ و سەلامەتیی خزم و کەسیان لە نێو دوولایەنی شەڕی کوردان و دەوڵەت دابن، هەموو ڕۆژان بیسەری دەنگی کوردستانن. بەڕێوەبەرانی ڕادیۆ بۆ زۆربەی وتار و بابەتی ڕادیۆ پشت بە ڕۆژنامەی "کوردستان" دەبەستن. ئەمجارە کوردستان تەنیا ئەو کاغەزە نییە کە بە نهێنی ئەم دەست و ئەودەستی پێ بکرێ. بابەتەکانی لەڕێی دەنگی کوردستانەوە بە دەنگ دەچنە بەر گوێی بیسەرانی تەنانەت نەخوێندەواریش. لاوانی خوێندەوار کە دەمێک نییە لە دەست دەستەڵاتی پاشایەتی ڕزگاریان بووە، لەگەڵ پرۆڤەی خوێندنەوە و نووسینی زمانی دایکیان یان ڕۆژنامەی کوردستانی ڕاستەوخۆ و یان بابەتی ڕۆژنامەیان بەهۆی ڕادیۆوە پێدەگات.

## "کوردستان" و "سروە":

دوای چەند مانگێک نێوەندی ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەیووبی لە ورمێ دادەمەزرێ و گۆڤاری "سروە" دەردەچێ. مامۆستا هێمن، ئەحمەدی قازی و کۆمەڵێک لەو نووسەرانەی ماوەیەک بە دەوری ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە بوون، دەبنە دەمڕاست و نووسەری سەرەکیی "سروە" و جارێکی دیکە پشووی ڕۆژنامەی "کوردستان" هاوکات لەگەڵ ڕادیۆ دەنگی کوردستان بە شێوەیەک لە شێوەکان دەگەڵ هەناسەی "سروە" دا تێکەڵ دەبێت.

ئەوەندە نابات گۆڤاری مانگانەی مەهابادیش دەردەچێ و ئەویش هەر دەبێتە درێژەدەری ئەم ڕێبازە لە زمان و نووسین. کۆمەڵێکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی خوێندکارانیش دەست بە وەشان دەکەن کە دەکرێ بڵێین شێوازی زمان و ڕێنووسیان هەمان شێوازی ڕۆژنامەی "کوردستان"ە. لەمەو دوا هەرچەندە خوێندن بە شێوەی ڕەسمی لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە ئێزنی پێنەدراوە بەڵام لاوانی کوردستان لە دەستیان بە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئەدەبی و فێرگەی خۆبەخشانەی زمانی کوردی کوردی کردووە. ئیدی لەمەو دوا زمانی کوردی لەم پارچەیەی کوردستان لە تەنانەت لە باشووری ئازادایشی بردووەتەوە و سەدان شاعیر و نووسەر ڕەخنەگر و سیاسەتوان و لێکۆڵەری باش هاوکات لەگەڵ فێربوونی زانستی جۆراو جۆر، ئێستا خۆیان هەر یەکە و مامۆستایەکی زمانی کوردین و بەردەوام خەریکی نوێکردنەوەی کوێن و ئەستوندەک و ڕستە و چەڵە و لاپانکیی ڕەشماڵی زمانێکن کە ڕەنگە ڕەشەبا و ڕووداوی نەخوازراوی دیکە بە هیچ شێوەیەک دەرەقەتی

هەڵوەشانەوەی نەیەن.

**بەردوامیی "کوردستان":**

ئێستا کە لە سەروبەندی بڵاوبوونەوەی ٨٠٠مین ژمارەی کوردستان داین. لە کاتیکدا بیر لەمە دەکەینەوە ئەگەر نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەت باین ئازادیی دەرکردنی ڕۆژنامەمان هەبوایە و حیزبی دێموکراتیش وەک هەر حیزبێکی نەتەوە خۆشبەختەکان بە ئازادی لە وڵاتی دیموکراتدا ژیابا، بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆژانی پشوودان و جەژنەکانیش کە لەوان ڕۆژاندا ڕۆژنامە دەرناچن، ئێستا ڕۆژنامەی کوردستان زیاتر لە ٢٢ هەزار ژمارەی لێ دەرچووبوو. بەڵم ڕاستییەکە ئەوەیە ڕۆژنامەی "کوردستان" ئێستا پاش ئەم هەموو خزمەتەی کردوویەتی، لەلایەن دوو بەشی حزبی دێموکرات لەسەر هەمان ڕێبازی زمان و ڕێنووس دەردەچێت.

ئێستاش پێگە ئەلیکترۆنیەکان و بەشی دیکەی ڕاگەیاندنی ئەم حیزبە ڕۆژنامەی "کوردستان"یان نەبێت بۆ بابەت و نووسراوی بەپێز لە کەمی دەدەن.

بەم هیوایە ڕۆژنامەی کوردستان جارێکی دیکە ببێتەوە یەک ڕۆژنامە. قەڵەمەکانی بکەونەوە سەریەک و بە یارمەتیی نووسەرانی خاوەن ئەزموون و بەتوانای خۆرهەڵاتی کوردستان لەمەودوا وێڕای دەرچوون لەسەر کاغەز ببێتە خاوەنی پێگەیەکی تایبەتیی ئینترنێتی پتەوتر لە جاران شان بداتە بەر ڕەشماڵی بەرینتر لە جارانی زمانی کوردی.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٠٠ - ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠٢١

---

## ڕۆژنامەی کوردستان، تایبەتمەندی و ئاستەنگەکانی بەردەمی



عەلی مێهرپەروەر

لە سەروبەندی دەرچوونی ژمارە ٨٠٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا پیرۆزبایی و داوای سەرکەوتن بۆ هەموو ئەو کەسانە ئەکەم کە درێژەپێدەری ڕێگای پڕ کەندولەندی ڕۆژنامەی کوردستان بوون و هەن.

ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی فەرمیی حیزبی دێموکرات درێژەدەری ڕێچکەی ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستانە. ئایا ناوی ڕۆژنامە بۆ ئەو بڵاوکراوە پڕ بەپێستیەتی یان نا؟ هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەیی تێدایە وەک هەواڵ (هەرچەند کەم وایە بتوانێ هەواڵی ڕۆژ بێ)، بابەتی تەحلیلی و لێکدانەوەی سیاسی و ئەدەبی و... بەڵام پێچەوانەی ڕۆژنامەکانی ئازاد(ڕێگە پێدراو) ڕۆژانە بڵاو ناکرێتەوە و پێشتریش بڵاو نەدەبۆوە. پێشتر مانگانە یەک ژمارە و لەم ساڵانەی دواییدا تا ئەو جێگەیەی من ئاگادار بم مانگانە دوو ژمارەی لێ بڵاو دەکرێتەوە.

ئەگەر دابینێن ڕۆژنامە لەبەرانبەر شەونامە نە بە مانای کاتی بڵاوکرانەوەکەی بەڵکوو بە مانای ڕۆژنامە واتا ئاشکرا و ئازاد و ڕێگەپێدراو و شەونامە بەمانای نایاسایی و قەدەغە (لەلایەن ڕێژیمەکانی حاکم بە سەر ئێراندا) ئەگەر بەو مانایە بیگرین ڕەنگبێ بچێتە خانەی شەونامە؛ چونکە لە نێوخۆی وڵاتدا جگە لە چەند ماوەیەکی کورت لە مێژووی خۆیدا قەدەغە و لەلای هەر کەس ببینرایە کەسەکەی تووشی سزای قورس دەکرد. (ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێک کە ئینتیرنێت و سایتی ئینتیرنێتی بوونی نەبوو).

مێژووی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ مێژووی حیزبی دێموکرات گرێدراوی یەکترن. زۆرکەم وابووە کە هەم حیزبەکە بە ئاشکرا و ئازاد لە نێوخۆی وڵات چالاکی هەبووبێ و ڕۆژنامەکەش بە ڕێکوپێکی بڵاو بووبێتەوە. بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە بەسەر حیزبی دێموکراتدا هاتووە ڕێبەریی حیزب لە کوێ گیرسابێتەوە ڕۆژنامەکەش لەوێ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بۆ چەند ساڵێک کە حیزب لە نێوخۆی وڵات دەرەتان و ئیمکانی تێکۆشانی هەبوو(نیوە ئاشکرا و نیوە نهێنی) ڕۆژنامەکەش دەرەتان و مەجالی چاپ و بڵاوکردنەوەی تا ڕادەیەک هەبوو.

بەرە بەرە کە مەیدانی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب بەرتەسک بوویەوە ڕۆژنامەکەش بارگە و بنەی پێچایەوە و ڕووی لەشاخ کرد و تاماوەیەکی زۆری چەند ساڵی لە شاخ و بە ئامراز و کەرەسەی سەرەتایی بڵاو دەکرایەوە و درێژەی بە چالاکیی خۆی دەدا. تاکوو سەرئەنجام ترنجایە شاری کۆیە و لەو کاتەوە تائیستا مانگانە ٢ ژمارەی لێ دەردەچێ.

هەر چەند لە کۆیە دەرەتانی چاپ و ئامادەکردنی چ لە ڕووی کادیری نووسین و چ لە ڕووی ئامراز و کەرەسە بۆ چاپی تا ڕادەیەکیش مودیرن ئامادە بوو، بەڵام کێشەی سەرەکی گەیاندنی بە دەست خوێنەری خۆی بوو.

لە ئاستی باشووری کوردستان، کۆسپ و تەگەرەیەکی ئەوتۆ لەئارادا نەبوو. بۆ دەرەوەی وڵات و ئورووپا دەبوایە یەک دوو ژمارە جا بەهەر وەسیلەیەک بوایە بنێردرایەتە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە پاریس. لەوێش بە هەزاران نوسخەی بە تێچوویەکی زۆر کوپی دەکرا و بە پۆستی ئاسایی دەنێردرا بۆ ئەو وڵاتانە کە کۆمیتەی حیزبی لێ بوایە. زۆرکەم وا ڕێدەکەوت کە ڕۆژنامە دوای مانگێک بگەیشتایەتە دەست کۆمیتەکان، لەویش تا دەگەیەندرایە شارەکان و بڵاو دەکرایەوە ماوەیەکی دیکەی دەخایاند بەکورتی کاتێ ڕۆژنامەکە دەگەیشتە دەست خوێنەر پترلە چەندمانگی دەخایاند.

لەساڵی ١٩٩٩ (١٣٧٨) دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە پاریس بڕیاری دا لە جیاتی ئەوەی کە ڕۆژنامەکە لە پاریس کوپی بکرێ و لە ڕێگەی پۆستی ئاساییەوە بەڕێ بکرێ بۆ وڵاتەکان، بە هۆی فاکس بەڕێ دەکرا بۆ کۆمیتەکانی حیزب لە وڵاتەکانی ئورووپا و ئامریکا و ئوسترالیا. لەهەر وڵاتێکیش بەگوێرەی پێویستیی خۆی کۆپی دەکرا و لەبەرانبەر بەهایەکی نە زۆردا دەفرۆشرایە ئەو کەسانەی کە ڕۆژنامەکەیان ئابوونە کردبوو کە هەم زووتر دەگەیشتە دەست خوێنەر و هەم لانیکەم تێچووی خۆی دەر دەهێنا و لە هەندێک کۆمیتەشدا داهاتێک بە نسیبی کۆمیتەکە دەبوو.

کێشەی سەرەکی دیسانەکەش دەگەڕایەوە بۆ نێوخۆی وڵات، ئەو مەیدانەی کە پتر لە هەر شوێنیکی دیکە پێویستی دەکرد چالاکی و هەڵوێست و بۆچوونەکانی حیزب لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکان بە ئاگاداریی خەڵکی وڵات بگەیەنێت. تا ئەوکاتەی کە هێزەکانی پێشمەرگە بە شێوەی بەرچاو لە ناوچەکاندا بوونیان هەبوو، ڕۆژنامەی "کوردستان"یش لەگەل پێشمەرگەکان سەری بەماڵاندا (بەزۆری لە گوندەکاندا) دەکرد و بەشێکیشی ڕەوانەی نیوشارەکان دەکرا. ئەو کاتانەش کە مەیدانی تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە بە هۆکاری جۆراوجۆر بەرتەسک بوویەوە کاریگەری لەسەر چارەنووسی ڕۆژنامەی "کوردستان"یش دانا . دواتر لە ڕێگای تیمە تەشکیلاتییەکان و ڕێگای جۆراوجۆرەوە ژمارەیەکی سنووردار ڕەوانەی نێوخۆی وڵات دەکرا. بە هاتنە مەیدانی ئینتێرنێت و دامەزراندنی سایەتەکانی سەر بەحیزب، ڕۆژنامەی کوردستانیش بە شێوەی مەجازی و بە pdf لەسەر سایتەکان دادەنرا و هەموو ئەو کەسانە کە خوازیاری خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە بوون دەستیان پێ ڕادەگەیشت.

کێشەیەکی دیکە کە لەبەردەم دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا هەبوو ئەوە بوو کە ڕۆژنامەکە ئۆرگانی فەرمی حیزبی دێموکرات بوو. بۆیە بەناچاری دەبوایە بابەتەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبدا بوایە یان لانیکەم دژی نەبوایە. بۆیە دەستی نووسەران ئاوەڵا نەبوو و بابەتەکانیان لەگەڵ سیاسەتی حیزب ڕێکدەخرا.

بەکورتی لەو کاتەوە دەست بە نووسینی بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان دەکرا تا دەگەیشتە دەستی خوێنەران ڕێگەیەکی پڕ پێچ‌ولۆچی دەبڕی تەنانەت زۆر جاریش ئەوانەی ڕۆژنامەیان بۆ نێوخۆی وڵات دەبردەوە، لەنێو بەردانددا دەیانشاردەوە!

ڕۆژنامەی "کوردستان" بۆخۆی مەکتەبێک بوو بۆ ئەدەبیاتیکی بەپرەنسیپ، ڕاستگۆ و ڕاستبێژ، دوور لە جنێوفرۆشی و بوختان هەڵبەستن، قسەی سووک و نەشیاو. تەنانەت زمانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ئاست دوژمنانیش نەزاکەتی تێدا بەدی دەکرا. ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ڕووی نووسین و ڕێنووس و پاراویی وشەکانی بۆ خۆی نموونەیەک بوو بۆ ئەو کەسانەی دەیانەویست سەرمەشقێکیان بۆ فێربوونی زمانی کوردی لەبەردەستدا بێ. هەرچەند هەواڵ و باسی ڕووداوەکان لەوانەبوو کاتێک ڕۆژنامەکە دەگەیشتە دەستی خوێنەر بەو هۆیانە کە باسمان کرد، بابەتی ڕۆژ نەبوایەتن، بەڵام لێکدانەوە و شرۆڤەی بابەتەکان کە پتر سیاسی بوون تازەیی و واقێعبینی خۆیان پاراستبوو. زیادکردنی لاپەڕەی تایبەت بە ئەدەب و شێعر و هونەر و.... هەمووکات بۆ چێژ لێ وەرگرتن دەبوون.

ڕۆژنامەی "کوردستان" بایەخێکی تایبەتی بە ئەدەبیاتی منداڵان دەدا. زیادکردنی پاشکۆیەک بە ناوی "دنیای منداڵان" بە

ڕۆژنامەکە کە لەلایەن منداڵانی کەمپەکانی حیزبەوە لەژێر چاودێری کادرێکی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان هاوکات لەگەڵ ڕۆژنامەکە دەردەچوو سەرەڕای ئەوەی منداڵانی بۆ لای خوێندنەوە ڕادەکێشا، هانیشی ئەدان بە شێوەیەک خۆیان لە ڕۆژنامەکەدا ببیننەوە. جا بە ناردنی بابەت یان وێنەکێشان یان هەر داهێنانێک بوایە بەشدار دەبوون. هەرلەو بەشدارییەدا لێهاتوویی و ئیستیعدادی منداڵەکان لە ڕووی نووسین یان وێنەکێشان تەنانەت شێعر و... دەردەکەوت.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا کۆمەڵێک کادری لێوەشاوەی لە بواری نووسین یان کاری فەننی و هونەری ڕۆژنامەگەری پەروەردە دەکرد کە بۆ خۆی سەرمایەیەکی گەورە و بەنرخ بوو بۆ حیزبەکە. بە جۆرێک کە هەموو کات کادرەکانی بەشی ئینتیشاراتی حیزب بەشێک بوون لە کادرە نوخبەکانی حیزب.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە وێڕای دەستخۆشی لە هەموو ئەو کەسانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەو ڕۆژنامەدا ئەرکیان لە ئەستۆ بوە، داوای سەرکەوتن و سەربەرزیش بۆ کارگێڕان و هەڵسووڕاوانی ئێستای ڕۆژنامەی "کوردستان" دەکەم. بەو هیوایەی لە داهاتوویەکی زۆر نیزیکدا "کوردستان" لە زێدی خۆی دەربچێ و ڕۆژانە بگاتە دەستی خەڵکەکەی.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٠٠ - ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠٢١

## "کوردستان" لە هەناوی کۆمەڵگەوە



**شاهۆ مەتین**

وەک ئەندامێکی دەستەی نووسەران کە لە نێوخۆی وڵاتەوە بۆی دەنووسم و مخابن بەهۆی بارودۆخی سیاسیی وڵاتەوە ڕەنگبێ بەشێک لە ئەندامانی دیکەی دەستەی نووسەرانیش هەر بەناوی خوازراوی "شاهۆ"وە بمناسن، گەیشتنی ڕۆژنامەی "کوردستان" بە ژمارە ٨٠٠ی خۆی پیرۆزبایی دەڵێم.

"کوردستان" داهێنانی حیزبی دێموکرات بۆ بڵاوکردنەوەی بیری دێموکرات و نەتەوەخوازی بوو. ئێستا لە تەمەنی ٧٥ ساڵەی خۆیدا و لە کاتێکدا ژمارە ٨٠٠ی خۆی دەردەکا کە دوور لە زێدی لەدایکبوونی بڵاو دەبێتەوە. ئەم نووسینە وەک "خوێنەر"ێکی لە نێوخۆی وڵاتەوە دەنێرم کە هەموو جارێ بە هۆگرییەوە بۆ "کوردستان" دەنووسێ و بە تامەزرۆییەوە دەخوێنێتەوە."

### "کوردستان" قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی زمانی دایکی

ئەو ڕۆژنامەیە بە هۆی پاراویی زمان و وێژەی لەسەر دەستی نووسەران و زمانناسانی بەتوانا و بەهرەمەند و گرینگیدان بە پەروەردەی زمان، ڕۆڵی قوتابخانەیەکی بۆ بەردەنگ و خوێنەرەکانی گێڕاوە. بەم مکانیزمە هەوڵی داوە خوێنەرانی تەنیا بابەتەکانی نێو ڕۆژنامە نەخوێننەوە بەڵکوو فێری نووسین و خوێندن بە زمانی دایکیشیان بکا. بە تایبەت پاش شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٧) و ڕاگەیاندنەوەی دووبارەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر دەستی ڕۆژنامەی "کوردستان" گەلێک زۆرن ئەو مێرخاسە پێشمەرگانەی بە هۆی سیاسەتیی داگیرکاریی کۆماری ئیسلامی دەرفەتی خوێندەوار

بوونیان بۆ نەڕەخساوە و لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بە هۆی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" ئێستا باشترین مامۆستاکانی زمان و وێژەی کوردین و خۆیان بوونەتە مامۆستایەک بۆ پەروەردەکردنی تاکەکان لە ڕاستای فێر بوونی زمانی دایکی.

کاریگەریی ڕۆژنامەی کوردستان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش چ ئەو سەردەم کە بە شێوەی کاغەز دەگەیشتە دەستی خەڵک و ئەندامانی و چ ئێستاش بە هۆی مێدیا و ماس مێدیا خوێنەران دەستیان پێ ڕادەگا و ڕۆڵی شوێندارانەی لەسەر بەردەنگەکانی دروست کردووە و وەکوو کاناڵێک بۆ فێربوونی زمانی دایکی لێ هاتووە.

چۆن دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر کوردستانی کۆلۆنیالیزیکراو ئیزن نادەن پەروەردە و فێربوون بە زمانی دایکی بوونی هەبێت، ڕۆژنامەی کوردستان کەم و زۆر ئەو بۆشاییەی پڕ کردۆتەوە و وەکوو ناوەندێک لە ڕێگای خوێنەرەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێربوونی زمانی دایکی بردووەتە نێو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شان بە شانی مامۆستا خۆبەخشەکانی زمانی کوردیی هەوڵی پێگەیاندنی تاک لە ڕۆژهەڵات دەدات، لە سەر ئەساسی (زمانی من ناسنامەی منە) پێش بە ڕەوتی ئاسیمیلەبوونی نەتەوەکەی لە لایان دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر نەتەوەکەی دەگرێ. لە ڕێگای بایەخ دان بە زمان، کولتوور و ئەدەب و چاندی نەتەوەیی و نیشتمانی تاکی کاریگەر و پەرچەکەردار بە نیسبەت پرسە مێژووییەکەی دژی عەقڵییەت و زێهنییەتی سیستم دروست کردووە.

### "کوردستان" و گرنگیدانی بە کێشەی ناوچە هاوبەشەکان لەگەڵ ئازەری زمانەکان

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بە هۆی سیاسەتی دەوڵەت نەتەوەی سەردەست، لە کاتی دەسەڵاتدارێتی قاجارەکانەوە تاکوو ئێستا لە ڕێگای گۆڕینی دێمۆگرافیای ڕۆژهەڵات هەوڵی بە تورککردنی ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتیان داوە تاکوو لە ڕێگای کێشەی نەتەوەییەوە لە نێوان دوو نەتەوەی ئازەری و کورددا و بە پشتیوانیکردن لە نەتەوەی ئازەری، کوردی مافخواز لە بەرانبەر ئۆتۆریتەی دەوڵەتی ناوەندییەوە کپ و بێدەنگ بکەن و؛ لە ڕێگای کاربەدەست و بەرپرس کردنی تاکی ئازەری بە سەر نەتەوەی کوردەوە هەوڵی تێک شکاندنی ڕۆح و عەقڵییەتی تاکی کورد بدەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە ڕێگای ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک زمانحاڵی حیزب و بزووتنەوە نەتەوەییەکەی توانیویەتی بە زمانێکی سەردەمیانە ڕۆشنگەری بە نیسبەت پرسی زمان و خاک و نەتەوە و نیشتمان لە سەر ئەساسی باوەڕە دێموکراتیکەکان و هێڵە ستراتیژییەکەی لە چوارچێوەی فێدڕالیزمدا ئەم پرسە شی بکاتەوە و لە ڕێگای هێنانەوەی

بەڵگەی مێژوویی هەوڵی ئاشتەوایی، پێکەوە حەوانەوە و سازان لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و ئازەریدا دروست بکا و ئەم پیلانگێڕییەی حاکمییەت کە لە ڕێگای ڕەوتی پانتورکیزم دەیدا پووچەڵ بکاتەوە.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ڕێگای دوورنواڕینی بۆ ئەم پرسە هەستیار و مەترسییدارە هەوڵ دەدا شانبەشانی ڕاگەیاندنی دەنگی و ڕەنگی وەک ڕادیۆ و تیڤی ڕۆشەنگەری پڕ واتا دروست بکا و لە ڕێگای ئاخاوتن لەگەڵ دەستەبژێرانی کۆمەڵگە و بەردەنگەکانی بە ناردنی گوتاری ئاراستەکراوی حیزب بە نیسبەت پرسەکە کە دەرچەی هاوبەش لە نێوان تاکی هزرمەندی دێموکراتێکی کورد و ئازەری لە پانتایی کۆمەڵگەدا بکاتەوە و بیکا بە ڕۆژەڤ و بەو شێوەیە ئەم پرسە پڕ لە هەستیارە لە ئێستا و دوارۆژدا لە ڕێگای دیالۆگی شارستانیانە شی بکاتەوە و بڕوا دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک تۆلێرانس و پلۆڕالیزم جێگیر بکا؛ تاکوو پێش وەبەر یەک کەوتنی نێوان کورد و ئازەریدا بگرێ.

### بەرۆژبوونی بابەت و پرسەکانی نێوخۆی کۆمەڵگە لە "کوردستان" دا

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی جەماوەری کە خاوەن گوتاری نیشتمانی و نەتەوەییە، بەرانبەر هەموو پرس و باسەکانی نێو کۆمەڵگەکەی چ لە ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتی خۆی بە بەرپرسیار دەبینێ و لەسەر ئەساسی جیهانبینییەکەی هەوڵ دەدا لە ئاستی جۆراوجۆر لە ڕاستای بەرژەوەندییە نەتەوەییەکەی بیانخاتە ژێر چاوەدێری تاکوو بەو بەرپرسیارێتییەی گەلەکەی خستوویەتە سەر شانی حیزب چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە. بەم تێڕامانە ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ زیاتر هەڵوێستەکردن و هێنانە بەر باس و دروستکردنی وێژمان بۆیان لە هەموو ئەم بابەتە سیاسی، ئابووری و کولتووریانە و... لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی ئێران و جیهان ئاوڕدانەوەی جیدیی و بەرپرسیارانە دەکا و لە سەر دەستی نووسەرانی شارەزا و پسپۆڕ و تایبەتمەند لە دەستەی نووسەران، ڕۆژنامەی "کوردستان" بەو پاشخانە فکری و هزرییەی کە تاکی نووسەری دێموکرات لە "کوردستان" دا هەیەتی، شرۆڤە و ئانالیزیان دەکا و بە ڕاڤەیەکی واقیعبینانە دەیانگەیەنێتە بەر دەستی خوێنەرانی و لە ڕێگای ڕۆشەنگەری و تەتەڵەی هەموو ئەو پرس و دیاردانە توانیویەتی پیلانگێڕی دوژمنان بۆ بەلاڕێدابردنی تاک و جڤاتی کوردی پووچەڵ بکاتەوە.

"کوردستان" توانیویەتی لە سەر دەستی خوێنەران، وێژمان، عەقڵییەت و ڕوحی دژ بەرانبەر نەیارانی بخوڵقێنێ و بەو تێڕامانەی کە ئەم ڕۆژنامەیە دەیخاتە نێو کۆمەڵگە، دیاردە ناشیرینەکانی دوژمنانی نێوخۆ و دەرەکی دەیانەوێ جێگیری بکەن تاکوو گەلەکەمان تووشی ئانۆمیی لە ئاستە جیاجیاکان بکەن سەری نەگرتووە و، ڕۆژنامەی "کوردستان" و قەڵەمی

بەپێزی نووسەرانی هەموو کات پیلانی دوژمنان پیلانگێڕییەکەیانی ئاشکرا و پووچەڵ کردۆتەوە. تەنانەت بە هێنانی گوتار و وێژمانی سیاسی و یاساییانەی حیزب وەکوو ڕاپرسی بە چاوەدێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕۆژهەڵات مێحوەری، ژووره فکرییەکانی ڕێژیمی ئاخوندی تووشی چالنج کردووە.

## ڕۆژنامەی کوردستان وەکوو سەرچاوە

ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک ڕوژنامەیەکی بەرپرسیار و وەڵامدەر بە نیسبەت ئەو بابەت و وتارانەی لە ڕێگای ڕۆژنامەوە دەیگەیەنێتە دەستی خوێنەران توانیویەتی ڕاستگۆیانە و بوێرانە کۆی پرس و بابەتەکانی نێو کۆمەڵگە و حیزب بەرجەستە بکاتەوە و بە ئاوڕدانەوەیەک یان خەسارناسیەکی واقیعبینانە ڕاڤەیان بکا تاکوو هەم بتوانێ لەگەڵ خۆی و خوێنەراندا سادق بێ و ئەگەر بڕیاریش بێت دیاردەیەک بە باش یان خراپ لە ئاستی کۆمەڵگەدا بوونی هەبێت، دەستپێشخەر لە ڕاستای چارەسەر یان گەیاندنی واقیعبینانەی ئەو پەیامە بێت.

لە بارەی نێوەرۆک وەک ڕۆژنامەیەکی پڕ سەرمایە دەوری سەرەکی دەبینێ و هەر لەم سۆنگەیەوە گەلێک جاران کە ڕۆژنامەی حیزبەکانیتر لە ڕۆژهەڵات یا ڕۆژنامەکانی باشووری کوردستان دەخوێنێتەوە لە نێوئاخنی وتار و هەڵسەنگاندنەکانیاندا ئەو هزر و ئەندێشەیەی ڕۆژنامە بە نیسبەت پرس و بابەتی کوردستانی و نەتەوەیی ئاراستەی کردووە خۆی لە زۆر یەک لە ڕۆژنامەکانی باشوور بەرجستە دەکا و بووەتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ نووسەران تاکوو وەک پاشخانێکی هزری خۆیان بخەنە سەر کاغەز و بیگەیەننە نێو شەقام.

لە ئاستی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتیش چ ڕۆژنامە کوردییە ڕێگەپێدراوەکان یا دەستەبژێرانی نێو کۆمەڵگە کە دەست بۆ قەڵەم دەبەن، تەنانەت لە ئاستی شەقامی ئاساییشدا دەنگ و پەیامی ئاراستەکراوی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ئاستیی جودا جودا دا دەوترێ و دەبیسترێ کە لە ڕاستیدا ئەوە دەرخەری ئەم ڕاستییەیە و دەیسەلمێنێ کە ڕۆژنامەی "کوردستان" و گوتار و وێژمانەکەی توانیویەتی لە سەر ئەساسی کارکردی بوێرانە و ڕاستگۆیانە کاریگەری دروست بکا و لە لایەکی تریش ئەو شوێندانەرییە بۆ زیندووبوونی ئەو پرس و بابەتانە بۆ قەڵەمی بەپێزی نووسەرانی دەگەڕێتەوە کە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی کردووە بە مەرجەعێک. هەر لەسەر ئەم ئەساسانە لەم بەشەدا بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە ئەگەر ڕۆژنامە بخوازێ کاریگەریی زیاتر لە پانتای جەماوەر بەرهەم بهێنێ، وەک زەروورەتێک پێویستە بتوانێ دوو پەنجەرەی تر لە ڕۆژنامە بە ناونیشانی دەنگی ئازاد کە خۆی لە ڕەخنەی دروستکەر لە حیزب یا پێشنیار کردن بۆ حیزب و هەبوونی لاپەڕەیەک بۆ

**کاریکاتێر بە نیسبەت هەموو پرس و باسەکانی نێو کۆمەڵگە لە ڕێگای ئەو هونەرەوە پێشکەش بکا، دوو چەمکی ڕاستگۆیی بە نیسبەت خۆی و بەردەنگەکانی و بوێری بە نیسبەت ڕەخنەی هەڤاڵانە زیاتر دەسەلمێنێ و هەر بە شێوەی ئێستا وەک پێشڕەو و سەرچاوە لێی دەنواردرێ.**

**لە کۆتاییدا وێڕای سپاس بۆ پشوودرێژی و لەسەرەخۆیی مامۆستا و بەشداربووان لە هەمبەر خوێندنەوەی ڕوانگەی برا بچووکتان هیواخوازم ڕۆژنامەی "کوردستان" بە هەڵسەنگاندن و ڕاڤەی ئێوەی هێژا دەوڵەمەندتر لە ڕووی وتار و کاریگەرتر لە ئاستی جەماوەر و بوون بە سەرچاوە و مەرجەع بوونی لە ئاستی دیالۆگ لە ناو جڤات و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەکانی تردا بپارێزێ و پێکەوە لە بەرهەمهێنانی ڕۆشەنگەری لە ئاستی تاک و جەماوەردا هاوشانی ڕەهەندەکانی تری خەبات دژی ڕێژیمی ئاخوندی کە سیاسەتی ئەو پەڕی کۆلۆنیالیستی و ئاسیمیلاسیۆن لە هەموو ڕوویەکەوە دژی نەتەوەکەمان بەڕێوە دەبات پشوو درێژانەتر تێکۆشان بکەین تاکوو ڕزگاری و ئازادی بێتە دی.**

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٠٠ - ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠٢١**

# ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئارشیوێکی نەتەوەیی



**عەلی فەتحی**

ڕۆژنامە، واتە بڵاڤۆکێک کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئامادە دەکرێ و چاپ و بڵاودەبێتەوە و دەکەوێتە بەردەستی خەڵکی خوێنەوار. ئەو بڵاوکراوەیە نە بەیانێکی یەک دوو لاپەڕەییە کە باس لە بابەتێکی تایبەت بکا و نە ڕاگەیەندراوی ناوەندێکی سیاسی کۆمەڵایەتی یا هەر شوێنێکیترە، بەڵکوو چاوی قەڵەمی دەڕوانێتە هەموو دەوروبەری. لەو سەردەمەوە کە ئەو بڵاڤۆکە بە ناوی "ڕۆژنامە" کەوتووەتە دەست خەڵک، چوارسەد ساڵ تێپەڕیوە. مەبەستی ئەو پتر گەیاندنی زانیاری بە کۆمەڵانی خەڵک بووە. ڕۆژبەڕۆژ گەشەی سەندووە و لەباری فیکرییەوە ئاشکراتر خۆی دەرخستووە. ڕۆژنامە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، ئەخلاقی وەکوو خاڵێکی گرینگ کردووەتە بنەما. بۆ ڕۆژنامەیەک زۆر بەجێ بووە کە بە چاوی بایەخەوە بڕوانێتە شێوازی نووسین، گرینگیی بابەت و سەربەخۆیی قەڵەم. ڕەچاوکردنی هەمووی ئەو خاڵانەش، وای لێ کردووە لە ماوەیەکی کورتدا ببێتە قوتابخانەیەک بۆ پەروەردە و گەشەی کۆمەڵگە.

وەک دەزانین یەکەمجار ساڵی ١٨٢٨ و لە سەردەمی پاشایەتی محەممەد عەلی پاشای میسردا ڕۆژنامە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کەوتووەتە بەرچاوی خەڵک. ناوی "الوقایع المصریه" بووە. ٧٠ ساڵ دوای ئەو ڕۆژنامە میسرییە، هەر لە شاری قاهیرەی وڵاتی میسر، بە هەوڵ و تێکۆشانی میقداد میدحەت بەدرخان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی "کوردستان" لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

ڕۆژنـامەی "کوردسـتان"ی کۆتـاییەکـانی سـەدەی نۆزدە لە خـاکی کوردسـتانێکی دابەشکراودا بە شێوەی بەربڵاو بڵاونەبۆتەوە، بەڵکوو پتـر کەوتـووەتە بەردەسـتی ژمارەیەک خوێنـدەواری کـوردی نیشـتەجێ لە میسـر و لوبنـان و دیمەشق و یەک دوو پێتەختیتـر. هەڵبەت بـا ئەوەش بڵێین، ئەگەر کەشێکی ئـازادیش هەبـوایە و کوردستانیش ئـازاد و سەربەخۆ بـا، هێشتا ڕادەی خەڵکی خوێندەواری ئەو سەردەمە ئەوەنـدە زۆر نەبـووە کە بتوانێ بە مەبەستی زانیاری وەرگرتن کەڵک لە بـابەتی نووسراو وەرگرێ. ٤٨ ساڵ دواتـر، لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ڕۆژنـامەی زمانحـاڵی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە دامەزرێنەری کۆمار بووە هەر بەو ناوە، واتە "کوردستان" دەرچووە. دیـارە بەر لەو ڕۆژنـامەیە گۆڤـاری "کوردستان"یش لەگەڵ چەنـد بڵاڤۆکی دیکە بڵاوبـوونەتەوە. بە وردبـوونەوە لە سەرچاوە مێژووییەکـان و بەتـایبەت ڕۆژنـامەی "کوردستان" خـۆی، دەبینـین تەنیـا لە فەترەیەکـی زەمەنیـی کورتـدا نێـوەرۆکی بابەتەکـان بەڕۆژن، چـونکە کەشـوهەوای سیاسـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی ئەوکـاتە ئـاڵوگۆڕی بەسەردا هـاتووە و بـوارێکی ئـازاد بـۆ نووسین و دەرچوونی گۆڤـار و ڕۆژنامەکـان ڕەخسـاوە. پێویستە ئەوەش بڵێین کە "کوردستان"ی ئەو سەردەمە و تەنـانەت دواتـریش، دیسـان ڕۆژنـامەیەک نەبـووە کە سەردێڕەکانی ڕەنگین بکا و بە فرتوفێڵی جۆراوجۆر خەڵک فریو بدا و بۆ لای خۆیـانی ڕاکێشێ. یـا بابەتەکـانی دوور لە ڕاستی و ناتەبـا لەگەڵ کەشی ڕۆژگار بن و لاپەڕەکانی یەکەمی پڕ لە وێنە و گرافیک بکا و وەدوای ئەو فکرە بکەوێ کە پێیدەڵێن:

ڕاکێشـانی سـەرنجی خـوێنەر بە هەر نرخێـک" ، وەک چـۆن لە سیاسـەتدا بـاوە. نە چیـرۆک و بەسـەرهاتی خەیـاڵی و نە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بێبنەما و نە هەواڵ و زانیاری دوور لە ڕاستی لە "کوردستان"دا جێیان نەگرتووە. وەدوای دەنگۆ و قسەوباسـان نەکەوتـووە و ئەدەبیـاتەکەی فەرمـی و زمـانی بەیـانی پـاراو و خـاوەن ڕێنووسـی دروسـت بـووە و بەگشـتی قوتابخانەیەک بۆ لێفێربوون بووە. هەرچەند وەسیلەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی بیری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بـووە، لێ لە هەمان کاتدا شوێنێکی گونجاو بۆ لێکدانەوەی بەرێوەچێی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم و مەکۆیەک بـووە بـۆ تۆمارکردنی گەلێک بابەتی سەرنجڕاکێشی ئەودەم و ڕزگارکردنیان لە فەرامۆشی و فەوتان.

گەر سـەیری هەر کتێبێکـی مێژوویـی بکەیـن کە نووسـەرەکەی کـورد بـێ، لە یەکەم ڕسـتەکانی سـەرەتاییدا ئەوەمـان بەرچاودەکەوێ کە نووسەر ناچار بووە دەست بۆ دەیان سەرچاوەی بیانی بەرێ بـۆوەی نەختێ زانیـاری لەسەر کورد بە عـام وەگیر کەوێ. کورد بە گشتی زۆر گرینگی بە نووسینەوە و تۆمـارکردنی ڕووداوەکـان نەداوە، جـا یـا بەلایەوە گرینـگ نەبـوونە یـا خـاوەن نەریتـی تۆمـارکردن نەبـووە. کـورد ئەگەر زانیبـای نووسین و تۆمـارکردنی بابەتەکـان ڕۆژێـک دەبـنە سـامانێکی نەتەوەیی لە یەکەم هەنگاودا و هەروەها مڵکێکی نێونەتەوەیی لە دەرەجەی دووهەمدا، ڕەنگە قەت وەها بـێ مەیل نەبـووایە و لەو بوارەدا باشتر بیری کردباوە. دەبێ ئەوەمـان لەبەرچـاو بـێ کە ئەو نووسراو و بەڵگـانە وەکوو یـادەوەری و سـەرچاوە،

مەحکەمترین بەردی بناغەی کەسێتی و پێناسەی نەتەوەییمان پێکدێنن و ئێستا و ڕابردوومان لێک گرێ دەدەن و چرای ڕووناکن بۆ ڕێنوێنیمان. ئەو پردەی کە بە هۆی ئەو بەڵگە و بڵاڤۆک و نووسراوانە لەنێوان ئێستا و ڕابردوودا دروستدەبن، زەینی نیشتیمانیی ئێمە پێکدێنن. ڕۆژنامەی "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبی دیمۆکرات، وەکوو کۆنترین و خاوەن زۆرترین زانیاریی مێژوویی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهەق توانیویەتی پڕمەترسیترین بەڵا لەسەر جەستەی مێژوو لابەرێ، کە ئەویش فەرامۆشی و لەبیرچوونەوەی ڕووداوەکانی نیزیک بە ٧٠ ساڵی ڕابردوویە. ئەو ڕۆژنامەیە لە ڕاستیدا دیاری دوو نەسڵی پێشترە بۆ نەوەی ئێستا. ئەو نەوەیە لەسەریەتی بە شێوازی گونجاو ئەو خەزێنەیە یا وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەو زەینە نیشتیمانییە بەرەبەرە بکاتە ملکێکی جیهانی و ئیمکانی ئەوە برەخسێنێ کە جیلی نوێی جیهان بتوانێ بە هاسانی کەڵک لە زانیارییەکانی وەرگرێ و چیتر وەکوو بڵاوکراوەی لۆکاڵ و حیزبی خۆی نەنوێنێ. لە زەینێکی نیشتیمانییەوە ببێتە زەینێکی جیهانی. وەختێک ڕۆژنامەی "کوردستان" توانی لەو چوارچێوە لۆکاڵییە بێتەدەر و ببێتە ئارشیوێکی نەتەوەیی و سەرچاوەیەکی جیهانی و توێژەر و لێکۆڵەران بە هاسانی توانیان دەستیان پێ ڕابگا، هەم توانیومانە مێژوومان باشتر بە دنیا بناسێنین، هەم یارمەتی توێژەران بدەین لێکۆڵینەوەی دروست لەسەر ڕووداوەکان بکەن و هەم بڕیاردەران دوای خوێندنەوەی توێژینەوە و بەڵگەکان بڕیاری بەرهەق و گونجاو بدەن. بە واتایەک ئەو سامانە نەتەوەییە واتە ڕۆژنامەی "کوردستان" هەم تۆزی فەرامۆشی لەسەر نەنیشتووە، هەم وەکوو زەینی نیشتیمانی خزمەتی پتری بە کوردستان و دۆزەکەی کردووە.

ئێمە سەیری هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەی کوردستان دەکەین، خۆی لەبەر خۆیەوە خاوەن مێژوو و بەسەرهاتێکە، جا چ لەو سەردەمەدا کە لەبەر ڕووناکایی چرا و فانۆسەکان و لە چاپخانەی "کوردستان"دا بە هەوڵ و کۆششی سەید موحەممەد حەمیدی، هەژار، هێمن و زەبیحی‌یەکان دەرچووە، یا دواتر کە بە هیممەت و تەقەللای دوکتۆر قاسملوو و چەند هاوڕێیەکی‌تر درێژە بە چاپ و بڵاوکردنەوەکەی دراوە. خوێندوومانەتەوە کە زۆر جار ئەگەر گرفتێکی ماڵی بۆ "کوردستان" هاتووەتە پێش، ئەوە پێشەوای سەرکۆمار خۆی لە فریای کەوتووە و قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و نەی‌هێشتووە ئەو ڕۆژنامە خۆشەویستە پەکی بکەوێ. هەر بە هەمان هەستیش، کەسایەتییەکانی دوای کۆمار ئەگەر تەنانەت قەرزیشیان وەرگرتبێ، ئەو یادگارییەی پێشەوا و کۆماریان بەسەر پێوە ڕاگرتووە تا گەیشتووەتە دەست وەچەی نوێ.

ئەو ڕۆژنامەیە هەرچەند بە فەرمی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستانی بڵاو کردووەتەوە، لێ لە هەمان کاتدا ڕێوشوێنی خۆڕاگری، شێوازی خەبات و هەستی شۆڕشگێڕی بە بنەمای تێکۆشان بۆ ڕزگاریی داناوە و کاری بۆ گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی کردووە و هەوڵی یەکگرتوویی داوە و پرسی نەتەوەیی بردووەتە نێو زەین و دڵی تاکی کورد. بەپێی زانیاریی

سەرچاوە مێژووییەکانی سەردەمی کۆمار، یەکەم بەرپرسی "کوردستان" سەید موحەممەدی حەمیدی بووە و هەروەها ۱۱۷ کەسیش لەو ڕۆژنامەیەدا شێعر و وتاریان نووسیوە. گەورە شاعیرانی وەکوو هێمن، هەژار، خالید ئاغای حیسامی، سەید کامیل، فایق بێکەس، خاڵەمین، خاتوو حەڵەبی سمایل فەرجی، قانع، موفتی، نووری، مەلا شێخ جەلال حوسێنی، خاتەمی (بەیان)، خاتوو مریەم ئەحمەدی، قەدریجان و جووتیێر و چەندێکیتر ناسراوترینی نووسەرەکانن. هەڵبەت چەندێک لەوانە، خۆیان دامەزرێنەری کۆمار بوونە و هەربۆیەش نێوەرۆکی وتار و شێعرەکانیان تەواو نەتەوەیی بووە. ڕۆژنامەی "کوردستان" دواتر وەکوو هەموو ئەو کەسایەتییانەی نەخشیان لە دامەزراندنی کۆماردا هەبووە و دوای تێکچوونی ئەو دەستکەوتە ناچاربوونە ڕێگای دوورە وەتەنی بگرنەبەر، ئەویش ئاوارەی هەندەران بووە. ئەگەر حیزبی دیمۆکرات نیزیک بە ۷۰ ساڵ لە تەمەنی لە دوورولاتی و ئاوارەییدا ژیاوە، ڕۆژنامەی زمانحاڵی ئەویش بە هەمان شێوە و بەڵکوو ئاوارەتریش بووە.

کەوابوو دەبێ بەهەق بڵێین، ڕۆژنامەی "کوردستان" ئەگەر ئەو بڵاڤۆکە نەبووە کە شانبەشانی ڕۆژنامەکانی ئورووپایی لە کەشێکی ئازاددا خەبەر و باسی تازەی ڕۆژانە بخاتە بەرچاوی خوێنەر، لێ توانیویەتی بە هەوڵ و تێکۆشانی کەسایەتییە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەکان ڕوانگە و لێکدانەوە دروستەکانی هەر فەترەیەک بگەیەنێتە دەستی هۆگرانی سەربەستی نەتەوەکەمان لە دەرەوە و ژوورەوە. جیا لەوەش، ببێتە ئارشیوێکی نیشتمانی و هەر تاکێکی کورد لە هەر کوێی گۆی ئەو زەوییە بخوازێ دەستی پێ ڕابگا و بۆ کاری توێژینەوە و مێژوونووسی کەڵکی لێ وەرگرێ.

هەر ژمارەیەکی ڕۆژنامەی "کوردستان" سەیر بکەی و بابەتەکانی بخوێنیەوە، خێرا بیری واقیعبینانە لە زەینتدا جێ خۆش دەکا، سۆزی نیشتمانپەروەری دەدڵت دەگەڕێ، هەستی ڕابوون جەستەت دادەگرێ. جیا لەوانەش، ئەگەر وەکوو سەرچاوەیەکی مێژوویی مەجالت بۆ دەرەخسێنێ، بە خوێندنەوەی سەردێری هەر ژمارەیەکیش خێرا تێدەگەی لە فلان سەردەمدا کام سیاسەت و ڕێباز ڕەچاو کراوە بۆوەی کورد بتوانێ مافێک دەستەبەر بکا. دروشمەکانی هەر سەردەمێک کە لە ژێرەوەی لاپەڕەی یەکەمدا یا وەکوو سەردێری بابەتی ئەسڵی نووسراون، بە خوێنەر دەڵێن پەنجا ساڵ لەوە پێش چ دروشمێک و خواستێک پتر لە ڕۆژەڤدا بووە، یا سەبک و شێوازی نووسینی بابەت و نێوەرۆکی شێعر و وتاری زاڵ چ بووە. ئەگەر لەوانەش بگوزەرێین، هەر تەنیا سەرنج بدەینە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو ڕۆژنامەیە لە بواری کوردینووسیندا، بەڕاستی دەبێ بڵێین قوتابخانەیەکی گرینگ بووە و بە هەزاران قوتابی پێگەیاندووە.

لە کۆتاییدا، ئەوەی قەناعەت بە خوێنەر دێنێ، ئەوەیە کە ڕۆژنامەی "کوردستان" ئەگەر زەینێکی نیشتمانییە بۆ ڕووداوەکانی پتر لە ٧٠ ساڵ، ئارشیوێکیشە بۆ نیشاندانی سەبک و شێوازەکانی نووسین بە درێژایی تەمەنی خۆی و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٠٠ - ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠٢١

---

## بەڕێوە و هەر بەپێوەین



عەلی بداغی

"کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٧٦ ساڵەی تەمەنیدا مۆمی ژمارە ٨٠٠ی خۆی کوژاندەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتێکدا کە ئامادەکاریی بۆ پێکهێنانی دەوڵەت و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کرد، لە بەفرانباری ١٣٢٤دا، کوردستان ئۆرگان و زمانحاڵی خۆی بڵاو کردەوە. زۆری نەخایاند کە زمانحاڵی حیزبی دێموکرات بوو بە زمانحاڵی کۆماری کوردستان و ئێستا دوای تێپەڕینی پتر لە سێ چارەگە سەدە، "کوردستان" وەک ئاوێنەی خەبات و مێژووی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی لێ دەکرێ.

کوردستان لە ماوەی ژیانی خۆیدا زۆر قۆناغی بڕیوە و بڕینی گەلێک ڕێگەی هەڵەمووتی ئەزموون کردووە. سەردەمانێک

ئەرکی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بڕیار و پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانی لە ئەستۆ بووە و سەردەمانێک شوێنی تۆماری حەماسەی پێشمەرگەکان و مێژووی خوێناویی ساڵە سەختەکانی خەباتی کورد بووە. "کوردستان" سینگی پڕە لە داستان و نەبەردیی نەتەوەیەک، ئەدەبی بەرگری و خۆڕاگریی میللەتێک و پرۆژەی وشیاریی نەتەوەیی بۆ ڕابوون و هەستانەوە.

"کوردستان" لە دەرچوونی ژمارەی ٨٠٠ی ئەم دەورەیەیدا هەم بە ڕابردووی خۆی دەنازێ و هەم سیلە چاوێکیشی لە داهاتوویە و لەو ئەرکانە دەڕوانێ کە لە قۆناغی سەختی خەباتی ئێستادا لەسەرشانیەتی. دامەزرێنەرانی "کوردستان" خولیا و ئامانجی گەلێک گەورەیان بۆ خۆیان و بۆ "کوردستان" دەستنیشان کردبوو. "کوردستان" دەبوا ببێتە مینبەری مافخوازیی نەتەوەیەک و ڕۆڵی سەرەکیی لە پێگەیاندن و بردنەسەرێی ژیری و وشیاریی ڕۆڵەکانی ئەم گەلەی هەبێ، کە بووی. دەبوا ببێتە قەڵای پارێزگاری لە زمان و شوناسی نەتەوەیەک کە نەیارانی لەمێژ بوو بۆ سڕینەوەی کولتوور و مێژووی شمشێریان لە ڕوو بەستبوو، کە بوو. "کوردستان"، یان لەو پێناوەدا زۆریان چێشت، زۆریان گەرمێن و کوێستان کرد، لە پێتەختی زۆر وڵاتاندا شەکەت بوون و ئارەقیان ڕشت، لە زۆر ڕیز و مەتەرێزدا خوێنیان لەبەر ڕۆیشت و تەنانەت گیانیشیان دانا، بەڵام ئەو سەنگەرە چۆڵ نەکرا و ئەم ڕێبازە دەستی لێ هەڵنەگیرا و ئەم کاروانە بێ ڕێبوار نەمایەوە.

"کوردستان" هەڵگری باوەڕ و پەیامی حیزبێکە کە پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە خەباتی شوناسخوازیی نەتەوەی کورد هەیە. حیزبێک کە کۆماری کوردستانی دامەزراندووە و بە دژی دوو ڕێژیمی سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەر کە هیچ بایەخێکی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکانی کورد دانەناوە خەباتی کردووە. بۆیە دەکرێ مێژووی خەباتی ئەو حیزبە کە هاوکات مێژووی خەباتی ئەو نەتەوەیەشە لە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا بخوێندرێتەوە. هەر ڕۆژنامەیەکی هەر ساڵێکی دەرچوونی "کوردستان" هەڵدەیتەوە، چاوت بە ڕوانگەی ئەم حیزبە لە بارەی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەی کورد لە ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەوێ و بەسەرهاتی گەل و ڕەفتاری ڕێژیمە ناوەندگەراکان دەرحەق بەو نەتەوەیەی تێدا بەدی دەکەی.

چارەنووسی "کوردستان" لە هەموو ماوەی تەمەنیدا بەشێک بووە لە چارەنووسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە زمانحاڵی ئەم حیزبە بووە. کاتێک ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵات حوکمی بەدەستە و کۆمار بەڕێوە دەبا، "کوردستان" بە ئیمکاناتی حکوومەت و بە ڕێکوپێکی و بە تایبەتمەندیی ڕۆژنامەیەک کە وەڵامدەری حەوجێیەکانی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە. کاتێکیش حیزبەکەی لە مەتەرێزی شەڕی چەکداری و بەرگری لە مانی گەلەکەی دایە، دەبێتە چەک و دەنگی پێشمەرگە. کە

حیزبەکەی تێکۆشانی ئاشکرای هەبووە، بە ئاشکرا دەرچووە و بڵاو بۆتەوە، ئەگەریش حیزب لە خەباتی سەختی پارتیزانیدا بووبێ، لە چیا و ئەشکەوت و بن گاشەبەردەکانەوە گەیوەتەوە شار و دەستی خوێنەرانی. ئەگەر ڕۆژێک چالاکی و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەکزی دابێ، ئەم لاوازییە لە ڕۆژنامەشدا ڕەنگی داوەتەوە و هەرکاتێکیش هەلومەرج لە بەرژەوەندیی حیزبدا چووبێتە پێش، ئەوا "کوردستان" سوودی لە بارودۆخەکە وەرگرتووە و گەشەونەشەی پێوە دیارە.

"کوردستان" لە کاتی داسەپانی سیاسەتی سانسۆڕی دوو حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و پیلانە نەرمەکانی ئەم دوو ڕێژیمە بۆ دروستکردنی قەیرانی شوناس و تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەتەوەی باڵادەستدا، قەڵای خۆڕاگری پارێزگاری لە هۆوییەت و شوناس و زمانی کوردی بووە.

"کوردستان" دوای بڕینی هەموو ئەو کۆسپ و تەنگ و چەڵەمانەی لە زۆر قۆناغی ئەم ٧٦ ساڵەدا لەسەر ڕێی بووە، ئێستا سامانێکی دەوڵەمەند بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

"کوردستان" لە هەموو ماوەی تەمەنیدا کۆمەڵە ئەرکێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی بۆ خۆی پێناسە کردووە کە بەشێکی بریتین لە: بانگەشە و بەدواداچوون بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەرجەستەکردنی بایەخمەندیی شۆڕشگێڕی و خەباتکاری و، هەروەها ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ وەک پرنسیپێکی ئەخلاقی و ئینسانی و جیهانگیر. "کوردستان" لە هەر بارودۆخێکدا ئاوڕی لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، ژینگە و بەرگری لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان داوەتەوە بە بایەخەوە بۆ پرسی ژنی ڕوانیوە و بەگژ هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیدانان چۆتەوە، جا ئەمە چ سەرچاوەکەی کولتوور و نەریتی کۆمەڵ بووبێ یان ڕوانگە و سیاسەتی حکوومەتی زاڵ بەسەر کوردستاندا.

"کوردستان" باوەڕی بە بیروڕای ئازاد هەبووە و لەگەڵ ئەوەدا کە بۆخۆی ئۆرگان و زمانحاڵی حیزبێکی سیاسی بووە، بەڵام سینگفراوان بووە و قەتی دەرگای ڕەخنە لە خۆی دانەخستووە. "کوردستان"" هەروەها ئەگەر چەند ڕۆژ جارێک دەرچووبێ، یان مانگانە و دوو حەوتوو جارێک گەیشتبێتە دەستی خوێنەرانی، بەڵام باس و هەڵوێست لەسەر نالێکییەکانی کۆمەڵ و لەقاودانی کاروکردەوە و سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندی و زۆر مژار و تەوەری دیکەی بە بەشێک لە جەوهەری ڕەسالەت و ئامانجی خۆی داناوە و لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە ڕەچاو کردنی زمانی خاوێنی مێدیایی و بنەما ئەخلاقییەکانی ڕۆژنامەنووسی هەوڵی بۆ داوە. "کوردستان" لە مێژووی ژیانی خۆیدا بە بایەخەوە لە پرسی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵانی ڕوانیوە. لەلایەک سیاسەتی ناسەردەمیانە و هەڵاواردنەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ماف و ڕەوشی منداڵانی

لەقاو داوە و لەلایەکی دیکەش بۆخۆی قۆڵی هەڵماڵیوە و بە دەرکردنی گۆڤار و پاشکۆ - دنیای منداڵان - بۆ ساڵانێکی زۆر ئەم بۆشاییەی لە مێدیای کوردیدا پڕ کردووەتەوە.

"کوردستان" سەرەڕای ئەم پاشخان و مێژووە دەوڵەمەندە و، سەرەڕای ئەوەش کە کۆنترین و بەئەزموونترین بڵاوکراوەی سیاسیی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام بێبەری لە ڕەخنە و کەموکوڕییش نەبووە و نییە. بەتایبەت کە بەپێی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی دەبێ چاوی لە داهاتووش بێ. بۆوەی هەم لە دنیای ڕاگەیاندنی نوێدا و دەبێ جێگەوپێگەی خۆی بپارێزێ؛ هەم لە مەیدانی ئەسڵیی خەبات و تێکۆشانی خۆی لەگەڵ دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی تەیار بە مۆدێرنترین ئیمکانات و تێکنۆلۆژیی سەردەم ڕۆڵی خۆی بگێڕێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٠٠ - ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠٢١

---

## کوردستان لە ئاوێنەی "کوردستان" دا



کەریم فەرخەپوور

"کوردستان" ئەو ڕۆژنامە ڕۆژانە و مانگانە و وەرزانەیە کە دەیان ساڵە ماڵ بە ماڵی کوردستان دەستاودەست لە دەستی ئۆگرانی ئازادی و خوێنداکارنی زانکۆ، مامۆستایانی خوێندنگە، حوجرە و خانەقا، پێشمەرگە و پێشەنگانی خەبات، ئەدیبان و نووسەران و ڕۆژنامەنووساندا دەگەڕێ و تۆوی ئازادی دەچێنێ و بیری ئازادیخوازی بڵاو دەکاتەوە و وەک ئاگری

ئاگردانی ژووره تاریک و قوڕینەکانی گوندەکانی کوردستان بۆ ڕۆشەنکەرەوەی ڕێگەی خەبات و نەسرەوتن و خۆنەویستی هەردەم بۆتە ڕووناکیی ڕێگەی ڕزگاری و وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار درەوشاوەتەوە.

"کوردستان" وەک زۆر لە ڕۆژنامە جیهانییەکان تەنیا هەواڵنامەیەکی ڕۆژانە نەبووە، بەڵکوو ڕێ پێشاندەری خەباتێکی بەرهەق و ڕەوا و دەنگی گەلێکی ستەمدیدە بووە. ئەو لەگەڵ گزینگی خۆری دەوڵەتی کوردی چاوی بە دنیا هەڵێنا بەڵام لە شەوەزەنگی بێدادیدا ڕۆشەنکەرەوی بیری ئازادی و ڕێگەی سەختی خەبات و تێکۆشان بوو و بوو بە پارێزەری زمان و فەرهەنگی کوردی.

"کوردستان" لەنێو دڵی کوردستاندا لەو دەمەیدا کە سەرۆک کۆمارەکەی لە سێدارە دەدرا، بوو بە هیوای گەلێکی بندەست، بوو بە ورە بۆ پێشمەرگە و چرا بۆ ڕێگای تێکۆشانی تێکۆشەران و هەوێنی نەبەزین و کۆڵنەدان بۆ بەندییەکانی نێو چاڵە ڕەشەکانی بەندیخانە.

"کوردستان" بوو بە ئاوێنەی باڵانوێنی خەباتێکی ڕەوا و دەنگی کپکراوی گەلێکی سەرکوتکراو و شریقەی چەکی پێشمەرگە و بیری بیرمەندانی کورد و شوێن پەنجەی گەلێک تێکۆشەر و خاوەن هزر و خامە ڕەنگین و نووسەر و سیاسەتمەدار. "کوردستان" لە کۆشک و تەلار و ژێر ڕووناکایی تێکنۆلۆژیدا نەنووسراوە و نەڕەنگاوە، بەڵکوو زۆربەی کاتەکانی ئاوارە و دەربەدەر لە ژێر میچی خانووە قوڕینەکان، لە ژوورە تاریکەکان لەژێر تیشکی لامپا و لە ئەشکەوتەکان لە ژێر ڕووناکایی ئاگردان و پەنا ڕەز و ڕەوەزێک و لە جەنگەی شەڕدا لە ژێر ڕەهێڵەی تۆپ و ژێر بۆمبی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی دژمندا، لەژێر قەدی داربەڕوو و دارەبەنێکدا، لە پاڵ گاشەبەردێکی نیشتماندا، لەژێر سێبەری کەپر و دارهەنارێکی وەرزێرێکی دەست قەڵشیودا، لە پەنا خوان و سفرەی پیرە دایکێکی پشتچەماودا، لە ژێر ڕێژنەی باران و کڕێوەی بەفر و پەنا سۆبەیەکی مقەڕێکی پێشمەرگانە و زۆر جاریش لە شەوەزەنگی بێدادیدا لەژێر مەترسیی سیخوڕەکانی دژمندا بە دەست و پەنجەی مامۆستایانی خۆبەخش و دەستەبژێر نووسراوە و لە کۆڵەپشتی پێشمەرگەیەک و بەرباخەڵی وەرزێرێکی گوندیدا بە نهێنی خۆی گەیاندۆتە خوێنەرانی.

"کوردستان" یادگاری کۆماری کوردستانە، بە ئەمر و فەرمانی پێشەوای مەزن دەستی بە وەشان کردووە، پێشەنگی گڕوگاڵی منالان و هەلاڵە و هاواری نیشتمان و زۆر بڵاڤۆک و ڕۆژنامە و گۆڤاریتر بووە. جێ پەنجەی زۆر شاعیر و ئەدیب و نووسەر و سیاسەتوانی پێوە دیارە و بە هێز و هزر و بیری کوردانە و شۆڕشگێڕانەی دەیان و سەدان تێکۆشەری کورد ڕەنگاوە و زۆر

ڕۆڵە و ڕووناکبیری بە ئەمەگی لەدەست داوە. زانا و بیرمەنداني وەک قاسملوو و شەرەفکەندی، هێمن و هەژار، زەبیحی و حیسامی و میراوەیی، شەریفی و ڕەحیمی و.... زەحمەتیان پێوەکێشاوە و ئارەقەیان پێوە ڕشتووە و مەنزڵ بە مەنزڵ لە هەورازی شۆڕش لەگەڵی بوون و بۆی سووتاون و بە خەمیەوە بوون.

"کوردستان" هەردەم لەژێر هەڕەشە و چەقۆی تیژی جەللادەکانی تاریک‌پەرەست و دژ بە ڕووناکیدا بووە. لە هەر ڕێگەیەکەوە کە بۆیان لوابێ ویستوویانە ئەو دەنگە زوڵاڵە ڕاستوێژ و هەقوێژە، دەنگی بەرەنگاری و بەگژداچوونەوە، دەنگی میللەتێکی بێ دەوڵەت لە گەروودا خەفە بکەن. ئەوان چ بە چەواشەکاری و خراپکاری، چ بە سیخوڕ و سەرمایە، چ بە پەلامار و پڕوپاگەندە ویستوویانە لەبەر چاوی خەڵک ڕەش و بێ ئێعتباری بکەن و، لەو ڕێگەیەدا گەلێک پلان و پیلانیان داڕشت بەڵام پیلانەکانیان بوونە بڵقی سەر ئاو و پلانەکانیان سەری نەگرت و ئاواتەکانیان بردە ژێر گڵ و "کوردستان" هەر گوڵ و هەر گوڵ مایەوە.

"کوردستان" نوێنگە، بەرزەوێژ و باڵوێزی گەلێکی مافویست و بەشخوراوە، یادگار و جێ‌پەنجەی چەند نەسڵێکە و هەڵگری ئالای بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیستیی کوردە، ئەو خەزێنەی بەسەرهات و کارەساتەکان و هۆنراوەی شاعیرانە، چاوی پێنووسی پێشەنگانی ئەدەب و دەنگی کپکراوی بەندییەکانی چاڵەڕەشەکانی ساواک و حکوومەتی پاشایەتی و دەنگی ڕووخان و وێرانیی شار و گوندەکانی کوردستان، هاواری هەراوی نەورۆزی خوێناویی سنە و ٥٩ لاوی مەهابادی، شیمابارانی زەردە و سەردەشت، قەتڵوعامی خەڵکی گوندەکانی قارنێ، قەڵاتان، سەروکانی، حەڵبێ و کۆیکان و زۆر گوندی دیکەی شەڵاڵی خوێنی دەستی جەللادەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە. "کوردستان" دەنگی ئەو لاوانە بوو کە بوونە سەرداری سەر سێدارە و بە پەتی سێدارەوە دوایین ساتەکانی ژیانیان تێپەڕ کرد.

"کوردستان" ئەرشیڤی ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستان، دەنگی هونەر و هونەرمەندان و دەنگی کچ و کوڕ و پیاو و ژنی کوردستان و گریانی ئەو مناڵە بێناز و ناز لێشێواوانە بووە کە دایک و باوکیان لە سەنگەری بەرگریدا گیانیان بەخت کردووە. ئەو بووە بە هاوار و ناڵەی ئەو دایکانەی کە جگەرگۆشەکانیان خەڵتانی خوێن بوون. "کوردستان" فرمێسک و ئەسرینی ئەو تازە بووکانە بووە کە لە خۆشییەکانی ژیان تەنیا ئاڵقەی دەزگیرانداریەتی دەزگیرانە بێسەروشوێنەکانیان بۆ ماوەتەوە.

"کوردستان" دەنگی ئەو باڵندە و گیانلەبەرانە بووە کە بە دارستان و لێڕەوارەوە، بە ڕەز و باغ و مەزرا و بێستانی

جووتیارانەوە، بە گەنم جۆ و دار هەنارەکانی لاپاڵ و قەدپاڵی نیشتمانەوە لەنێو گڕی ئاگردا سووتان و ماڵ و هێلانەیان بووە بە دووکەڵ.

"کوردستان" نووسەری پیرۆزیی ئەرکی پێشمەرگە و ئەو هەزاران داستان و قارەمانەتی و ئەو تۆڵەستێنە بە ئەمەگانەی کوردستانە کە سەنگەر بە سەنگەر، دەوەن دەوەن بێ سرەوتن و هەدادان لووتکەی چیاکانیان کردە مەیدانی بەرەنگاری و شار و شاخ و پێدەشتەکانی کوردستانیان بە خوێن ڕەنگاند و وەک گوڵاڵەی سووری کوێستان نیشتمانیان نەخشاند. "کوردستان"" وێنە و وێنەگری کۆمار و چوارچرا و سەربازە ونەکانی نیشتمان، نووسەرانی ناودار، ئەدیبانی خامە ڕەنگین، چەک و قەڵەم، قەندیل و بێستوون و ئاگری و ئارارات و پێدەشتی کاکی بە کاکی موکریان، گوڵە گەنمی جووتیاران، خامەی خوێندکاران، خەونی هەژاران، فرمێسکی هەتیوان، سروەی شەماڵی دوند و لوتکە و نشیوان، دووکەڵی شار و گوندی سووتاو، خانووی خاپوور و ڕووخاو، بۆمب و تانک و تۆپ و مووشەک، ئاڵا و کۆماری کوردستان و قەڵای دێموکرات، پێشەوا و شەرەفکەندی و قاسملوو و هەزاران هەزار شەهیدی لە خوێن خەڵتاوی ئەو گەلەیە کە لە پێناو ئازادی و ڕزگاریدا قوربانیی داوە و نەهامەتی چێشتووە.

"کوردستان" هەردەم ناوەند و مەکۆی نووسەران و زمانی گەلێکی زمان قەدەغەکراو و، ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری زمان و ئەدەبی کوردی و ڕاستوێژی و ڕەوانبێژی بووە. ئەو "کوردستان"ە نوێنگەی بیری کوردایەتی و ڕەنگدانەوەی قەڵەمە بە بڕشت و بوێرەکان، چاوی تینووی ڕوو بە ئاسۆی ئازادیخوازان، سەرچاوەی ڕێزمان و ڕێنووسی زمانی کوردی، فەرهەنگ و فەرهەنگۆکی زمانی پاراو و پارێزراوی کوردی، بەڵگەی ڕەسەنایەتی زمان و لە هەمانکاتدا قوتابخانەیەک بۆ فێربوون و مامۆستایەک بۆ لێفێربوون و کتێبخانەیەک بۆ وەدەستهێنانی زانیاری و ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و سیاسەت و بیر و هزر و ئەندێشەی حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٠٠ - ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠٢١

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب بەبۆنەی دەرچوونی ژمارە ۸۰۰ی "کوردستان"



### "کوردستان" لە دەوڵەتداریی کوردەوە هەتا دەربەدەری ئاوێنەی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە

بەڕێزان و هاوڕێیان و هاوسەنگەرانم لە کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب، بەتایبەت ستافی ڕۆژنامەی کوردستان!

سەرەتا بە بۆنەی دەرچوونی ژمارەی ۸۰۰ی ئەم خولەی "کوردستان" بە گەرمی پیرۆزبایی لە حیزبی دێموکرات، ڕاگەیاندنی حیزب و بەتایبەت نووسەران و کارگێڕانی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەکەم.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە دەستپێکی دەوڵەتداریی کورد، لە کۆماری کوردستان و لەسەر دەستی حیزبی دێموکرات کار و تێکۆشانی خۆی دەست پێکرد. ئەم ڕۆژنامەیە کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسایەتیی بۆخۆی دەستنیشان کرد کە دوای زیاتر لە ۷۵ ساڵ و ئێستا لە دەربەدەرییش پێیان دەروەست و وەفادارە.

ڕۆژنامەی "کوردستان" و حیزبی دێموکراتی کوردستان دووانەی لێک دانەبڕاون. بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم حیزبە بۆ ساتێک لە ئامانجەکانی گەل و بەها پیرۆزەکانی نیشتمان دانەبڕاوە. بۆمان دەردەکەوێ لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی لە ساڵی ۱۳۲٤ی هەتاوی هەتا ئێستا وەک حیزبێکی مۆدێرن و بەرپرس، مامەڵەی لەگەڵ پرسەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری کردووە. ڕۆژنامەی "کوردستان" یەک لە گرینگترین بەڵگەنامە و دێکیۆمێنتەکانی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەتوانی پێ بە پێی گۆڕانکارییە سیاسییەکان، قۆناغ بە قۆناغی ئەم بزووتنەوەیەشی تێدا بخوێنیتەوە.

ئەگەرچی ڕۆژنامەی "کوردستان" سەرەتا لەسەر دەستی نوخبەکان و بژاردەکانی سەردەمی خۆی دەرچوو، بەڵام دواتر بوو بە قوتابخانەیەک بۆ ڕاهێنان و پەروەردەکردنی لاوانی نیشتمانپەروەری وڵات کە دواجار بەرپرسیارەتیی گەورەیان لە حیزبی دێموکراتدا گرتە ئەستۆ. بۆیە ئەم خاڵە زۆر گرینگە کە بیزانین ڕۆژنامەی کوردستان بەتایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا سەرەڕای هەموو زەخت و گوشارەکان بۆ سەر ئەم حیزبە بۆتە مەکۆیەکی بیردۆزی و بەرهەمهێنانی بیروڕای نوێ و جیاواز. دەکرێ لە دوو خاڵدا کارتێکەریی مێدیاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کوردکاناڵ و ڕادیۆ و ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە لە سەر ڕەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەم ساڵانەی دواییدا باس بکەین:

یەکەم پێشوازی کردن لە بیروڕای جیاواز و تەنانەت دژواز بۆ سازکردنی فەزای دیالۆگ لەسەر بنەمای باوەڕ بە پلۆرالیزم و فرەچەشنی. دووهەم نەوی کێشان و تابشت هێنان لەبەرامبەر ڕای جیاواز و ڕێزگرتن لەم هەمەجۆری و خاڵی سێهەم سینگفراوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مێدیاکانی حیزب بۆ گوێشلکردن بۆ ڕەخنە و پێشنیار و ڕاوێژی سەرجەم دڵسۆزان و ڕەخنەگرانی حیزب. ئەمە سیاسەتی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە و لە مێدیاکانی حیزبدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە.

بۆیە هەر لێرەوە سڵاو و ڕێز دەنێرم بۆ دامەزرێنەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" و تەواوی ئەو کەسانەی لەم ڕۆژنامەیەدا بابەتیان بڵاو کردۆتەوە لە سەرەتاوە تا ئێستا. هەروەها جارێکیتر پیرۆزبایی لە هاوڕێیانی ماندوویی‌نەناسم لە مێدیاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەکەم و پێیان دەڵێم بەردەوام بن لە ئاوەدانکردنەوەی "کوردستان"دا.

خالید عەزیزی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٠٠ - ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠٢١

# "کوردستان" و پرسی ژن



خەج مەعزووری

کۆمیسیونی چاپەمەنی حیزب بەبۆنەی دەرچوونی ژمارە ٨٠٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان" سیمینارێکی پێکهێنا. لەو سیمینارەدا لەسەر زۆر بابەت قسە کرا و لایەنی جۆراوجۆری ڕۆژنامە هەڵسەنگێندرا. ئەمن بە پێویستم زانی کورتەنووسینێکم لەسەر "ڕۆژنامەی کوردستان و پرسی ژن" هەبێ کە لە قسە و بابەتی پانێلگێڕەکاندا نەهاتنە بەرباس.

ناکرێ باسی پرسی ژن لە حیزبی دێموکرات و مێدیاکەیدا بکەین و بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان نەگەڕێینەوە. لەوکاتدا سەتا ٩٠ی خەڵکی کوردستان نەخوێندەوار بوون و نەخوێندەواری لەنێو ژناندا زۆر پتر لە پیاوان بووە. کۆمەڵی کوردستان فیئوداڵی و سەردەمی سەرۆک عەشیرەت و ئاغا و شێخ و دەرەبەگ بووە. لەو هەلومەرجەدا کە کۆمەڵ لە دواکەوتووییدا بوو و چارەسەری پرسی ژن لە ئارەزوویەک پتر نەبوو، قسەکردن و ئاوردانەوە لە ژن و پەروەردەی ژن، بۆ ژن دەسکەوتێکی بەنرخ بوو. پێشەوا قازی محەممەد لەو کاتە ناسک و ئەستەمەدا زۆر بوێرانە پرسی ژن و ئازادی و بەرابەریی ژن و پیاوی هێنایە گۆڕێ. بۆ نموونە لە مەرامنامەی حیزب لە سەردەمی کۆمار (١٣٢٤ی هەتاوی)دا بکەین کە لە فەسڵی چوارەم و خاڵی ٢١ی‌دا هاتووە: "پێویستە ئافرەتان وەکو پیاوان مافی خۆیان بەکار بهێنن، لە هەموو ڕوویەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی". یا لەو سەردەمدا گرینگییەکی زۆر بە خوێندن و پەروەردەی منداڵان لە کوردستان - تەنانەت بە زۆرەملێش - بە کچ و کوڕەوە دراوە. یەکێک لە داواکارییەکانی کۆماری کوردستان هەر لە سەرەتاوە خوێندن بوو بە زمانی زگماکی کوردی. لە خاڵی سێزدەی فەسلی سێهەم لە مەرامنامەی حیزبدا هاتووە: "لەنێو دانیشتووانی کوردستاندا بۆ بڵاوکردنەوەی عیلم و مەعریفەت خوێندنی ئیبتدایی و نێونجی ئیجبارییە. لە مەدرەسەکاندا خویندن بە زمانی کوردی دەبێ". بێجگە لەوە لە ژمارە

٢ی "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبدا ئاماژە بەوە کراوە کە خوێندن بۆ کچان ئیجبارییە. هەروەها لە ژمارەکانی دیکەی "کوردستان"دا دەبینین ئیزن بە ژنان دراوە لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا کە پیاوان بەشدارن، گوێ لە خیتابە بگرن یا خیتابە بدەن. هەروەک دەبینین حیزبی دێمۆکرات لە سەردەمی کۆمارەوە تا ئێستا بە سەخاوەتەوە فەزای ڕێگەدان بۆ خۆپێگەیاندن و چالاکیی هەمە لایەنەی بۆ ژنان واڵا کردووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ژنانی لەو بایەخ و ئەرزشدانان و هەوڵ و ئاوردانەوەیە چەندە کەڵکمان وەرگرتووە؟ ژنان چەندە لە بواری گەشەکردن و دەرخستنی لێوەشاوەیی و تواناکانیان لە بواری نووسین و بوارەکانی دیکەدا خۆیان ماندوو کردووە و چەندە ئاستی بەهرە و زانیاری و وشیاریی فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بردووەتە سەر؟

حاشای لێ ناکرێ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان باوەڕی بە دەرفەتی بەرامبەر هەیە و مەیدانی نووسینی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"یشدا بۆ هەمووان کراوەیە، بەڵام بە هەموویەوە لە دوو دەیە لەوە پێشەوە قەڵەمی ژنان لە "کوردستان"دا دەبیندرێ و لەوکاتدا خاتوونێک لە ڕیزی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەدا جێ دەگرێ. بە دوای ئەوەدا ژمارەیەک ژن هاتنە مەیدانی نووسین و تەنانەت تا وەرگرتنی بەرپرسایەتیی ڕۆژنامەی "کوردستان"یش چوونە پێش و پێشانیان دا کە دەکرێ پشت بە تواناکانیان ببەسترێ. ئەو خۆدیتنەوە و مەیدانداریيەی ژنان لە "کوردستان" لە بواری نووسین و کاری فەننیی ڕۆژنامەدا پشتی بە هیممەت و خۆماندووکردنی ئەو دەستەیە لە ژنانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بەستبوو کە دیارە دواتر بەهۆی کۆمەڵێک بارودۆخ لەباری چەندایەتییەوە لە کەمیی دا.

"کوردستان" وەک ئاوێنەی هزر و تێڕوانین و هەروەها ڕوخساری مێدیایی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو ڕەخنەیەشی لێ دەگیرێ کە نەیتوانیوە لە قەدەر چاوەڕوانییەکان، قەڵەمی زیاتر و کادری شارەزای پتر لە ژنان لە ستاڤی خۆیدا جێ بکاتەوە، یان باریان بێنێ. ڕەخنەیەکی دیکەش لە "کوردستان" کە دیارە ئەمەیان پتر بۆ ڕابردو دەگەڕێتەوە، جۆرێک پەراوێزخستنی پرسەکانی ژن لە کۆمەڵگەدا بووە. ئەمەش دەکرێ دوو هۆکاری لە پشت بووبێ، یەکەمیان ڕوانگەی پیاوسالاری تەنانەت لە تێفکرینی بەڕێوەبەرانی "کوردستان"یشدا، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی نەریتیی کوردستان بە تایبەت لە چەند دەیەی ڕابردوودا. دووهەم ئەوەی پرسەکانی ژنان لە پاش پرسە سیاسییەکانی کۆمەڵگە پێناسە کرابن و ئەوە پاساوێک بووبێ بۆ پەراوێزخران و لانەکردنەوە لەو کێشە و بابەتانە کە ژنانی کۆمەڵی کوردەواری لەگەڵی بەرەوڕوو بوون.

ڕاستە پرسی نەتەوەیی و سیاسی و هەروەها پرسە گشتییەکانی کۆمەڵگە بەشێکی بنەڕەتی لەو بابەتانەن کە هەر حیزبێکی

سیاسی کە بۆ ئامانجی نیشتمانی تێدەکۆشێ دەبێ کاریان لەسەر بکا. بەڵام هەر ئەو حیزبە شۆڕشگێڕە سیاسییە کە لە مەرامنامەی خۆیدا باس لە یەکسانیی مافەکانی ژن لەگەڵ پیاوان و نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی دەکا، دەبێ پرس و کێشە تایبەتییەکانی ژنانی کۆمەڵگەش بە خەمی سەرەکیی خۆی بزانێ. بەو پێیە کەمتر ئاوردانەوە لەو بابەتانە لە "کوردستان" بە کەمتەرخەمییەکی گەورەی "کوردستان" دادەنرێ و لەوەدا ڕەخنەی جیددیی دێتەوە سەر. ئەم ڕەخنەیە لەوکاتەدا پتر بەرجەستە دەبێ کە ڕەنگدانەوەی پرسی ژنان و مەیدانداریی قەڵەمی ژنان لە "کوردستان"ی زمانحاڵی حیزبی دێموکراتدا نە بارتەقای ئەو بەشداری و ڕۆڵە گرینگ و کارایەی ژنانە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا، نە ئەو بایەخ پێدانەی حیزبی دێموکرات کە لە مەرامنامە و بەرنامەکانی خۆیدا لەبابەت پرسی مافەکانی ژنان ڕەنگی داوەتەوە.

بەهیوای بەردەوامیی "کوردستان" و پتر لا کردنەوەی لە ژنان و پرسەکانیان لە کۆمەڵدا.

سەرچاوە: رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٠١ - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠٢١

---

## "کوردستان" ناوێکی درەوشاوە لەبەردەم ئەزموونێکی تازەدا



**ڕێبوار قازی**

هەر لە سەردەمانی زووەوە، کردەی نووسین لە کۆمەڵگەکاندا کردەیەکی گرینگ و نیشاندەری پلە و پایەی کۆمەڵگە و کەسانی چالاکی ئەو کۆمەڵگەیانە بووە. تا ئێستاش ئەو تێگەیشتنە نەتەنیا ڕەنگی کاڵ نەبووەتەوە بەڵکوو لە سەردەمانی ئێستادا بووەتە بەشێک لە پێناسەی کەس و ڕەوتە جوداکانی ناو هەر کۆمەڵگەیەک و شێوازی نووسین و جۆری شیکاری نێو نووسینەکان، نیشاندەر و دەرخەری بەشێک لە شوناسی کولتووری هەر کۆمەڵگە و ڕەوت و تەنانەت کەسایەتییەکی چالاکی نێو کۆمەڵگەن.

لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا، ئەگەر سەدان نامیلکە و توێژینەوە لەمەڕ کۆمار و دەسکەوتەکانی نووسرابێ، بێگومان بەشێکی هەرە زۆریان ئاوڕیان لە دەسکەوتە کولتوورییەکانی کۆمار داوەتەوە. لەنێو ئەوانیشدا ناوی ڕۆژنامەی "کوردستان" و باقی بڵاڤۆکەکانی سەردەمی کۆمار تا ئێستاش هەر دەدرەوشێنەوە. چ ئەو نووسینانەی نووسەرانی کورد نووسیویانن و چ ئەو بەرهەمانەی توێژەرانی بیانی لەمەڕ کۆماری کوردستانەوە بەرهەمیان هێناون، هیچ کامیان ئەو بابەتەیان وەک بابەتێکی لاوەکی نەهێناوەتە ئەژمار، بەڵکوو زۆرینەیان بەشی قورسی دەسکەوتی ئەو سەردەمە بە دەسکەوتە کولتوورییەکانی دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان دەزانن.

هەر ئەو تێگەیشتنە چ لەو سەردەمەدا و چ پاش کۆتایی‌هاتن بە ئەزموونی کۆماری جوانەمەرگی کوردستان لە ئارادابوو. تەنانەت سیستەمی سیاسیی ناوەند هەر ئەو کات ئەو بابەتە هەستیار و گرینگەی بە جوانی هەست کردبوو، هەر بۆیە

ماوەیەک دوای تێکشکانی ئەزموونی کۆمار، لە تاران و بە یارمەتیی تاقمێک کوردی دانیشتووی تاران، سەر لە نوێ و بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی کورد و زیاتریش کوردانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژنامەیەکی هەر لە ژێر ناوی کوردستان دەرکرد. مەبەستی سیستەم لە دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیە، کۆوەکردنی نووسەران و بیرمەند و شاعیرانی کوردی ڕۆژهەڵات بوو بە دەوری بلاڤۆکێکەوە کە خۆیان چاوەدێرییان دەکرد. لە لایەکیشەوە بڵاوکردنەوەی بیری ئێرانچێتی بە زمانی کوردی و زۆر شتی دیکە لە مەبەستەکانی دیکەی ئەو ڕۆژنامەیە بوو کە باسیان لێرەدا ناگونجێ. بەلام هەر ئەو جووڵەیە، گرینگی و کاریگەریی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆمار نیشان دەدا. واتە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە سیستەم دەیهەوێ جاریکی دیکە بەو ناوە، بیر و قەڵەمەکانی ئەو کات وەگەڕ خا و بۆخۆشی سیاستەگوزاری گشتی بە دەستەوە بگرێ، تا لەو ڕێیەوە هەم هەست و سۆزەکان بناسێ و هەم لە لای بیر و ڕای گشتی کورد وا بنوێنی کە ئەو سیستەمە دژایەتییەکی لەگەڵ زمان و کولتووری کوردی نییە. کەچی زۆر ئاماژەی مێژوویی هەن کە پەردە لەسەر لایەنە شاراوەکانی سیاسەتی پشت ئەو ڕۆژنامەیە لادەدەن. ئەگەر وەک نموونە تەنیا ئاماژە بە یەکێک لەو نیشانانە بکرێ؛ دەتوانین ئاماژە بە نامەیەکی "هێمن"ی شاعیر بکەین کە بۆ بەڕێوەبەرانی ئەو ڕۆژنامەی نووسیوە. هێمن لەو نامەیەدا وڵامی داواکارییەکی ئەوان دەداتەوە. وەکی دەزانین یەکێک لە نووسەران و چالاکانی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆمار "هێمن" بووە. بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی "کوردستانی تاران"! دەیانهەوێ ئەگەریش ناتوانن بە ئاراستەی ڕۆژنامەکەی پێشوو بنووسن، لانی کەم لەو ناوانە یارمەتی وەرگرن کە لەوێدا بابەتیان بلاو بۆتەوە. یەکێک لەو ناوانە هێمنی شاعیرە کە ئێستا گۆشەنشین بووە و خۆی لە زەبر و زەنگی ئەو سیستەمە داپلۆسێنەرە شاردووەتەوە و لە گوندەکەی خۆی سەری بە کشتوکاڵەوە قاڵ کردووە و بیریشی هەر وا قاڵی کوردایەتی و دڵی تەشەنداری جوانەمەرگیی ئەزموونێکی نەتەوەییە. هێمن لە وڵامیان دا دەنووسێ: من ئێستا هەر نانووسم و ڕۆژگار وای لێ کردووم لە شاعیری دوور کەوتوومەوە. بەڵام ڕاستی باسەکە شتێکی دیکەیە. هێمن زانیویە کە ئەو پرۆژەیە لە کوێوە پلانی بۆ داڕێژراوە و مل نادا و دیارە دواتر بە هەر هۆکارێکەوە بووبێ چەند بابەتێکی لێ چاپ دەکەن.

گێڕانەوەی ئەو باسە بە کورتی بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو گوتەیە بوو کە ڕۆڵی "ڕۆژنامەی کوردستان" لەو سەردەمدا چەندە گرینگ دەنرخێنێ و باسی ئەوە دەکا کە پاش ئەو هەمووە ساڵەی بەسەری دا تێپەڕیوە ئێستاش یەکێک لەسەرچاوە هەرەباشەکانە بۆ ناسینی کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستان و چۆنەتی شیکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و ئاراستەی کولتووری کۆمار و لەهەموان گرینگتر سەرچاوەیەکی زمانی پتەویشە کە ٧٥ ساڵ لەوە پێش خراوەتە سەر ئەزموونەکانی پێشووی زمانی کوردی.

لە خولەکانی دیکەی شۆڕشی کوردی ڕۆژهەڵاتدا، چەند جار ڕۆژنامەی "کوردستان" دیسان ژیاوەتەوە و هەرجارەی بە پشوویەکی تازەوە بووەتە زمانحاڵی شۆڕش و شۆڕشگێڕان و سیاسەتوانانی کورد و تا ئێستا کە ٨٠٠ ژمارەی لێ چاپ بووە هەر بەردەوامە. لە چەند دابڕانی حیزبی دێموکڕاتیشدا، هەر دوو لا دیسان هەر بەو ناوە ڕۆژنامەی "کوردستان" یان بلاو کردووەتەوە و ئەو ڕەوتە ئێستاش لە هەر دوو لای حیزبی دێموکڕاتدا دەوامی هەیە و هەر دوو لا ڕۆژنامەی "کوردستان" بە پێوەر و پێوانەکانی خۆیان هەر چاپ و بڵاو دەکەنەوە.

لەو نووسینە کورتەدا دەمهەوێ قامک لەسەر ڕاستییەک دانێم کە ڕەنگە بۆ بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" تا ڕادەیەک تاڵ و ناخۆش بنوێنێ، بەڵام ئەوە پێشنیارێکە و دەکرێ ڕەچاو بکرێ و دەکرێ وەک زۆر بابەتی دیکە وەلا بندرێ و هەر بیریشی لێ نەکرێتەوە. دیارە پاراستنی ئەزموونێکی ئاوا درەوشاوە بە درێژایی دەیان ساڵ و لەنێو ئەو هەموو قۆرت و گەوەیەی شۆڕشدا کارێکی یەکجار دژوار و تاقەت پڕووکێنە، بەڵام لە دونیای ئێستادا، کار کردن لەو بوارەدا و بە مودێلی ڕۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆمار و سەردەمەکانی دواتریش، تاقەیە یەک پاساوی هەیە؛ ئەویش پاراستنی میراتێکی بە قیمەت و هیچی دیکە. چون پێموایە لە چوار دەیەی ڕابردوودا، کۆمەڵگەی کوردستان گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و پێویستە بەپێی ئەو گۆڕانە بنەڕەتییانەی کە لە پێکهاتەی کۆمەڵاتی و لە چینەکانی کۆمەڵگە دا پێکهاتووە، دەبوو ڕۆژنامەی "کوردستان" تا ئێستا چەند جار لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕانی بەسەردا هاتبا. بۆوەی بیتوانیبا وڵامدەرەوەی ویستەکانی بەردەنگانی نوێی خۆی بێ.

چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر بابەتەکانی لانی کەم چەندین ژمارەی پێشووی کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئەگەر گۆڕانێکیش هاتووەتە ئارا، زۆر کەم و ناکاریگەر بووە. فۆڕمی وتار و شیکردنەوەکان، چەشنی دەستەبەندی بابەتەکان، تەناتەت دووپاتبوونەوەی ناوی نووسەرەکان لە بازنەیەکی داخراودا، ئیمکانی ئەوەی بۆ "کوردستان" نەڕەخساندووە زۆر لە بازنەی نووسەرانی خۆی و لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی حیزب بەولاوەتر بڕوا و خوێنەری دیکەی لە دەور کۆ بێتەوە و کەڵکەڵەی ئەوە بۆ نووسەرانی دیکەش دروست بێ کە ناو و بابەتی خۆیان لەوێدا ببیننەوە و خوێنەرانیش بە شوێن ئەو شیکردنەوە و بابەتانەدا بگەڕێن کە دڵخوازیانە.

بەشێک لە بەربەستەکان تا دەیەیەک لەوە پێش دەکرا بە هۆکاری ئەو دابڕانە لە کۆمەڵگە و بەردەنگی تازە بزانین. بەڵام بە هۆی بەربڵاو بوون و کارابوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئێستا ئەو بەربەستانە واتای پێشوویان نەماوە و دەکرێ

ڕۆژنامەی کوردستان جارێکی دیکە بە خۆی دابێتەوە و لەسەر لە نوێ بە سیاسەت و پلانی تازەترەوە بێتە ناو دونیای ڕۆژنامەگەری کوردییەوە.

**ئەو بابەتە بە چەند ڕێکاری سادەوە دەکرێ تاقی بکرێتەوە.**

**یەکەم شت** دەبێ ئەوە بگوترێ ڕۆژنامەی "کوردستان"ی هەر دوو حیزبی دێموکرات، ناوی حیزبێکی سیاسی بەسەرەوەیە کە ئەزموونێکی دووردرێژی خەبات و سیاسەتی لە کوردستان و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە پشتە. هەر بۆیە چاوەڕوانیی خوێنەران لەو ڕۆژنامەیە ئەگەر ئەوەبێ کە ڕەنگدانەوەی بیر و بۆچوونی سیاسەتوانانی جیهانی و ناوچەیی لەسەر کورد و شۆڕشی کوردی و حیزبی دێموکرات لەوێ دا ببیننەوە چاوەڕوانییەکی لە جێدایە و ئەگەر ئەو کارە نەکراوە یان تاق و لۆق لەو بابەتە بەرهەم بڵاو کراوەتەوە، ئەوە بۆشاییەکی گەورەیە و دەبێ پڕ بکرێتەوە. واتە دەبوو هەر ژمارەیەکی "کوردستان" بە وتووێژ و نووسین و شیکردنەوەی سیمایەکی دیار و خاوەن ڕای جیهانی - کوردستانی - ناوچەیی لەمەڕ کورد بڕازێتەوە.

**دووەم بابەت**، کوردستان دەیتوانی ببێتە پێگەیەکی موعتەبەر بۆ دیالۆگی کورد لەگەڵ باقی نەتەوەکانی ئێرانی. ئەو حەولەی لە بواری دیپلۆماسی حیزبیدا، ڕێبەرانی پێشوو و ئێستای کورد، بۆ تێکگەیشتن و لێک نزیککردنەوەی گەلانی ئێرانی دەدەن و پێویستە دەوڵەمەندتریش بکرێ، هەر ئەو حەولە دەبێ لە ڕۆژنامەیەک کە زمانحاڵی ئەو بزووتنەوەیەیە وەگەڕ بکەوێ و نووسەر و سیاسەتوانی ئەو نەتەوانە دەنگ و ڕەنگی خۆیان لەوێ دا ببیننەوە و پێشنیاری نووسینیان لەسەر ئەو پرسە هاوبەشانە پێ بدرێ کە دەتوانێ دەلاقەی وتوێژێکی نوێ بکاتەوە.

**سێیەم**، ئاوڕدانەوە لە کێشە و بابەتە گرینگەکانی ناوخۆی ڕۆژهەڵاتە، کە دەبنە بابەتی ڕۆژانەی ناو خوێندەوار و نووسەر و شاعیر و چالاکانی مەدەنی و هەر ژمارەی بە تایبەت بابەتێک بورووژێندرێ و لە چەندین لاوە تیشکی بخرێتە سەر و شیکاری لەسەر بکرێ. ئەو بابەتە جەغزی بەردەنگانی کوردستان بەربڵاوتر دەکاتەوە.

**چوارەم**، لە ناو و قەڵەمی موعتەبەر لە نێوخۆی حیزب کەڵک وەربگیرێ. بە زۆر هۆکار و یەک لەوان بوونە سەرچاوەی ئەو ڕۆژنامەیە پێویستە تاقمیک ناوی خاوەن بەرهەمی کاریگەر لە سەر چینی خوێندەوار قەڵەمیان بەردەوام لەو ڕۆژنامەی "کوردستان" لەگەڕدا بێ و بەشی تایبەتیان بێت بۆوەی بەردەنگان بەردەوام چاوەڕێی بەرهەمیان بن و.... واتە جودا لەهەموو بابەتەکانی پێشوو هێندێک ناو هەن ئیعتبار بۆ بەشێک ساز دەکەن کە ئەو قەڵەم و ناوە تێیدا چالاکە. بۆ وێنە

ناوی کەسانی وەک عەبدوڵلا حەسەنزادە، ڕەسووڵ سوڵتانی، کامیل نەجاری، هەژیر عەبدوڵلاپوور، و زۆر ناوی دیکەش لە بواری زمان و ئەدەبییاتدا، ئەوەندیان ئیعتبار هەیە کە خوێنەر و بەردەنگ بە دوایاندا بگەڕێ. دیارە لە بوارەکانی دیکەشدا ناوی موعتەبەر و بە توانا هەن و دەبی ڕۆژنامەی کوردستان ئاوڕیان لێ بداتەوە و داوای هاوکاری بەردەوامیان لێ بکا بۆ دەوڵەمەند کردنی خۆی.

**پێنجەم**، ڕۆژنامەی "کوردستان" وەک دەنگی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕیش دەبێ ئاراستەیەکی شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵی لەهەمبەر پلان و پیلانە کولتوورییەکانی سیستەمدا هەبێ و لە قاوغی موحافزەکاری بێتەدەر و هەر ژمارەی یەکێک لە پلان و پیلانەکانی بواری کولتووری لە قاو بدا و بە شیکردنەوە و تاوتوێ کردنی لایەنە جوداکانی ئەو پلان و پیلانانە جووڵەیەکی نوێ بخاتە گۆمی مەندی ئەو بوارەوە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا پڕ لە گورگ و کەمتیار ڕێوی بووە.

**شەشەم**، شێوەی بڵاو کردنەوە و گەیاندنە دەست بەردەنگانی ڕۆژنامەش یەکێک لەو گرینگترین خاڵانەیە کە کەمتر بیری لێ دەکرێتەوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٠١ - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠٢١

---

## هاوڕێیەتیی ٣٠ ساڵەی من و "کوردستان"



**ئەحمەد ڕەحمانی**

ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژمارەی پێشووی خۆیدا تایبەتنامەی یادی٨٠٠مین ژمارەی خۆی بڵاو کردەوە. "کوردستان" بڵاوکراوەیەکە لە ٧٥ ساڵی ڕابردوودا بە قرتاڵەیەک لە بەهادارترین فەرهەنگە وشەی کوردایەتی، شۆڕشگێڕی، فەرهەنگی سیاسیی سەردەم، بیروەزری ڕێبەرانی شەهید و زیندوو، خانەخوێی نووسەران و شاعیران، هەگبەی دەوڵەمەندی زمان پاراوی لاپەڕە زەنگینەکانی خۆی دەکا بە دیاریی خوێنەرانی.

لە تەمەنی مێرمنداڵیمەوە تاکوو ئێستا زیاتر لە سی ساڵە هاوڕێیەتیمان لەگەڵ "کوردستان" بەردەوامە و ئەو باشترین هاوڕێی ڕوحسووک و ڕێنوێنی خۆ پێگەیاندنی ئێستام بووە، منیش هەمیشە بەوپەڕی نەزاکەتەوە هاوڕێ خۆشەویستەکەمم لە ئامێز گرتووە و وشە و ڕستە و پاڕستەکانی خزاونەتە نێو ڕوحمەوە و لە ژیانی ڕۆژانەمدا ڕەنگیان داوتەوە. هەروەها لە ئاوێنەی ژیانی هاوڕێیەتیم لەگەڵ کوردستان جوانترین وێنە یادگاریەکانی زیاتر لە سێ دەیەی خۆمم دیتۆتەوە.

یەکەم دەستلەملان و هاوڕێیەتی من "کوردستان" لە دۆڵی جافایەتی ڕا دەستی پێ کرد. تازە خونچەگوڵی دارچوالەکان پشکووتبوون، سروشت لە جوانیدا خەملێبوو. من ڕوتەڵەیەکی تازە پێگەیشتووی نێو شۆڕش، بەڵام هاوڕێ خەت خەتەکەم دەمێک ساڵ بوو هەڕەتی منداڵی و لاوەتیی خۆی لەژێر گەورەیی و هەیبەتی پێشەوا قازی مەحەممەد تێپەڕکرد بوو، و ئێستا بە بیروەزری دکتۆر قاسملوو، دکتۆر شەرەفکەندی مشتومالی وانەی کوردایەتی دەدرا. هاوڕێکەم زۆر لە خۆم بە

تەمەنتر و پڕ ئەزموونتر بوو، دنیادیدەتر و گەرمێن و کوێستان دیتووتر بوو. من گوێگر و ئەو مامۆستام بوو. لە ڕواڵەتدا ئەویش وەکو من سادە و جل و بەرگێکی هاکەزایی ڕەش و سپیی لەبەردا بوو، بەڵام لە نێوەرۆکدا شەپۆلەکانی بیروهزری حیزبێکی قاڵبووی نێو کورەی خەباتیان دەپڕژاند.

یەکەم جار باوکی پێشمەرگەم لەگەڵ خۆیدا ئەو هاوڕێ بەنرخەی هێنایە ماڵێ و لەگەڵ ئێمەدا ناشتایەکی سادە و ساکاری بنەماڵەیەکی پێشمەرگەی بن خێوەتە بۆری کرد. باوکی پێشمەرگەم هەرچەندە خوێندەواریی نەبوو، بەڵام لە بیرکردنەوەیدا کەسی خوێندەواریش دەرۆستی نەدەهات، ئەو لە شۆڕشدا تەمەنی گەنجی گوورابوو هەرچەندە قەڵەمی بە دەستەوە نەبوو، بەڵام وتەکانی وتەی مرۆڤێکی خوێندەوار و بەئەزموون و تێگەیشتوو بوون.

باوکم گوتی رۆڵە ئەوە ڕۆژنامەی حیزبم بۆ هێناویتەوە. وردە وردە لە بەری بنووسەوە هەم دەست و خەتت خۆش دەبێ، هەمیش شتی زۆر لێ فێر دەبی، بە تامەزرۆییەوە ڕۆژنامەی کوردستانم لێ وەرگرت و سپاسم کرد کە ئاوا لە فکری مندایە. بە پەلەپروزە ڕۆژنامەی (کوردستان)م لەبن هەنگڵێ نا و لە خێوەتە بۆر هاتمە دەرێ. پیرە دارتووییەک لە سەر کانیەکەی تەنیشتی ماڵێ بوو. دەورەکەی بە ڕەمەند هەڵچنرابوو. لە سەر ڕەمەندەکە بە شێنەیی بۆی دانیشتیم و دەستم کرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی. لە بیری نەوجەوانیی ئەوکاتمدا وامدەزانی لاپەڕەکانی پڕن لە چیرۆکی منداڵانە و وێنەی جوان جوان.

بە زەحمەت توانیم چەند دێڕێک لە یەکەم لاپەڕەی بخوێنمەوە. هەر چۆنێک بێت هێندێکم خوێندەوە، بەڵام لە نێوەرۆکی ڕستەکان نەدەگەیشتم، چونکە بۆ بیری ئەوکاتی من شتێکی نامۆ بوون و لێیان حاڵی نەدەبووم، بەڵام هاوڕێکەمم زۆر بە ژیکەڵە و جوانی هاتەبەر چاو. ناوی "کوردستان" بوو بە جوانترین ناو کە هێشتاش دەستەبرایەتیمان لەوپەڕی گەرمیدایە و سەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ خۆ پەروەردەکردنم.

هێدی هێدی بە هاندانی باوکم دەستم کرد بە نووسینەوەی لاپەڕەکانی. جگە لەوەی هەستم بە خەت خۆشی خۆم دەکرد دووبارە بوونەوەی هەندێک چەمک وای لێکردم لە بواری دەوڵەمەندیی زماندا زمانم پاراو بێت و کوردستان ببێتە یەکەم مامۆستام لە خۆشەویستی وشەی شیرینی کوردی. زۆر جاران لە بەر خۆمەوە دەمگوت تۆ بڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان منیش لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی کوردستان ناوی خۆم لەنێو ڕیزی ئەوانەدا ببینمەوە کە وتار و بابەت بۆ "کوردستان" دەنێرن. بەڵێ خۆشبەختانە ئەو شانسە گەورەیەشم بە نسیب بوو دەبێتە نزیکەی ساڵێک لە گۆشەی "بەر لە ماڵئاوایی"دا جار جار ناوی

منیش هاتۆتە نێو ناوانەوە. کە سەیری ڕۆژنامەی کوردستان دەکەم و ناوی خۆمی بەسەرەوە دەبینم لە خۆشیان شاگەشکە دەبم و خەریکە لە پێستی خۆمدا جێگەم نەبێتەوە. لە بەرخۆمەوە دەڵێم ئەوە منی کوڕە پێشمەرگەم بابەت بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" دەنێرم و بڵاو دەبنەوە.

ئێستاش کە دەبینم ڕۆژنامەی کوردستان مۆمی ژمارە ٨٠٠ی خۆی کوژاندۆتەوە، هێندەی تر ئەو هاوڕێ کۆنەی سەردەمی نەوجەوانیی خۆمم لا ئازیزتر و خۆشەویستتر دەبێ کە بێ پسانەوە لە ماوەی زیاتر لەو سی ساڵەدا مامۆستام بووەو لێی فێر بووم.

پیرۆزە ڕۆژنامەی جێی متمانە و گەورەبووی پێبەپێی ٧٥ ساڵەی تەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و زمانحاڵی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٨٠١ - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠٢١

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پووشپەڕی ٢٧١٧ی کوردی = جوولای ٢٠٢١ی زایینی**

